# گزنگ


92 ئەیلوول 2011

**گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات**

خاوەنی ئیمتیاز: **یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک**



**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

٠٧٧٠١٣٨٥٦٤٧

**جێگری سەرنووسەر**

موعتەسەم ساڵەیی

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

٠٧٧٠١٣٢٢٥٨٨

starjabari@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری:**

ئەنجام سەعید

**دیزاین**

دلێر ڕەفیق

**ڕاوێژکاران**

ئەمین شوان

د. فوئاد ڕەشید محەمەد

د. عادل مەجید گەرمیانی



**ئیمێلی گۆڤاری گزنگ:**

Gizing2010@yahoo.com

ناونیشان:

**کەرکوک-شەقامی کۆماری-تەلاری سەیدەلی فەخری**

**کوردستان / کەرکوک**


تێبینی:

– نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەکەی.

– هەر نووسینێك لە شوێنێکی تر بڵاو بکرێتەوە فەرامۆش دەکرێت


گزنگ ٩٢ — ئەیلول ٢٠١١



گزنگ ٩٢ — ئەیلول ٢٠١١

گزنگ ٩٢ — نەیلوول ٢٠١١

# لەم ژمارەیەدا 92

## سەکۆی گزنگ:
زمان نەخشەی دورگەیەکە لە جوانی، **ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان**.................ل٥

## زمانەوانی:
زمان و گەیاندن،بەشی یەکەم و: **دارا حەمید محەمەد**.................ل٧
بۆچوونێك سەبارەت بە زمانەوانی کارەکی، و : **نەوزاد حەسەن قادر**................. ل١٥
هێزی بە مەبەست لە زمانی کوردیدا، **م.ڕەهێل زەکەریا ئەسعەد**.................ل٢٥

## وتار و لێکۆڵینەوە:
پەیڤێك لە بارەی ڕۆمانی نوێوە، **کامەران تاهیر**.................ل٤٣
ئیزرا پاوەند.. سەنعەتکارە فرە بەهرەمەندەکە، **ئەدیب نادر**.................ل٤٥
بەشداریکردنی شیعر لە ئامادەکردنی هەقیقەتدا، ب٣، **سەباح ڕەنجدەر**.................ل٥٩
شیکردنەوەیەکی دەروونی لەلای صابری، **شنۆ ئەحمەد**.................ل٦٧
شیعرێك لە سەدەی بیستەوە بۆ سەدەی بیست و یەك،ب٤، **مەحموود نەجمەدین**.................ل٨١
لەناو دۆزەخ و بەهەشتی نووسیندا، **ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل**.................ل٨٥

## وەرگێڕان:
بڵند ئەجەوید... وەك شاعیر، و/ **ئەحمەد تاقانە**.................ل٩٣
بوارێکی تەنگ، و/ **حەمید خالید کەریم**.................ل٩٩

## ڕانانی کتێب:
خاك و خۆڵەمێش، ئەدەب و بەرامە، **سوارە نەجمەدین**.................ل١٠٥

## شانۆ:
دۆڕاوەکانی جەنگ، **سوارە کافرۆشی**.................ل١٠٩

## چیرۆك:
دیاری، **موعتەسەم سالەیی**.................ل١١٥
والیمای، و/**عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە**.................ل١٢١
رزگارمان نابێت لە پۆلیسخانە !، و/ **لێزان جەباری**.................ل١٢٩

## شیعر:
سێ شیعری وەرگێڕاو، و/ **سابیر مەلوول**.................ل١٣٥
لە شیعری هاوچەرخی تورکمانییەوە، و/ **بەکر دەروێش**.................ل١٣٩
ئافرەتێکی جیاواز، و/ **سەباح بازرگان**.................ل١٤٣
شیعرێکی بڵاونەکراوەی سالمی ساحێبقڕان، **کاروان عوسمان"ریبێین"**.................ل١٤٧
ڕۆحم لەتاڵی پرچەکەت باریکترە بانەپسێم ! ،**خالید باشبلاخی**.................ل١٥١
زەمەنی کولێرا، **ڕووزار ئەحمەد**.................ل١٥٣
مەی ڕۆح، **غازی زەنگنە**.................ل١٥٩
هەتا کوێ، **کاروان حاجی**.................ل١٦٣
هەنسکی ڕۆحەکان، **تابان ئەنوەر**.................ل١٦٧

## هونەر:
موزیکی سەردەمی باڕۆکی، **کارزان عومەر**.................ل١٧١
هونەری کولتووری گەرمیان، **ئاشتی گەرمیانی**.................ل١٧٥

## دیمانە:
ئەسما کچی سەقەڕی کوڕی سوڵتان قاسمی، **سازدانی: سەردار زەنگنە**.................ل١٧٩
ئاشتی گەرمیانی، سازدانی: لەنجە جەباری.................ل١٨٥
کاروچالاکییەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، **سابان ستار**.................ل١٩٣



ستار ئەحمەد عەبدولرەحمان

# زمان نەخشەی دورگەیەکە لە جوانی

زمان فاکتەرێکی کاریگەرە لە بنیاتنانی دەقدا، هەر ئەمەیشە وادەکات نووسەر بتوانێت پانتاییەکی دەوڵەمەند و فراوان لە دنیای وردبینی و داهێناندا داگیر بکات. دەوڵەمەندی زمان نووسەر و شاعیر لە خۆجوینەوەو خۆخواردنەوە رزگار دەکات، وێردی گیانەڵڵا لە نووسەردا دەسڕێتەوە، زمانە وێنەی شیعری تازە و بەپێز دەکات. رەونەق دەدا بەخەیاڵ.. کاریگەری ریتم لە گوێی خوێنەردا دەنەخشێنێ. زمان دورگەیەك لە جوانی و نەخشەیەك لە نوێگەری دروستدەکات. رۆڵی کارا دەبینێ لە مانەوە و نەمری دەقدا. هەموو شیعرێکی زیندوو دەچێتە خانەی دەقەوە. شیعر پێشەنگی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبە. زۆرجاریش شیعر لێکخشانە لەگەڵ زماندا. شارەزایی لە زماندا مەودای شیعر و نووسین دیاری دەکات، زمانە رەهایی و تەمەن بەبابەت دەدات. خۆنەدانە دەستەوەی شیعر و نووسین، بێزارکردنی خوێنەر و هەناسەسوار کردنی مەرج نییە چاکی بەرهەم بگەیەنێت، بەڵکو پسپۆری لە زماندا قوڵبوونەوەی شیعر و نووسین لە رۆکاری ژیاندا دەرەخسێنێت، شۆڕتدەکاتەوە بۆ دونیای





جاویدانی ئاڵۆزی لە نووسیندا چەشنی گورزێکە لە هەناوی زەمین دەدرێ. لە کوێوە ئاراستەی شوێنەوارەکان دەکرێت..؟ بۆ؟..؟! لەبەرچی..؟ کەی..! چۆن..؟! بە چ شێوەیەك لێیدەگەیت، ئاراستەی بەرەوکوێ دەڕوات..؟ زمان لە نەشو نما و کاریگەری و جوانیاندا بەرپرسیار و شارێچکەیە. کۆڵەواری لە زماندا جۆرە ئاڵۆزی و ناحاڵیبوونێکی لە نوسین و شیعری ئەمرۆماندا دروستکردووە. گوایە بۆ نوخبە دەنووسن. نازانم.. کام نوخبە..؟! ئەوانەی میوانی ماڵ و زێدیانن..! یاخود ئەوانەی چەکەرەی زام و بۆسۆی وشەی داگیرساو و جەستە و ئیسقانی خاك و ئینسانن. کەس گەواهی لەسەر چاکی ئەم جۆرە بەرهەمانە نادات ، لە دوولا مەست و حەیرانن. نوخبەش بەرهەمی ئەم جۆرە نامە هەڵگرانە ناخوێننەوە.شاعیر یاخود نووسەر هەرگیز موڵکی خۆی نەبووە.

دەبێت زمانی گەلەکەی بەچاکی بزانێت، هەڵگری کلتورو دیرۆکی نەتەوەکەی بێت بە میللەتانی تریشی بگەیەنێت، ئیتر دێڕی تژی لە تەمتومان و سووتانی وشەی داڕسکاو، خەملاندنی ناونیشانی دووبارە و سێبارەی شاعیرانی حەفتاکان. بە مۆدێرن و نوێخوازی دانانرێن. لێرەدا شیعرم کردووە بە نموونە. چونکە ناکرێت لەسەر داخوازیی فیستیڤاڵێ یاخود لاساییکردنەوەی شاعیرانی تر شیعرێك بنووسیت و ناوی بنێیت شیعری تازەگەری، شیعر مەرج و پەیوەست و سنوور و بەربەستی نییە، شیعر هەڵچوون و داچوونی رۆحیە،ورژمی دەروونی و هەست و نەستی ناوەوەیە چرکەساتی بۆ نییە کەی هات.ئەوە هەوارگەی خۆی دەستنیشاندەکات. نیشتمانێك لە پەیڤی شیرین پێکەوە دەنێت. هەندێکجار کردەیەکی خۆڕسکییە، دواجار دەبێتە ماڵ و موڵکی شاعیر. ناکرێت ئێمە کۆمەڵگەیەکی شیعری دروستکەین ناوی بنێین خێوەتی هەڵبەست. گەر وابێت ئەوە شیعر لە تاراوگە و تراویلکەدا دەژیت.

هەرگیز نابێتە سایەی لوتکەی خەونی شاعیر و هیچ خاوەن قەڵەمێکی دیکە. لە شیعرا پێویستە گرێکوێرەکان بکرێنەوە، ئاراستەکان ستوونی و شاقووڵی دەوروبەر ببڕن. ئیتر مەوداکان دەگەنە کوێ..!! زمان هۆکارێکە لە دەستنیشانکردنیدا.ناوزەدکردنی شیعر خۆی لەخۆیدا سنور دانانە بۆ مەودای بیرکردنەوە، ئاراستەکان هاودژ دەکات لەگەڵ شاعیردا و بەهای ویژدانی کاڵدەکاتەوە، چونکە زمان وابەستەی دەقی زیندووە، کردە رۆحییەکان موچڕکی ناخن، ڕێگەیان سەرچاوەی دەروونە، زمانیان هزر و پێنووسە و ڕێگریان خەونی لەخۆبایی بوونە.



و: دارا حەمید محەمەد

# زمان و گەیاندن

## بەشی یەکەم

**سەرەتا :**

ئەگەر لەو پێناسانە وردبینەوە بۆ زمان کراوە، سەرنج بدەینە سنوورەکانی زمان، دەبینین هەموویان کۆن و نوێ جەخت لەسەر ئەرکی سەرەکیی زمان دەکەنەوە کە گەیاندنە. مەبەستیش لە گەیاندن واتا ڕووکەش و سادەکەی نییە، کە بریتی بێت لە گەیاندنی نێوان دووکەس، بۆنموونە: (س) هەندێ زانیاری یان بیرێك دەگەیەنێت بە (ص) و،(ص)یش زیاتر تەنها ڕۆڵی وەرگر دەبینێت، بەڵکو مەبەست لە گەیاندن گۆڕینەوەی زانیارییە لەنێوان (س و ص)دا، واتە بەردەوامبوون لە پەیوەندیکردن و، گۆڕینەوەی زانیاری و، بیروڕا و، بەکارهێنانی پێویستیەکانی ئاخاوتن، وەك: هێما و ئاماژە و گوزارشتەکانی سیماو ڕوومەت و جوڵاندنی دەست و،گۆڕینی نۆتەکانی دەنگ و... تد. هەر لەبەر ئەمانەشە، بابەتی گەیاندن شوێنێکی بەرچاوی لە زمانەوانی نوێدا هەیە.

دەتوانین بڵێین: گەیاندن یەکێکە لەو







بابەتانەی کە لە ڕیزبەندکردنی زمانەوانیدا بەکاردەهێنرێ و پشتپێدەبەسترێ، چ زمانەوانی تیۆریی بێت، یان زمانەوانی پراکتیکی. هەروەها دەکرێت گەیاندن وەك پردێك سەیر بکرێت لە نێوان لێکۆڵینەوە لە سروشتی زمان وەك (پێناسە و سنوورەکانی زمان ) لەگەڵ ئەرکە جۆراوجۆرەکانی زماندا. ئەوجۆرە لێکۆڵینەوانەش واتە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان سروشتی زمان و ئەرکەکانی زمان تیۆریی گەیاندن(communication theory) فەراهەمدەکەن. کەواتە بابزانین ئەو تیۆرییە چییە ؟ بابەتەکانی چین ؟ پەیوەندی بەزمانەوانییەوە چییە ؟ وێنە و نموونەی ئەو گەیاندنە چییە کە قسەپێکەران بەکاریدەهێنن ؟

### ١- پێناسەی گەیاندن :

فەیلەسوفەکانی زانستی لۆژیك دەڵێن : ئەستەمە بتوانرێ پێناسەیەکی تەواو و گشتگیر بۆ گەیاندن دابنرێت، کە پڕ بەپێستی بابەتەکە بێت، بەڵام زمانەوانان لەم ڕووەوە چەند پێناسەیەکیان خستۆتەڕوو.

لەوانە:

١- گەیاندن بریتییە لە گۆڕینەوەی ئاخاوتن لە نێوان ئاخێوەر کە وتەیەك ئاراستەی ئاخێوەرێکیتر دەکات، کە ئارەزووی بیستن و گفتوگۆی هەیە، ئەمەش بەپێی ئەو دەربڕینەدەبێت کە لەلایەن ئاخێوەری یەکەمەوە بەرهەمهێنراوە.

٢- گەیاندن بریتییە لە هەواڵێك کە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر دەگوێزرێتەوە، ئەو هەواڵە گوێزراوەیە لەڕێی کەناڵێکەوە دەبێت و پەیامێك لەخۆدەگرێت. پەیامەکەدەکرێ شیکار بکرێت و وەربگیرێت. کەناڵەکەش دەکرێ بیسترا و، بینرا و یان بەیەکگەیشتنی ڕاستەوخۆ یان تۆمارکراوی ناو کتێبێك، ڕۆژنامەیەك... تد بێت. لەڕاستیدا ئەم پێناسەیە پردێك لەنێوان زمان و هۆکارەکانی تری گەیاندندا دروستدەکات. وەك : وێنە، میوزیك، ڕەنگەکان، جوڵە و کاریکاتێر و، نموونەی تری ڕوونکەرەوە.

٣- بابەتی گەیاندن لەوەش زیاتر دەکشێ و بەئاگابوونی کۆمەڵێك لەکەلەپورو ئەزموونەکانی کۆمەڵێکیتر دەگرێتەوە، ئەگەرچی ئەو دوو کۆمەڵە لە دوو ژینگە و سەردەمی جیاوازیشدابووبن. بۆنموونە

ئێمە دەتوانین پەیوەندی و گەیاندنمان،لەگەڵ عەرەبەکانی پێش ئیسلام یان گریکییەکان یان ڕۆمانەکان یان میسرییە کۆنەکاندا هەبێت، بەمەرجێك لەو بەرهەمە تومارکراوانە بگەین، کە لەو میللەتانەوە بەجێماون. بەوشێوەیەش ئەوانە ڕۆڵی ئاخێوەر دەگێڕن و، ئاخاوتنەکانیان ئاراستەی خوێنەردەکەن، کە ڕۆڵی گوێگر وەرگر دەگێڕن. ئەگەر نووسراوە تۆمارکراوەکان هێما و ئاماژە بوون، ئەوا پێویستە وەرگێڕرێت بۆ یەکێك لەوزمانانەی دەیانزانین و بەکاریاندەهێنین.

بەگشتی ئەم پێناسانە لە چوارچێوەی یەك ك پێناسەدا بۆ گەیاندن کۆدەکرێتەوە، کە بریتییە لە گواستنەوەی بیرێك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر، یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە یارمەتی کەناڵێکی گواستنەوە، باشترین کەناڵیش زمانە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت هۆکارەکانی تری گەیاندن فەرامۆشبکرێن.

**٢- <u>تیۆری یاکۆبسون :</u>**

بابەتی تیۆری گەیاندن بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە خەصڵەت و تایبەتمەندییەکانی هەر سیستمێك لە سیستمەکانی گەیاندن، کە بۆ ئەنجامدان و بەردەوامبوونی پەیوەندی لەنێوان دوواندا بەکاردەهێنرێت، ئەودوانە دوو کەسبن یان دوو ڕۆبۆتبن، یان کۆمەڵێك بن، لەودۆخەشدا بە گەیاندنی کۆمەڵی ناوزەددەکرێ، یان لەنێوان کۆمەڵانێکی زۆری خەڵکدا بێت کە بە گەیاندنی جەماوەری دەناسرێت. ڕۆمان یاکۆبسون( R. Yakobson) ئەو بنەماو لایەنانە دەستنیشاندەکات کە ڕۆڵیان لە گەیاندن بەهۆی زمانەوە هەیە. بەپێی بۆچوونی ئەو زانایانە بنەماکانی گەیاندن بریتین لە :

١- پەیامبەر(پەیامنێر) sender
٢- پەیام massage
٣- وەرگر receiver
٤- کۆد code
٥- کەناڵی گەیاندن channel
٦- چوارچێوەی بەکارهێنان context

یاکۆبسون چۆنییەتی ئەنجامدانی کردەی گەیاندن بەپێ ی ئەوبنەمایانە لەشێوەی هێڵکارییەکدا دەخاتە ڕوو :

**١- <u>پەیام massage</u>:**

ئەو مەبەستەیە کە قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت. بەپێی خشتەکەی یاکوبسون







پەیام دەکەوێتە چەقی ڕووداوە زمانییەکەوە واتە کردەی گەیاندنەکە، یان بەپێی بۆچوونی شولتز لەناوجەرگەی ڕووداوەکەدایە. at the heart of .speech event

**<u>٢- کۆد code</u> :**

لەزمانەوانیدا بەو وشە و دەربڕینانە دەوترێت لە دەنگ و فۆنێم و ئەفیکسەکان پێکدێن، هەروەها ئەو سیستمانەی لەکاتی ئاخاوتندا یان لەڕۆنانی دەربڕینەکاندا چ نووسراو بێت یان وتراو بەکاردەهێنرێن. پێویستە واتای ئەو وشە و دەربڕینانە ڕوونبێت چ لای قسەکەر یان وەرگر. ئەمەش لەکردەی گەیاندندا بە هەماهەنگی زاراوەیی دەناسرێت.

لە هەندێك سیستمی تری گەیاندندا لە جێی وشە، کۆد و هێمای تر بەکاردەهێنرێن، وەك: ژمارە یان هێمابیرکاریی یان کیمیکییەکان، یان هەندێ وێنە و ئاماژە فرەشێوەییەکان کە لەهەندێ سیستمدا بەکاردەهێنرێن. لەو سیستمانەدا زمان بەکارناهێنرێت یاخود زمان بەتەنها شیاو و لەبارنابێت.

بۆنموونە ئەگەر سەیری کتێبێکی کیمیا بکەین هێمای ($H^{٢}O$) دەبینین. ئەم هێمایە کۆدێکە تەنها کیمیازانەکان بەکاریدەهێنن و، لەزانستەکەیاندا ئاماژەیە بۆ پێکهاتەیەك کە لە دوو ماك پێکدێت، هەریەکێکیان ڕێژەیەکی دیاریکراویان لە گەردیلە هەیە. ئەو پێکهاتەیەش ئاوە. ئەو هێمایە لە کیمیکدا شوێنی دەربڕینێکی زۆردەگرێتەوە، بۆنموونە وەك ئەوەوایەکەبڵێین : ئەگەر دوو ماکی وەك هایدرۆجین و ئۆکسجین بە ڕێژەیەکی دیاریکراو تێکەڵبکەین، ئەوا پێکهاتەیەکی نوێمان دەستدەکەوێت کە ئاوە. کەواتە ئەوهێمایانەی لە کیمیادا بەکاردەهێنرێن (کۆد)ن. هەروەها ئەو وێنانەی کە لە سینەمادا زۆرجار لەجێی ئاخاوتن بەکاردەهێنرێت جفرە و کۆدن.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ جیاوازی نێوان زمانی گەیاندن (communicative)و زمانی بیرmentalist بکەین، کە تێیدا واتا لە زمانی گەیاندندا وشە و بیرەکان یەکگرتنەوە و یەکانگیربوونێکیان تێدا دەبێت، بیرەکان بەرهەمهێن دەبن، واتە یەکیان یارمەتیدەر و بەرهەمهێنەری ئەویتریان دەبێت. کەچی لە زمانی هزریدا هەرچەندە دەربڕینەکان بەرهەمهێنن و ڕیزبەندی هزرییان تێدایە بەڵام جیاوازە لە

زمانی گەیاندن، چونکە لەزمانی گەیاندندا پێویستە کۆد و هێماگەلێك بەکاربهێنرێن، بەشێوەیەك ئەو شتانە بنوێنێت باسی دەکەین، هەروەك ئەوەی زمان و هێما و ئاماژەی هاوبەش بەکاربهێنین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت زانیاری پەیامنێر و وەرگر لەبارەی نەوهێما و کۆدانەوە وەك یەك و یەکسانە. باشترین بەڵگە ونموونە بۆ راستی ئەم بۆچوونە ریکلامە بازرگانیەکانە، کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا وەکو زمانی گەیاندن نەك وەك زمانی بیر بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێت، بەکارهێنانەکانیش زیاتر لەشێوەی ئاماژە زمانییەکاندا دەبن. بۆنموونە :

أ- متمانەکەتان لەجێی خۆیدایە.

ب- سی ساڵە لەخزمەتاندان.

ج- شارەزاین لەهەموو پسپۆڕییە پزیشکیی و تاقیگەییەکاندا.

د- رۆژنامەیەك لەتای تەرازویەك و تاکەیتری تەرازووەکە کۆمەڵێك ڕۆژنامە تێدا دادەنرێت و تای یەك رۆژنامەکە گرانتر پیشاندەدرێت. ئەم گەیاندنە لەشێوەی وێنەدا دەبێت(وەرگێڕ)

کەواتە بۆ بەردەوامبوونی گەیاندن پێویستە ناوەڕۆکی باسەکە بکرێت بەهێما و کۆدێکی هاوبەش، کە پەیامنێرو وەرگر بیزانن، ئەگەر نا ئەوا گەیاندن دەشێوێت و، لێکگەیشتن دەپچڕێت و ئەنجامنادرێت. بۆ راستی و سەلماندنی ئەو بۆچوونە یاکۆبسون نمونەیەك دەهێنێتەوە و دەڵێت : ئەگەر گوێمان لەکەسێك گرت وشەی کۆن یان ناوێزە و بیانی بەکاربهێنێت لەئاخاوتندا، بێگومان بیستن و وەرگرتنی ناوەرۆکی ئاخاوتنەکە لەلامان وەك پێویست نابێت بەڵکو لاوازدەبێت،دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شارەزایی پەیامنێر و وەرگر لە کۆدەکان وەك یەك نییە. سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە جۆری هۆکاری گەیاندن کەناڵی گەیاندنchannel (ئاخاوتن، نووسراو... تد) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەکردەی گەیاندندا. بۆنموونە : گەیاندن لە ڕێی تەلەفۆنەوە جیاوازە لەگەیاندن لەڕێی ئاخاوتنی ڕاستەو خۆ و ڕووبەڕووەوە، چونکە لە گەیاندنی ڕووبەڕوودا پەیامنێر هەندێ هێمای جیا لە ئاخاوتن بەکاردەهێنێت کە واتاگەلێك دەگەیەنن، مەرج نییە وشەکان ئەو واتایە بگەیەنن.

هەروەها گەیاندن لەڕێ کەناڵەکانی راگەیاندنی وەك رادیۆ و تەلەفزیۆن وسیدیەوە جیاوازە وەك گەیاندن لەڕێ ئاخاوتن و سیناریۆ و مۆسیقاو نواندنی بیر و پیشاندانی ڕووداوەکانەوە. باشترین نمونەش ئەو شانۆکۆنانەن کە تەنها لەڕێی جووڵەو مۆسیقاو ئاماژەوە واتە بەبێدەنگ(bantomm) نمایشدەکران و، بیرەکانیان دەگەیاند. ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەوەن کە هێما و ئاماژە دەکرێ هۆکاری گەیاندن بن هەروەکو زمان کە هۆکارێکی سەرەکی گەیاندنە.

## ٣- کۆڵەکەکانی گەیاندن :

هەندێ هۆکاری گەیاندن هەن، دەکرێ بنەمایەك بن، بۆ ئەوەی شەش کۆڵەکەکەی گەیاندن هەمواربکرێنەوە. بۆنموونە گەیاندن لەڕێی تەلەفۆنەوە ڕۆڵی بنەما نازمانییەکانی گەیاندن وەك گوزارشتەکانی دەموچاو و بەکارهێنانی دەست کەمدەکاتەوە. گەیاندن لەڕێی وتنە نووسراوەکانەوە نەك وتراوەکان هەندێ بنەمای ئاخاوتنی وەك هێزو ئاواز و ئاماژەکردن بەدەست و تورەبوون و هەڵچوون و سەرسوڕمان... تد تێدا نابێت. لەم حاڵەتەشدا زۆرجار پەیامنێر نووسراوەکان پاکنووس دەکات و، ئەگەر لەوکەسانەش بێت کە توانای ئاخاوتنیان لاوازە یان گرفتیان هەیە لەئاخاوتندا، دەکرێ توانای نووسینی ئاخاوتنیان باش بێت و، هەروەها دەرفەتی وەستانیشی دەبێت بۆ هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان، دواتریش دەتوانێت هەندێ هێما و ئاماژە بەکاربهێنێت، بەڵام مەرجە پێش بەکارهێنانی ئەو جۆرە هێمایانە لە ئاستی توانای زمانیی وەرگرەکەی بگات، واتە دڵنیابێت لەوەی کە وەرگرەکە توانای لێکدانەوەی واتاو مەبەستی ئەو وێنەو هێمایانەی هەیە.

گەیاندن لەڕێبازی سۆسێردا زۆر لەوە فراوانترە کە تەنها لەنێوان پەیامنێر و وەرگردا قەتیسبکرێت، یان پەیامێك بێت و وەگر وەریبگرێت. بەڵکو بەبۆچوونی ئەو زانایە گەیاندن مەسەلەیەکی زمانیی و دیاردەیەکی ئاڵوزە، رەهەندەکانی لەبیر و هزرو دەرونی مرۆڤدان، خاوەنی چەندین کەناڵی فیزیکی و دەنگی و دەروونی فیسۆلۆژیە. ئەو کەناڵانە یارمەتی لێك نزیکبوونەوەی قسەکەر و گوێگر دەدەن. بۆزیاتر روونکردنەوەی ئەوبۆچوونە : قسەکەر بەقەستی وێنای بیرێك بە وێنەیەکەوە لە هزری خۆیدا دەبەستێتەوە، ئەو وێنایە پێویستی بە گوزارشت لێکردن

دەبێت، لەڕێی درکاندنەوە ئەنجامدەدرێت، چ وشەیەك بێ یان چەند وشەیەك، ئەو وشانە ماوەی نێوان قسەکەر و گوێگر دەبڕن و، گوێگریش وەریدەگرێت و بۆ لێکدانەوەی ئەو دەنگانەی کە دەیبیستێت وا دەخوازێ کە وابەستەی ئەو چەمکانەی بکات، کە پەیوەندیان بەو دەنگانەوە هەیە و لەمێشکیدا پارێزراون. لێرەوە بارە دەروونی فیسۆلۆژییەکان دێنەناوەوە و، یارمەتی گوێگردەدەن کە ئەو دەنگانەی گوێبیستیبوو بگۆڕێت بۆ واتاگەلێك کە لەژێر کاریگەرییە ویژدانی و دەرونییەکانیدا دەبێت و، ئامادەدەبێت بۆ وەرگرتنی بیرەئاراستەکراوەکە. ئەم کردەیە بەمەرجێك بەدروستی ئەنجام دەدرێت کە هیچ ئاستەنگێکی وەك گوێگرانی وەستان لە ئاخاوتندا یان بیرکۆڵی نەیەتە ڕێی.

**٤- کەناڵی گەیاندن :**

دەکرێ کەناڵی گەیاندن بنەمایەکی هەرەگرنگ بێت لەکردەی گەیاندندا. چونکە پێدەچێت پەیوەندیکردن لەنێوان پەیامنێر و وەرگردا بەمەبەستی خۆنزیککردنەوە بێت یان لەپێناو توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکان و ئاشتەوایی و نێوانخۆشکردندا بێت. بۆ ئەو حاڵەتانە دەکرێ تەلەفۆن کەناڵی گەیاندن بێت. هەروەها تەلەفزیۆن و رادیۆ دەکرێ کەناڵی گەیاندن پێکبهێنن، لەگەڵ پێویستی ئاماژەکردن بۆ ئەوەی کە بەرنامەکان بەپێی تەمەن جیاوازدەبێت. ئەو بەرنامانەی کە بۆ گەیاندن بە گەورە و بەتەمەنەکان پەخشدەکرێت دەبێ جیاوازبێت لەو بەرنامانەی کە بۆ مندالآن بەکاردێت. هەروەها گەیاندن لەڕێی بەرنامە تەندروستییەکانەوە جیاواز دەبێت لە گەیاندن لەڕێی بەرنامە ئاینییەکانەوە. هەروەها دراماش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ گەیاندن و جیاوازە لەبەرنامەکانی پێشوو، بەوەی کە لە درامادا جموجۆڵ و ئاماژەکردن (سیمۆلۆژیا) ڕۆڵی بەرچاوی هەیە و زۆر جار بەهای ئەو هێما نازمانیانە بەهای دەربڕینە زمانییەکان تێدەپەڕێنێت.

**٦- پەیام :**

هەندێ لەزمانەوانان لەو بڕوایەدان، کە پەیام ناوەرۆك و مەبەستی سەرەکی کردەی گەیاندنە. ئەمەش بەبۆچونی ئەو زانایانە تەنها لەو حاڵەتەدا ئەنجام دەدرێت، کە زمان لە بەجێهێنانی ئەرکی یەکەمی خۆی کە بەردەوامبوونە دووربکەوێتەوە و، ئەرکێکیتر بەجێبهێنێت، کە دەربڕینە بەشێوازی ئەدەبی، چونکە پەیامنێر تەنها مەبەستی گۆڕینی ناوەڕۆکی بیرەکە نییە بۆ هێمای زمانیی، بەڵکو جگەلەوە هەوڵدەدات، دەربڕینەکانی







بەشێوازێکی ئەدەبی بێت و بتوانێ سەرنجی وەرگر بۆلای دەقەکە ڕابکێشێت. بەمەش و لەژێر کاریگەری دەربڕین و خەیاڵکردنەوە دەقەکە بەوردی و چەندجارێك دەخوێنێتەوە. ئەم حاڵەتە لای یاکۆبسون بە(لادان لەپێوەر ) ناسراوە، یان بەسەرووی زمان ( meta language) گوزارشتی لێدەکرێت. هەروەها یاکۆبسون ئەمە بە سەرووی ئەرکی گەیاندن دادەنێت و، بەئەرکی شیعری هەژماریدەکات. کە بریتیە لەلادانی وشە لە واتا فەرهەنگی و بوارەواتاییەکەی خۆی بۆ بوار و واتای تر.

سەرچاوە :

* د. ابراهيم خليل، مدخل الى علم اللغة، عمان، ٢٠٠٩.

# بۆچوونێک سەبارەت بە زمانەوانی کارەکی

و : نەوزاد حەسەن قادر

## بەشی یەکەم

**زمانەوانی کارەکی چییە؟**

زمانەوانی کارەکی بریتییە لە بەکارهێنانی ئەوەی کە دەیزانین دەربارەی زمان ، چۆن فێری زمان دەبین ,هەروەها چۆن زمان بەکار دەهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی هەندێك ئامانج یان چارەسەر کردنی هەندێ گرفتی ئەم جیهانە. ئەو ئامانجانەش زۆر و جۆراو جۆرن. هەر وەك لەپێناسەکەی ویلکنز(١٩٩٩ : ٧) دا دیارە: زمانەوانی کارەکی گرینگی دەدات بە تێگەیشتنی ڕۆڵی زمان لەکارەکانی مرۆڤدا, گرینگی دەدات بە دابینکردنی زانیاری پێویست بۆ ئەوانەی کە بەرپرسیارن لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە , پێویستە بزانین ئایا دەرکردنی ئەو بڕیارانە پەیوەندی هەیە بە ژووری پۆل , شوێنی کارکردن , دادگا یان تاقیگە .

بواری ئەو ئامانجانەش لە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی کۆنفرانسی (ڕێکخراوی ئەمریکی بۆ پەرە پێدانی زمانەوانی کارەکی) دیاری دەکرێت کەلە







ساڵی (٢٠٠٢) بەستراوە , ئەوەش هەژدە بابەت لەخۆ دەگرێت :

دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی کۆنفرانسی ساڵی (٢٠٠٢) زۆر لەوە زیاترە، چونکە ئەو دەرئەنجامانە نزیکەی (٤٧) بابەتی زمانەوانی کارەکی لەخۆ دەگرێت . لەناو هەموو ئەو بابەتانەشدا , ئەوانەی کەبە فراوانی بەکاردێن بریتین لە فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەم . لەسەرانسەری جیهاندا ڕێژەیەکی زۆری خەڵك زیاتر لە زمانێك بەکار دەهینن . بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە لە ساڵی(١٩٨٧) ئەنجام دراوە , دەری خستووە کە لە سەدا (٨٧)ی ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٢٠-٢٤) ساڵی دایە لە ئەوروپا زمانی دووەمیان خوێندووە . لە هەندێ وڵاتدا ,زمانی دووەم پێویستییەکە دەبێ هەموو کەس بیزانێت .کاتێك زمانی یەکەمی دانیشتووان بریتیی بێت لە کۆمەڵێك زمانی جۆراوجۆر ئەوا زمانی ئینگلیزی , بۆنمونە , وەکو زمانی دووەم دەخوێنرێت لەلایەن زیاتر لە (٢٣٥) ملیۆن کەسەوە (کریستڵ, ١٩٩٥: ١٠٨).

ئەگەر کاری سەرەکی زمانەوانی کارەکی بخەینە ڕوو , ئەوا دەبینین بریتییە لە ڕێبازی فێربونی زمانی دووەم , زانستی فێر کردن , هەروەها خاڵی بەیەك گەیاندنی هەردووکیان. ئەوانە ئەو بوارانەن کەزمانەوانی کارەکی دەیانگرێتە خۆی .

هەروەها کارتەر و نیونان (٢٠٠١ : ٢) ئاماژە بە هەندێك بنەما دەکەن کە بایەخی زۆریان پێدەدرێت , ئەوانەش بریتین لە ئاستی خوێندەواری , نەخۆشی زمان , پەروەردەکردنی کەسانی کەڕ , وەرگێران ,لایەنی کرداری پەیوەندی کردن, فەرهەنگ نوسین و زمان گرتن.

سەرەڕای خوێندن بە زمانی دایك و پلان دانانی زمان و بەکارهێنانی دوو یان چەند زمانێك, دوو لایەنی تر هەن کە کارتەر و نیونان(٢٠٠١) بایەخیان پێ نەداوە, ئەوانیش بریتین لە ناساندنی دانەر و زمانەوانی یاسایی. ئەو لایەنانە نموونەی ئەوەن کە چۆن زمانەوانی کارەکی دەکرێت سودی لێوەربگیرێت لە بوارە ناپەروەردەییەکاندا. ناساندنی دانەر, لێکۆڵینەوەیەکی ئاماریی جۆراو جۆری زمانەوانیە بۆ ئەو دەقانە ئەنجام دەدرێت کە دانەرەکەیان دیار نییە, وە هەروەها بەراوردی ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەکات لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئەو دەقانەی کە دانەرەکەیان دیارە. کاتێك ئەو بەراوردە ئەنجام دەدرێت, دەبێتەهۆی ئاماژەیەکی بەهێز بۆ

جوداکردنەوەی ئەو دەقەی کە گومانی لەسەرە. نموونەی ئەو جۆرە نوسینەش بریتییە لەو نوسەرە نەناسراوەی کە نامەسیاسییەکانی سەدەی هەژدەیەمی نوسیوە بەناوی خوازراوی((ژوونیوس)). ئەو شیکردنەوە زمانەوانیەی بۆ ئەو ووشانەی ناو نامەکان کراوە نیشانی دەدات کە ئەو وشانە هاوشێوەی وشەکانی (Sir Philip Francis)ە. هاوشێوەی ئەو لێکۆڵینەوەیەش لە بواری زمانەوانی یاسایدا ئەنجام دراوە, لەپێناو خستنەڕووی ئەوەی کە ئایا شاهیدێك یان بەرگریکارێك دەتوانێت بەشێوەیەکی نەگۆر قسەبکات یان نا. کریستاڵ (١٩٨٧) باسی حاڵەتێك دەکات کەوا کەسێك پاش ئەنجامدانی تاوانی کوشتن فرمانی لێبوردنی بۆ دەرکراوە. شیکردنەوەی زمانەوانی دەربڕینی ئەو تاوانبارە نوسراوەتەوە لەلایەن پۆلیسەوە دەریخستووە کە شێوازی دەربڕینی ئەو تاوانبارە جیاوازە لە قسەکردنی ئاسایی ئەو جیاوازیەش گومانێکی زۆری خستەسەر بەڵگە نوسراوەکە.

سەرەڕای هەموو ئەو ئامانجانە, زمانەوانی کارەکی بایەخ بە ئەو حاڵەتانە دەدات کە تیایاندا زمان هەڵە دەکات, ئەو لێکۆڵەرانەی بەدواداچوون بۆ هەڵەکانی زمان دەکەن لەو کەسانەیان کۆڵیوەتەوە کە توشی نەخۆشی ئۆتێزم, شیزۆفینیا و لەدەستدانی زمان بوون, وەهەروەها ئەو کەسانەش کە نیوەی مێشکیان نەخۆشە, بەو شێوەیە دەبینین کە تێگەیشتنمان بۆ چۆنیەتی کارەکانی مێشك باشتر دەبێت, وەچی ڕوودەدات کە سیستەمی زمانی قسەکەر تێك دەچێت یان بەباشی کارناکات.

**بەرەو پێش چوونی زمانەوانی کارەکی**

**سەرەتایەکی مێژوویی :**

بایەخدان بە زمان و فێرکردنی زمان مێژوویەکی کۆنی هەیە, دەتوانین ئەوە بگێڕینەوە بۆ سەردەمی یۆنانییە کۆنەکان کە ئەفلاتوون و ئەرستۆ بەشداریان لە پێکهێنانی مەنهەجێکدا کردووە, ئەو مەنهەجە لەسەرەتادا باسی جوان نوسی و ڕێزمانی کردووە, پاشان کاریگەری ئاخاوتن (بەلاغە) و بەرەوپێشچوونی شێوەزارەکان و بەرزڕاگرتنی تێڕوانینی فەلسەفی بۆ ژیانی خستۆتەڕوو (هاوات,٦١٨:١٩٩٩). ئەگەر سەرنجی





زمانی ئینگلیزی بدەین, دەبینین کە پێشکەوتنی بەرچاوی لە بواری زمانەوانی دا لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا بەخۆوە بینیوە. ساموێل جۆنسۆن لەساڵی (١٧٥٥) (فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی)دانا, کەبوو بە فەرهەنگێکی پەسندی مانای وشە ئینگلیزییەکان, وەهەروەها کاریگەری بەستانداردکردنی ڕێنوسی زمانی ئینگلیزی هەبوو چونکە تاکو ئەوکاتەش شێوازێکی یەکگرتووی نەبوو. لەوکاتەدابوو کە ڕۆبێرت لۆت لەساڵی (١٧٦٢) (سەرەتایەکی کورت بۆ زمانی ئینگلیزی) نووسی, ئەمە لەکاتێکدابوو کە ساموێل جۆنسۆن خەریکی کۆکردنەوەی وشە ئینگلیزیەکان بوو, هەزاران وشەی کۆکردبووەوە و شێوازی بەکارهێنانی هەریەکەیانیشی بەباشی ڕوونکردبووەوە, وەهەروەها ڕۆبێرت لوتیش خەریکی دانانی ڕێزمانێکی ڕاستەقینەبوو. لەڕاستیدا ڕۆبێرت لۆت هیچ پێشینەیەکی زمانەوانی تایبەتمەندی نەبوو, ئەو ڕێزمانەی کە نوسیبووشی پشتی بە شێوازی لاتینی کۆن بەستبوو, ئەو دوو زمانەش بەتەواوی لەیەکتر جیاوازن. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش ئەوەبوو کە زمانی ئینگلیزی زمانێکی جێرمانییەو بە سیستەمێکی زمانەوانی لاتینی وەصف کراوە. ئەو سیستەمە زمانەوانییەی کە لۆت پێی هەڵساوە هەندێ ڕێسای ڕێزمانی بە ئێمە بەخشیوە کەلە ڕاستیدا ناکرێت زمانی ئینگلیزی پێ وەصف بکرێت, لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە:

١- زمانی ئینگلیزی کۆمەڵێك نەفی ناگرێتە خۆی.

٢- چاوگ لەگەڵ (to) جیا ناکرێتەوە.

٣- هیچ ڕستەیەك بە ئامرازی پەیوەندی کۆتایی نایەت.

ئەو ڕێسایانەی کە"لۆت" داینابوون سوودێکی زۆریان بەزمانەکە نەگەیاندووە, بەڵام دوای ماوەیەك, لەبەرئەوەی مامۆستایان و خوێندکاران حەزیان لەو ئالۆزییەی ناو ڕێزمان نەدەکرد کەپێشدا نوسرابوو, بیرو ڕاکانی لۆت بەخێرایی چاپکران و بلاوبوونەوە وەکو ڕێسایەکی ڕاستەقینەی زمانی ئینگلیزی.

**زمانەوانی کارەکی لە سەدەی بیستەم دا**

**بۆچونێك سەبارەت بەو سەدەیە:**

لەڕاستیدا گۆڕانێکی زۆر لەشیکردنەوەی زمانەوانی و لایەنە فێرکارییەکانی زماندا ڕوویدا. تەوژمە فکرییەکانی ئەو سەردەمەش کاریگەرییان لەسەر ئەو بوارانە هەبووە, پاشان پێشکەوتنە یەك بەدوای یەکەکانیش وەکو ئەو تەوژمانە کاریگەری خۆیان هەبووە, لەسەرەتای ئەو سەدەیەدا ڕێبازی (ڕێزمان و وەرگێڕان) تەنیا ڕێبازی فێرکردنی زمانە بیانییەکان بوو کەلە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە کاری پێدەکرا, بەڵام لەسەدەی نۆزدەیەمدا لەلایەن کارڵ پلۆتز(١٨١٩–١٨٨١)ەوە هەموار کرا. وانەیەکی نموونەیی بەگشتی یەك یان دوو ڕێسای ڕێزمانی تازە و هەندێك وشەو چەند نموونەیەکی وەرگێڕانی لە زمانی بیانییەوە بۆ زمانی خۆت یان بە پێچەوانەوە لە خۆ گرتووە. لە بنچینەدا سروشتی ئەو ڕێبازە باش بوو چونکە هەوڵی ئاسانکردنی فێربوونی زمانی دووەمی دەدا بەهۆی بەکارهێنانی نمونەی ڕستە لەبری دەق. پاشان ئەو ڕێبازە بوو بە شێوازێکی زۆر سنوردار چونکە زۆر جەختیان لەسەر ڕاستی و دروستی ڕێسا ڕێزمانییەکان دەکردەوە کە زۆربەیان لەبواری فێرکاری دا زۆر ئاڵۆز بوون. ناوەڕۆکی ئەو ڕێبازەش گرنگی بە خوێندنەوە و نوسینی بابەتە ئەدەبییەکان دەدا کە تیشکیان دەخستە سەر بەکارهێنانی وشە کۆنەکان.

ئەوڕێبازە بایەخێکی زۆری بەشتە بچوکەکان دەدا, لەبەر ئەوە پێویستبوون بەڕێبازێکی فێرکاری تازە لە ئارادا بوو. یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەو ڕێبازە ئەوەیە کەپشتی بەستووە بە توانای شیکردنەوەی زمان, نەك بە توانای بەکارهێنانی زمان. سەرەڕای ئەوەش جەختکردنەوەی زۆر لەسەر خوێندنەوەو نوسین نابێتەهۆی بەرزکردنەوەی توانای پەیوەندی کردن بەهۆی زمانی دووەمەوە, لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا, هەموو بیرو ڕا جیاوازەکان یەکیان گرت و بوونە هۆی هاتنە ئارای ڕێبازێکی تازە کەبە ڕێبازی ئاراستەکردن ناسرابوو. ئەو ڕێبازەش جەختی لەسەر بەکارهێنانی کرداری زمان کردووەتەوە, ئەوەش بەهۆی گرنگی دان بەهۆی گوێگرتن و





قسەکردنەوە. ئەو ڕێبازە نیشانی داوە کە مانا پەیوەندی بەزمانی بیانییەوە هەیە و نابێت لەکاتی فێرکردن دا پەنا بۆ وەرگێڕان ببرێت, وەهەروەها بایەخی ڕێسا ڕێزمانییەکانی کەم کردەوە, ئەوەشی خستەڕوو کە مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاسایی فێری زمان دەبێت لەسەرەتادا بەگوێگرتن, پاشان بەقسەکردن لە دوایدا بەخوێندنەوە و نوسین. ئەو ڕێبازە بەتەواوی گرنگی بەبەکارهێنانی زمانی دووەم دەدا, وە لایەنگرانی ئەو ڕێبازەش بەتەواوەتی بەکارهێنانی زمانی دووەم لەژووری پۆلدا ڕەت دەکەنەوە. هەرچەندە ڕێبازی ئاراستەکردن سوود بەخشە, بەڵام هەندێ کەم و کوڕی تێدا بەرجەستەیە. ئەو ڕێبازە وا دەخوازێت مامۆستا لە زمانی دووەمدا بەتەواوی لێهاتوو بێت کە ئەوەش هەموو کاتێك گونجاو نییە. ئەمە بەگشتی هەوڵی لاسایی کردنەوەی زمانی یەکەم دەدات بۆ فێربوونی زمانی دووەم, بەڵام گوێ بەجیاوازییەکانی زمانی یەکەم و دووەم نادات.

مایکڵ وێست لە بەریتانیا بایەخێکی زۆری بە بەکارهێنانی زمانی دووەم دابوو لەڕێگەی خوێندنەوە وە, ئەوەش بەڕێبازی (خوێندنەوە) ناسرابوو کە هەوڵی فێربوونی زمانی دەدا لەڕێگەی خوێندنەوەی کۆمەڵێك وشەی ئامادەکراوەوە. بۆ ئاسان خوێندنەوەی چەند دەقێکیش, ئەو جێگۆڕکێ ی بەو وشانە دەکرد کە کەم بەکار دەهێنرێن وەکو (isle, nought, ere) بە ئەو وشانەی کەزۆر بەکار دەهێنرێن وەکو (island, nothing, before). وە هەروەها توانی ژمارەیەکی لەو وشە تازانە ڕێکبخات کەلە دەقەکاندا بەرچاو دەکەون. ئەو هەنگاوانەش بەگشتی بوونە هۆی کەمکردنەوەی ئەو گیروگرفتە لێکسیکیانەی کەبۆ خوێنەران دروست بوون ئەو هەوڵەی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵی وشەکان درابوو, بووبە بەشێك شێوازی ڕێکخستنی وشەکان, ئەوەش لە ئەنجامدا لە دوو توێی کتێبێکدا بڵاوکرایەوە بەناوی (General Service list of English words) لە نزیکەی (٢٠٠٠) وشەی زمانی ئینگلیزی لەخۆ گرتبوو. هەرسێ ئەو ڕێبازەی کەلە پێشەوەدا باسکردان تاکو جەنگی جیهانی دووەم

بەکارهێنران.

لەماوی ئەو جەنگەدا، کەم و کوڕییەکانی هەموو ئەو ڕێبازانەی پێشوو دەرکەوتن. سوپای سەربازی ئەمریکی چەند کەسێکی کەمی تێدابوو کەتوانای گفتوگۆ کردنیان بەزمانی بیانی هەبێت، لەبەرئەوە پێویستیان بەڕێگایەکی زمانەوانی خێرا بوو بۆ مەشق پێکردنی سەربازەکانیان. زمانەوانە بونیادگەرایە ئەمریکیەکان هەنگاوێکی باشیان نا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە و خستنەڕووی بەرنامەیەك کەسودی لە ڕێبازی ئاراستەکردن  وەرگرتبوو چونکە جەختنی زۆری دەکردەوە لە گوێگرتن و قسەکردن بەزمانی بیانی. بنەماکانی ئەو ڕێبازەش لە تیۆرییەکەی دەروونی ئەو کاتەوە وەرگیرابوون کە پێیان دەگوت (ڕەفتارکەرایی). بەپێی ئەو ڕێبازە فێربوونی زمان کردەیەکی ڕەفتارییە، ئەوەش چەند چالاکییەکی لەخۆ گرتبوو بەمەبەستی بەهێز کردنی ئەو بنەمایانەی بۆ فێربوون سودبەخشن وەکو سەرنج دان بۆ چۆنیەتی خوێندنەوە، ڕاهێنانی زارەکی، شێوازی ڕستە دروستکردن و لەبەرکردن. بەکورتی وا چاوەڕوان دەکرا کە خوێندکارەکان بەهۆی مەشق پێکردنەوە فێربن، نەك بەهۆی شیکردنەوەی زمانی دووەم. ئەو ڕێبازەش پێی دەوترا (ڕێبازی سوپایی)، ئەو خوێندکارانەش کەبەهۆی ئەم ڕێبازەوە فێری زمانی بیانی بوون، توانیان سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنن. ئەو سەرکەوتنەش دەری خست کە ئەو ڕێبازە دوای جەنگەکەش هەر بەردەوامە و پاشان بە ڕێبازی (فێرکردنی بیستەنی زمان) ناسرا.

ئەم ڕێبازە فێرکاریە کاتێك بەرەو پوکانەوە ڕۆیشتن کە چۆمسکی (۱۹۵۹) هێرشی کردە سەر زمانەوانی بونیادگەرایی و شوێنکەوتوانی. زمانیش کە پرۆسەیەکە و هۆکارە عەقلییەکان کاری تێدەکەن جێگەی ئەو بیرۆکەی گرتەوە کەوا نیشان دەدات زمان کردەیەکی ڕەفتاری مرۆڤە و لەکۆمەڵێك یاسایی تەجدیدی پێکهاتووە کە زگماکین. لەڕاستی دا چۆمسکی بینی کەوا هەندێ گریمانە لای منداڵ دروست دەبێت و خۆیان ئەو گریمانانە تاقی دەکەنەوە. بەڵام چۆمسکی و شوێن





کەوتووانی دەریانخست کەوا منداڵ فیدباکی نەرێ لە خەڵکی ترەوە وەرناگرێتەوە، لەبەر ئەوە هەندێ میکانیزمی تر پێویستە بۆ دیاری کردنی جۆری ئەو گریمانانەی کەلای دروست دەبێت. چۆمسکی (۱۹۵۹) پێی وایە کاتێك منداڵ لەدایك دەبێت، ئەو توانایەی هەیە کە تێبگات چۆن زمان کاردەکات، ئەوەش بەهۆی ڕێزمانی جیهانییەوەیە (Universal Grammar) ئەو منداڵانە بنەما گشتییەکانی زمان دەزانن ( بۆ نمونە، هەموو زمانەکانی جیهان ڕاناوییان هەیە) وە هەروەها بنەما تایبەتەییەکانیش دەزانن (بۆ نمونە، هەندێ زمان ڕێگە بەئەوە دەدەن کە ڕاناوەکان لا ببرێن کاتێك دەکەونە جێگای بکەر).کەواتە بەگشتی منداڵان ئەوەیان پێویستە کە بزانن ئەو زمانەی ئەوان قسەی پێدەکەن ڕێگە بە لابردنی ڕاناوەکان دەدات (pro-drop) وەکو زمانی کوردی یان ڕێگە بەو جۆرە لابردنە نادات (non pro-drop) وەکو زمانی ئینگلیزی. ڕێکخستنی ئەو بنەما تایبەتییانەش ئەوەندەی پەیوەندی بە کردەی ڕەفتاری زمانەکەوە هەیە، هێندە پەیوەندی بە بەکارهێنانی زمانەکەوە نییە. پاشان دەگەینە ئەو گفت و گۆیەی کە چۆن منداڵ بەخێرایی فێری زمان دەبێت. بەگشتی ئەو لێکۆڵینەوەیە کاریگەری بۆچوونەکانی چۆمسکی بەسەرەوەیە، وە ئەویش هەوڵێکی زۆری داوە لە پێناو گەشەکردنی فێربوونی زمانی دووەم و لایەنە دەروونییەکانی ئەو بوارە.

لەسەرەتای حەفتاکاندا، هیمنز(۱۹۷۲) بیرۆکەی (communicative competence)ی بۆ ئەو بوارە زیاد کرد، کە جەختی لەسەر زانیاری زمانەوانی قسەکەر دەکردەوە، ئەو زانیاریە زیاتر ئەوە دەگرێتەخۆی کە بەمانای توانای ڕۆنانی ڕستەی ڕێزمانی بێت. وە هەروەها ئەوەش دەگرێتە خۆی کە پێویستە بزانرێت کەی و بۆ کێ و لە کوێ ئەو ڕستانە بەکاربهێنرێت. ئەوەش یارمەتیمان دەدات کەسەرنجمان لەڕاستکردنەوەی هەڵەکانی زمانەوە بگۆڕین بۆ ئەوەی کە چۆن بەکارهێنانی زمانێك دەگونجێت لە

چوارچێوەیەکی تایبەتدا. لەهەمان کاتدا، ڕێزمانە ئەرکیەکەی هالیدەی (١٩٧٣) بەدیلێك بوو بۆ ڕێبازەکەی چۆمسکی، کە تیایدا زمان شتێکی ناو ناخی فێرخواز نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ بەجێهێنانی هەندێك ئەرك لە کۆمەڵگادا. هالیدەی سێ جۆر ئەرکی زمانی دیاری کردووە:-

١- فکریی (بیرۆکە ڕاستەکان بەخەڵکی دەگەیەنێت).

٢- کەسیی (بەهێزکردنی پەیوەندییە کەسییەکان لەگەڵ خەڵك دا).

٣- پەیوەندیدار بە دەق (بۆ نیشاندانی پەیوەندی و ڕێکخستنی دەق، بۆ نموونە، زمان هەڵدەستێت بە ڕوونکردنەوە و نیشاندانی سەرەتا و کۆتایی گفتوگۆ).

ئەو ڕێبازەی زمان لە ڕوانگەی داینامیکی پەیوەندی کردنەوە سەرنجی زۆر کەسی ڕاکێشا بوو. ئەوانە و هەندێ هۆکاری تر بوونە هۆی هاتنە ئارای ڕێبازی پەیوەندیکردن بۆ فێربوونی زمان. لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتادا، ئەنجوومەنی پرۆژە ئەورووپییەکان هەوڵی دروست کردنی سیستەمێکی بەرفراوانی فێرکاری زمانیدا کە پابەند بوو بە پێداویستییەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم و لایەنە واتاییەکانی ئەو پێداویستییانە، وە ئەوەش بیرۆکە پەیوەندی دارەکان و ئەرکەکانی زمان دەگرێتەوە، ڤان ئیك و تریم (١٩٩٨:٢٧) شەش ئەرکی زمانیان دیاری کردووە.

١- بەدواداگەڕان و پێدانی زانیاری دروست.

٢- دەربڕینی هەڵوێست.

٣- هەستان بە جێبەجێکردنی کارەکان.

٤- پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

٥- دەستکردن بە گفتوگۆکردن.

٦- باشکردنی بواری پەیوەندیکردن.

بابەتەکانی ئەو پرۆژەی کەوا خرایە ڕوو کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو، وە ئەو سەرچاوانەی کە پابەندبوون پرۆگرامی فکری-ئەرکییەوە زوو لە ناو فێرخوازاندا بڵاوبوونەوە. لەسەرەتای هەشتاکاندا، تیۆری زمان گرتن کە لەلایەن کراشن (١٩٨٢)وە خرایە ڕوو پشتی بەستبوو بە زانیاری خستنە ناو (input). تیۆرییەکەی کراشن دەریخستووە کە مرۆڤ دەتوانێت بەشێوەیەکی دەرك پێنەکراو





فێری زمان بێت ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە زانیاری دەربارەی زمان لەناو ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە، نەك بەهۆی مەشق پێکردنی کردارییەوە، وە بارودۆخی دەروونی مرۆڤیش کاردەکاتە سەر ئەو فێربوونە. دەرهاویشتە فێرکارییەکانی ئەو تیۆرەش ئەوەیە کە ژووری پۆل پێویستە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی فێربوونی زمانی بۆ دابین بکرێت و تێگەیشتن ئاسان بکات، بەڵام هەندێ لایەنی فێرکاری دەگرێتە خۆی کەلە دەرەوەی توانای فێرخوازانە.

سەرچاوە : An Introduction to Applied Linguistics

# هێزی بە مەبەست لە زمانی کوردیدا

**م.ڕەهێڵ زەکەریا ئەسعەد**

ئەم باسە لە بنچینەدا باسی دەرچوونمە کە ساڵی ٢٠٠٩ بەسەرپەرشتی پ.ی.د.عبدالواحد مشیر دزەیی پێشکەش بەشی کوردی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەدینم کردووە.

پـێشەکی :

زمان دیاردەیەکی ئاڵۆزە هەر شارەزایەك لە ڕوانگەی دیدی خۆیەوە لێیدەکۆڵێتەوە بۆ چوونەکانی دەخاتە روو، هەر چەندە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی زمانی کوردی مێژوویەکی کۆنی نیە،بەلاَم هەنگاوێك نراوە لە لایەن شارەزایانی زمان ئەم هەنگاوەش پێویستی بە راستکردنەوەو زیادکردنی هەیە.

هێزی بە مەبەست ئەو هێزە سەرەکی یە کە دەخرێتە سەر وشەیەك لە رستەیەکدا بە مەبەستی دوپاتکردنەوەی وشەکە و نەفیکردنی دژەکانی دێ دەکرێ، جۆریکی تر لە هێزی بە مەبەست ئەوەیە، بۆ لاساییکردنەوەی کەسێ بە مەبەستی گاڵتەکردن بەکاردێت .هۆکاری هەڵبـژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر ئەم بابەتە لەلام روون بێتەوە و وردەکاریەکانی بەکارهێنانی هێزی بە مەبەست بدۆزمەوە، لە کاتی ئامادەکردنی ئەم باسە چەند گیروگرفتێك هاتنەوە پێشەوە لەوانە کەمی سەرچاوە و دەرفەت بۆ جێبەجێ گەیاندنی ئەرکەکەم، بەلاَم دوای هەوڵدان و هاوکاریکردنی چەند دڵسۆزێك توانیم بەسەر ئەو گیروگرفتانە زاڵببم.

باسەکەم پێکدێت لە دوو بەش، بەشی یەکەم (کەرەستە ناکەرتیەکان کە پێناسەی هێز ،ئاوازە، وەستان)بەشی دووەم پێکدێت لە جۆرەکانی هێز–هێزی وشە–هێزی رستە– هێزی





بە مەبەست (هێزی بەرامبەری) باسم کردووە.لەگەڵ کورتە و ئەنجامی باسەکە.

بەشی یەکەم:

کەرەستە ناکەرتیەکان بریتین لە-:

١– هێز (سترێس):(Stress)

-ئەو هێزەیە ئەکەوێتە سەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە.(غازی فاتیح وەیس:٨٤:١٩٨٤)

-توند تلفظ کردنی بڕگەیەك لە فۆنەتیکدا بە هێز ناسراوە.(ئەورەحمان حاجی مارف:٦٩:١٩٧٦).

-هێز ئەرکی فۆنیمی هەیە،ئەگەر پلەکەی گۆڕاو لە بڕگەیەکەوە گوێزرایەوە بۆ بڕگەیەکی تری هەمان وشە و کاری لە واتا کرد،ئەوە هێزی فۆنیمیە. (محمد علی الخولی:١٧٢:١٩٨٢) ئەگەر گۆڕینی هێز لە وشەی زمانێك ببێتە هۆی واتاگۆڕینی، مانای ئەوەیە هێز لە زمانەدا فۆنیمە. (محمد علی الخولی:١٩٨٧: ١٦١–١٦٢)

-هێز فۆنیمی دەگۆڕێ بۆ یەکێکی کە، هەروەها ماناکەشی دەگۆڕێ. (محمد امین هەورامانی:١٩٧٤: ٤٧).

-ئەوەی هاوپیت لە نێوان جووتەو وشەیەکی هاونووس پەیدا دەکات هێزە،لەبەر ئەوەی کە (هێز لە زمانی کوردیدا فۆنیمە) (فتاح مامە علی:١١:١٩٨٩).

-هێز دکەڤیە سەر بڕگەکێ ژ وشێ مانا وێ دگوهوڕیت،هەروەسا دکەڤیتە سەر ڕستێ و ماناژی دهێتە گوهاڕتن و دکەتە پرسیاری (محمد حسن بناڤی:٣٩:١٩٨٦)

-هێز زیادە وزەییێکی دەنگییەلە پڕ لەسەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدا.(واتا هێز سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجییەو دەوری لە چوارچیوەی ئەم ئاستە دەرنایێ) بۆ نموونە وشەی(بەلاَم) لە دوو بڕگە پێکهاتووە (بە+لاَم).لە بڕگەی یەکەمدا هەڵچونێکی لە بری دەنگی سەرهەڵدەدا. ئەم هەڵچوونە ئەنجامی خێرا لەرینەوەی ژیکانە.لە بڕگەی دووەمدا بەدی ناکرێت. (وریا عمر ئەمین:٢٨٤:٢٠٠٤)

-هێزێکی کۆکردنی رێیژەییە، دەخرێتە سەر ڤاولی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە یان رستە،هەروەها پلەی هێزیش کاردەکاتە سەر درێژی و بەرزی دەنگە ڤاوڵەکە،لەگەڵ ئەوەشدا رێژەیەکی راستەوانە (گردی) لە نێوان پلەی هێزەکە لە لایەکەوە و درێژی و بەرزی دەنگە ڤاوڵەکە لەلایەکی ترەوە هەیە.

-هێز فۆنمێکی ناکەرتییەچەند جۆریکی هەیە وەکو هێزی وشە و هێزی ڕستەو هێزی

بەرامبەری (طالب حوسین علی:۲۰۰۵:۱۹۲)

-زاراوەیەکی دەنگسازییە بە مەبەستی زادەی ئەو هەوڵەیە کە دەدرێت بۆ گۆکردنی برگەیەك لە برگەکانی وشە، یان ئەو هێزەیە کە دەکەوێتە سەر برگەیەك لە برگەکانی وشە(یوسف شریف:۲۰۰۵:۱۲۱)

-۲ئـــاوازە

ئەو وتەیەی کە ئاوازی لە بارو هەڵوەستەی (junctures) گونجاوی دەدرێتێ.ئاوازەش بریتی یە لە بەرزکردنەوە و نزم کردنەوەی دەنگ پلەی دەنگ لە سەرەتا یان پێش کۆتایی یان کۆتایی وتەدا (گالب حوسین علی:۲۰۰۵:۹٤) ئەوە پەیوەستە بە گۆڕینی پلەی ((نەغمە))رستەیەك یاخود وشەیەك بە بێ دەستکاریکردنی وشەو برگە و فۆنیم و مۆرفیمی ئەو رستەیە یاخود وشەیە (سەلام ناوخۆش:۲۰۰۵:۱۷٤).

ئاوازە لە رستەدا بە ئاوازەی (کەوت)دەست پێ دەکات لەسەر وشەی (هێز) دار بەرزدەبێتەوە و دواتریش نزم دەبیتەوە.وەك:

تۆ ئازا یت

ئاوازەی بەرز لەگەڵ رستەی سەر سوڕمان و هەڵچوون بەکاردێت کاریگەری دەگەیەنی.(محمد علی الخولی:۱۷۰:۱۷۰) وەك:

برۆ

ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپە و دوو

گەندەمووی دەموچاو مەچەك هەڵنەگرتوو (گۆران:۱۹۸۰:٤٥).

گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازی رستە. هەر ئاوازەش واتایەکی جیا بە رستە دەبەخشێ. بۆ نموونە رستەی: ئـــازاد دوێنێ هات،دەیان مانای جیا دەبەخشێ بە پێی ئاوازەکەی ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر تاپای ئەم رستەیەدا هەمان شت بوو. رستەکە مانای(خەبەری) سەرەوە دەگەیێنێ.ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (ئازاد) زیاد کرا.رستەکە دەبێتە وەڵامی (کێ دوێنێ هات)؟ ، کەواتە و مەبەستێکی تری جیا لەوەی لەسەرەوە دەگەیەێنی: ئازاد دوێنی هات،ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (دوێنێ)دا زیاد کرا،رستەکە دەبێتە وەڵامی: (ئازاد کەی هات)؟، کەواتە مەبەستێکی ترەو جیاوازە لەواتەی سەرەوە.ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان سەر وشەی





(هات) دا زیادکرا.رستەکە دەبێتە وەڵامی (ئازاد دوێنێ چی کرد؟)، ئازاد دوێنێ هات.ئەگەر خێرایی یەکی زیاتر لەوەی سەرەوە خرایە سەر وشەی (ئازاد) یا (دوێنێ)، یا(هات) رستەکە دەبێتە (پرسیار + جەخت کردنەوە)(تأکید).

-۱ئـازاد دوێـنی هات؟بـەڵێ ئـازاد دوێـنی هـات. لێرە مەبەست دووپاتکردنەوەیە لەسەر(ئازاد).واتا(ئازاد) هاتووە نەك کەسێکی تر.

-۲ئازاد دوێنێ هات؟ بەڵێ (دوێنێ)

لێرە مەبەست دووپاتکردنەوەیە لەسەر (دوێنێ) هاتووە نەك رۆژێکی تر.

-۳ئازاد دوێنێ هات بەڵێ (هات)

لێرە مەبەستی دووپاتکردنەوەیە لەسەر (هاتنەکەی)

قسەکەری هەر زمانێ دەتوانێ بەگۆڕینی ئاوازی رستەکەی چەمکی لەسەر سوڕمان وتیژ و گاڵتە پێکردن و رەزای ونارەزای و ...هتد.دەربڕێ ودەری خا مەبەستی کامە بەشی رستەکەیە..... واتا هەر رستەیەك دەیان واتا و مەبەستی جیاواز دەبەخشێ بەپێی ئاوازەکەی. تەنانەت هەڵوێست ومەبەستی شاراوە و باری دەروونی قسەکەریش بەهۆی ئاوازی رستەکەوە دەزانرێ ئاشکرابێ (وریا عومەر ئەمین:۲۰۰٤:۲۹)

-۳وەستان:

لەسەر وەستانی بریتی یە لە داکۆکی کردن یان توندکردن لەسەر وشەیەك لەوشەکانی رستە یان برگەیەك لە برگەکانی گوتن کە بەرچاو تری دەکات لە زنجیرەی گوتندا ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ وشەکانی تری ناو رستەکە یان برگەکانی تری گوتن، ئێمە باسی لەبرگەیەك یان وشەیەکی راوەستاو یان جێگر (accented) دەکەین یان باسی لەجۆری لەسەر وەستانی رستە (accentual pattern) دەکەین لەسەر وەستانیش بەرز و بڵندی دەنگ (Loudness) ناگرێتەوە بەڵکو پلەی دەنگەکە (pitch) وماوەکە (duration)دەگەرێتەوە سیستەمی لەسەر وەستانیش لەزمانێك لە زمانەکان بەسیستەمی لەسەر وەستان (accentual system) دەناسرێت و بەشێکە لەلێکۆلینەوەکانی دەنگسازی تایبەتی زمانی( (phonology)یوسف شەریف سەعید: ۲۰۰۵:۱۰۵)، وەستان یەکێکە لەسیما ناکەرتیەکان ولە پۆلێنکردنی دەنگسازیدا بۆ جۆرێکی بنەرەتی لەنێوان بەکاردێ، کە ئاماژەیە بۆ هەر دەنگێگ کە تیایدا تاکە ژێیەکان تەواو دەبن(. (Crystal:۲۰۰۳:٤٣٣

وەستان جۆرێکە لەبێدەنگی کە لە نێوان دەنگەکان هەستی پێدەکرێت کە هەندێك بەراوەستان یان گواستنەوە ناوی دەبەن وەستان لە نێوان وشەیەك وشەکی تریان دەنگێك و دەنگێکی تر دەبێنرێت یان لەنێوان گرێ یەك وگرێ یەکی تر یان رستەیەك و رستەیەکی تر وەستان فۆنێمێکی ناکەرتیە واتا دەگۆڕێت (محمد علی الخولی:١٩٨٧: ١٢٣). لەکاتێکدا کەپێکهاتەیێك لەرووی رۆنان و واتا تەواو بوو وەستان دروست دەبێ ، واتە هەرکاتێ رێکخستنی رێزمانی زنجیرە دەنگەکان بیخەوش بوو و پەیام ومەبەستەکەی گەیاند، وەستان دێتە ئاراوە (عبدولوەهاب خالید موسا :٢٠٠٧:٢٥).

وەستان پێنج جۆرە:

-١وەستانی هەڵس: ئەم وەستانەیە دەکەوێتە کۆتایی رستە و دەنگە و ئاوازە بەرزدەبێتەوە.ئاماژەی بۆ دەکرێت کە بەوەستانی دەرەکی کۆتایی ناسراوە هەروەك لەرستەی پرس دا بەرچاو دەکەوێت کە بە وەڵامی بەڵی و نەخێر دەدرێتەوە وەك : ئایا مامۆستا دێت؟

-٢وەستانی کەوت : ئەم وەستانەش لەکۆتایی گوتن دێت وئاوازەکە دەکەوێت ئەمیش بەشێکە لە وەستانی دەرەکی کۆتایی وەك لەرستەی هەواڵدان و ئەم رستانەی کە بە بەڵی و نەخێر وەڵام نادرێتەوە وەك: مامۆستا هات.

مامۆستا لەکوێ یە؟

-٣وەستانی کاتی← :

ئەم وەستانەیە کە لە ناوەراستی گوتن دێت و گۆران لەئاواز روونادات ئەمەش وەستانێکی دەرەکیە. وەك

ئازاد ـــــ هات

-٤وەستانی پۆزەتیف+ :

ئەم وەستانە دەکەوێتە نێوان دوو پارچەی وشە بۆ جیاکردنەوەی واتاکە وەستانێکی ناوەکییە کە هەندێك بە وەستانی کراوە ناوی دەبەن وەك: خوشکەکەتان.کە دوو واتا دەدات ئەگەر بەسەریەکەوە بگوترێت ئەوا واتای خوشکەکەی ئێوە دێت و ئەگەر وەستانەکە لە نێوان (خوشکە) (کەتان) یش بێت ئەوا (کەتان) دەبێتە ناوی ئافرەتێك.

-٥وەستانی نێگەتێڤ- :







ئەم وەستانە دەکەوێتە نێوان دەنگێك و دەنگێکی تر، کە بەدوای دێت لە وشەدا، کە بە وەستانی داخراو ناو دەبرێت و زۆر هەستی پێ ناکرێت (محمد علی الخولی:١٩٨٧:١٢٣).وەك: ر– ۆ– ژ – گ – ا – ر

بەشی دووەم :

أ– جۆرەکانی هێز:

-١هێزی سەرەکی:

فۆنێمێکی نا کەرتییە هێماکەی بەم شێوەیە بە/–/. توندترین هێزە ، گرنگترین وشە لەڕستەدا ئەم هێزە وەردەگرێت، یان ئەو وشەیەی کە دەکەوێتە ،کۆتایی ڕستەوە هەروەها توندترین هێز وشەیەك وەری دەگرێت ئەگەر بێتو بەتەنیا گۆبکرێت، ئەمەش بەفۆنێمێکی نارکەرتی دادەنرێت وهێماکەی بەم جۆرەیە ./ /

-٢هێزی دووەم (ناسەرەکی)

فۆنێمێکی نا سەرەکییە هێماکەی بەم جۆرەیە / ^ / لەرووی هێزەوە پاش هێزی سەرەکی دێت.

-٣هێزی سێیەم:

ئەو هێزەیە کە لاوازترە لەهێزی دووەم وبە هێزترە لە هێزی لاواز، ئەمەش فۆنێمێکی ناکەرتییە و هێماکەی بەم جۆرەیە./ ^/

-٤هێزی لاواز:

فۆنێمێکی نارکەرتیە هێماکەی بەم جۆرەیە/ ˬ /، ئەمەش بەلاوازترین پلەکانی هێز دادەنرێت،ئەم جۆرە هێزەش بەزۆری دەکەوێتە سەر وشە ئەرکییەکانی زمان وەك ئامرازەکانی بەستنەوە و پریپۆزیشن (گالب حوسین علی:٢٠٠٥:١٧٧) .

-١هێزی بنچی primary نیشانەکەی / / وەبەهێزی سەرەکی (main ) ناودەبرێت

- ٢هێزی ناوەندی secondary ونیشانەی./u/

-٣هێزی لە پلەی سێیەم Tertiary ونیشانەی - /

-٤هێزی لاواز weak کە نیشانەی نیە ./ /

بۆ نموونە : وشەیelevator operator هەندێ قوتابخانەی زمانەوانی وەك قوتابخانەی ئینگلیزی برگە دابەش دەکاتە سەر دوو جۆر هێزدار و بێ هێز.کە باوەری بە پلەکانی هێز نیە هەروەك پێشتر باسکرا (یوسف شەریف :٢٠٠٥:١٢٢) ئێمە دەتوانین لە

لایـەنی فۆنـەتیکی یـەوە سـێ ئاسـتی  هێـز جیابکەینـەوە: (سـەرەکی،ناوەنجی سـێ یـەم ئاست)، ئەگەر بەرێـژەیی بـدوێین ، ئێمـە نـاتوانین گریمانـەی بـووی هێـزی لاواز  لـە زمـانی کوردیــدا بکــەین، چــونکە برگــەی بــێ هێــز لــە کــوردی دا هەمیــشە برێــك هێــزی دەکەوێتەوەسەر"ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بزوێنی کورتکراوە و لێکجیاکردنەوەی بـە توندی ماوەی خایاندنی دەنگ  دانان و کاریگەری هێزی لاواز لە نێوان ئینگلیزی و کـوردی ناکرێ یەکسان بکرێن.

بـۆ ئــەوەی ئاســتەکانی هێــز لــە زمــانی کوردیــدا روون بکەینــەوە، بــا تەماشــەی دەستەواژەی،(مامۆستاکان ) بکەین کە لە چوار برگە پێکهاتووە جیاوازی نێوان دەرکەوتنـە هەر چوار برگەی ئاستەکە بە ئاسانی دیارە دوا برگە( –کان ) لە هەر چواریان توندترە بـۆ نیشانە کردنی هێزی ئـەو برگەیـە ، ئێمـە هێمـای سـەرەکی لـە سـەر دادەنـێن و تەقـەلێکی تیۆری ی لە سەر دادەنێین : (مامۆستاکان )  لاوازترین برگەکان یەکەمیان ( مـا) دووەمیـان (مۆس) کە هێمای(ˇ) ی لە دانراوە بۆ هێـزی سـێ یـەم  ( ئـەو برگانـە نـاکرێ لاواز یـان بـێ هێـزبن، چـونکە بزوێنـەکانی جـۆری خۆیـان پاراسـتووە هەرچـەندەش هێـزی سـەرەکیان (وەرنەگرتووە ) برگەی ( تا) کە ماوەتەوە لە ( ما ) و (مۆس ) بەرزترە،بەڵام لـە ( ەکـان ) نزمترە، بۆیە دەتوانین هێزێکی گران پـێ بـدەیت کـە نـاوەنجی یـە بـۆ برگـەی (تـا) (محمد معروف فتاح::٦:١٩٨٠)

ب– هێز لە  وشەدا:

بریتی یە لەو هێزە سەرەکیەی کەدەکەوێتە سەر یەکێك لە برگەکانی وشەکانێ کـە وشـەکە بەتەنیاو لە دەرەوەی ڕستەدا دەدرکێت،ئەمەش جیـاوازی لەگـەڵ ڕسـتەدا هەیـە یـەکێك لـە وشەکانی ڕستە هێزەکە وەردەگرێت (گالب حوسین علی :٢٣٣:٢٠٠٥) بەر لـە هـەموو شـتێك دەست نیشانکردنی سنوور یان چوار چێوەی وشە لە زمانی کوردیـدا، کـارێکی ئاسـان نیـە، چونکە لە کوردیدا زۆر جار ڕستەکان قالبی وشە وەردەگرن و دەتوانرێ ڕستەیەکی وەکـو ( من لە ئایندەدا جارێکی تر ئێوە دەبینم) لە وشەیەکی وەکو ( دەتانبینمەوە) خۆی بنوێنێ، هەر چەندە لە دیالێکتی ژووروودا ئەم سیستەمە گۆڕانی بـە سـەرداێ و ڕانـاوە لکاوەکـانی خاوەنی دەبن بە راناوی سەر بەخۆ،بەتایبەتی لە کاری تێپەڕدا لە دیالێکتی ناوەڕاسـت جیـا دەبێتەوە.جگە لەمەش تێکەڵکردنی وشەو ئامراز گرفتێکی تـرە بـۆ دەستنیـشانکردنی هێـز







دروست دەکا و ڕەنگە توێژەر بـەرەو ڕێچەوتی ببـا.(وریـا عومـەر ئـەمین:٦:١٩٨٦) کەواتـە بەپێ ی جۆری وشەکان دەتوانین هێزی وشە بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە پۆلین بکـەین    :

-١هێز لە وشەی سادەدا:

مەبەستی لە وشەی سادە ئەو وشانەن کە لە تاکە مـۆرفیمێکی سـەر بـەخۆ پێکهـاتوون.لـە زمانی کوریدا وشەی سادە بە زۆری ئەو وشەیەك مۆرفیمانە دەگرێتەوە، کە سـەر بـە گـردی ناوین و دەتـوانین ئـەرکی نـاو ببین،وەکـو ( نـاو ئاوەڵنـاو ، ڕانـاو ئاوەڵکـار ،... هتـد) واتـە هــەرگیز کــار لــە زمــانی کوردیــدا وشــەی ســادەی یــەك مۆرفیمیــدا نیــە (محمــد معــروف فتاح::٤٤:١٩٨٩)

هێز بە شێوەیەکی پتەو بەندە بەوشەوە و بریتی یە لە خاسیەتی هێزی وشە بەدەرخستنی یەکێك لە برگەکان و دەستەڵاتی بەسەر گشت ئەوانی دی بێ هێزدا دەوترێ (ئـەو ڕەحمـانی حاجی مارف:٤١٣:٢٠٠٤) بەپێ ژمارەی برگەکان دەتـوانرێ وشـەی سـادەی کـوردی دابـەش ئەم بەشانەی خوارەوە بکەین:

أ– وشەی سادەی یەك برگەیی:

وشەی سادەی یەك برگەیی ئەو وشانە دەگرێتەوە،کە سەر بـەگروپی نـاوین بـەردەوام لـەم وشانەدا هێز لە سەر بزوێنی برگەکەیەو ئەگەر بزوێنەکە بە ئاشکرا دەرنەکـەوتبێ ، لـە سـەر بزرۆکەی نێوان دوو فۆنێمە نەبزوینەکەیە(عەبـدولوەهاب خالیـد موسـا:٤٧:٢٠٠٧) بـەم پێیـە دەتـوانین لـە جـۆری برگـەی فونۆلـۆجی نـۆ (٩) جـۆری وشـەی یـەك برگـەی (وریـا عومـەر ئەمین:٢٥٣:٢٠٠٤)

لە دیالێکتی ژووروی زمانی کوردیدا دەستنیشان بکەین :

-١هـ  ن  ا  ت  / هنارت/ ccvcc /  /
-٢جـ  ڤـ  ا  ت  / جڤات/ ccvc /  /
-٣چـ  ر  ا  / چرا /  /ccv  /
-٤ت  ە  /نە /  /cv  /
-٥چ  ا  ڤ  / چاڤ /cvc /  /
/-٦ئا /  /ئا / زاد /  v/  /
-٧ئەز  /ئەز/ vc /  /

-٨ئا س ت /ئاست/ vcc / / /

-٩ز ە ن د / زەند / / cvcc /

ب– وشەی سادەی دوو بڕگەیی :

وەکو لە خاڵی سەرەوە باسکرا ، هێز لە وشەی سادەدا یەك برگەیی بێ یان پتر ، لەسەر دوا بڕگە دەنیشێ. وەك لەم نموونانە دەردوەکەوێ-:

/زا/ نا / cv / cv /هێـ/ رۆ/ cv / cv / /

/ ور/ یا / cvc / vc /بر/ سی/ cvc / cv / /

/ زر/ یان / cvc / cv c /گر/کا ن/ cvc / cv c / /

/ڕێـ / بار / cv / cv c /پیـ /ڤا ز/cv/ cv c / /

/شەخـ/ تەر / cvc / vc /زوڕ/نا/ cvc / cv / /

/دەس/ پێك/ cvc / cv c /سەر/با ن/ cvc /cv c / /

شایانی باسەی ئەو وشە سادە دوو برگە بیانەی،برگەی یەکەمیان بزوێندار(بڕگەی فۆنۆلۆجی ) بێ و،برگەی دووەمیان بزرۆکەدار( بڕگەی فۆنەتیکی) بێ،لەم بارەدا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم وەك :

/ /cv /cvc/جە/ ژن/ / تە/ خت/cv /cvc/ /

/ /cv /cvc/کە / قر / / ئا/ گر/cv /cvc/ /

ج– وشەی سادەی سێ برگەی :

هەڵبەستە لە وشە سادە سێ بڕگەییەکانیش هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی ڕێژەی وشەی سادەی سێ بڕگەیی کەمترە لە وشەی سادەی دوو برگەیی.لەخوارەوەدا چەند نموونەیەك خراوەتە ڕوو:

/زێـ/ ڕە/ ڤا ن/cv /cv /cv c/ /

/کا/ مە/ ڕا ن/cv /cv /cv c/ /

/شۆ/ ڕش/ ڤا ن/cv /cv /cv c/ /

/سەر/ هەلـ/ دا ن /cv /cv /cv c/ /(عەبدو لوەهاب خالید موسا:٢٠٠٧:٤٧)

د– وشە سادەی چوار برگەیی

هەروەك وترا ، لە وشە سادەی چوار برگەییەکانیش هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی





برگەی کۆتایی. ڕێژەی وشە سادەی چواربرگەی زۆر کەمترە لە وشە سادەکانی تر. شایانی باسە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی سادەی ڕەسەن نیە،لەچوار برگە تێپەر بکا. لە خوارەوە چەند نموونەیەك خراوەتە روو:

/سو/ لێـ / ما / نی//cv/cv/cv/cv /

/ سوا /رە/ توو/ کـە /cv/cv/cv/cv/ /(عەبدو لوەهاب خالید موسا:٢٠٠٧:٤٧)

هەر وەك پێشنیازمان کرد بەهۆی پۆلێن کردنی وشە کە راستە و راستی رشتەی هێز( accentual system)لەزمانی کوردی دا شەق دەکات دەتوانین ڕێسایەکی بنچینەیی بۆ دانانی هێز لەسەر وشە دابنێین،واتە هێز دەکەنە سەر دوا برگەی وشە تەنیا،بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە ژمارەی ئەو برگانەی وشە هەیەتی کە بەزۆری لەنێوان برگەیەك وچواربرگەدایە.ئەوا لەخوارەوە چەند نموونەیەك دێنێنێنەوە لەروون کردنەوەی ئەو ڕێسایە.

-١وشەی دوو برگەیی وەك وولات، زانا، باران. برسی، وشە، یاری، شەمە،تەختە، پێڵاو

-٢وشەی سێ برگەیی وەك : لاپەرە، ئاشکرا،برادەر،بەیانی،سەرەتا، سینەما، ئەگینا،ئێوارە،قارەمان، ئارەزوو، مامۆستا.

-٣ وشە چوار برگەیی وەك: سلێمانی ،شەمەندەفەر (محمد معرووف فتاح:٧)

**-٢هێزی سەرەکی و شێوەی (دارێژراو).**

لە وشە دارێژراوەکان دا جێگای هێزی سەرەکی دەگورێت و ئەمەش دەوەشێتە سەر سروشتی ئەو گرەکانە(Affix )ی پێیەوە دەخرێت واتە ئاخۆ ئەوان هێز وەرگرن یاخودێ هێزن و هەروا دەوەستێتەوە سەر ڕێزبوونی رستەی (هێڵی (Linear زنجیرەی قسە ئەگەر لەوی دا چەند گرەکێکی هێز وەرگر هەبێت. هەرکە وشەیەکی دارێژراو گرەکێکی هێز وەرگری هەبێت،ئەو گرەکە هێزەکە بۆ لای خۆی رادەکێشێت .بەڵام کە گرەکە بێ هێز بێت ، ئەوا هێزی سەرەکی لەسەر دوا برگە رەگی وشە (Root) دەمێنێتیەوە.

ئەوانەی خوارەوەش چەند نموونەیەکی:

-باش

باشتر (هێزەکە راکێشرا سەر پاشگری (تر) کە هێز وەرگرە).

باشە (پاشگری (ە) کە هی کرداری هەبوونە نەیتوانی هێزەکە رابکێشێت، لێ گەڕا لەسەر دوا برگەی رەگی وشەکە بمێنێتەوە) .

-قەڵەم

قەلە مەکە

قەلەمەکان (دیسان هێز بەهۆی (مکـە)و(ان) کەنیـشانەی کۆیـە) راکێـشرا چـونکە ئـەوا هێـز وەردەگرن.) (محمد معروف فتاح:١٩٨٠:٩) دەتـوانرێ وشـەی دارێـژراو دابەشـی دوو بـەش بکرێ، وشەکانی کۆمەڵەی ناوی و کۆمەڵەی کاری. هەرچـیێ کۆمەڵـەی ناویـە، بەشـێوەیەکی گشتی وەکو وشەی سادە رەفتار دەکا و بەردەوام هێز لەسەر دوا برگەیە،تـەنیا لـەو بـارەدا نەبێ، کە برگەی کۆتایی بزرۆکەدار(برگەی فۆنەتێکی ) بێ ونزیکترین برگـەی پـێش کۆتـایی بزۆێنـدار (برگـەی فۆنۆلـۆجی) بـێ، لـەم بـارەدا هێـز دەکەوێتـە سـەر برگـە فۆنۆلۆجیـە بزوێندارەکە.وەك:

/دال/ ، سنـ ك/ ، / کـ چ/cv c/ /.

/د/ لـم/ ، / سـ / کات/ ، / کـ/ چات /cv/cv c/ .(عەبـدولوەهاب خالیـد موسا:٢٠٠٧: ٤٧– ٤٨)

| وشە سادە | | وشەی دارێژراو | |
|---|---|---|---|
| / دال/ | cv c// | /دڵێ / من/ | /ccv |
| /زگ/ | /cv c/ | /زگێ/ تە/ | /ccv |

بەم پێیە،وشەی یەك برگەی دارێژراو لە کۆمەڵەی ناویدا کەمە، چـونکە هـەرچـونێك بێ،وشـە تەوەرەییەکە برگەیەکە وئەو مۆرفیمە بەندە گیرەکەی پێیەوە دەلکێ دەبێتە برگـەێکی تـر، بەڵام لە کۆمەڵەی کاریدا بەدیدەکەرێ. ئەمەش ئـەوە ناگـەیێنێ کـە وشـەی دارێـژراوی یـەك برگەیی لە کۆمەڵەی ناویدا هەرنیە، بەڵکو لەم وشە سادانە دروست دەبێ، کە برگەی ناوەکە لە نەبزوێن و بزوێنێك پێکهاتووە وپاشگرێکی یەك فۆنێمی نەبزوێن پێـوە دەلکـێ. وەك لـەم نمونانەدا دەردەکەوێ:

/ پیێ/، جیێ/،/ چا/ /cv/ ./پێـ م/،/جێـ ی/، /چا ت /cv c/ / ./(عەبـدولوەهاب خالید موسا:٢٠٠٧: ٤٨–٤٩)

-٣هێز لە وشەی لێکدراوادا:

وشە لێکدراوەکان چەند جۆرێکن:

أ– لێکدراوی کراوە کە پارچەکانی بەبزوینی/ە/ پێك بەسـتراوەتەوە وەك: کورەمـەلا، تـەرە پیاز،جووتە سوار،بێچووە پشیلە،بوومە لەرزە.





ب– ئەو وشە لێکدراوانەی بە/ و/ پێکەوە بەستراون وەك:دەنگ و باس، کـار و بـار، بـەژن و باڵا ، تەنگ و چەڵەمە.

جـ– ئەو وشە لێکدراوانەی بە هیچ بزوێنێکیان نی یە پێکەوە بیان بەستێتەوە، واتە: لەتـەك یەك دانراون وەك: سەر ئێشە، سەر باز، دار فرۆش، پیاو کوژ،بەرگ دروو،رۆژ نامـە، (محمـد معرووف فتاح:١٩٨٠: ٧–٨)

لە وشەی لێکدراودا کۆمەڵـەی ناویـدا، بەشـێوەیەکی گشتی هـەمان شـێوەی وشـەی سـادە ودارێژراو، هێز دەکەوێتە سەر دوا برگەی وشە: وەك:

/پێشـ/ مەر/ گە/،........ /cv/cvc/ا cv

/مێر/ گە/ سۆ ر/، /cvc/cv/cv c/ ......

/مەر/ دە / مێـ ر/، /cvc/cv/cv c ......

/سوا/ رە / توو/ کە / ،/ /ccv/cv/cv/cv ......

/جۆ/ لە/مێـ / رگ/،//cv/cv/cv/cvc ......

/ جا/ لە / مە/ رگ/،/ /cv/cvc/cv c ......

/ زە/ ڤیو/ زا ر/ ،........

جێی سەرنجە، لە کۆمەڵەی کاریدا، وشەی سادە لە روانگەی مۆرفیمەوە لە ئارادانیە، کار لە زمانی کوردیدا یان دارێـژراوە یـان لێکـدراوە، چـونکە بـەلای کەمـەوە کـاری گـەردانکراو لـە دیالێکتی ناوەراستدا سێ مۆرفیمی تیادایە، کـە بـریتین لـە: رەگـی کـار و مـۆرفیمی کـات و مۆرفیمی کەس،لە دیالێکتی ژووروشدا بەلای کەمەوە دوو مۆرفیمی تیادایە ،کـەرەگی کـار و مۆرفیمی کاتن، چونکە هەنـدێ جـار بەتایبـەتی لـەرابردووی تێپـەردا رانـاو جیایـە ولکاونیـە (عەبدولوەهاب خالید موسا:٢٠٠٧:٥٣) .

ج– هێزی لە رستەدا:

هێزی تێکەڵ بە پلەی دەنگ و نێوان کۆمەڵـەی رەزم( Rhythmic groups)دەبێـت ، هـەروا چـونکە شـێوازش لـە کـوردی دا لێ یـان نەکۆڵراوەتـەوە، ئـەوەی ئێمـە لێـرە پێمـان دەکرێت ئەوەیە کە چەند سەرنجێکی کاتی لەسەر بناغەی توێژینەوەیەکی زۆر سنوردار پێك بهێنێن.

-١دەتوانین دووجۆرە هێزی رستەی لێك جیابکەنەوە.

أ–هێزی جیاکەرەوەی رستە: بریتییە لەو هێزەی کە دەخرێتە سەر وشەیەك و توند بگوترێت.

(من )کتێبەکەم لەسەر مێزەکە دانا

(من)کتێبەکەم لەسەر مێزەکە دانا

(من) کتێبەکەم لەسەر مێزەکە دانا

(من) کتێبەکەم لەسەر مێزەکە دانا

(من)کتێبەکەم لەسەر مێزەکە دانا

ب–هێزی ئاسایی رستە:

لەگۆشە نیگای جێگای جۆرەکانەوە، هێز بەتەواوەتی تایبەتکراوە بەسێ جۆرە وشەوە، کە ئەوەانیش ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکارن ئەوانەی خوارەوە چەند روون کردنەوەیەکن:

کورەکە هات

شارێکی جوانە.

شارەکە لەکوێ یە؟

دوێنێ دووجار هات.

دەرسەکەم ئامادە کرد

زۆر باشە (محمد معرووف فتاح:١٥ – ١٦)

ئەوهێزەیە دەخرێتە سەر وشەکانی رستە. لێرەدا هێزی دابڕاوی وشە نامێنێ ،بەڵکو هێزی سەرەکی وشەیەك لو وشەکانی رستە وەری دەگرێت ، بەوەی کە ڕستە دانەیەکی ئاخاوتنەو بەوەستان دەستی پێ دەکات وبەوەستانیش کۆتایی دێت،ئاسایی هێزەکەش دەکەوێتە سەر دوا وشەی ڕستەکە، یان ئەو وشەیەی کە گرنگی پێ دەدرێت .

أ – هێزی ئاسایی ڕستە :

لە سنوری ڕستە دا وشە هێزی سەرەکی نامێنێ،چونکە دەبێتە دانەیەکی بچووك لە ناو دانەیەکی گەورەتردا،کە رستەیان وتەیە، لە ناو چوار چێوەی رستەدا ئاسایی دوای وشەی ڕستەی هێزی سەرەکی وەردەگرێت، بەتایبەتی ئەو برگەیەی کە هێزی سەرەکی خراوەتە سەر لەکاتی دابڕاوی وشەکەدا،

بۆ نموونە :

-١کۆترەکە فڕی







-٢هیوا دزەکەی ڕاونا

-٣ئاسکەکە بەسەر شاخەکەدا هەڵگەڕا (گالب حسین علی:١٩٩٨:٤٤)

ب– هێزی بەرانبەری ڕستە : لەم جۆرەدا هێزی سەرەکی دەخر ێتە سەر وشەیەك لە وشەکانی ڕستە بەمەبەست دووپات کردنەوەیا( جەختکردن ) وشەکە و نەفی کردنی دژەکانی رەنگە هەبێت (محمد علی الخولی: ١٦٧١٩٨٧) وەك: پشلیە کە گۆشتەکەی خوارد، ئەگەر قسەکەر هێزی سەرەکی بخاتە سەر وشەی (پشیلەکە) ئەوا مەبەستی ئەوەیە کە تەنیا (پشیلەکە) نەك کەسێکی تر کارەکەی ئەنجام داوە.(محەمەد مەعروف فتاح :١٩٨٠:١٩٥)، ئەمەش کاتێ بەکاردێت بۆ لێك جیاکردنەوەی واتەیەك کە پێش بکرێت و لەگەڵ واتایەکی تردا بەراورد بکرێت کە دابڕاوە،یان بە شاراوەیی وتراوە. لەم حاڵەتەدا هێزەکە لەگەڵ پلەی ئاوازەی بەرزدا پێکەوە کار لە یەکتر دەکەن .

- ئەو پیاوە لەگەنجیدا بەهێزبوو
- جاران ئێمە بۆ سەیران دەچووین
- پێشان مامۆستا یارمەتی دەدام

لەو ڕستانەی پێشوودا کە هێزی سەرەکی سەر وشەکانی ( لەگەنجیدا، جاران، پێشان ) دیارە کەرووداني کارەکان لە رابردوودا ئەنجام دراوە و دوپاتکردنەوە لەسەر کاتی ڕوودانی کارەکان دەکەن، بەڵام بۆ کاتی ئێستا مەبەستەکە پێچەوانە دەبێت و ڕوودانی کاری رستەکان نەفی دەکات بەم شێوەیە :

- لەگەنجیدا بەهێز بوو مانای ئەوەیە ئێستا بێ هێزبووە .

-جاران بۆ سەیران دەچووین واتە ئیستا ناچین .

-پێشان یارمەتی دەدام واتە ئیستا یارمەتیم نادات .

یان لە رستەی نەفیدا گۆڕانی هێز لەو شەیەکی تر دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا و مەبەستی رستەکە وەك:

-بەپێ ناچین بۆ زانکۆ .

-١ ئەگەر هێزەکە بخرێتە سەر ( ناچین ) ، مانای ئەوەیە هەر ناچین .

-٢ئەگەر هێزەکە بخرێتە سەر ( بەپێ ) ، واتە بەپێ ناچین، بەڵکو بە هۆی شتی تروە دەچین وەك: پاسکیل، ئۆتومبێل ... هتد. (گالب حسین علی:١٩٩٨:٤٤) .

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێ رستەی کوردی دابەشی دوو بەش بکرێ، بچووکترین.

ڕستەی سادە یان ڕستەی یەك وشەی و ڕستەی سادەی ئاسایی.

أ- هێز لە بچووکترین ڕستەی کورتکراوەدا:

هێز لە ڕستەی سادەی یەك وشەییدا دەکەوێتە سەر یەکەم مۆرفیمی بنەرەتی پێکهاتەکە، کەبە زۆری یەکەم مۆرفیمی بنەرەتی رەگی کارەکە دەگرێتەوە، لەگەل رەچاوکردنی ئەو مۆرفیمە گیرەکانەی (پێشگر یان پاشگر) کە هێز راکێشن. ئەمەش پێچەوانەی هێزی سەر وشەکانی کۆمەڵەی ناویە، کەبە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەر دوا برگەی وشەکە؟

/ها/تم/،/ها/ تن/، /دیـ /نن، /cv/cvc/ ......

| | |
|---|---|
| هێز لە وشەی کۆمەڵەی ناوی | هێز لە وشەی کۆمەڵەی کاری |
| /خا/ نە/ = (خانەیەك)/ | cv/cv// خا/ نە/.=(تەویلەیە)//cv/cv |

ب- هێز لە ڕستەی سادەی فراوانکراودا:

واتە ئەو ڕستانەی لەپتر لە وشەیەك پێکهاتوون. هێز لەم جۆرە ڕستە بەپێ ی مەبەست قسەکەر دەگۆڕێ، واتە قسەکەر بیەوێ جەخت بکاتە سەرکام وشە لەم وشانەی دەتوانێ. هێزی سەرەکی رستەی بخاتە سەر مەبەستەکەی خۆی بەوردی ئاراستەی گوێگر بکا.

هەڤا لی خانیەکێ مەزن ل باژێرێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی (مەبەست هەڤالە)

هەڤالی خانیە کێ مەزن ل باژێرێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی (مەبەست خانیە)

هەڤالی خانیەکێ مە زن ل باژێرێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی (مەبەست مەزنە)

هەڤالی خانیەکێ مەزن ل باژێر ێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی (مەبەست باژێرە)

هەڤالی خانیەکێ مەزن ل باژێرێ دهۆ کێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی (مەبەست دهۆکە)

هەڤالی خانیەکێ مەزن ل باژێرێ دهۆکێ ب بها یەکێ ئەرزان کڕی (مەبەست بهایە)

هەڤالی خانیەکێ مەزن ل باژێرێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزانن کڕی (مەبەست ئەرزانە)

هەڤالی خانیەکێ مەزن ل باژێرێ دهۆکێ ب بهایەکێ ئەرزان کڕی (مەبەست کڕینە)(عەبدولوەهاب خالید موسا: ٥٥:٢٠٠٧).

د- هێزی بە مەبەست (هێزی بەرامبەری)

لەسەر هەر وشەیەك بێت ، ئەوا بۆ ئەوەیە کە (وەرگر) بۆ چوونێك وەربگرێ لەسەر (نێرەر) وەك:

-ئاڵا کتێبەکەی دڕاند.

ئەگەر هێز لەسەر وشەی (ئاڵا) بێت، ئەوا لە بۆ چوونی (نێرەر)ەوە( کەس)ەکە گرنگە و







بایەخ بەوە دەدات و ئەگەر لەسەر وشەی (کتێب) بێت ئەوا (کتێب)ەکەی لا گرنگە و ئەگەر لەسەر وشەی (دڕاند)بێت، ئەوا (کار) ەکەی لا گرنگە (عەبدولواحید موشیر دزەیی:٧٧:٢٠٠٥) .

جۆرێکی تر لەهێزە بەمەبەست هەیە.کە بۆ لاسایی کردنەوەی کەس بەمەبەستی گاڵتەکردن بەکاردێت، وەك: ئەمرۆ نەت خوێندییە .

هێزی بەمەستی بەپێ ی مەبەست قسەکەر دەگۆڕێ دەبێتە باس وخواس بۆ رستە واتە جۆرێکە لە جۆرەکانی واتا. ئەویش واتای بابەتییە.( پیرجیرۆ ١٩٥٧: ٣٣)

ئەو هێزە سەرەکیە کە دەخرێتە سەر وشەیەك لە رستەیەکدا بەمەستی دووپات کردنەوەی وشەکەو نەفی کردنی دژەکانی پێ دەکرێ هەر وشەیەك لەرستەدا هێزی بەرامبەری بخرێتە سەر ئەگەر بێتو قسەکەر مەبەست دووپات کردنەوەی وشەکە بێت ، هەروەها ئەم هێزە دەخرێتە سەر کاری یاریدەدەر ئاوازەکانی پرێپۆزیشن و پەیوەندی کردن، لەراستیدا تەنیا وشەیەك لەرستەدا ئەم جۆرە وەردەگرێت.( طالب حسین علی:٤١:٢٠٠٥) ئەو هێزە سەرەکییەی کە وشەیەك لە وشەکانی ڕستە وەری دەگرێت بەوەی کە ڕستە بەیەکەیەکی ئاخاوتن دادەنرێت و بەوەستان دەست پێ دەکات و بە وەستانیش کۆتایی دێت. هێزەکەش ئاسایی دەکەوێتە سەر وشەی کۆتایی ڕستەیان ئەو وشەیەی کە زیاتر بایەخی پێ دەدرێت، ئەمەش جیاوازی لەگەل هێزی وشەدا هەیە کاتێ وشە ئەو هێزە بەتەنیا دوور لە ڕستە وەر دەگرێت (طالب حسین علی: ١٨٠:٢٠٠٥). گەلێك جار وا رێ دەکەوێ کەهێزی ڕستە ،یەك ڕستە بەچەند مانایێکی جیاواز دەردەبڕێ لەگەڵ ئەمەشدا،کە بەگوێرەی دەنگەکان وهێزی وشە وەك یەکن وجیاوازییان لەنێوان دانییە. بەوێنە لەڕستەی پرسی-(مامم هات؟) ئەگەر هێزە ڕستە بە وشەی (مام)ەوە بێت، ئەوە پرسیاری کەسێك نیشان دەدا.بەڵام ئەگەر هێزی ڕستە لەسەر وشەی (هات) دابنرێ. ئەو کاتە هەواڵی ڕووداوێك یاخود کارێك دەپرسێ.( ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٦:٢١٥) هێزی سەر وشە ، یاخود هی سەر ڕستە، هەر وەکو لە گۆکردندا بەجوانی دەردەکەوێ، لەنووسین دەرناکەوێ،مەگەر یەکێ بتوانێ دەریخات، کە زۆر شارەزایی هەبێ لە زمان ناسی (محمد ئەمین هەورامی:٩١:١٩٧٤)

) کورتە و ئەنجام )

بێگومان لەدوای گەران و ماندوو بوونێکی زۆر و بەدوای زانیاری لەبابەتەکانی نێو باسەکەمدا، لەهەر لێکۆلینەوەیەك وتوێژینەوەیەکدا دەگەین بەئەنجامێك وتێگەیشتێنێك؟

منیش لەم هەوڵەمدا لەبارەی (هێزی بەمەبەست لەزمانی کوریدا دەمەوێ ئاماژە بەو خاڵانە بکەم، کە لە لێکۆلینەوەکەدا بەدەستم هێناون ئەویش لەو ئەنجامانەی خوارەوە کۆدەبێتەوە؟

١- هێز لە نوسیندا بەدیار ناکەوێ تەنیا لەکاتی ئاخاوتن بەدیار دەکەوێ.

٢- هێزی بەمەست بۆ مەبەست دووبارە کردنەوە و تاکیدکردنەوە بەکاردێت.

٣- سێ ئاستی هێزی هەیە: سەرەکی ،ناوەنجی وسێ یەم.

٤- هەر وشەیەك بەتەنیا بگوترێ هێزی سەرەکی وەردەگرێت.

٥- لە وشەی سادە بەبێ گوێ دانە ژمارەی برگەکانی ،هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر برگەی دوای.

٦- لە وشەی دارێژراو جێگای هێزی سەرەکی بەهۆی جێگای تێدا بوونی مۆرفیمی هێز دیارکەر دیار دەکرێت.

٧- هێزی بەمەبەست بەپێ ی مەبەست قسەکەر دەگۆرێ دەبێتە باس وخواس بۆ ڕستە، واتە جۆرێکە لە جۆرەکانی واتا ئەویش واتای بابەتی یە .

## سەرچاوەکان:


أ- بەکوردی:

١- ئەو رەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٤) فەرهەنگی زاراوەی زماننناسی کوردی ،عەرەبی، ئینگلیزی،سلێمانی.

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦) زمانی کوردی لەبە رۆشنایی فۆنەتێکدا.بەغدا

٣- سەباح رشید قادر (٢٠٠٠) هاوبێژی و فرە واتایی لە(گیرەك)دا،نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٤- سەلام ناوخۆش(٢٠٠٥)، لێلی لەزمانی کوردیدا،هەولێر، گۆڤاری ژمارە(١) تایبەتە بەتوێژینەوەکانی کۆنگرەی یەکەمی زانستی زمان کە لە ١٥-١٧/٥/٢٠٠٥.

٥- طالب حسین علی (١٩٩٨)،هەندێ لایەنی لە پەیوەندی نیوان ڕستەو واتا لە کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین.

٦- طالب حوسێن عەلی(٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی ئینگلیزی،عەرەبی،کوردی،چاپی یەکەم ،هەولێر.

٧- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٥) ڕەهەندی دەروونی لە بواری راگەیاندندا،چاپخانەی شەهاب،هەولێر.

٨- عەبدولوەهاب خالید موسا(٢٠٠٧)،هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا،نامەی دکتۆرا،زانکۆی سەلاحەددین هەولێر.

٩- غازی فاتح وەیس(١٩٨٤) فۆنەتێك،هەولێر.







١٠- فتاح مامە علی(١٩٨٦)،هاودەنگ لەزمانی کوردی دا،نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر.

١١- محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٧٣)سەرەتایەك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی ،چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

١٢- محمد حسان بنانی ،هێز د کرمانجی دا،١٩٨٦،گۆڤاری بەیان،ژمارە،١١٨ بەغدا.

١٣- محمد معروف فتاح(١٩٨٠) ،دەربارەی هێز لەزمانی کوریدا،باسێکی بلاوکراوەیە لە گوڤاری زانکۆی سلێمانی،ب ٦ ژ٢.

١٤- محمدامین هەورامانی (١٩٧٤)، فۆنەتێکی زمانی کوردی.

١٥- محمدمعروف فتاح(١٩٨٩)،کار پۆلێن کردنی بەپێ رۆنان.گۆڤاری رۆشنبیری نوێ،ژمارە (١٢١)،بەغدا.

١٦- وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٤) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ،چاپی یەکەم ،هەولێر،

١٧- وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦) مردنی ووشە،.

١٨- یوسف شەریف سەعید(٢٠٠٥) زمانەوانی کارەکی وفەرهەنگسازی هەولێر گۆڤاری ژمارە (١) تایبەتە بە توێژینەوەکانی کۆنگرەی یەکەمی زانستی زمان کە لە ١٥-١٧/٥/،٢٠٠٥.

ب- بە عەرەبی:

١- پیرجیرۆ (١٩٥٧) الاسلوب و الاسلوبیه،ترجمه،منذر عیاشی،مرکز الانماء القومی،بیروت.

٢- محمد علی الخولی١٩٨٧، الأصوات اللغویه،الریاض.

٣- محمد علی الخولی ١٩٨٢،معجم علم الأصوات،الریاض.

ج- بە ئینگلیزی:

١-Crystal.D, (٢٠٠٣) ,Dictionary of linguistics phonetics,fifth edition United kingdom.

٢-Fattah,M,M..١٩٨٠)On The stress system Of Kurdish,Zanko,the scientific Jornal Of Sulaimaniyah University,Vo١٦,No,٢



**کامەران تاهیر**

# پەیڤێک لە بارەی ڕۆمانی نوێوە

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ڕۆمانی نوێ، یاخۆ ئەوەی پتر باوە زاراوەی ڕۆمانی نوێی فرەنسی بەسەردا دەبڕێت، کە لەلایەن ژمارەیەك ڕۆماننووسانی وەك (ئالان ڕوپ گرێیە و میشیل بۆتۆر و ناتالی سارۆیان و ولیەم فۆکنەر و.. تا) هاتەکایەوە، ئەم کۆمەڵە ڕۆماننووسە ستایلەکانی ڕۆمانی کلاسیکیان تێپەڕاند، کە ستایلی بەلزاکی تێتە ناسین، ئەم ئاراستەیە لە ڕۆماننووسین تەکنیکێکی نوێیان داهێنا و چەندین خەسڵەت و بنەما و ڕەگەزی نوێیان هێنایە نێو دنیای ڕۆمان نووسینەوە.

لە ڕۆمانی کلاسیك یاخۆ باودا بویەرەکان لەسەر ڕیتمێکی ئاسۆیی هەر لە دەسپێکەوە تا بەکۆتاهاتن هەڵدەکشان، ڕۆمان لەو قۆناخەدا زیاتر بویەرەکانی پێوەستبوون بەکێشە و ئاریشەکانی دەرەوەی خودی مرۆڤەکان، بەواتایەکی دی زیاتر باسیان لە گرفت و ئاستەنگەکانی ژینگە و دەوروبەری مرۆڤەکان دەکرد و، کەمتر بۆ ناخ و خودی مرۆڤەکان شۆڕبوونەوەتەوە، کە بەتەکنیك و زمانێکی باو ڕۆمانی پێ دەنووسرا، لێ لە ڕۆمانی نوێدا بۆ





قوڵایی و ناخی مرۆڤەکان شۆڕبۆوە، پتر تەکەس دەکاتە سەر ئاریشە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ و تاکگەرایی و گوشارەکانی مرۆڤەکان دەخاتە ڕوو، لەم سەردەمە جەنجاڵ و تژی لە وەیشوومەی شەڕ و شەڕانگێزی و نەهامەتی و کۆژان و ناسۆرییەکاندا.

بێگومان ڕۆمانی نوێ ڕەنگدانەوەی دیمەنە دڵتەزێن و کاولکاری و چەپەڵەکانی دوای هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانییە، کە چۆن مرۆڤەکانیان بەرەو بێئومێدیی و بێهودەیی و بوهیمی برد، کە وایکرد هەموو بەهاکان لایاندا لە ناوەڕۆك و ناوەخنی خۆیان ڤاڵاببنەوە و شتەکان بێ مانا ببن، ئەم تێڕوانین و دیدە ڕەشبینییەش لەلای ئەلبێر کامۆ و جۆن پۆل سارتەریش هەر لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە..لێرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین ڕۆمانی نوێ، مرۆڤ ناوەند و چەقی بویەرەکانە، ڕەگەز و توخمەکانی دیکەش لە چواردەوری ئەم تەوەرە ناوەندییە دەسووڕێنەوە، کەواتە ڕۆمان ئەفراندنێکی بەرز و باڵایە لەم دەرەتانەدا، ڕۆمانی نوێ یاخۆ ڕۆمانی نوێی فرەنسی هەروەك دەبێژن دنیایەك بنەما و تەکنیکی نوێی هێنایەکایەوە، کە تاکو نها بەڕەگەزی گرینگی بونیادی ڕۆمان ئەژمار دەکرێن، کە ئەو ڕەگەزانەش برێتیین لە "شەپۆلی هۆش و فلاشباك و مۆنۆلۆج و تەکنیکی نوێ"، کە کۆی هەموو ئەم توخم و ڕەگەزانەش بەسەر یەکەوە، ئەگەر بەستایلێکی هونەریانەی بەرز و باڵا و داهێنەرانە بنووسرێت، جوانکاری و ئیستاتیکایەك لە ڕۆماندا بەرجەستە دەکەن، کە چێژ و چەشەیەکی یەکجار زۆر دەبەخشنە خوێنەر، بەو پێیەی هەموو ئەمانە لە کۆنتێکستی زمانێکی فەنتازیی و سیحر ئامێزدا بێ، کە سەرەنجام ئەم ڕەگەزانە و ئەو ڕۆمانسیەتە ناوازەیە، شیعرییەتێکی نایاب و مەزنیان بەباڵای ڕۆماندا کرد.

کەواتە لە ڕۆمانی نوێدا زمان لە ڕاستەوخۆیی و گوزارشتکردنی کەتوار هاتە دەرەوە، لە هەمان کاتدا مۆنۆلۆج جێگەی دایەلۆگی گرتەوە، واتە کاراکتەرەکان لە ڕێگەی مۆنۆلۆجەوە نمایش دەکران و هەوڵی دەرخستنی جیهانی ناوەوەی خودی خۆیان دەدا.



**ئەدیب نادر**

## ئێزرا پاوەند

# سەنعەتكارە فرە بەهرەمەندەكە

ئێزرا، كەشفكەری "تی. ئێس، ئیلیەت ١٨٨٨–١٩٦٥" بوو كە بەرهەمە شیعرییەكانی بەوە جیاكاربوون كە لێوانلێو بوون لە قێزهاتنەوە لە شارستانێتی سەدەی پیشەسازیی ماددی، پیاوێكی خاكەڕاو تەوازۆ داربوو، خۆ نواندنی شك نەدەبرد، حەزی لە چارەی كەسێك نەكردبایە بێ پێچ و پەنا و زۆر ڕاستەوخۆ پێی ڕادەگەیاند، دوور بوو لە موجامەلەكارییەوە و حەزی دەكرد بەر لە خەڵكانی دی بەرهەمی نوێ بخوێنێتەوە و یەكەمین كەسیش بێت كە لە بارەی هەوڵە تازەكانەوە بیر و بۆچوونی خۆی دەربڕێ، بۆیە بەبێ سێ و دوو شیعری هاوچەرخی ئەمەریكی قەرزاربار و منەتباری كەسێتی دینامیكی و سەمەرەی ئەم پیاوەیە، لە ژێر منەتی ڕاوبۆچوونە بەهادار و گرنگەكانێتی سەبارەت بە ئەدەب و هونەر بە گشتیی و بزووتنەوەی شیعریش بەتایبەتی ئەو، شاعیرە بوو كە دەیتوانی وەكو سەنعەت بڕوانێتە شیعر و وشە و ڕیتمەكان بسەنگێنێ و ئیماژ و وێنە شیعرییەكان بەملاو بەولادا ئاوەژوو بكاتەوە. جگە لەوە هەژمورنی بەسەر چەندین زوباندا هەبوو، لە تێكڕای كەلەپووری شیعریش كەڵكی بینی و بە شیعری عەرەبی ئەندەلووسیایشەوە، شاعیرێكی هونەرمەند و پسپۆڕ و خاوەن ڕۆشنبیری و فەرهەنگێكی بەربڵاو و گەردوونیی بوو، سەرۆكایەتی بزاڤی







شیعریی "ئیماژگەرایی" دەركرد كە ڕیشەی دەچووەوە سەر بزاڤی سیمبۆلیزمی فەڕەنسی، كە پتر لە نووسیندا مەبەستی ئەوەبوو تیشكۆ بخاتە سەر دەربڕین و ئابووری كردن لە بەكارهێنانی وشە و واژەدا، ئێزرا، شیعری خۆی بە ڕەمزە دەوڵەمەندەكانی كەلەپووری شارستانێتی سیخناخ و بارگاوی دەركرد و ئارمانی شیعرەكانیشی گۆڕینی كۆمەڵگە و ئەو بارودۆخە ئابوورییە بوو كە لەسەر سووسەلەم بونیاد نرابوو، ئەویش وەكو زۆرێك لە شاعیرانی تری سەروبەندەكە بەرهەم و دەرەنجامی ڕێبازی سیمبۆلیزمی فەڕەنسی بوو، بە كاركردیشی بەسەر ڕەوتی شیعری هاوچەرخەوە شیعری ئەمەریكی گەیاندە ئاستی شیعری جیهانی و بەرجەستەی كرد، لە ساڵی ١٩١٣دا بە پەند و زانیاری و چالاكییە هزرییەكانی هێزی پاڵنەری بزاڤی ئیماژگەرایی بوو، لەوتانوپۆیەدا بەوە پشت ئەستوور بوو كە وێنە Image بئافرێنێ و پێبەپێ زیادەڕەوییەكان لەناوبەرێت كە لایەنەكانی ناوەڕۆك و تیمە بەرجەستە و دیاریكراو بنوێنێ، لە شیعرەكانیدا، وێنە هەر تەنها بۆ ڕازاندنەوە و جوانكاری نەبوو، بەڵكو جەوهەری زمانێكی سووسەیی بوو، هەر وەكو ئەوەی كە "هۆڵم"ی ڕەخنەگر و فەیلەسووف دەیوت:

بە واتایەكی دی ڕێگەیەك بوو بۆ دركاندنی واقیع و بەدیارخستنی چەند ئاستێكی ئەو واقیعە و بەخشینی ئەو توانایەیش كە هاوكات پتر لە شتێك دەبڕێت و پاڵپشتی بیركردنەوەكانی بكات كە لە هەستی ڕاستە و خۆی ئەزموون كردنییەوە هەڵقووڵا بن، كەواتە دەكرێ بووترێ كە شیعر پێویستە شێوەیەك بێت بۆ دركاندنی ئەزموونەكانی مرۆڤ، ئێزرا كە سەردەمێك لە شاری ڕاپالۆی ئیتاڵیدا جێنیشتە بوو، بوو بەسەرچاوە بۆ سەرجەم شاعیر و نووسەرە تازە كارەكانی سەروبەندەكە، نامە نیگاریی لە تەك دەیان شاعیر و ڕۆشنبیری بەرجەستەی دواتردا دواتردا دەركرد و نامەكانی هەڵگری ئامۆژگاریی و دەستگیرۆیی بە سوود و ڕەخنە و سەرسامبوون و سەرزەنشت كردن و دابەزینە سەر بوو بەڵام بە زمانێكی فرە پوخت و چڕوپڕ كە بێگومان تێكەڵیش بوو لە زمانی بازاڕییانە، لەو سەروەختەدا چەردەیەك كتێبی شیعر و ڕەخنە و وەرگێڕانی بڵاوكردەوە و سەرنجی دەورووبەری بۆ لای شیعری چینی ڕاكێشا و گەلێكی لێ وەرگێڕان، چونكە پەیگیربوو لەسەر بەئاگاهێنانەوەی زەینی ئەمەریكی و مشتومالدانی زەوق و چەشەی ئەنگلۆ ساكسۆنییەكان نووسین بەلای ئەوەوە

ئەو بارگە کارەباییە بوو کە دەیتوانی وزەیەکی چڕوپڕی هەڵگیراو و گەنجکدا و بەرهەڵدا بکات، ئەدەبیش بۆ ئەو زمانێکی بارگەداربوو بە بارگەیەکی باڵاو سەرئاسا، بۆیە بە بۆچوونی ئەو شیعر سێنتەمێنتێکی هەڵقووڵاو و هەڵڕژاو نەبوو کە سرووش دەری دەپەڕاند وەکو ئەوەی کە ڕۆمانتیکەکان بۆی دەچوون، بەڵکە هونەرێك بوو ئاتاجی بە وردەکاری و دیقەت و زرنگیی و بەهرە هەبوو، دواجاریش شاعیر هونەرەکەی هەر تەنها لە ئەدەبی سەر بە زمانەکەی خۆیەوە فێر نابێت بەڵکو لە تێکڕای ئەدەبیاتی جیهانەوە دەیقۆزێتەوە، چونکە ئەو وایدەبینی کە هونەر تەنها و تەنها بە وڵاتێکی دیاریکراوەوە پەیوەست نییە، شتێکی جیهانییە و ئەگەر داهێنەر بێت نیشتمانی نییە و هیچ زەمەن و سەردەمێکیش سنوورداری ناکات، ئیزرای، بۆ ئیسپانیا ڕۆیشت، دەیویست تێزێك لە بارەی شاعیری ناودار "لووپی دوڤیگا"وە بنووسێت، ئینجا بە ئەورووپیادا کەوتە گەشت کرد، جگە لە سەردانێکی کورت نەبێ کە بۆ زادگاکەی ئەگینا هەتا ساڵی ١٩٤٥ نەگەڕایەوە، ئەویش لەو ساڵەدا سوپای ئەمەریکا دەستگیریان کرد و گێڕایانەوە بۆئەوەی لەگەڵ فاشیستەکاندا دادگەیی بکرێت، چونکە لە رادیۆی ئیتاڵیای مۆسۆلینییەوە کۆمەڵێك وتاری دژ بە وڵاتەکەی بڵاوکردبووەوە، و بەپێی یاسای ئەمەریکایش بە ناپاکیی تۆمەتباربوو، بەڵام لەماوەی ئەو سی و هەشت ساڵەی کە لە شارەکانی لەندەن و پاریس و راپالۆدا بەسەری بردن دواجار ئەم شارەی دوامینی کرد بە مەنزڵگەی یەکجارەکی و تێیدا جێگیر بوو، چەند گۆڤارێکی دەرهێنا، یاخود بەشدارییەکی چالاکانەی لە دەرهێنانیاندا هەبوو، لەوانە the, dail, little review, poetry, the, egoist و چەندانی دیکەیش، ئیلیەت لەو سەروبەندەدا بە چامەی بەناوبانگی "وێرانەخاك"ەوە چوو بۆ لای و ئەویش تا بلێی پێی سەراسیمەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا تێیکەوت و چڕوپڕتری کردەوە و کۆمەکی ئەوەی کرد کە پەخش بکرێت و تەنانەت یارمەتی ماددیشی بۆ دابین کرد و ئیدی ئەوسا ئیلیەت بە زمانی ئیتاڵیایی قەسیدەکەی بە پاوەند پێشکێش کرد و نووسی: "بۆ ئیزرا پاوەند، سەنعەتکارە فرە بەهرەمەندەکە".

ئیزرا پاوەند، لە هەیلی hailey سەر بەناوچەی ئایداهۆ Idaho لە پەنسیلڤانیای ئەمەریکا لە ٣٠ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨٥دا لە دایبابێکی حاڵوبار مامناوەندی کەوتووەتەوە، باوکی یاریدەدەری سەرۆکی بەشی چەك کردنی پارەبووە و دایکیشی کەتاقانەی باوانی





خۆی بووە، بەشێوەیەکی گشتیی لە نێوەندی ڕۆشنبیری سەروبەندەکەی خۆیدا ئاستێکی باشی هەبووە و، ئیزرا لە قوتابخانەیەکی ناوەندی لە پەنسیلڤا نیادا کەوتۆتە بەر خوێندن و هەر لە بچووکییەوە ئارەزووی لە فێربوونی زمانە زیندووەکانی جیهان کردووە دایکیشی کەلەپوور و کولووتری گریکی و ڕۆمانی بۆ خوێندووەتەوە، لەبەر ئەوەیش کە لە زمانی لاتینی دا گەلێك بەرەو پێشەوە چووە ڕێگەی پێدراوە لە زانکۆدا بخوێنێت، ئیتر لە تەمەنی پازدە ساڵی و لە پایزی ساڵی ١٩٠١دا لە زمانە ئەورووپاییەکان لیسانسی پێبەخشرا و لە ساڵی ١٩٠٥یشدا لە کۆلێژی هامیلتۆن hamiltonدا زمانەکانی ئیتاڵی و فەرەنسی و ئیسپانی خوێند و پاش ساڵێکیش و ماددەیەکی نەدەخوێندەوە، کە لە خولگەی ئارەزووەکانییەوە دوور یاخود ناکۆك بێت، هیچ کارێکیشی ئەنجام نەدەدا ئەگەر مگێز و تاسەی تەواوی لێ نەبوایە، یاخود نەیدەویست پەیڕەوو پڕۆگرامی زانکۆی دەست بخاتە ناو گەڕان و پشکنین و موتاڵا و خوێندنەوەکانی ئەوەوە، کە ئەم جۆرە ڕەفتارەیش زیانێکی بێڕادەی پێدەگەیاند بە تایبەتی لەو ساتانەدا کە دەبوونە هۆ و یارمەتیدەری ئەو بۆ تەواوکردنی زانکۆ، هەتا سەرەنجام بووە هۆی ئەوەی کە تێزی دکتۆراکەی ڕەتکرایەوە چونکە، ئەو کاژمێرانەی کە زانکۆ بۆی دانابوون دەوامی تێدا نەدەکردن هەرچەندە دەیشیتوانی نامەی دکتۆراکەی تەواو بکات، و بۆ گەنگەشە و وتووێژ پێشکێش بە زانکۆی بکات، ئینجا لە ساڵی ١٩٠٧دا بۆ ماوەی چەند مانگێك لە کۆلێژی واباش wabashی ناوچەی ئیندییانا کاری وتنەوەی زووبانی لاتینی گرتە ئەستۆ، بەڵام هێندەی نەبرد دەستبەرداری بوو، لەبەرئەوەی دژ بە یاسا سەپێنراوەکانی کۆلێژ ئێوارەیەك لە ئێوارەکان لە شەقامێکی شاردا ژنێکی سەرما بردەڵە و لە برسا داهێزراوو هەڵلەرزیووی بینی و بردی لەلای خۆیدا داڵدەی دا، ئیتر پاوەند دوای ئەو کارە هیچ پێویستی بە بیانوو هێنانەوە نەبوو بۆئەوەی نەك هەر کۆلێژ بگرە ئەمەریکایش بەجێ بهێڵێت، لەراستیدا، هەموو هێما و هەڵسوکەوتەکان لەو سەروەختەدا پەنجەنوما بۆئەوە دەکەن کە ئیزرا زۆر لە ئەمەریکا دڵتەنگ ببوو، هەستی بەوە دەکرد، وڵاتەکەی ناتوانێت ببێتە سۆنگەیەك بۆ زیرەکی و بیرتیژی، ئیتر ئەورووپا ئەو کیشوەرە بوو کە ئەڵها و ئەندێشەی دەهەژاند و گینگڵی پێدەدا و دەیکرد بە خودانی خەونەکان بۆیە، لە ساڵی ١٩٠٨دا بەرەو ئیتاڵیا بەسەر پشتی

پاپۆڕێکەوە ڕۆیشت کە چەند سەرمەڕێکی هەڵگرتبوو، ئیزرایش بۆ ئەم گەشتە سەیرەی هەر بە تەنها پارەیەکی کەمی پێبوو، پاشان بەرەو لەندەن بەڕێکەوت و لەوێدا نیشتەجێ بوو، لەوێ هەر تەنها سێ تاقە دۆلاری شکدەبرد، کە بەڕاشکاوی لە کتێبی "کۆگای تازە"دا باس لەو ئەزموونەوە دەکات و دەڵێ لەبەر ئەوە هاتبووە ئەوێ تا لەگەڵ چەند کەسێکدا دۆستایەتی پەیدا بکات، کە ژیانی لێوانلێو بکەن لە جووڵانەوە و زەین ڕۆشنکردنەوە و زیرەکیی، چونکە ئەو، نەك هەر ئەو کاتە بەڵکو بە درێژایی ژیانیشی چاوەڕوانی ڕێکەوتێك بوو کە بە کەسانێکەوە بیلکێنێ و پابەندی بکات کە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان پەسەند بێت، ئەم ڕێکەوتەیش بێگومان لە ساڵی ١٩٠٩دا هاتە دی و ئیزرایەیش yeatsی شاعیری گەورەی ناسی و بوو بە بەڕێوەبەری کاروبارەکانی، یەیتسیش دواتر دانی بەوەدا نا کە پاوەند کارێکی فرەی تێکردووە، ئیدی پاوەند لەکاتی گەیشتنی دا بە لەندەن بە چەند نووسەرێکی نەوەی کۆن و نەوەی نوێ گەیشت و لەگەڵیاندا ئاشنایەتی پەیدا کرد، لەوانە، لەنەوەی یەکەم، بە هێزی جەیمس و ئارنۆڵد بێنیت و تۆماس هاردی و جوزێف کۆنراد و ئێچ، جن وێلز و گەلێکی دیش گەیشت، بەڵام لە نەوەی دووەم بە فۆرد مادۆکس فۆرد و تی، ئێل، هیووم و ریتچارد ئاڵدینکتۆن و دی، ئێچ، لۆرەنس و هی تریش ئاشنا بوو، لە ساڵی ١٩٠٩دا ئیزرا کۆمەڵێ شیعری بەناو نیشانی "کەسایەتییەکان peysonae"ەوە بڵاو کردەوە کە یەکەم نۆبەرەی بوو کە پاشتر لە ئینگلستاندا ناوبانگی پێدەرکرد و ئیتر پاش ماوەیەك کە بۆ نیویۆرك چوو ئەو شۆرەتە ئەدەبییەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، لەوێدا چەند مانگێك مایەوە و لەو ماوەیەدا ئەوەی کە گەلێك سەرنجی ڕاکێشا کۆشك و باڵاخانەی کتێبخانەی گشتیی نیویۆرك بوو کە هێشتا کاری بیناسازی تێدا ئەنجام دەدرا و تەواو نەببوو، هەوڵ و تەقەللایشی دا نەخشەکەی بگۆڕێت کەچی سەرنەکەوت و لە ساڵی ١٩١٠دا بۆ ئینگلستان گەڕایەوە، لەوێدا دەستی بە چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکەی خۆی کردەوە و لە گۆڤاری "لیتڵ ڕیڤیوو"دا بوو بە پەیامنێر و لە ساڵی ١٩١٢ەوە هەتا ساڵی ١٩١٩ لە لاپەڕەی تایبەت بە شیعر تیایدا کاری کرد کە هارییەت مۆنرۆ دەستی بە بڵاوکردنەوەی کردبوو، کە لەو ساڵەدا، واتە ساڵی ١٩١٢، گۆڤارەکە لە شیکاگۆ بڵاوکرایەوە و ئیزرایش جێی جیین هەیپ و مارگرێت ئاندرسۆنی گرتەوە و هەندێك لە شیعرەکانی خۆی بۆ ڕەوانەکرد و بوو بە یەکێك لەو شاعیرە ئەمەریکییانەی کە هێشتا ناوبانگیان







دەرنەکەوتبوو، وەکو: ئێچ. دی. ئیلیەت h. d. eliot و ڕۆبەرت فرۆست کە لە پاشاندا بوو بە شاعیرێکی گوند مەشرەبی ئەمەریکی و لەلایەن سەرۆکی بەدەسیسە کوژراو "جۆن. ئێف.

کەنەدی"یەوە ڕێزێکی زۆری لێنرا، ئەمە و هەندێکی تریش لە ڕۆیشنبیر و شاعیرانی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان کە بایەخێکی بەرچاویان هەبوو، وەکو دی. ئێچ. لۆرەنس و یەیتس و تاگوورو جەیمس جۆیس و گەلێکی تریش، دوای ئەوەیش ئیزرا لە ڕێگەی گۆڤاری "پۆیتری"یەوە بەشدارییەکی گرنگی کرد لە برەوپێدان و بڵاوکردنەوەی شیعری چینی و ژاپۆنی لە کیشوەری ئەمەریکادا، دواتر لە ئەنیستیت یووتی پۆلێتەکنیك polytechnie lhstituteدا بوو بە مامۆستا ماددە ئەدەبییەکان کە دەکەوتە شەقامی ڕیجنت لە لەندەن، هەر لەوێشدا بوو کە بە دۆرۆسی شەکسپیری کچی ئۆلیڤیا شەکسپیر ئاشنا بوو کەیەکێك بوو لە قوتابییەکانی ئامۆژگاکەی و سەر بە خێزانێکی دیاری ئینگلیزی بوو ئاستێکی ڕۆشبنیری باڵایشی هەبوو، ئەدەب و دۆستێکی چاکیش بوو، زۆربەی کاتەکانیش بە وێنەکانی خۆی گوزارەی لە هەستی ناسکی خۆی دەکرد و سەرەنجام، هاوسەرگیرییان کرد، دۆرۆسیب کە پێشتر دەزگیران و دڵداری یەیتسی شاعیری هاوڕێی بوو لە پاوەند کوڕێکی بوو بە "عومەر" ناوزەدی کرد چونکە زۆر "عومەری خەییام"ی خۆشدەویست، بەڵام لە دڵدارە بە ئەمەکەکەی خۆیشی "ئۆلگا ڕۆج"، کە لە یەکەم مانەوەی لە ئیتاڵیادا پێی ئاشنا ببوو، هەروەها درکی بەوەش کردبوو کە یەکێکە لە کەمانچە ژەنە داهێنەرەکان، کچێکی ببوو ناوی نابوو "ماری" و هەتا تەمەنی گەیشتە دوازدە ساڵی پەروەردە کردن و سەرپەرشتی کردنی بەجووتیارەکانی تێرلیۆن سپارد و ئەوسا هێنایەوە ژێر چاودێری و پەروەردەی تایبەتمەندی خۆی، لە ساڵەکانی دوورخستنەوەی ئیزرایشدا خاتوو ئۆلگا و کچەکەی چالاکانە هەستان بە بڵاوکردنەوەی بەند و باوی گەورە لە پێناوی بەرەڵاکردنی لە نەخۆشخانەی سانت ئەلیزبێس لە واشینتۆندا، پاش دەرچوون و گەڕانەوەشی بۆ ئیتاڵیا توانای لەگەڵ ڕۆجی ژنیدا سەقامگیر بێت کە ئەویش ناوبانگێکی بێهاوتای پەیدا کردبوو.

لە ساڵی ١٩١٤دا پاوەند لە لەندەنەوە بۆ مارگرێت ئاندرسۆنی هاوڕێی نووسی کە بە لاوێکی ئەمەریکی ئاشنا بووە زیرەکی و بەهرەیەکی گەورەی پێوەدیارە، سەرەڕای ئەوەیش کە

هێشتا بەرهەمی شیعری ئەو لاوەی نەدیبوو، ئەوە ڕاوبۆچوونەکانی لەجێی خۆیاندا بوونە و ڕاست دەرچوونە بەرامبەر بەولاوە ئەمەریکییەی کە جگە لە ئیلیەت کەسی تر نەبوو، ئەویش لەبەرئەوەی چەکامەیەکی پیشان دابوو کە ئەم بە نایابترین چامە لە قەڵەمی دابوو کە هەرگیز ئەمەریکییەك نووسیبێتی، هۆنراوەکەیش بێگومان "گۆرانییەکانی پرۆفرووك songs of prufrook"بوو کە پاوەند هاریکاری کرد و لە گۆڤاری "پۆیتری"دا بۆی بڵاوکردەوە، هەروەها بەشداری لە بڵاوکردنەوەی شیعرە سەرەتاییەکانیدا کرد و دەستگیرۆییشی کرد لە کورتکردنەوە و شەن و کەو و پوختکردنی دەستنووسی چامە درێژە بەناوبانگەکەی کە چامەی "وێرانە خاك the waste land" بوو، لە چاپی دووەم و تازەی ئەم چامەیەدا کە خاتوو ڤالیرا ئیلیەت یەکەم دەستنووسی پاراستبوو لەگەڵ چرووپڕکردن و دەستکارییەکانی ئیزرا و چاککردن و لابردنی هەندێ کۆپلەی بە باشی و ڕوونی دەردەکەوێت، پاوەند بۆ یارمەتیدانی داهێنەر و بەهرەمەنداندا ڕۆحییەتێکی بێهاوتای هەبوو، تەنانەت ئەوەی لە توانایدا بوایە و پێی بکرایە لە یارمەتیدانی نەوەی تازە پێگەیشتوو درێغی نەدەکرد، بەڵکو بە دوای هەموو نووسەر و شاعیرێك دا دەگەڕا هەتا دەستی کۆمەکی پێبگەیەنێ، زۆریش ئەم ڕەفتار و ڕەووشتەی ئیزرایەیتسی ئێرلەندی سەرسامکرد و ئەوە بوو لە ساڵی ١٩١٣دا داوای لێکرد کە یارمەتی شاعیر و ڕۆماننووسی ئێرلەندی "جەیمس جۆیس" بدات و پاوەندیش توانی مارگرێت ئاندرسۆن قایل بکات کە ڕۆمانی یۆلیسیز Ulysses لە چەند ژمارەیەکی یەك بەدوای یەکی گۆڤاری لیتڵ ڕیڤیوودا بڵاو بکاتەوە کە سەرنووسەری بوو لە تانوپۆی وتارێکیش دا جۆیس دەڵێ هەموومان قەرزاریاری پاوەندین، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوخۆی لە هەموو کەسێك زیاتر قەرزداری بوو لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، ئیدی وایلێهات دڵی بە ئینگلستانیش تەنگبوو، ئەوسا چەند ساڵێکی دوور و درێژی بەسەردا تێپەڕیبوو، ناوبانگێکی بەربڵاوی لەوێدا پەیدا کردبوو، بەڵام ئەو هیچ گۆڕین و تازەبوونەوەیەکی لەوێدا بەدی نەدەکرد بێجگە لەوەی کە لە هەڵوێستی ئینگلستانیش قینی هەستابوو چونکە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەشداری کرد و ئەوەیش ئیزرای بێڕادە ئازاردا کە برێك لە هاوڕێکانی ببوون بە خۆراکی جەنگ و لەناوچووبوون، لە ساڵی ١٩٢١دا ئیزرا ماڵئاوایی لەوێ کرد و بەرەو پاریس بارگە و بنەی کۆکردەوە و خۆی لە نێو بازنە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەوێدا بینییەوە، جارجارێك بۆ کسبازی لەگەڵ





ئێرنیست هەمینگوای دا دەکرد و جاربەجارێکیش لەگەڵ ئاینشتاین دا لە پەیڤین و گفتوگۆدا خۆی دەبینییەوە، ئەوە بوو ئیتر لە پاریسدا ئیلیەت قەسیدە درێژەکەی خۆی "وێرانە خاك"ی خستە بەردەست و ئەویش گەلێك گۆڕانکاری بەسەردا هێنا و کورت و پوختی کردەوە، ئەویش کە ئاشکراو ڕوونە بڵاوبوونەوەی بوو بە ڕووداوێکی بێ پێشینە و قەسیدەکەیش بوو بە ناودارترین شیعری هاوچەرخی ئینگلیزی و ئیلیەتیش بوو بە منەتباری ئەو چاکەیە بە درێژایی ژیانی و ئیزرایش وەکو پسپۆڕ و دەروونناسێکی بەرز دەرکەوت لە چاککردن و چرووپڕکردنی هۆنراوەی شاعیرەکاندا، لە پاڵ ئەمەکداری و ڕاستگۆییش وەکو هاوڕێیەکی دڵ سۆز، هەر وەك چۆن تەماشای دەستپاکی و بەتەنگەوە هاتنی پاوەند کرا هەندێك بەلای ئەوەدا چوون کە بە دەستکاری کردنێکی بێمانا و تێکدان و شێواندنی تێکستی هۆنراوەی "وێرانەخاك" تاوانباری بکەن، کە ئەو تاوانەیشی پێوە لکێنرا هێندەی نەبرد لێی تەکینەوە و دواجار لە ساڵانی سییەکاندا هاوڕێ و قوتابییەکەی خۆی ئیلیەتی بەوە تاوانبار کرد کە لەناو جوغزێکی بەرتەسکدا دەستبەرسەر مابووەوە و نەیدەتوانی شانبەشانی ڕۆحی سەروبەندەکەی خۆی بڕوات و شاعیرەکانی تریشی بەوە تاوانبار کرد کە سنوور دیار کراوبوون و هەر تەنها بە ڕۆشنبیری چەند کتێبێکی دیاریکراو قانگدرابوون، دیارە پاوەند ماڤ خۆی بوو کە بە ئیلیەت رابگەیەنێت کە ناتوانێت لەسەر پاپا بنووسێت و بە شێوەیەك گاڵتەجاڕی و هەقیقەت تێکەڵ بکات کە ناگونجێت هیچ شاعیرێکی ئەم چەرخە لێی بووەشێتەوە و پێی هەڵبسێت، ئیدی بە گوزەری کاتیش پاوەند بوو بە پێشەوای ڕێبازێکی شیعریی کە دواتر بە ئیمازیزم ناودێرکرا، ئیمازیستەکانیش هەوڵی ئەوەیان، دەدا لە کێش ڕزگاریان بێت و گوزارە لە هزر و هەڵچوون و وروژانەکانی دەروونی خۆیان بکەن ئەویش لە ڕێگەی وێنەی ئاشکرا و پەتیی و ڕووتکار لە تەمومژ و هێما سازیی، یانێ دەتوانین بڵێین ئەم ڕێبازە تۆوی بۆ "شعیری سەربەست free verse" هەڵگرتبوو کە پاوەند دەیووت: "تێفکرین و داهێنانی یەکەمی بوو"، لەو وەختەدا پاوەند تا بڵێی ئاکتیڤ دەردەکەوێت، لە هەموو گۆڕان و لێخورد بوونەوە و تاقیکردنەوە و دەرخستنی شیعری ئەو سەردەمەدا پێشەنگ بوو، لە ساڵی ١٩٤٤دا کتێبە کاریگەر و بەهادارەکەی "des lmagistes"ی بڵاوکردەوە کە تیایدا ڕێبازە شیعرییەکەی و بنەما گرنگەکانی

دانانی بۆ شاعیرانی سەرجەم گەلە رۆشنبیرەکان شرۆڤە و شیکردەوە، لە هەمان ساڵیشدا بوو بە سەرنووسیاری گۆڤاری "تەقینەوە blast" و ئیتر ئەم گۆڤارە دەستی بە بڵاوکردنەوەی رەخنە و تۆمارکردنی کەلەپووری ئەم رێبازە شیعرییە تازەیە کرد پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٢١دا بەرەو پاریس چوو، لەوێدا تەندروستی بەرەو باشتر رۆیشت و جگە لەو کەشوهەوا ئەدەبییەیش کە تیایدا بوو، کەچی ئەوێیشی هەر بەجێهێشت و بۆ ئیتاڵیا بارگەی دانانی درێژخایەنی هەبێت، هەرچی چەنێك چالاکی و پێوەندییەکانی لەگەڵ پاریسدا بەیەکجاریی نەپساند و بەیناوبەین بازنە ئەدەبییەکانی ئەوێی بەسەر دەکردەوە، بەڵام هەر زوو هەوڵ و کۆششەکانی لەسەر باری ئابووری گیرساندەوە و دواتر لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٣٣دا لە گۆڤاری "کرایتیریەن criterimn"دا گوتارێکی لە ژێر سەردێڕی "کوشتن بە هۆی سەرمایەوە" بڵاوکردەوە کە لە دوو توێیدا لە مۆسۆلینی دوابوو و وتبووی لە سەردەمی نوێدا یەکەمین سەرۆکە کە بیری یەکسانی لە بەرهەمدا وەکو یەك رادە دانا" و بە هەمان رادەی وڵاتە سەرمایەدارەکانیش سوودێکی باشی لە نووسەر و هونەرمەندە بەتواناکان وەرگرت و لە درێژەیشیدا دەڵێت: "بەڵام بەرادەی چارەسەر کردنێکی دانراو ئەوا "سی. ئێچ. دۆگلاس"ە کە یەکەم ئابووریناسەکە ئابووری تێکەڵ بە هونەری داهێنان و نووسینیش کرد کە کەمترین بیانووە بۆ بوونی ئارەزوویەك بۆ ئابووری لەلای هونەرمەندە شێوەکارەکان و شاعیرەکانیشدا پێڕەوکردنی ئەو ئابوورییە پەسندەیش هێزی بیرکردنەوە و بوونیادنان دروست دەکات".

ئیدی ئابەمجۆرە ئیزرا بوو بە توندڕەوترین داکۆکیکاری مۆسۆلینی و یەکێك لەوانەی کە پەیڕەوە ئابوورییەکەی ئەویان بەدڵبوو، هەتا جارێکیشیان سەری لێدا و لەمەڕ چەند پرس و باس و خواسێکی ئابوورییەوە کەوتنە دەمەتەقێ و راڤەکردنەوەی ئەو بابەتە پێداگرانە، کاتێکیش کە جەنگی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد، خۆی گەیاندەوە ئەمەریکا تاکو لایەنی ئەمەریکی قەناعەت پێ بکات بۆئەوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە جەنگەکەدا بەشداری بکات، بەڵام ئاکام رەنجەڕۆ دڵشکاو بۆ ئیتاڵیا گەڕایەوە و بوو بەکارمەند لە ئێزگەی رادیۆدا، زۆربەی ئەو وتارانە کە بڵاوی دەکردنەوە دژی دام و دەزگە دەوڵەتییەکانی ئەمەریکا بوون و جگەلەوە رەخنەی توندوتیژیش بوون لە دژی خاوەن سەرمایەکان و سەرۆکی دەوڵەتەکان، لە یەکێك لە وتارەکانیدا کە ئاراستەی کارگەران و خەڵك و خوای







بازاڕی لەندەنی کرد، وتی: گەر خوا ئاوەزی پێتان بدابایە بۆ بەرگری کردن و راوەستان لە دژی ئیمپریالیزم و فاشیستەکان ئەوا وەکو ئێستا لەناو ئاگری شەڕدا نەدەبوون، لەو باوەڕۆیشدا بوو کە ئەمەریکا لەلایەن چەند کەسێکی نەزان و کاڵفامەوە بەڕێوە دەبرێت و کە لووتبەرزی و لەخۆباییبوون دەستی بەسەردا گرتوون و هیچ دەربارەی رووداوە مێژووییە گەورەکانی جیهان نازانن و خۆیان رادەستی چەند کەسێك کردووە کە مێشك و هزریان تەنها و تەنها جووڵانەوەی میلیتاری هەژموونی بەسەردا کردووە، ئەمە و گەلێك لەمەیش توندوتیژتر، وای لە ئەمەریکا کرد، بەخیانەتی باڵا تاوانباری بکات، دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٤٣دا مۆسۆلینی مەئیووس بوو لە دەرەنجامی شەڕ، ئیزرا لە ڕۆماوە بەرەو میلانۆ بەرێکەوت کە ماری کچی تیایدا دەژیا، کاتێك کە یەکە سەربازییە شەڕکەرەکانی ئەمەریکایش بەرەو شار پێشکەوتن، خۆی دایە دەست دوان لە بەشداربووانی شەڕەکەوە، کاتێ کە هاتنە ناو ژوورەکەی و چەکیان بەڕوودا هەڵبڕی و بەدەست بەرسەرییەوە بەرەو "جەنەوا" بۆ لێپرسین و لێپێچینەوە بردیان و دوای ئەوەیش بۆ یەکێك لە سەراکانی دی رەوانەیان کرد و لەوێ خستیانە ناو قەفەزێکەوە کە لە پارچەکانی فرۆکە دروستیان کردبوو، بۆ ماوەی شەش هەفتە هەموو جۆرە ئازار و ئەشکەنجەیەکی توندوتیژدرا و هەر وەکو لە کتێبی "کۆگای تازە"دا ئەو ئەزموونە تاڵەی ڕنووسکردووە، هۆی بەو جۆرە بینی کە نێچیرێك بێت لە دەستی ئەوانەی وایدەزانی دەیانکات بە نێچیر، گەر وایش نەبووایە پیاوێکی تەمەن دەورووبەری شەست ساڵیان لەو قەفەزە دزێوەدا بەند نەدەکرد، ئیتر هێدی هێدی تەندروستی رووی لە خراپی کرد و لەو سۆنگەیەشەوە گواستیانەوە بۆ ژێر ڕەشماڵی چارەسەر کردن و لەوێدا ئەو سروودانەی نووسی کە بە "سروودەکانی پیزا" ناسراون و بە نایابترین گوزارشتی ئەدەبییانەی نوێ لە قەڵەم دەدرێن، جگە لەوەیش کە تەندروستی مێنتاڵی و ئاوەزیی رێگەی دادگەیی کردنی نەدەدا کەچی بەرەڵا نەکراو وەکو بارمتە و دەستبەسەرێك لە واشینتۆن سیازدە ساڵ لە بیمارخانەی مێنتاڵی سانت ئەلیزابێس دا مایەوە و لە ساڵی ١٩٥٨دا ڕەهاکرا، کاتێ کە دادوەران حوکمی ئەوەیان دەرکرد کە ئیزرا چیدی لە حاڵ و بارێکی مێنتاڵی و دەروونی تەندروستدا نییە و ئەو گوزارە ناشایستەیان بە ناوی ئەوەوە لکان و رایانگەیاند کە "ئیزرا پاوەند شێتە".

کە بەرەڵاکرا، بۆ ئیتاڵیا گەڕایەوە چونکە کچەکەی لەوێ شووی بە یەکێك لە سەرمایەدارەکانی پێترۆڵ کردبوو، زۆربەی دانیشتوانی جێسەقامەکەی ئیتاڵیای ئەوەیان دەربڕی کە ماوەی نیشتەجێبوونی لەو شوێنەدا هیچ جۆرە هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی ئەوتۆی ئەنجام نەدا کە زیان بەجێ نیشتگەکەی بگەیەنێت، بەپێچەوانەوە، بەشێوەیەك دەجووڵایەوە کە لەقووڵایی باوەڕەکەیەوە هاوکات دژی فاشیستەکان و دژی جوولەکەکانی جیهانیش بوو، کاتێك کە لە سانت ئەلیزابێس بوو، بڕێك لە برادەر و هاوڕێ کۆنەکانی هەوڵێکی بێپایانیان بۆ یارمەتیدانی دا، چ لە ڕێگەی زیندوو کردنەوەی کەلەپوور و بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا تا ئەو جێگە و پایە بەرز و گرینگەی لە یاد نەکرێت و یان لە ڕێگەی کۆشش و تەقەللا دان لە پێناوی ڕەهاکردنی دا، هەر وەکو ئەوەی کە ئیلیەت و ڕۆبەرت فرۆست کردیان، لەو سەروەختەیش دا کە ئیزرا خەڵاتی "بۆڵینگن bollingen"ی بەدەست هێنا کە کتێبخانەی کۆنگرێس دەیبەخشی، هەندێك کەس خەڵاتەکەیان مەحکووم کرد و تانە و تەشەریان لەو لێژنە و دەستەیەی دا کە ئەویان هەڵبژاردبوو، دوو ئەندامی لێژنەی هەڵبژاردنەکەیش ئیلیەت و ئۆدن "١٩٠٧–١٩٧٣"ی شاعیری گەورە بوون و ئەو تاوانەیش کە بەسەر ئیزرادا درابوو بێجگە لە فاشیست بوون چیدی نەبوو، هەندێ لە ڕەخنەگرەکان وای بۆ دەچن کە ئیزرا ئەدیبێکی مەزن و شاعیرێکی بلیمەت و ڕەخنەکارێکی بیرتیژ و خاوەن جیهانبینییەکانی گرینگ بوو، وێڕای ئەوەیش یەکێك بوو لە پێشەنگەکانی نوێگەریی لە شیعردا و هەتا ئێستایش بەرهەمە پڕ بایەخەکانی کاریگەرییەکی بێڕادەیان بەسەر ئەدەبیاتی ئەنگلۆ ئەمەریکییەوە هەیە، بە ئەندازەیەك کە ڕەخنەگری ئینگلیزی "بازڵ بۆرفینگ" دوای مردنی بە شای شاعیرانی ئەم سەردەمەی دانا، هەندێکیش ئاوەها وەسفی ئەویان داوەتەوە: "پیاوێکی بالا بەرز و کەڵەگەت بوو، هێز و نەهریی نمایش دەکرد". تاکو دوا ڕۆژەکانی گوزەرانی لە بیمارستانی سانت ئەلیزابێس بە هێووری و سەبوور و دانبەخۆ گرتوو ژیا، شارەزاییەکی بێوێنەی لە یاری تەنس دا هەبوو، ماوەیەك هەوڵی دەدا ببێتە مەلەوانێکی کارامە، بەڵام بێسوود بوو، هەمیشە ئارەزووی ئەوەی دەکرد ڕێگەیەکی دوور و درێژ بە پیادە ببڕێت، ئەمەریکییەکی نموونەیی بوو، جلوبەرگەکەی بەشێوەیەکی عاجباتییانە دەپۆشی و کە دەتبینی گۆچانەکەی بەدەستەوەیە و ریشە چڕ و پڕ و درێژەکەی شۆڕبووەتەوە، وات بەخەیاڵدا دەهات مرۆڤێکی





بۆهیمییە و دەمامکێکی جوان و بێهاوتا دەپۆشێ و کاراکتەرێکی سەیر و سەرسامکەر نمایش دەکات، بایەخی بەرهەمە شیعرییە جاوید و بەرزەکانی ئیزرا پاوەند لەو کەشفکردنە بێوێنانە خۆی دەردەخات کە لە دەورووبەری تازەگەرێتی و جیهانبینی و پاراوکردنی بەرهەمی ئەو شاعیرانەی کە هاوسەردەمی بوون و بەرهەمە سەرکەوتووە گەورەکانی لە دنیای شیعردا و بێجگە لە بەرهەمە سەرەتاییەکانیشی کە زۆربەی ڕەخنەگرەکان بەوە جیاکاریان کردەوە کە سەر بە ڕێبازی ناتۆڕاڵیزم و ڕیاڵیزمن لە ئەدەبی ئەمەریکیدا، هەروەها بە شێوەیەکی توندوتۆڵ بەکارەکانی لۆنجیلۆی شاعیرەوە بەستراونەتەوە، بەڵام بێگومان بەدەستبەردار بوونی لە شوێنەوارە بەراییەکانی شۆڕشگێڕێتی و قایل نەبوونی بە لاساییکردنەوە راوەستان لە بوارە ئەدەبی و شیعرییەکاندا دووبارە دەکاتەوە، زۆر لە شاعیرە گەورەکانی ئەم سەردەمە بە شێوەیەکی ئاشکرا و دیار بە ڕێبازە شیعرییەکەی ئەو کارتێکراوبوون بەتایبەتیش ئیلیەت و ئارشیباڵد ماکلیش و هارت گرین، ئەویش بەدنیابینی و تێڕوانینی ڕەخنەی بابەتییانە و هونەرییانە و مێژووییانە، زۆریش لە شاعیر و ڕەخنەگرەکان لەوڕایەدا بوون کە ئیزرا کە حاڵی بوون و ڕۆچوون بە ناواخنی بەرهەمەکانی "جەیمس جۆیس" و ئیلیەت"دا کارامەترین وەرگربوو، بەتایبەتیش هەردوو دەقی "پۆلیسیز" و "وێرانە خاك" کە ناوەڕۆکیان وێنەی تیشك لە ڕۆحیدا ڕەنگیان دەدایەوە، بەڵام بە تێڕوانینی هزرێکی تەنك بوون، تەنکتر لەوەی دەرەقەتی شیعری هاوچەرخ و سروشتی قووڵی ڕێبازە تازەکەی بن، بۆ ئەو ڕەخنەگرانی وەکو "بازڵ بۆرفینگ" و "لویس زۆکۆفسکی" پەسەند بوون و کاریان تێکردبوو کە لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا ڕۆحی پڕ چالاکی و گەشی ڕەخنەیەکی ئاکتیڤیان بڵاو دەکردەوە و بەشێوەیەکی جیددی برەویان پێدەدا.

پاوەند، کۆتایی ساڵەکانی ژیانی بە دوورکەوتنەوە لە نێوەندە ئەدەبییەکان و بێدەنگی بەسەربرد، هەندێك وتیان بێدەنگ بوونی ئەو دەرەنجامی بەهۆش هاتنەوەی ئەوبوو، هەندێکی تریش وتیان ئەو بێدەنگییەی کە لە پاش ڕەهابوونی لە گرتیگە و سەربەست بوونی یەخەی گرت دەرەنجامی ئەوەبوو کە زیندەگی بەجۆرێکی بێمانا و هوودە دەهاتە بەرچاوی، بڕێکیش گوتیان: پاوەند بۆی دەرکەوت کە وشە بۆ ئەمدی و ئەو دی و کردنی

هەقیقـەت و ڕاسـتی و خـراپ تێگەیـشتن بـەکار دەبرێـت نـەك لـەبری پێکـەوە لکانـدنی هەقیقەتەکان و تێگەیشتنی ڕاستییە دیارەکـان، بـەڵام شـاعیری ئینگلیـزی "پیتـەر ڕاسـڵ" وتی: ئەم بێدەنگییەی ئەو بێ شك دەگەڕێتەوە "بۆ ئەو لایەنەی هێزی بەکاربردنی زووبان و بەکاربردنی بەڵێ و نەخێر، نەك بەچەند سێبەرێکی جیاواز کە هەر پەیڤێك بکات بە زمانێکی سەربەخۆ". بەڵام پاش ئەوەی کە ئیزرا لە یەکێك لە چـوار شـەممەکانی مـانگی ئۆکتۆبـەری ساڵی ١٩٧٢دا لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ڤەنیسیا لە ئیتاڵیادا دوای تێپـەڕبوونی دوو ڕۆژ بەسەر ئاهەنگی لـەدایکبوونی هەشـتا و حـەوت ساڵەیدا ماڵئـاوایی لـە دنیـا کـرد، "کلیـنس بـڕۆکس"ی ڕەخنـەگر وتـی: "پاوەنـد بـەبێ دوودڵـی خـۆی بـۆ شـیعر و مـەردووم تـەرخان کردبوو، هاوڕێیەکی بەسۆزی شیعریش بوو". بەڵێ ئەو شـاعیرەی کـە ژیـانی پێکهـاتبوو لـە تێهزرینێکی قووڵ دەربارەی نـامۆیی و تـەنیایی و هەسـت کردنێکـی بێـڕادە بـە ژان و ئـازار دنیـای بەجێهێـشت، کاریگـەریی شـیعر و بەرهەمـە زەبەنـدەکانی ئـەو بەسـەر بەرهـەم و کارەکانی ئەو شاعیرە گەورانەی هاوچەرخی خۆی وەکو بابـەتێکی کارتێکـەر ئەمێنێتـەوە و خۆیـشی وەکـو هونەرمەنـدێکی داهێنـەر دەمێنێتـەوە و دەبێتـە ئـەو تـەوەرە گرینگـەی تـا ڕادەیەك بۆ سەرجەم باس و بابەتە جیددییەکانی سەدەی بیستەم و دواتـریش لـە بـار و پـڕ بایەخە و هەردەم پێوەندییەکی پتەو و مەحکەمی بەشیعری ئـەنگلۆ ئەمەریکییـەوە هەیـە و ئەو هۆنراوانەیشی کە پـاش بـەڕەڵابوونی لـە نەخۆشـخانەی مێنتـاڵی بڵاوکرانـەوە مـەزنترین سیمفۆنیاکانی شیعرن و هەڵگری هێزێکی موزیکی نایاب و هارمۆنییـەکی سەرسـووڕهێنەرن، بەڕاوبۆچـوونی گـەورە ڕەخنـەگران پاوەنـد گـەورەترین شـاعیربوو لـە مێـژووی شـیعری ئەمەریکی بەگشتی و پاش واڵت ویتمانی شاعیر بەتایبەتی. هەر لـەو سـەروبەندەدا بـوو کـە "نۆرمـان بێرسـۆن"ی زانکـۆی یێـڵ گـوتی: "ئیـزرا دوا پـشتی شـیعری مـەزن بـوو لـەم سەردەمەی ئێستاماندا کە کاری کردە سەر نووسینی هەر هەموو شـاعیرە هاوچـەرخەکان". ئەو، بەبێ نکووڵی کردن تـەمووحترین شـاعیر بـوو، لـە زۆرێـك لـە شـاعیرانی سـەردەمەکەی خۆیشی گەشبین تربوو، باوەڕیشی وابوو ئەوەی کە ئێمە لە سـەریداین و دەمانگرێتـە خـۆی لە دەستکردی خۆمانە و هەر خۆیشمان دەتوانین نوێی بکەینـەوە و بـەرەو بـێ خەوشـیی و کەماڵی ببەین.






سەرچاوەکان:

١- مجلة الاداب الأجنبية- العدد ٢٤ السنة السابعة- تموز ١٩٨٠.

٢- مجلة الأقلام- العدد التاسع- السنة الثامنة- كانون الثاني ١٩٧٣.

٣- الحرية والطوفان- جبرا إبراهيم جبرا- دراسات نقدية- المؤسسة العربية للدراسات والنشر- الطبعة الثانية- بيروت ١٩٧٩.

٤- ت. س. إليوت- الأرض اليباب- الشاعر والقصيدة- دكتور عبدالواحد لؤلؤة- المؤسسة العربية للدراسات والنشر- الطبعة الأولى.. بيروت ١٩٨٠.



سەباح ڕەنجدەر

# بەشداریکردنی شیعر لە ئامادەکردنی هەقیقەتدا

## بەشی سێیەم و کۆتایی

نەوەی دوای ئێمەش کۆمەڵێك جیهانبینی زیاد دەکەنە سەر قۆناغی شیعری ئێمە. ئەمە یاسای ژیانە و دەبێت قبووڵمان بێت. قبوولکردنی ئەم هەقیقەتە ناوەندێکی چەسپاوە لە بروابەخۆبوون و هەقیقەت بینین و دیاردەکانی پێوەندیدار بە چییەتی بوونەوە.
پرۆژەی تێپەڕاندنم نییە، زیاتر خەوندیدەی پێکهێنانی هێماکانی خۆمم، شیعرییەت سیمای ڕوونی گشت نەوەکانە و شانەیەکی زیندووی زۆر قووڵە لە جەستە و پێکهاتەی مرۆڤدا.
دەقئاوێزانی دەتگەیەنێت بە فۆرمی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی چالاك و دەتدرەوشێنێتەوە.
ئەگەر ڕۆشنبیرییەك دەقئاوێزانی لەگەڵ گیانی بەهێزی ڕۆشنبیریی دنیا نەهێنێتە ئاستی هەست پێکردن، نەیتوانیوە لە پێوەندی و گفتوگۆ و بیرکردنەوەی ئەوانی دیکە ببێتە کەسایەتییەك بتوانێت زانستی ژیان کۆ بکاتەوە.ڕۆشنبیرییەکیش نەتوانێت ببێتە





نەوەی دوای ئێمەش کۆمەڵێك جیهانبینی زیاد دەکەنە سەر قۆناغی شیعری ئێمە. ئەمە یاسای ژیانە و دەبێت قبووڵمان بێت. قبوولکردنی ئەم هەقیقەتە ناوەندێکی چەسپاوە لە بروابەخۆبوون و هەقیقەت بینین و دیاردەکانی پێوەندیدار بە چییەتی بوونەوە.
پرۆژەی تێپەڕاندنم نییە، زیاتر خەوندیدەی پێکهێنانی هێماکانی خۆمم، شیعرییەت سیمای ڕوونی گشت نەوەکانە و شانەیەکی زیندووی زۆر قووڵە لە جەستە و پێکهاتەی مرۆڤدا.
دەقئاوێزانی دەتگەیەنێت بە فۆرمی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی چالاك و دەتدرەوشێنێتەوە.
ئەگەر ڕۆشنبیرییەك دەقئاوێزانی لەگەڵ گیانی بەهێزی ڕۆشنبیریی دنیا نەهێنێتە ئاستی هەست پێکردن، نەیتوانیوە لە پێوەندی و گفتوگۆ و بیرکردنەوەی ئەوانی دیکە ببێتە کەسایەتییەك بتوانێت زانستی ژیان کۆ بکاتەوە.ڕۆشنبیرییەکیش نەتوانێت ببێتە
کەسایەتییەك زانستی ژیان کۆ بکاتەوە، لەناو ڕۆشنبیریی دنیا خەیاڵی باش بەڕێوە نەچوو.
لەبەرزبوونەوەی هێڵی هونەری دەتوانێت لەناو ڕۆشنبیریی دنیا نیشتەجێ بێت و لە گەڕان بۆ بنەڕەتیش چالاك و بەرهەمدار بێت، خەسڵەت و ئاسۆی خۆبوونی بدۆزێتەوە.چرکەساتی خۆبوونیش، چرکەساتێکی چڕە لە ژیاندا.

### بەهرە

لەدامێنی هەر دەقێکم، مێژوویەك تۆمارکراوە،بڵێی بڕوام بەوە هەبێت نووسین هەڵچوون و کاتی تایبەتییە, یان بەهرە و سرووش ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بەشدار و هاوکارم بن لە نووسینی بەشە پێکهێنەرەکانی دەق. لەو تەمەنەی نووسینمدا، کە نزیکەی چارەگە سەدەیەکە بەکامی دڵ لەناو سنوورەکانی لە هاتوچۆدام. ڕاوی چەند دەقێکم کردوون، ئەوانەی نووسیویشمن هێشتان لە نووسینیان تەواو نەبوویمە و نەگەیشتووم بەدوا داڕشتنیان. بڕواشم وایە بەهرە و سرووش کار لەئامادەبوونی نووسەر دەکەن بۆ کەشی خرۆشان، بەڵام وەك هاندەر و خورپەیەکی شاراوە نەك شتێکی بنەڕەتی و تەواوکەری بنیادی بەردەوامیی نووسین، لەنووسیندا زیاتر تێڕامان و خەون و ئێستێتیکای ویژدانی بە پلەی یەکەم کاریگەری و بەشداریی بەردەوامیم دەدەنێ. ناخی وریام ئامادەی بنیادی بەردەوامیی نووسین دەکەن.

سەرەتاکانی نووسین لە هۆشیاری و یاداشت و خەونمدا ئامادە دەبێت. چاوەڕوانی کەشی نووسین دەکات. لەوانەیە ئەم کەشە چێژبەخشە شکۆ و بەهرە و سرووشی نووسین بێت و بنەماکانی بەڕێوە ببات. تا ڕادەیەکی زۆر باش نووسین پێویستی بە ژیری هەیە تا دەستت بەسەر ئامرازە هونەرییەکاندا بشکێت و ئەفسوونی نووسین بەهۆی بەهرەیەکی پەروەردەکراودا بەجێبهێنێت.

## خوێنەر

لەناوەوەی خۆم بە بۆچوون و تێگەیشتنی زاهیدێك ژیانم هەڵبژاردووە و بەچاوی چاکەخوازی سەیری شیعری کوردی دەکەم و شیعری مرۆڤدۆستانەشم خۆشدەوێت، شیعر هەڵگری وزەی ژیانە. لەناو شیعریشدا ژیان دووچاری نەسرەوتن و هەندێك جەنگی پێویستی کردووم. بوێرییەکانی ڕووبەڕووبوونەوە بەرانبەر ئەو مەترسیانەی لە لەناوچووندا دەبن بە هەست، کتێبی دەگمەنن هەوڵ دەدەم تێیان بگەم، دواجاریش بیانووسمەوە، ئەو ژیانەم لا جوان و پەسەندە، هەست و خەون لەناو دەقی شیعریدا دەیکاتە ئاماژە و ئاخاوتن. لە ئاخاوتندا لە خاڵی هاوبەش نزیك دەبینەوە، یان دەگەین بە وەڵامێك بۆ ئاخاوتن. خەون و یادەوەری لە سێبەریدا بە یەکتری دەگەن و دەبن بە واقیعێك لە واقیعەکانی بوون. لەنێوان پەسندکردن و ڕەتکردنەوەی خوێنەرانی هۆشیار و خوێنەرانی ئاساییدا نووسین لەکوێ خۆی دەدۆزێتەوە. جیاکاریی نێوان خوێنەری زۆر و جەماوەر ئاشکرایە. قۆناغی شیعری کلاسیکی کوردی پڕ خوێنەرە، بەڵام جەماوەری نییە.

ئەو مشتومڕە لەنهێنی ئەو دەقانە بە دەستدەکەوێت وەك سەرچاوەی چێژبەخش پێویستمان بە خوێندنەوەیانە. پێوەندییەکی دڵخۆشکەریان لەگەڵ مووچڕك و تەزوو و خورپەی شاراوەی ناخ پێکهێناوە.

من یەك بەباری خۆم، کە پەستی دامدەگرێت و لەهەموو دنیا بێ ئومێد دەبم پەنا بۆ دیوانی مەحوی، جاروباریش بۆ دیوانی دیلان دەبەم، ئامادەم دەکەنەوە بۆ گرینگیدان بە هەموو بوارەکانی ژیان. یان دەگەمە فۆرمی گەیشتن بە هەموو شتەکان. هەر هەموو ئاستێکیش ڕێز لە ژیان دەنێت و هەوڵی بەرەو پێشەوەی و ئایندەی باشتر دەدات، هەریەکیش بە







تێگەیشتنی خۆی چێژی لێ وەردەگرێت. نووسەریش لەسەر بنەما و فراوانبوونی مەوداکانی زمان و هێشتنەوەی بە زیندوویێتی ئەو متمانەیەی دەبێتە خەونێکی بەدیهاتوو، لە خەونەوەش دەست پێ دەکاتەوە. من خەونم هەیە، لە خەونەکانمدا دەست پێ دەکەمەوە و دەچمە ناو مەوداکانی بیرکردنەوە و نووسین.

## وشە

وشەی خەون و منداڵی و مردن، بێئاگاییم دەجووڵێنن و لام دووبارە دەبنەوە، دەبێت لەپەرەسەندنی خۆیاندا قسەم لەبارەیانەوە هەبێت و چوارچێوەکیان بۆ بگرم، فەزا و ڕەگەزی ئەم وشانە دیدگای منیان دیل نەکردووە زیاتر بەلای خۆیاندا بەکێشیان کردووم. لەناو مندا ڕەگیان وریایە و بەگەشەکردنم ناساندوون، کەش و هەوان بۆ ئەزموونی خەونیم، لە شیعردا ئیلتیزام بە فەزای بوونەوە هەیە، نەك فەزا و ڕەگەزی وشە. بوون لە دەقدا دەبێتە شەپۆلی مانا و جوانی و شیعرییەت. شیعری من مەبەستی مێژوویی تێدا نییە. داڕشتنێکی بوونی و خەونییە. کار لەناو خەون دەکەم بۆ دروستکردنی جیهانبینی، خەون و منداڵی و مردن پرسیاری ئەزەلین بەدرێژایی مێژوو، نەکراوە وەڵامێکی ڕەها بۆ پرسیارەکانی ئەزەلییەت بدرێنەوە، هەر وەڵامێکی دەبێتەوە کۆمەڵێك پرسیاری دیکە. دووبارە نیاز و کەڵکەڵەی گەڕان و دۆزینەوە گەرم دەکەنەوە، دەمانخاتە بەردەم ئازادیی دەربڕین، خەون و خەیاڵمان دەجووڵێنێت، دەکرێت ئەم پرسیارە دوابخرێت بۆ دوای کۆتاییی زەوی، یان دوای دۆزینەوەی بزەی مۆنالیزا و بەختیاری تا هەتایی، بڕوا بە بەختیاری تا هەتایە کاریگەرترین و بەپیتترین ناوەڕۆکی مێژووی گیانی پێکهێناوە.

## لایەنگر

بەلامەوە گرنگە هەموو ئاستێك ببێتە لایەنگری دەقەکانم، یان نا.بەهای سەربەستی شوێنی نووسینی لە جیهان دۆزیوەتەوە، بە تەواوی مانای سەربەستی، سەربەستیم لەجۆری بیرکردنەوە و هونەری نوێ و چێژی نووسین بۆ خۆم دابین کردووە، سەربەستی لەناو هەستیاری نووسین دەتوێنمەوە، کەسی دووەمیش بەهەمان سەربەستی بەڕێوە دەچێت.

منی وەك نووسین بەلاوە گرنگە، یان نا. ئەو قەناعەتەشی لا وێنا دەکەم بەهەموو توانای گیانی و هێزی ئەقڵیمەوە ئاماژەکان بە دەربڕین و ناوەندی بەرهەمهێنان دەگەیەنم، بارێکی گیانیش لەناوەندی نووسین چێژی هاندانم دەگەیەنێتە پلەی توانەوە و تێکەڵاوبوون بەزۆرێك لە شتەکان. هەوڵیش دەدەم ژیان چێژدار و بەجوانی پەیوەست. بخزێنمە گیانی ئادەمیزاد. ئادەمیزادیش بگەڕێنمەوە باری یەکەمین فڕین. ئێستێتیکای هاوبەش و ڕۆشنابییەکانی ناو دەق دەکەمە هونەری لێکدانەوە و تێگەیشتن بۆ پەخشکردنەوەی ڕۆشناییەکانی خەیاڵ و ئەندێشەی وەرگر. وابەستەی کولتووری پڕ چالاکیی کوردیم، ئەو کولتوورەی پێوەندیی بەهەر هەموو کۆمەڵگاوە هەیە. بەرهەمی هۆشمەندییەتی، کەواتە ئێمە ناوەڕۆکی گشتیی کولتوورین. تێکۆشانێکی سەخت دەکەم ناوەرۆکێکی دەوڵەمەند و بە پیت و فەڕ بم.

کولتوور بەو بارە زیندووەی خولّقاندوویەتی، بەناوبانگترین جۆری دەربڕینی ڕۆشنبیرییە. تا پاشەڕۆژێکی دووریش هەر بەو شێوە چالاکەی دەمێنێتەوە. مامەڵەی من لەگەڵ نووسین مامەڵەی ئیمانداره لەگەڵ خودا و سەرچاوە. خودا و سەرچاوە دەبنە پرسیار و گفتوگۆ، پرسیار لە چییەتی بوون و نەبوون و شوێنەزا.دواجاریش دەمەوێت بزانم ئەو دۆزینەوانە چین، کە پێیان گەیشتووم، پرسیار و گفتوگۆمان چۆن بوونەتە یەکانگیربوونەوەی ئاسۆکانی ناوەند. نووسینیان لێوە درێژبووەتەوە.

## شێواز

جوانیی لە سادەیی و قووڵبینی دەخولقێت. لێڵیش شتە سادەکان لەناو دەبا و دڵی جوانیی تێدا هێور ناکرێتەوە. بەشێك لە هەشتایەکان لە بنیادی قووڵی تەمومژ کارم کردووە، تەمومژ لە ئەنجامی جوانیی زمان دروست دەبێت، لێڵیش لە ئەنجامی بنیادی رووکەش و هەڵەی زمانەوە.

نموونە بێزمانێك دەچێتە لای مرۆڤێك، داوایەك دەخاتە ڕوو. بێزمانەکە لای خۆی مانا و لێکدانەوەیەکی بۆ داوەکەی هەیە و دەزانێت چی دەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕوونیی زمانی نییە. ناتوانێت داواکەی لە بەرانبەر بگەیەنێت.







شاعیر هەن ڕوونیی زمان و جیهانبینیان نییە. لە دەروون و هەستی یەکئاستی خۆیان مانایەکیان بۆ نووسینەکەیان داناوە،بەڵام ناتوانن ئەم مانایەیان بەشێوازێکی ڕوون لە بەرانبەر بگەیەنن، لێڵی ئەم نەگەیشتنەیە. ژیان خۆی پڕە لە شێوازی گۆڕان و جموجووڵ تەنانەت ڕەنگی سروشتیش گۆڕان لەخودی خۆی پەروەردە دەکات. درەخت لە پارچە زەوییەکی بچووك کەش و هەوای نەشونما وەردەگرێت، هەموو ساڵێکیش گەڵاکانی خۆی لەناو دەدا و هێمای ڕوون و شێوازی گەڵانوێیەکانی دەکاتە کردەیەکی ڕاست.یەك شێوازیش لە ئەزموونی خەوندیدە و وێڵی دۆزینەوەی ژیانی بە پیت و دەسەڵاتدار نابێت. مانەوە و کارکردنیش لەناو شێوازێك تانوپۆی داهێنان هەڵدەوەشێنێتەوە، هەموو سەربەخۆیی و دەسەڵاتێکی کەڵکێشیش زەوت دەکات، گیانی بەردەوامبوونیش دادەڕزێنێت. ئەو شێوازەی لەناوەڕاستی هەشتایەکانەوە ئەزموونم کرد، هەوڵم دا لەو ئەزموونەدا کار لەناو مانای زمان بکەم و مانای بابەت بمرێنم.

ئەزموونێك بوو، ویستە هونەری و کەڵکێشییە زمانەوانییەکانم تێیدا پێشکێش کرد. دوای ئەم پێشکێشکردنەش خواستی گۆڕان لەناوەوە هەژاندمی، هەستم کرد کارێکی دیکە هەیە بۆ کردن، دنیایەکی دیکە هەیە بۆ بینین و شێوازی ژیان. کاتێك ڕێگا بەخۆم دەدەم ئەزموونێك واز لێ بێنم و سەرگەرمی ئەزموونێکی تر بم، دیارە وەك ئەزموون گەیشتوومەتە دوا ئاستی و لام تەواو بووە، ئەگەر لەناویشیدا بمێنمەوە دووچاری خۆدووبارەکردنەوە و پێکوتە دێم، خۆدووبارەکردنەوە و پێکوتەش کەشی نووسینم لەبەرچاو دادەخەن، لەو بار و بوارەدا هێزی خود و ڕستە کاریگەرەکانی مرۆڤی نوێبەخشیش بۆ جوانیی و ژیان بێ کاریگەر دەبن.

## ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن کەناڵ و ناوەندێکی خزمەتگوزارە بۆ کردەی ڕۆشنبیری. لەناو ڕۆژنامەوانیی کوردیدا گەیشتووم بە ئەزموونی بەپیتی زۆرێك لەنووسەرانی کورد و سوودمەند بوویمە بەبیرو بۆچوون و فۆرمەکانیان. لەلایەکی دیکەشەوە هێندەی لە بەشێك لە ڕۆژنامەوانی بە ناهەق لەبارەی منەوە نووسراوە، هێندە بەهەق لەبارەی ئەهریمەنەوە نەنووسراوە.

سەرەڕای ئەمانەش بەبێ هیچ هۆیەك بە مەبەست و هەڵەی ئەنقەست ناوم لە لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتنە ئەدەبییەکان دەسڕنەوە. بەشێك لە ڕۆژنامەوانی کوردی هەوڵی تێدا دراوە هەقیەقەتی شیعری من بشێوێنێت. لەڕۆژگاری ژیاندا ئەوانەی لە چێژی باوەوە تەماشای ڕستە کاریگەرییەکانی ژیان دەکەن تاوانکارن، نوێبەخشەکانیش قوربانیی ئەو هێزە باڵادەستانەن، کە تاوانکاران دەجووڵێنن و ئامادەیان دەکەن بۆ بەجێهێنانی مەرام و تاکتیکە سیاسییەکانیان، دیمەنە سادە و کاریگەرەکانی ژیان وەردەگرم بە تێکەڵاوکردنی فۆرمەکانی گەیاندن چەند ئاستێکی زمانەوانیی شیعرییەتی تێدا دەکەمە ستوونی تایبەت کردن و درەوشانەوە. وەك دەقی بە ئەدەب بوو دەیخەمە بەردەم کۆمەڵێك نیشان و پرسیار، شتە سادەکانیش بەردەوام لە سرووتی تایبەتی و دانایی لەناو خولْقاندنی نووسین زانیاری ویژدانی و گەرمایی هەستەکانن. بوونمان لەناو خۆیاندا لەپێناو ئایندەی باشتر بەرجەستە دەکەن تا لە ژیان کاریگەری و کردەوەی خۆیان نیشان بدەن.

### تێڕامان

بێدەنگی لە قووڵایی نەزاندراودا پێوەندی دیکە لەگەڵ ژیان دەدۆزێتەوە، پێوەندییە ساردبووەکانیشی لەگەڵ واقیع زیندوو دەکاتەوە. هەندێك شت لە واقیع وەردەگرێت، لە بیرکردنەوەی ڕێکی دەخاتەوە و ئامادەی گوتنی دەکات. پێکهاتەی سرووتی کەسایەتیم لە نیشتەجێبوون لەسەر زەمین بۆ خۆ گونجاندن لەناو سەرچاوەکانی ژیان وا هەڵکەوتووە. ئاخاوتن لەناو دەق دروست دەکەم. لەقسەکردن خودی ئامادەکراو دێتە پێشەوە، لە ئاخاوتنی ناو دەقیش ئەفسوونی خودی وریا و هۆشمەند. ئەگەر زۆر بدوێم تێڕامانی ناوەوەم دەکوژێت و بنیادی ئامادەبوونی بەردەوامیی نووسینم دەشڵەژێ، ئەفسوونی خودیشم بەتاڵ دەبێت. زۆر دوان تەنیا بۆ کەسی سیاسیی گونجاوە، بار و بوار بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەوی دی دروست بکاتن، نووسەریش بار و بوار بۆ تێڕامانی تاکیەتی و هەستەکانی خۆی دەستەبەر دەکات.خۆم بە تێگەیشتن لە کرۆکی ڕۆژگار و بێباکی گرتووە، پرۆژەکانم بەهۆی زمانەوە پەرە پێ دەدەم، نازانم ئەوەی نووسیومە باشە، یان نا. بەڵام بەو ڕاستییە گەیشتووم پێویستە لە هەوڵی تێڕامان و بێدەنگیی بەردەوام بم.





بێدەنگی لای من مانا قووڵەکانی خەون ئاگادار دەکاتەوە و پرسیاری ژیان و بوونی هەیە.

### گفتوگۆ

هەمیشە خۆم لە گفتوگۆ و دیمانە و ڕۆژنامەوانییەکان بەدوور گرتووە، ئەو دەسکەوتانەی لەبار و بواری شیعرەوە بە دەستم هێناون، دەکرێ بکرێنە جێگرەوەی هەموو گوتن و نووسینێکی دیکە. هیچ نیازێکی گوتنیشم نییە لە دیمانە ڕۆژنامەوانییەکان بیکەم بە ناوەندی دەربڕین و درکاندن. هەموو ساتە هۆشیاریی و نهێنی و درککردنەکانی تانوپۆی نووسینیان چنیوم لەهەناوم خۆیان ڕپسکاندووەتە دەرەوە لە دەقەکانم درکاندوومن. خۆ تەرخانکردنیشم بۆ دەق بەلاوە گرینگ و ناوەندە. دەق پێوەندییەکان جوان دەکات، فۆرمەکانی دەروونیش دەگۆڕێت. سەرەتا شتە گشتییەکان دەدۆزمەوە.دواتر گیانی بزێوی شتەکان دەنووسمەوە و هەستی تێدا دەخولْقێنم.
نووسین و قسەکردن لەبارەی شیعر بە کردەی دۆزینەوە تێ ناگەم زیاتر گواستنەوە و گەیاندنە. هەوڵ دەدەم خۆمی لێ بپارێزم، لەگەڵ ئەوەش لەهەموو بابەتێك پتر تامەزرۆی خوێندنەوەی دیمانە ڕۆژنامەوانییەکانی شاعیرانی بە ئەزموون و ژیننامەی کەسایەتییانم.
تێڕوانین و زۆر وردبوونەوەش لە شیعر دەمانباتەوە بۆ سەردەمی لە دایکبوونی یەکەمین مرۆڤ. نووسین ناتوانێت لەبارەی یەکەمین مرۆڤ ڕستەیەك بەهێز بکات، تەنیا لەرزەی گیان دەتوانێت لەناویدا وردبێتەوە و بگات بە باری تێڕامانی یەکەمین مرۆڤ.



# شیكردنەوەیەكی دەروونی
# بۆهەردوو چەمكی
# " نەفس" و"نامۆیی"
# لەلای "صابری"

شنۆ ئەحمەد غەفور

پێشەكی:

هەر كە باس لە دنیایی شیعر دەكەین رووبەرووی جیهانێكی فراوان دەبینەوە،فراوانییەك لە یەك كاتدا سادەیی وئالۆزی لە خۆ دەگرێ ،شیعر رەنگدانەوەی هزر و خەیاڵ وژینگە ورووداوەكانە ،كردنەوەی دەرگایەكە تەواوی دیاردەكانی بوون دەخاتە ژێر پرسیارەوە ،دوا جاریش توانایی زمانەوانی لای نووسەر دەبێتە هۆی ئەوەی،وینەی فرە مەودا ببەخشێتە وشەكان.تەواو وەك ئەوەی "بۆرخیس" گوتوویەتی"رەنگە بۆ ئەوەی ئێمە شیعرێك دروست بكەین خۆمان بدەینە دەست ئەو گەمەی وتنە ، بەلآم لە ئەنجامدا ، ئەوانە بێجگە لە جوانكاری چیتر نین"(١).

جیهانی شیعریی كوردی، وەك ئاشكرایە پڕە لە مەغزا و وێنە و تەریقەتی جۆراو جۆر كە لە لایەن شاعیرانەوە پەیڕەو دەكرا ،هۆنیارانی كلاسیزمیش سەرەڕای گشتگیری یاساكانی





كلاسیزم كە هەموویان پەیڕەویان دەكرد،لە گەڵ ئەوەشدا هەریەكەیان بە شیوازی تایبەتی خۆیان دەیانووسی ،هەندێ جاریش كارتێكردنی یەكتریان بە سەرەوە دیارە.

هەر لەگەڵ سەفەر كردنی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بۆ هیندستان بۆ لای شێخ عوبەیدوڵلآی دەهلەوی، ئاشنایەتی میللەتی كورد لە گەڵ سۆفیگەرایی دەستی پێكرد ، لە میانەی ئەو ئاشنابوونەشەوە شاعیری كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم "صابری"هەمان رێچكەو رێبازی گرتە بەر ،هەرچەندە ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیخەمە روو تەریقەتی تەسەوف نییە لای "صابری" بە لَكو خوێندنەوەیەكی دەروونشیكارییە بۆ هەردوو چەمكی "نەفس" و"نامۆیی" چونكە ئەم دوو چەمكە بەڕوونی لە تێكستەكانی "صابری" رەنگی داوەتەوە.

دەروونشیكاریی وبۆچوونەكان:

لە مێژەوە زۆربەی زاناكانی بواری دەروونناسیی بەتایبەت "فرۆید وفرۆم وئەدلەر "لە هەوڵی ئەوەدا بوونە،ئەو رووداوانەی لە ژیان رووبەڕووی دەبنەوە لەڕووی دەروونیەوە بیخەنە ژێر پرسیارەوە و لە هەمان كاتدا چارەسەری بۆ بدۆزنەوە ،شیكردنەوەی دەروونی لە خۆیدا تێگەیشتنە لە مەغزاكانی ژیان وخاڵە شاراوەكانی ،ئەم میتۆدە لە گەڵ تێپەڕ بوونی كات بە جیهانی ئەدەب تێكەڵ بوو.

شیكردنەوەی دەروونی دەكرێ پێناسە بكرێ بەوەی"میتۆدێكە هەوڵی پەردەلادان دەدا لەسەر واقیعێكی نەستیانەی كەسێك لە كەسەكان "(٢)

كەواتە دەروونشیكاریی وەك زانستێك یارمەتیدەرە بۆ شیكردنەوەی خاڵە نهێنییەكانی هەر دەقێكی ئەدەبی دایە ،چونكە كاری ئێمە لە سەر دەقی ئەدەبییە شیكردنەوەی ئەو فاكتەرانەیە كە بۆتە هۆی ئەوەی "صابری" دەقیكی نائومێد بخاتە روو؟دەشێت نەهامەتی وقات وقڕی ژیانی خۆی وهەست كردنی بە زەبوونی میللەتی كورد بە گشتی وناوچەی گەرمیانی بە تایبەتی لە پشتەوە نەبووبێ ؟؟هتد.

"فرۆید" زانایی دەروونناسی نەمساوی وەختێ باسی دەروونشیكاریی دەكرد ،زیاتر جەختی لە سەر ئامانجی ئەم رێبازە دەكردەوە،پێی وابوو ئامانجی ئەوەیە ( " كەسێك والێبكەیت تواناداربێت لەسەر كاركردن ودووبارە بەرهەمهێنان "،لە هەمان كاتدا "ئەریك فرۆم "ئاماژە بە سوودی دەروونشیكاری دەكات بەوەی:"خودناسیی لە لایەن مرۆوە " ئێستاش " خودناسیی لە لایەن مرۆوە " پێداویستییەكی زۆر كۆنە ،هەر لە یۆنانەوە تاكو

سەردەمەکانی ناوەڕاست ونوییَ، دەبینین خۆناسیی مرۆ بناغەی ناسینی جیهانە یا هەروەك "مایستەر ئیکارت" گوزارشتی لێدەکات" تاکە ڕێگەی مرۆ بۆ ناسینی خودا ئەوەیە خودیخۆی بناسێت ")(۳)

بێگومان،گەر هەر مرۆڤێك بیەویَ ئاشنای دەوروبەر و ئاین وخودای خۆی بیَ،دەبێت پێش هەموو شتێك ئاشنای ناخی خۆی بێت ،هەر ئەم خاڵەشە کە "سوکرات " زۆر جەختی لەسەر کردۆتەوە لە ڕێگەی " خۆت بناسە" ،بەڵام جار بە جار بە تایبەت لە کاتی نووسینی دەقدا نووسەر تاڕادەیەکی زۆر لە پانتایی نەستدا کاردەکات ،ئەمەش وادەکات نووسەر دەقی ناوازە بخاتە ڕوو،کە وەرگر دەخاتە کێژاوی نامۆبوونەوە، لە ڕاستیدا ئەو ساتانە نامۆبوون نییە ،بەڵکو حاڵەتی " ناهەستییە _لا وەعییە" وەلیَ خوێنەر واهەست دەکات شاعیر شاکارێکی تازەیی خستۆتە ڕوو،بیَ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بێت ئەو شاعیرە لە مێژەوە خودانی ئەو توانایەیە بەڵام ململانی دەروونی بۆتە هۆی خەفە کردنی تواناکەی ، بێگومان شیعریش بەدەر نییە لە کۆڕانکاری سەردەم وژینگە وهەڵچوونە کاتێکانی نووسەر،هەر وەك "سینوهە" دەڵێت"مرۆڤ هەرچەند کە بڵێت خۆم باش دەناسم، هێشتا هەر بە تەواوەتی خۆی ناناسیَ و جاربەجار هەندیَ شت دەکات، کە لە دوای ڕوودانی کارەکەش ناتوانێت بڵێت کە بۆ چی دەستی لەو کارە وەرداوە" کەواتە ئەم دەقانەی خوارەوە جگە لە واتا فەرهەنگییەکەی خۆیان ، لەلای "صابری" کۆمەڵێك واتایی تر لە خۆ دەگریَ ،کە ئەمەش سەرەڕای دەرخستنی توانا ودەسەڵاتداری شاعیر بە سەر وشەکاندا ،هەروەها پەیوەندی بە باگراوەندی ژیانی شاعیریشەوە هەیە.

چییەتی "نەفس":

دگەل سەرەتایی دروست بوونی ژیاری مرۆڤایەتی تا ئێستا، نەفسی مرۆڤ لە گەڵ بیرو هزری دا بەردەوام لە ململانی دایە،سەردەمێك هزر باڵادەست دەبێت ،بەڵام زۆرجار وتاکۆتایی هاتن بە ژیانی ئینسانەکان، نەفس زاڵ دەمێنیَ.

بێگومان هەر مرۆڤێك لە دووبەش پێك دێت (لەش + گیان )، دیارە لەش بەشە مادییەکەی مرۆڤەو بینراوە ،بەڵام گیان جییَ پرسیار وبۆچوونە، بیَ شك هەر میللەتێکیش بە پییَ ئاین وتیتاڵەکەی خودانی بۆچوونی جیاوازە سەبارەت بە گیان ،بەڵام ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا تێڕوانینی ئاینی ئیسلامە بۆ چەمکی "گیان " وپاشان "نەفس".







عەرەبەکان بە گیان دەڵێن"روح"گوایە پەیوەندی بە وشەی (الریح)وە هەیە _ با ... (هەندیَ لە زانایانی ئیسلامیش بەم شێوەیە پێناسەی گیان دەکەن:" روح =گیان بە توخم وماکێکی نادیار ونەبینراو دانراوە کە سەرچاوەی بۆ خودا دەگەڕێتەوە ،کە فووی لە مرۆڤ کرد وروحەکەی پیادا کرد"هەروەك چۆن لە ئایەتی (فأذا سويته ونفخت فيه من روحی فقعوا له ساجدين) (الحجر/ ۲۹ ) دا هاتووە (٤).

کۆمەڵێکی تر لە زانایانی ئیسلام سەبارەت بە "نەفس" و"روح" لەوانە:"ابن عباس وسعيد بن جبير وا لێکی دەدەنەوە،کە یەك چەمکە بە بەڵگەی ئەوەی (الله يتوفی الأنفس حين موتها والتی لم تمت فی منامها) ("الزمر٤٢ )(٥).

لە سوونەتی پێغەمبەر "د.خ" دا هاتووە کە "گیان_ روح" جیاوازە لە گەڵ "نەفس" بە بەڵگەی *(يا أيتها النفس المگمئنه ارجعی الی ربك راچيه مرچيه)( الفجر/۲۸).

هەروەها لە قورئانی پیرۆزدا بە ڕوونی دەرکەوتووە "کە روح هەرگیز فرمانی پیَ نەکراوە و سەرزەنشت نەکراوە"(٦)

کەواتە " روح" واتایی " نەفس " نادات چونکە دوو چەمکی جیاوازن .....

تێڕوانینی "صابری" بۆ "نەفس "هێرشبەرە، پێی وایە "نەفس" دەبێتە هۆی یاخی بوون ودوور کەوتنەوە لە خودا ،هەر "نەفسە" وادەکات نزیك بینەوە لە ڕێگاکانی شەیتان:

(صابری نەفسی خەبیس ودز دەستەکی شەیتانی پیس

ڕێویە گەر تۆ بە شێری "صوم"بۆی دێیە جیهاد)."دیوانی صابری ل٨٢"

"نەفس" لێرەدا بە خەبیس وتۆمەتبار و دز دادەنیَ،کە ئەمانەش ئەتواری شەیتانە، "ڕێوی"ناوە، سیمبوڵی پیسی وخیانەت ولە هەمان کاتدا ترسنۆکی یە ، واتە "نەفس " وەکو ڕێوی زوو هەڵدییَ ئەگەر تۆ بە شێری ڕۆژووگرتن ڕووبەڕووی بیتەوە.

هەر سەبارەت بە "نەفس" دەبینین "صابری" ئەم چەمکەی چەند جارێك بەکار هێناوە ،ودەیچوێنێت بە ئاژەڵی جۆراو جۆر لەوانە"گورگ وڕێوی"،بەڵام دەبینین زۆربەی تەشبیهەکانی هەر بەم دوو ئاژەڵەیە ! بێگومان "ڕێوی وگورگ" دوو ئاژەڵی زۆر فێڵبازن ،لەهەمان کاتدا سەرەڕای تیربوونیان لە پەلاماردانی ئاژەڵی تر دان، بۆیە "صابری" وتوویەتی:

(سەربڕینی نەفسی"أمارە"جیهادی ئەکبەرە

شێرە تەقوا نەفسە ڕێوی "صابری" ڕۆژی جیهاد)"ل٨٠"

لێرەدا هاوار بۆ سەربڕینی "نەفس" دەكات و پیێ وایە كە ئەمە گەورەترین جیهادە، دژ بە "نەفسی " ڕێوی ،هەر لە دێڕی دووەم "تەقوا " تەشبیه دەكات بە "شێر" ،شێریش تەبیعەتێكی سەیری هەیە،هەر كە تێر بوو ،هەرگیز بیر لە پەلاماردان ناكاتەوە ،ولە توانایی دایە زاڵ بێ بە سەر نەفسی خۆیدا.

لە وێنەیەكی تردا دەگەڕێتەوە لای گورگ ،كە ڕمزی بە هێزییە:

(گورگی نەفسم خستە ناو "اغنام"ی عومری خۆمەوە

ڕەنجەڕۆ خۆم وا بەجاریێ عومری گەنجیم دا بە باد)"ل٨١"

نەفس لێرەدا گورگە و تەمەنی "صابری"ش ئەو مەڕو ماڵاتەیە ،كە گورگ هەوڵی كوشتنیان دەدات ، هەر ئەو گورگە دەبێتە هۆی بەفیڕۆ دانی تەمەنی گەنجێتی "صابری".

قسەكردن لەسەر قۆناغێكی تر لە قۆناغەكانی ژیان دێتە ئارا كە ئەویش"پیرییە" لەم قۆناغەدا مرۆڤ تاڕادەیەك توانای كۆنترۆڵكردنی "نەفسی" بەد خووی هەیە:

("صابری"پیری وفەقیری گەرچی نەقسن بۆ موجاهید

بۆ شكاری نەفسی ڕێوی جووتە شێرن بۆ "جهاد"). "ل٨١"

"صابری" لێرەدا قسەكە ئاڕاستەی خۆی دەكات ودەڵێت:"صابری" گەرچی تۆ ئێستا پیری وهەژاری دەوری لێداوی ،كە ئەمەش نەقسێكە بۆ جیهادی دین ،چونكە لە جیهاد كردندا ئینسان پێویستی بە هێز وسەروەت وسامان هەیە ، هەر بەم دووانەش جیهاد دەكرێ، كەچی لە گەڵ ئەوەشدا "پیری وفەقیری"یەكەی لای تۆ دوو جووتە شێرن بۆ شكاندنی نەفسی ڕێوی، ئەمەیە هێز لای "صابری" كە توانێتی ئەو دوو خاڵە نەگەتیڤە بگۆڕی بۆ دوو پنتی ئەكتیڤ ، بۆیە سەرەڕای خەوشەكانی پیری وفەقیری كەچی "صابری"هەر شانازی پێوە دەكات.

لە دێڕێكی تردا سكاڵا وسەرزەنشتی"نەفس" دەكات،كە پەیڕەوی ڕەفتاری ناڕەوادەكات:

(ئاخ لە دەستی نەفسی لەئیمە تابعی دێوی ڕەجیمە

لائیقی ناری جەحیمە تابعی فیسق وفەساد)"ل٨٠"

واتە:شكات لە دەست نەفسی خراب وخوانەناس ،كەشایستەیە وەك شەیتان ڕەجم







بكرێ،موستەحەقی ئاگری دۆزەخە ،چونكە ڕیگای ناڕەوای گرتۆتە بەر، كە ئەمەش دوورە لەو ڕێگەیەی "صابری" مەبەستێتی.

هەر لە درێژەی باسكردنی "نەفسی ئەممارەدا"،كە بووە هۆی بە فیڕۆ چوونی تەمەنی گەنجێتی شاعیر ئەوەی دەبێتە مایەیی پرسیار بۆچی "صابری" هەر سەرزەنشتی تەمەنی گەنجێتی دەكات؟؟! دەبێت خۆی گەنجێكی بەد ڕەفتار بووبێت وئێستاش پەشیمانی دایگرتبێت!؟ یاخود تاكە مەبەستی خستنە ڕووی ترسناكی ئەم قۆناغەیە؟؟ نەوەی "صابری" دەیگێڕنەوە:صابری پێش ئەوەی وەك سۆفییەك ناسرابێ ،پۆلیس بووە،بەلام هەر لەو سەردەمەشدا مرۆڤێكی لە خوا ترس بووە،لێ ئەوەی سەرنجمان ڕادەكێشێت: دەبێت شاعیر وەك گەنجێك لە ئاست تیۆریدا كۆمەڵێك خەونی لادەری هەبووبێت ودەورووبەر ڕێگەی پیێ نەدابێ؟! چونكە ئێمە باس لە هەر دیاردەیەك بكەین ،نابێت سەردەمەكەی پەراوێز بخەین ،بۆیە گەر وەك هەر گەنجێك كۆمەڵێك هەستی ناوەكی هەبووبێت،ئەوە سەردەم وبیروباوەڕی بنەماڵەكەی ڕێگر بوونە،یاخود دەشێت ڕەفتاری گەنجەكانی دورووبەری وایلێكردووە خاڵە نەگەتیڤەكانی ئەم تەمەنە دەیان جار دووبارە بكاتەوە:

(نامیزاج وبیێ دەوا خۆم دڵ حەزین وناموراد

تابعی نەفس وهەوا خۆم گەنجی عومرم دا بەباد

غافڵ وغەرقی گوناهم عاسی ونامە سیاهم

ڕوو ڕەشی دیوانی شاهم عاجزی "یوم التناد")"ل٨١"

واتە:نامیزاج وبیێ چارەسەر بە خۆم ،كە چۆن كەوتمە شوێنی هەوای نەفس وتەمەنی گەنجێتییم دا بە بادا ئەمە وایلێكردم ببم بە كەسێكی خەمباروبە ئاوات نەگەیشتوو،تەنانەت ئەو كاغەزەی كە كردەوەكانمی تیادا نووسراوە ڕەشە "لە ئیسلامیشدا ئەم ڕەنگە بۆ گوناه بە كاردێت ، هەر كردەوەكانی خۆمە ڕوو ڕەشی دیوانی خودام دەكات لە ڕۆژی مەحشەر.

لە شوێنیكی تردا لەش ودڵ ودەروونی بە بلور ئەچوێنێت لەڕووی شەفافی وناسكی_ لە ناوچەی گەرمیان بە شووشەی (لالە)دەوترێ بلور ،نەفسیش بە دووكەڵی ڕەشی ئەو بلورە تەشبیه دەكات كە خۆی لە خۆیدا دەردو بەلایە،دودیش بلور ڕەشدەكاتەوە،بۆیە كەسی بەرامبەر ئەدوێنیێ كە خۆیەتی،خواستی دوورە پەرێزییە لەو(دودە_دووكەڵ) (٧):

(دودی نەفسی سوفلە غەم ودەرد وبەلأیە

دوربیّ لە لەشی نازکی تۆ عەینی بلوری)"ل٢٠٦"

"صابری" یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خودانی توانایەکی بیّ ئەندازە بووە لە زانستی ڕەوانبێژیدا،زۆر زیرەکانە کاری کردووە و وردەکارییەکی یەکجار جوانی لە بیرو مانا وزمان لە شیعرەکاندا بەکارهێناوە ، لە هەمووشی جوانتر، ڕاستگۆیی وسادەیی لە دەربڕیندا،لە وێنەیەکی تردا "نەفس" دەکاتە کوڕێکی بە هێز و دنیا وەك دایك ، فەرمان دەکات کە ئەو کوڕە ببڕدرێتەوە

( بڕین: لێرەدا کاری داخوازی _ ئەمرە)،بڕینەوەش بۆ زۆر شت بە کاردێت وەك مەڕو مالأت، بەلاّم لێرەدا مقصەدی بڕینەوەیە لە شیر، کە لە ئیسلامدا پاش تەمەنی دوو ساڵی (حولین کاملین)دەبێت، ئەوەی دەمەویّ تیشك بخەمە سەری هێنانی ناوی (کوڕ)ە لە بڕی ناوی (کچ)بۆ؟؟ فرۆید لە (گرێی ئۆدیب)دا ئەو پەیوەندییە بە هێزەی نێوان کوڕ ودایك دەخاتە ڕوو،دەشێت ناوی (کوڕ) (گرێیّ ئۆدیب)بێت ،چونکە ئەم گرێیە شاعیر خۆی درکی پێی ناکات ،بەڵکو لە ڕێگای بەرهەمەکانیانەوە خوێنەر پەی پییّ دەبات،یان ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ناوی(کوڕ) رەمزی بە هێزی وشەهوەتە ! ! !،یاخود هۆکاری هێنانی ناوی کوڕ بە مەبەستی ئەوەیە،کە لەو سەردەمە کچ بایەخی پییّ نەدراوە بەپییّ پێویست،دەبێژێت:

(کوڕڕی نەفست لە شیری دایکی دونیا ببڕەوە"صابر"

لە میوەو مەوهیباتی رەحمەتی رەحمان بیّ بەری تاکەی)"ل١٩٤"

: لەم وێنەیەدا"نەفس" دەکاتە ئەو کوڕەی کە هەر لە منداڵیەوە دەبی ببڕدرێتەوە لە خۆشی ولەزەتی دونیا،"شیر" ڕەمزە بۆ شرینی دنیا،چونکە هەر مرۆڤێك گەر ویستی ئەم دنیا دەستەبەربکات بە هەموو خۆشیێکانییەوە، بێگومان بیّ بەری دەبێت لە میوەجات ولەزەتی بەهەشت،بۆیە شاعیر دەپرسیّ تاکەی؟؟؟

پاشان دێتە سەر پاڕانەوە لە خودا وخوازیاریی بتەو کردنی دینەکەیەتی وبەهێزکردنێتی وەك با و "نەفس"ی ڕیسوا بکات، لێرەشدا ئەیشوبهێنیّ بە "مێشوولە" ئەم گەزندەیەش سروشتی وایە بە هەموو شتێکی پیسەوە دەلکیّ:

(یاخودا دینم قەوی کەی نەفس نابوود ونەوی کەی

نەفس وەك مێشوولە وابیّ تاعەتم مانە ندی باد)" ل٨٢"







جارێکیتر دێتەوە سەر باسی گەنجێتی خۆی ،کە نەفسی بەد خوو بە فیڕۆی داوە،داوا لە یەزدان دەکات بیباتەوە سەر ڕێگای ڕەشاد،بێگومان زۆر گرنگە مرۆڤ بە شێوە "صابری" بە خۆیدا بچێتەوە،وەك پێغەمبەر "د.خ"وتوویەتی(کل بنی ئدم خگاو وخیر الخگائین ،التوابون) واتە:(هەموو نەوەی "ئادەم"هەڵە دەکات ،بەلاّم چاکترینیان ،تۆبەکارانە):

(ماڵ وعومرم چوو بە زایە "**باعث**"ی نەفس وهەوای

یاخودا ساپایە پایە بێمەوە سەر رێی رەشاد)."ل٨١".

("**یاالە العالمین**"وپادشاهی بیّ نیاز

رستگارم کەی لە داوی نەفسی پیس وحیلە باز)"ل٩٢".

والێرەشدا پایە پایە داوای گەڕانەوە دەکات بۆ ڕێگای ڕاست،بۆلای خودای بیّ نیاز.

"صابری" سۆفییەکی سەر بە تەریقەتی قادری بووە ،بۆیە خۆی ئەدوێنیّ سۆفی ئاسایەك، کە عومری بیّ زیکری خودا،بە فیڕۆ نەدات، شێرانە لە جەنگدا بیّ دژ بە نەفسی ڕێوی:

(بیّ یادی خودا عومر بە زایع مەدە سۆفی

شێرانە لە گەڵ رێوی نەفسا لە غەزابە. "ل١٧٥".

هەر سەبارەت بە ناسینی خود وەك لە پێشەکیدا ئاماژەم پێدا"صابری" سەرزەنشتی خۆی دەکات ،کە نەفسی خۆی بناسیّ وبە خۆیدا بچێتەوە ، وا تەمەن لە پەنجا تێپەڕیوە ،کەچی هێشتا لە خوی وخودا تێنەگەیشتووە،تەمەنی پەنجا ساڵی کە لەم دێڕەدا هاتووە لای زۆربەی گەورە نووسەرانی دونیا دووبارە بۆتەوە ،بە تایبەت ئەوانەی هەڵگری بیری عەدەمییەتن وەك سادقی هیدایەت ،بەلاّم جیاوازییەکەی لە سەردەم ورووداو وئایدیا بەکارهێنراوەکاندایە ،هیدایەت دەڵێت(ژیان لەودیو پەنجا ساڵییەوە،خلەفانێکی گەورەیە)(٨).

"صابری"یش دەڵێت:

(حەیاکە"صابری"نەفست بناسە خوا شوناسیکە

لە پەنجا تێپەڕی عومرت لە خۆت وخوا نەبووی حاڵی)"ل٢٠٢".

بێگومان "صابری" هەروەك "مەحوی" وهاوبیرەکانی تری زۆر لە سەر "نەفس" دەڕوات وسەدان لاپەڕەی تری لێدەبێتەوە ،ئەو دەقانەی "صابری"ش بەو تێکستانە ئەژمێردرێن

که هەڵگری هەموو کارتێکەرەکانی ژیان وبوونن.

**"نامۆیی" لەدەقەکانی "صابری"دا:**

نامۆیی:(ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا لاتینییە، بە زمانی عەرەبی بە واتـایی اغـتراب دێـت ، لـە زمانی لاتینیش بە واتایی داماڵین یان لابردن دێت"alienare"، ئەریك فـرۆم بـەم شـێوەیە پێناسـەی نـامۆیی دەكـات:(جۆرێكـە لـە تاقیكردنـەوە ، مـرۆڤ تیـادا وەك نامۆیـەك دەژی، دەکرێ بوترێ بۆتە کەسێکی نامۆ لە گەڵ خۆیدا وبۆجیهـانی خـۆی نـاژێ ودرووسـت كـەری ڕەفتارەكـانی نییـە، بـەڵكو كـردەوە و ئەنجامـەكانی دەبێتـە ئـەو سـەركردەیەیی كـە فەرمانەكانی جێبەجێ دەكات وتەنانەت دەیپەرستێ)(٩)

ئەم جۆرە نامۆییەییەی فرۆم باسی دەكات نامۆیی مرۆڤە لە خودی خۆی ،چونكە چەندەها جۆری نامۆیمان هەیە ،لەوانە:نامۆیی لە خودا ، لە خود ....هتد.

بێگومان ئەوەی من لای "صابری" بەدی دەكەم نامۆبوونە لە خود،وەك د.زەكەریا كە دێتـە سەر باسی نامۆیی لە لای "هیدجر" دەڵێـت"نـامۆیی لـە خـود مـەرجی یەكەمـە بـۆ دەسـت بەسـەراگرتنی هــەر بیركردنەوەیــەك لــە مردن،شـۆڕبوونەوەیە بــەرەو ئاسـتی بــوونی ساختەكاری،كە زامنی خۆگێل كردنمان دەكات لە ڕاستی بوون لە پێناو مردن" (١٠).

هەر دەقێك كە دەنووسرێت ،لایەنێك لە فراوانـی ژیـان ورەهەنـدەكانی دەگرێتـەوە، نـامۆیی وەك حاڵەتێكی دەروونی واله شاعیر دەكات ،فاكتەرێك كاری تێبكات و هەست بـە نامۆیـەك بكرێ لە وەختی خوێندنەوەی دەقەكانیدا ،زۆر جاریش بەتایبـەت لای شـاعیرە سـۆفییەكان "ئـاین "دەبێتـە هـۆی ئـەو نامۆبوونـە.هـەر وەك د.(عبـده بـدوی)دەڵێـت"وەسـتان لـە لای شاعیرانی تەسەوف هەر لە مێژەوە بازدانێكی روحی گەورەیی بەخۆوە بینییـوە بۆنموونەلـە لای شـاعیران (ابـن عربـی وابـن الفـارچ)بـوونی خۆیـان دەتوێننـەوە لـە پێنـاو زاتـی گـەورە ،تەنانەت لە پاش ئەوە دەگەنە ئـەوەی نكـۆڵی لـە خـودی خۆیـان بكەن،شـوێنی گـوزەرانی ئەوان خەڵوەتگەیە ،خۆشەویست لای ئەوان پێغەمبـەرە(د.خ)،مەبەسـتیش لـە خۆشەویـست وەك "البـورینی" دەبینـێ خـودی خودایـە،گرنگ لێـرەدا وەك (القـشیری) لـە نامەكـەی دا دەڵێت:توانەوەی عاشق بە ڕەوشتەكانی وچەسپاندنی مەعشوق بە زاتی خۆی!"(١١)

ئایـە ئـەو نامۆبوونـەی لـە لای "صـابری" هەسـتی پێـدەكرێ ،دەشـێت هـەژاری وبێـزاری دەوروبەرەكەی وایلێكردبێ! ؟یاخود هەست كردنە بە كەمێتی خود؟یان ویستوویەتی ژیـان وەك خەڵوەتگەیەك پیشان بدات بۆ گەیشتن بە پلەی باڵا؟!

چـونكە "شـیعر تەنیاگوزارشـت كـردن نییـە لـە خـودی تاكـە كەسـی بەرهـەم هێن،بـەڵكو هەوڵدانیشە بۆ دوور كەوتنەوە لە خودی ئەو تاكە كەسە"(١٢)

لـە ڕێگـەی شـیكردنەوەی چـەند دەقێكـی "صـابری" هەوڵئـەدەین ئـەو گریمانەیـە ڕوون بكەینەوە .

لەم دێڕەدا پرسیار لە خۆی دەكات ،كـە تاكـەی بـە دوای خـانوو ونەقـشی دونیـا دەكـەوێ ،وادین وتەمەن هەرەسیان هێنا:

("صابری"تەعمیری نەقشی خانوو مانو تابەكەی

كێوی عومر ودین ئەوا هەردووكە هێنایان هەرەس)"ل١٠٢".

هەر لە هەمان شیعری پێشودا ، لە دێڕێكی تردا پرسیارێكی لادروست دەبێـت كـە خـۆی لـە خۆیدا هەڵگری دنیایەكە لە نامۆبوون ونائومێدی ،سەبارەت بـە ژینـی خـۆی كـە چـۆن شـەو وڕۆژی بەسەر بردووە:

("صابری"ڕۆژ وشەوێ خۆشی لە عومری خۆی نەدی

بەزمی ڕۆژی ناڵە ناڵە وئەشكی چاوی شەو چەرەس)"ل١٠٣".

لێرەدا لە بەد بـەختی خـۆی ئـەدوێ ،كـە لـەم عـومرە هـیچ خۆشـی نەدیووە،پیـشەی ڕۆژی هاواركردنـە ،نـاڵێن دەشـێت لـە دەسـت نـەگونجانی خـۆی بـێ لەگـەڵ دنیاوڕەنگیـشە وەك سۆفییەك پاڕانەوە بێت لە خودا،فرمێسكی چاوانیشی هەر وەك شەو چەرەس بـەردەوام لـە دووبارە بوون دایە.

وشەی (خۆشـی)لێـرەدا كـە نـاوە ،جـارێكیتر دەبێتـە هـۆی سـەرنج ڕاكێـشانی ئێمـە ،ئـاخۆ خۆشی لێـرەدا بـە مانـا گـشتییەكەی هاتووە؟یـان مەبەسـتی خۆشـی وەرنـەگرتن بـووە لـە دنیا،چونكە خۆشی حەقیقی لای سۆفیەكان بەگشتی ساتی نزیكبوونەوەیـە لـە خـودا كـە ئەویش لە ڕیگای ئیتاعەت و زیكـرەوە دێت،چـونكە ڕیـێ تـێ ناچێت "صـابری" مەبەسـتی خۆشی دونیا بێت.ئەگەریش مەبەستی خۆشی دنیا بووبێـت ئـەوە (دووفـاقی كەسـێتی ) لـە لای "صابری" بە دی دەكرێت.

هەڵبــەت گــەر كەســێكیتر ،باســی لــە تەڵعــەتی كــچێك بكردبایــە ،بــە كــچی حــەقیقی تێدەگەیشتین،بەڵام "صابری"لەدووری ئەو شۆخە ،تەنانەت لە روحـی خـۆی مەیئوسـە، لـە

تەسـەوفدا "ئـافرەت"سـومبولی گەیـشتنە بـە عەشـقی ڕاسـتی وگـەورەتر ،کەئـەویش خودایە"ئەم چەشنە دڵدارییە بە ناوی دڵداری خودایەتی (الحب الالهی) لێك دەدەنەوە"(١٣) "صابری"لەدووری ئەو هەست بە نەبوونی خـۆی دەکـات ودەگاتـە حاڵـەتی بێـزار بـوون لـە روح:

(لەدووری تۆ لە پاکەوتم نەهاتی دەستی من بگری
بە چاوی تۆ هیلاکە "صابری"بێزارە لەم روحە)"ل١٦٣"

بێگومان ئەوەی کە خاوەنی روحە خودایە، دەست گرتن لێرەدا گەر بە شـێوەیەکی تـر لێـك بدەینەوە ، ئەوە دەشـێت میتـافۆر بێـت بـۆ داواکردنـی گەڕانـەوەی ئەبـەدی بـۆلای خـودا، چونکە هەردوو وشەی (هیلاك وبێزاربوون)ی هێناوە ،هیلاکبوون لە ساتەکانی کۆتایی ژیـانی مرۆڤە ،هەر ئەوەش دەبێتە مایەی بێزاربوون لە روح.

(پیکەوەهاتنی ژیـان ومـردن لـە یـەك کاتـدا وپەیوەنـدی نێوانیان،جـەخت لەسـەر دژیـەکی هەسـتکردنی شـاعیر دەکـات کـە هەسـتی پێـدەکات لـە هـەردوو جیهـانی دەرەوەو ناوەوە،لێرەوە ئەم پارەدۆکسە زارەکی وفیکری نابێت،بەڵکو دژیەکییەکی بوونی "وجودی" دەبێت لە سروشتی ژیان وسروشتی تاك ،ئەگـەر هەسـت کردنمـان بـە جیهـان، ناسـرابێ بـە ڕوونی ،ئـەوە هەسـت کردنمـان بـە مـردن ناسـراوە بـە نادیـاری وئـاڵۆزی،لیرەوە شـاعیرانی کلاسیێك گەیشتن لە مەبەستەکەی فرۆید کە هەردوو غەریزەی خۆشەویستی ومردن بـە دوای یەك نایەن بەڵکو ئاوێتەی یەکدی دەبن)(١٤) هەر ئەم هەسـتەیە کـە لای "صـابری "بـوونی هەیە.

لە شیعرێکی تردا باس بچووکی وبێ وەفایی دنیا دەکات، وەك ئەوەی لەوە پێش تەجروبەی کردبێ،پیێ وایە ئەوە ناهێنێ مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات ،بەڵکو دەبێ هەمیشە ئـەوەی لـە یـادبێ کە هەر دەڕوات وجگە لە کۆچەرێك هیچی تر نییە ، مرۆڤ دەخاتە بەرامبەر ئەو ڕاسـتییەیی کە گەر هەموو هەوڵی بۆ دونیا بێ ،باشە سبەی لە ڕۆژی قیامەت لە بەردەم دیوانی خـودا دا وڵامی چی ئەبێ؟؟دەڵێت:

(بەس بکە مەیلی جهانداری لە دونیای بێ وەفا
نایەنێ ئەم قیمەتە کەم بۆی بخۆ جەور وجەفا
ساعاتێ فکری قیامەت کە کە سبحەینێ ئەڕۆی







چی ئەکەی جوابت چییە تۆ چی ئەڵێی لەو ڕۆژەدا)"ل٤٩"

هەرچەندە "صابری" کەسێکی زۆر سادە وهـەرگیز گۆشـە گـیری پێـوەی دیـار نـەبووە لـە ژیانی خۆیدا،تەنها ئەوە نەبێ، کە نەوەی "صابری"خۆیان دەیگێڕنـەوە:لـە دێکـەی خۆیـان کۆمەڵە بەردێکی کەڵەکە کردبوو ئێواران لەسەری دائەنیشت بۆ نووسین وتێفکرین لە بوون ،بـەلاّم لـە ئاسـت تیۆریـدا نـامۆ بـوون بـە دی دەکرێت،ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە "صابری"وەك سۆفییەك لە هەمان کاتدا وەك زانایـەکی سـەردەمەکەی خـۆی،تێڕوانینی بـۆ دنیا جیاواز بووە،بۆیە لەو ئێمەیە دادەبڕیت کە کۆمەڵگایە و دەگـەڕێت بـە دوای ئێمەیـەکی نوێدا کە سۆفییەکانە.هەر لە گەڵ ئەو ئێمە نوێیەشـدا هەسـت بـە ئـارامی دەروونـی دەکـات وپاشان بەرەو داهێنان .

تەواو وەك ئەوەی ( د.دڵشاد عەلی ئاماژەی پێدەکات جیابوونەوەی مـن لـە ئێمـەو دروسـت بوونی ئێمەیەکی نویێ یە)(١٥) ئەمەیەدەروازەی نامۆیی ولـە هـەمان کاتـدا داهێنـان لـە لای صابری .تەنانەت خۆی لە گۆشەگیرییەکەی دەپرسێ:

("صابری"تاکەی لە نەزم ووشاعیری وازنایەنی
رووت لە ئاوایی نییە ،دائیم لە چۆڵ وکەڵبەزی)"ل٢٠٣"

ژیـان کـە لـە لای "صـابری" "دار الفـانی"یـە وشـوینی مانـدووبوونی روح وهەڵخەڵەتانـدنی مرۆڤەکانە،دەبێ چۆن هەست بە نامۆیی نەکات ،کە ئەو هیچ جوانییەکی تیـادا نابینێ،جگـە لە ژەهراوی بوونی:

(لەزەتی دونیا هەموو زەهراویە سەر تاقەدەم
"صابری"خۆت لادە گەر بوی بە خاوانی"متاع")"ل١٢٠"

دیسانەوە لە وێنەیەکی تردا ،بێ قەراری لای"صابری" سەر هەڵئـەدات و تـەنیایی خـۆی لـە دنیا پیشان ئەدا وەك ئەوەی بێکەسبێ، دوا چاوەڕوانیی ئەو، گەڕانەوەیەتی بۆ لای خودا:

("یا گبیبی"ئینتزارم _ اتصالت کەی دەبێ
زەهری دوری کوشتمی شەهدو ویصاڵت کەی دەبێ)"ل١٩٦"

ئەوەی دەبێتە مایەی تێفکرین هەردوو کـاری(اتـصال ویـصال)ە لێـرەدا دەشـێت مەبەسـتی شاعیر گەڕانەوە بێت بۆ لای خودا کە دیوانی حەقە ، رەنگیشە مەبەسـتی توانـەوە بێـت لـە عشقی خوا دا،کە یەکێکە لـە پلـەکانی تەسـەوف، دەگەڕێمـەوە لای وشـەی (ویـصال) ئـەم

پەیڤە زۆرجار بۆ ژوانی نێوان عاشق ومەعشوق بە کاردێت، بۆیە ئەو ویصالەی "صابری" مەبەستێتی بە یەکگەیشتنێکی عاشقانەیە دگەل خوا،عاشق بوونی خودا بەم شێوەیە کردارێکی نامۆنییە،چونکە (رابعە العدوی)یەکەمین کەس ئەم جۆرە عیشقەی هێنایە نێو ئاینی ئیسلامەوە.

ئەگەر وێنای "صابری" بۆ دنیا وجوانییەکانی جگە لە خەڵەفاندن هیچیتر نەبێ ،دەبێ نامۆ بوونی لە دنیا گەیشتبێتە چی پلەیەك؟؟! ،(هەرچەندە لە بنەڕەتدا مەسەلەی بوون لای سۆفییەکان هیچ ماهییەتێکی نییە)(١٦)

دوا جاریش "صابری" پێمان دەڵێت:

(لە شەهدی تەرکی لەزەت تەرکی ،لێوانت ئەگەر مردی
بە"صم بکم"ئەورادی دڵت"اللەأکبر" بێ)"ل٢٤٧".....

هەر لەم وێنەیەشدا دەبینین "صابری" جارێکیتر دەست بەرداری دونیا دەبێت، بێگومان مەبەستم دیوە ناشرینەکەی دونیایە، کە لە گەڵ بیرو باوەڕی شاعیر نەگونجاوە، ئامۆژگاریمان دەکات کە (تۆ _ ئێمە) وەك صابری وهاوشێوەکانی دەسەڵاتمان هەبێ بە سەر زاتی خوماندا،تا دوا ساتەکانی ژیان ،قسەی دەروونمان (اللە اکبر)بێت.

## پەراوێزەکان:

*:القران الکریم

١: دوا گفتوگۆکانی بورخیس وئۆسڤالدوفراری ،و.رەووف بێگەرد،دەزگای سەردەم،سلێمانی_٢٠٠٤،ل٢٢١

٢: ئەریك فرۆم،هونەری گوێگرتن، و.بەهزاد حەوێزی، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر_٢٠١١.ل٦١

٣: هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل٦٣

٤: مەولود ابراهیم حەسەن ،گەڕان بە دوای نەمریدا ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس،هەولێر_٢٠٠٢.ل٩٤

٥:ئینتەرنێت،الموسوعە الاسلامیە

٦:التمهید لابن عبد البر ٢٤٢

٧: فەرهەنگی خاڵ ،بەرگی دووەم ،چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەران ،سلێمانی_١٩٧٤ز.ل

٨:زمناکۆ بورهان قانع ،سادقی هیدایەت لە ناو تۆڕی عەنکەبوودا،چاپی یەکەم ،چاپخانەی بینایی، سلێمانی ٢٠٠٧،ل٣.

٩: د.حسن محمد حسن حماد،الاغتراب عند اریك فرۆم ، الطبعة الاولی،المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر ،بیروت ١٩٩٥ ،ص٣٧

١٠: د.زکریا ابراهیم، دراسات في الفلسفة المعاصرة،الجزء الاول ،مکتبة مصر ،الطبعة الاولی ١٩٦٨ ،ص٤٣٦، ٤٤١.

١١: د.عبده بدوی، قضایا حول الشعر ، الجزء الاول ،مطبعة ذات السلاسل الکویت.١٩٨٦ ، ص ٣٤

١٢: مارف خەزنەدار ،مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی سێیەم ،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر ٢٠٠٣،ل ١٦٧.

١٣: عەتا قەرەداغی ،گەڕان بە دوای شیعرو شیعریەتدا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان ،سلێمانی ٢٠٠٩،ل ٣٣٨_٣٣٩.

١٤:قضایا حول الشعر ، د.عبده بدوی، ل٢٥

١٥:گۆران داهێنان ونوێخوازی ،د. دلشاد عەلی،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ،ژمارە (٢٠)بەشی (B)٢٠٠٧،ل٣٤

١٦: تەوەری ئەدەبی،ئامادەکردنی:ئیدریس عەلی،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆمان،سلێمانی_٢٠٠٩ ،ل١٥٣


بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودم لەم سەرچاوانە بینییوە:

*دیوانی "صابری"،چاپی دووەم ،چاپخانەی ئاسیا،کەرکوك_٢٠٠٨

* ئەریك فرۆم،هونەری گوێگرتن، و.بەهزاد حەوێزی، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر_٢٠١١ .

*مەولود ابراهیم حەسەن ،گەڕان بە دوای نەمریدا ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس،هەولێر_٢٠٠٢.

*دوا گفتوگۆکانی بورخیس وئۆسڤالدوفراری ،و.رەووف بێگەرد،دەزگای سەردەم،سلێمانی_٢٠٠٤.

*تەوەری ئەدەبی،ئامادەکردنی:ئیدریس عەلی،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆمان،سلێمانی_٢٠٠٩.

*فەرهەنگی خاڵ ،بەرگی دووەم ،چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەران ،سلێمانی_١٩٧٤ز

* عەتا قەرەداغی ،گەڕان بە دوای شیعرو شیعریەتدا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان ،سلێمانی_ ٢٠٠٩.

* مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی سێیەم ،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر_ ٢٠٠٣.

* زمناکۆ بورهان قانع ،سادقی هیدایەت لە ناو تۆڕی عەنکەبوودا،چاپی یەکەم ،چاپخانەی بینایی، سلێمانی_ ٢٠٠٧.

*گۆڤاری زانکۆی سلێمانی .ژمارە (٢٠)حوزەیرانی ٢٠٠٧.بەشی (B).

* د.حسن محمد حسن حماد،الاغتراب عند ایریك فروم، الطبعة الاولی،المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع ،بیروت.١٩٩٥

* د.عبده بدوی، قضایا حول الشعر ، الجزء الاول ،مطبعة ذات السلاسل الکویت.١٩٨٦.

*د.زکریا ابراهیم، دراسات في الفلسفة المعاصرة،الجزء الاول ،مکتبة مصر ،الطبعة الاولی ١٩٦٨.



مەحمود نەجمەدین

# شیعرێک لە سەدەی بیستەوە بۆ سەدەی بیست و یەک

## قودسیەتی شەهید لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا

### بەشی چوارەم

شەهید ئەو رەمزەیە هەمیشە لەئەدەبدا قودسییەتی پێدەبەخشرێت و وەك رەمزی جوانی و شەهامەت و جوامێری سەیردەکرێت. زۆرجار شۆڕش و شۆڕشگێڕ رووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە بەڵام شەهید موقەدەسێکە و هەرگیز ئەو مەقەدەسە ناشکێت. رەمزی جوانی و قارەمانێتییە و لە ئەدەبی گەلاندا پایەیەکی گرنگی هەیە. واسین ئەلئعرەج لەرۆمانی مرۆڤێك ناوی لەناوانانییە باس لەشەهید دەکات لەشۆڕشی جەزایردا، قودسیەتی شەهید







لەشۆڕشدا، شەهید ئەو رۆحە موقەدەسەیە کە هەمیشە خاوەنی وێنەیەکی جوانە لەئەدەبدا، لای شاعیر شێرکۆ بێکەس شەهید ئەو موقەدەسەیە کە بووە بە رەمزی شیعر. لە زۆرینەی شیعرەکانیدا شاعیر لەبارەی شەهیدەوە دواوە. شەهید رەمزی نەتەوە و نیشتمان و شیعرە. لێرەدا بەنموونەهێنانەوە لەبارەی شەهید لە ئەزموونی شێرکۆ بێکەسدا دەدوێین .

لەشیعری ٢٤ساعات دا شاعیر دەڵێت:

وێنەی زیندووی خوێن مژەکان
چاوشۆڕی دامێنی پەڕن
وێنەی مردووی شەهیدەکان
سەیری ئاسمانی بەرز ئەکەن

ئەم شیعرە بەراوردی وێنەی خوێنمژی زیندووی سەرشۆڕە لە گەڵ وێنەی شەهید کە سەربەرزو بڵندە. شاعیر لەم شیعرەدا قودسیەتی و جوانی شەهید وێنا دەکات و هاوکات وێنەی خوێنمژێکی زیندووی سەرشۆڕ دەکێشێ. لەم پارچەشیعرەدا رۆحی شەهید زیندووترە لە رۆحی پیسی خوێنمژ. لەشیعری داستانی هەڵۆی سور دا شاعیر دەڵێت

هاوڕێکەم بۆی نووسیبوم:

ئەمڕۆدووقەڵەمی شەهید
سەرخوێناوی
گەیشتنەوە وهاتنەوە شار
باخێکی زۆر
باخی گشتی، باخچەکانی بەختیاری و،
ناوسەرچنار
گردێکی زۆر شاخێکی زۆر
مامەیارە، سەیوان، ئەزمڕ، پیرەمەگروون
هەموبەرەو پیریان ئەچوون
هەمان رۆژیش
لەسەرشانۆییەکی مل کەچ
چەند قەڵەمێکی چاوحیزی
ناوبانگ زراو
قەڵەمەکانی گیرفانی موشیری حەمەی
سلێمان
راپۆرت یان ئەدا لەبەردەقارەمان و
دەستیان ئەخستە ناو دەستی
فرایزەر و
ئەکەوتنە پێشی سیەکان

شێرکۆبێکەس لەم پارچە شیعرەدا کە بەشێکە لە شیعری داستانی هەڵۆی سوور باس لە گەڕانەوەی شەهید دەکات. شەهید لە جوانی وبڵندی شاخ و پیرۆزی خاك موقەدەسترە. لەگەڕانەوەی



دووشەهیدا کەشی بۆنەیەکی پیرۆز دەدات بەنیشتمان و باخەکانی شار و شاخەکان لە ئامادەباشی و لە پێشوازی شەهیدان. گەڕانەوەی شەهید لەکەشی خەیاڵ و خەونی شاعیردایە و شەهید وەك جەستە هیچ پەیوەندییەکی بە دونیای فانییەوە نەماوە و ئەو گەڕانەوەیە گەڕانەوەیەکی خەیاڵی و زیاتر خەونە و گەڕانەوەیەکی شیعریە. هاوکات لەم شیعرەدا باس لە ئامادەگی قەڵەمە راپۆرت نووسەکان دەکات، موشیری حەمەی سلێمان وەك نموونەی گەورە سیخوڕ و





راپۆرت نووس دەشوبهێنێ بە راپۆرت نووسەکان. موشیری حەمەی سلێمان گەورە راپۆرت نووس ئەو راپۆرت نووسەیە کە ناپاکی لە شێخ مەحمودی حەفید کرد و ئیدی موشیر بوو بە رەمزی ناپاکی و لە چەندەها تێکستی ئەدەبی دیکەشدا باس کراوە. جەبار جەمال غەریبی چیرۆکنووس لەیەکێ لەچیرۆکەکانیدا ئاماژە بە موشیر دەکات وەك ناپاکێك. شاعیر لێرەدا لەگەڵ گەورەیی شەهید و پیرۆزی و زیندەگی ئەو رۆحە پیرۆزەدا باس لە سەرشۆڕی راپۆرت نووسەکان دەکات .



ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

# لەناو دۆزەخ و بەهەشتی نووسیندا

لە کۆتایی شەستەکانەوە تا ئەمڕۆ چل ساڵێك دەبێ کەوتوومەتە ناو دۆزەخ و بەهەشتی نووسینەوە، لەم ماوە دوور و درێژەدا، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم تەنها سێ یا چوار دیمانەو چاوپێکەوتنی ئەدەبیم بەنا بەدڵی ئەنجامداوە... ئەمەش یەکەمجارمە باس لە ئەزموونی نووسینی خۆم دەکەم..! مرۆڤە کەمدووەکان حەز بە خۆ دەرخستن و فیشاڵ و فشە فشی سەر رۆژنامەو گۆڤارەکان ناکەن. خۆ ئەوانەی وەك منیان نەکردووە، مافێکی رەوای خۆیانە...

من لای خۆمەوە ئەم خووەم بۆ کاریگەریی کەش و هەواو سروشتی وشك و سەختی ئەو دەڤەرەی گەرمیانی لای خۆمان دەگەڕێنمەوە، کە تەمەنی منداڵیم تیایدا بەسەر بردووە... منداڵێکی ناو خێزانێکی نەخوێندەواری هەژار، کە رێگای پێ نادرێ بەئارەزووی خۆی نە پێبکەنێ و نە بگری هەروا دەبێ. منداڵێك لە کەش و هەوایەکی ئاوادا بژی بەڕادەیەك عارەبانەیەکی لەتێل دروستکراویشی دەست ناکەوێت پەنا بۆ دوو شت دەبات بۆ کپکردنەوەی حەزەکانی. کە ناتوانێ لێی قەدەغە بکات...

یەکەم خەون و خەیاڵە، دووەمیشیان خۆڵ و بەرد و قوڕی دەورووبەرەکەی.. یەکەمیان باڵی پێ پەیدا دەکات و بۆ کوێی بوێ دەڕوا، بەوی دیکەشیان یارییە لێ قەدەغە لێکراوەکانی بۆخۆی پێ مەیسەر دەکات.. ئەم دوو پەنایە، هەر لەو دەمانەوە لەگەڵما هاتوون، ساڵ لەدوای ساڵیش شتی نوێم لێیان دەسازاند، لام گەورە دەبوون، بەجۆرێکی







دیکە و شێوەیەکی شیاوتر خۆشم دەویستن و دەملاواندن، تا دەهاتیش دوورتر بڕیان دەکرد.. لەگەڵ بینین و بیستن و خوێندنەوەکاندا، مانا و مەبەستی تریان لەخۆ دەگرت و سەیر و سەمەرەتر دەبوون، ئەوەندەش چڕ و ئاڵۆز بوون قەتم ماڵی بۆ نەدەکران و پیانا نەدەگەیشتم.

بەڕێزان.. باسکردنی ئەزموون لە نووسینی دەقێکی ئەدەبی گەلێ قورستر و ئاستەنگترە. ئەزموونی نووسین، راستگۆیی مەرجی سەرەکییەتی، لەگەڵ ناخ و زاتی خۆتدا دەبێ راستگۆیانە بێیتە گفت، ئەگینا بەر لە هەموو کەسێك خۆت دەخەڵەتێنی..

کەچی لە نووسینی چیرۆکێکدا ئەگەر توانات بەسەر هونەری گێڕانەوەدا بشکێ، بەئارەزووی خۆی دەتوانی بە درۆی سپی خوێنەر هەڵخەڵەتێنی و وای لێ بکەی باوەڕ بەو دنیایە بکات کە تۆ بۆ مەبەستێك بینای دەکەی.. دەتوانێ لە ساتێکدا بزەی پێ بێنی و دەمێکیش چاوی نماوی بکەی.. ئەم هەڵخەڵەتاندنە جێگەی دەستخۆشییە..

لە کۆتایی شەستەکاندا لەو گەرمیانە وشك و برینگەی ئەوسا هەرچەندە ئێستاشی چوون ئەوسایە و گۆڕانکارییەکی وای بەخۆوە نەبینیوە، لەوەش ئەستەمتر ئەو دێهاتانەی دەورووبەری چاڵە نەوتەکانی لەو دەشتە کاکی بە کاکیەدا کە شەو و ڕۆژ نەوتەکەی دەبەن بێبەش لە قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و ئاوی خواردنەوە، رێگاکانیش هەر خۆڵە پەتانیەکەی جارانە.

وتم لە کۆتایی شەستەکاندا بوو بێ ئەوەی بزانم چیرۆك چۆن دەنووسرێت، چ هونەرێکی گەرەکە بە کوردییەکی شلۆق شتێکم نووسی سەیری لەوەدایە لەو نووسینەمدا باسم لە هەژاری و داماوی دەورووبەرەکەی خۆم تیادا نەکردووە. کەسێکم نەکردووە بە شا کەسی ئەو نووسینە، کە لە رۆژنامەی برایەتیدا بەناوی چیرۆکەوە بڵاویان کردبووەوە.. بەڵکو باسی "دارێك"م کردووە کە فڕۆکەکانی ڕژێم لە بۆردومانکردنی دێیەکدا دارەکە دەسووتێنن.. بەڵام ئەو دارە، لە نووسینەکەمدا، یان وەك رۆژنامەکە ناوی چیرۆکی لێ نابوو چرۆ دەردەکات.. دێکە بەتەمای ئەو چرۆیە دەبن بە ئومێدی ئەوەن بێتە دارێکی گەورە و سێبەرەکەی دێکەیان بگرێتەوە.

ئیتر ئەو "نووسینە" بووە کۆتێك و لە ملم ئاڵا.. من راشکاوانە دەڵێم: هەوڵە براییەکانم کەم ئەزموونی پەلەپروزی و ساکاریان پێوە دیارە، هەستێکی ڕۆمانسیانەی سادەن و گێڕانەوەیەکی راست و کوتومتی راپۆرت ئاسا رووداوەکانم گێڕاوەتەوە.

شارەزای هونەر و تەکنیك و ڕێبازە ئەدەبییەکان نەبووم.. سەرم لە دەروونناسی دەرنەدەکرد.. شەپۆلی هۆش و مەنەلۆگ و یارییەکانی دیکەی نووسینم نەدەزانی، بەڵام لێیان پەشیمان نیم، پڕکێشیم کرد و مکوڕ بووم بچمە ناو دنیایەکەوە بەئارەزووی خۆم گەمەی تیادا بکەم پیاو هەندێ جار گەمەی قۆڕیش دەکات.

هەر لەو دەمەوە خووم داوەتە خوێندنەوە، بە سێ زمان کەوتمە خوێندنەوەی هەر کتێبێك دەستم کەوت "کە دەڵێم بە سێ زمان" چونکی لەو گەرمیانە لەبەر نەبوونی خوێندنی کوردی، هەر لە منداڵییەوە لەپاڵ زمانی دایکدا عەرەبییەکە لە قوتابخانەکان و تورکییەکەش لە دەرەوەی ماڵەوە بەناچاری فێریان دەبی.. ئتر لەگەڵ خوێندنەوەی چیرۆکێکدا شیعرێك بەرهەمێکی بەپێز دەچوومە ناو دنیایەکی نوێوە.. خۆ میراتێکی ئەوتۆی چیرۆکی کورد لەبەر دەستدا نەبوو، تا بینی پێوە بنێم و تاسوقی پێ بشکێنم، ڕۆژنامە و گۆڤاری دەیەکانی لەوەوبەر، بە زەحمەت دەست دەکەوتن.. خۆ چیرۆکی شەستەکان و پەنجاکان هەر بەو تەرز و شێوەیە دەنووسران، کە پەیڕەوی سەرەتاو پۆپەو کۆتایی تیا دەکرا، کات و شوێن تیایاندا نادیار بوون بابەتەکان لە هەژاری و نەخوێندەواری و دڵداری تێنەدەپەڕین هەرچەندە شۆڕشی ئەیلوول بابەتگەلێکی نوێی هێنایە ناو چیرۆکی کوردییەوە.. ئیتر ناچار بەدوای ئەو کتێبە عەرەبییانەدا دەگەڕام کە تاسووقی خوێندنەوەمیان دەشکاند.. ئەم بەردەوام بوونە، ئەم مکوڕبوونە، ئەو پێداگرتنە و وازنەهێنانەم لەخوێندنەوە، دسانەوە پێتان سەیر نەبێ بۆ کاریگەری سروشتی ئەو گەرمیانەی دەگەڕێنمەوە.. تۆ بڕوانە ئەو کەش و هەوا وشك و گەرما پروکینەکەی هاوینی، کە تەنورێکی هەڵایساوەو زستانیشی وشك و ڕژێن، خۆڵباینی بەردەوامی کەچی لە تەمەنی کورتی بەهاریداگوڵی جوانی وای لێ دەڕوێت لە هیچ کوێستانێکدا هەڵناکەوێت..

ئیتر خوێندنەوەی بەردەوام و هەڵپەی بەدوادا گەڕانی نووسین و کتێب، چ بەرهەمی خۆماڵی یا نووسەرانی عەرەب یا ئەو بەرهەمە جهانییانەی بۆ عەرەبی وەردەگێڕان، لە هونەر و تێگەیشتنی چیرۆکیان نزیك دەکردمەوە.. ئینجا ئەو ئازادییەی سەرەتای حەفتاکان و ناسین و ئاشنایەتی پەیداکردن لەگەڵ چەند نووسەرێکی ئەوسای کەرکووکدا، لەوانە: خوالێخۆشبوو: لەتیف حامید، سەدرەدین عارف، ئەحمەد شاکەلی، لێرەدا بە هەلی دەزانم ئاماژە بۆ ڕاستییەك بکەم کە بەداخەوە، ناوەندی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی کوردی پشتگوێیان خستووە ئەویش ئەمەیە: نوێکردنەوەی چیرۆکی کوردی و گواستنەوەی بۆ





قۆناغێکی نوێ و پێشکەوتووتر و تێپەڕاندنی چیرۆکی لەوەوبەر، لە بەرهەمی ئەو سێ چیرۆکنووسەی کەرکووکەوە هاتۆتەدی.. ئەوان پێش ڕوانگە بە چەندساڵێك هەنگاویان نابوو بەرهەمەکانیان گەواهی بۆ ئەم قسەیە دەدەن.

سەرەتای حەفتاکان، باری وڵات گۆڕانێکی بەخۆوە بینی، چیرۆکنووسان خۆیان لە ئاست بارێکی تر و دیدێکی تر و گەلێ پرسیاری نوێدا دییەوە.. بێگومان بەرهەمەکانیان کەوتە بەر ئەو گۆڕانکارییانە. چیرۆك گەر بەشێوەیەکی ساکارانەش بێ، هەوڵدەدا وەڵامی هەندێ لەو پرسیارانەی ئەو ڕۆژگارە بداتەوە.. جا خۆ نزیککردنەوە لەو بابەتانە، بە دەربڕینێکی سادە و ساکار وەك چیرۆکی پەنجاو چلەکان نایەتە دی، پێویستی بە هونەرێکی دیکەو زمانێکی تۆکمەو دەربڕین و کەرەستە و ئامرازێکی جیاواز هەبوو نەدەبوو دەست هەڵنەگیرێ لە شێوە نووسێکی کوت و متی چیرۆکی شەستەکان و پەنجاکان... لە کۆمەڵەی چیرۆکی "دەستی ئۆخەیدا" کە لە سەرەتای حەفتاکاندا چاپکراوە، ئەو گۆڕانکارییانەی تیادا ڕەنگی داوەتەوە بەڵام نەك بە کاملی بەداخەوە تا ئێستا بێجگە لەو نووسینە دوور و درێژەی زایەر ڕۆژبەیانی و بابەتێکی عەتا قەرەداغی، ڕەخنەگرێکی نەهاتووە ئەمەم پێ بڵێ.. کەچی کاتێ ١٥ چیرۆکم بەعەرەبی بەناوی "تحليقات"ەوە، لەلایەن بنکەی گەلاوێژەوە بڵاوکرایەوە، چەندین ڕەخنەگری ناسراوی عەرەبی عێراقی بەسەریان کردەوەو هەڵیان سەنگاند.

دەردی ڕەخنەی کوردیش خەمێکی ترە، مەبەستم نیە لێرەدا لەسەری بڕۆم.. دەیان چیرۆك و ڕۆمانی شایستە بێدەنگ تێدەپەڕن، کەچی هەندێکجار لە ژمارەی گۆڤارێکدا، دوو سێ بابەت سەبارەت بە چیرۆکی یا ڕۆمانێکی گومان لێکراو بڵاودەکرێتەوە.. ئەم گروپ بازییە، شار شارێتی نازانم چێ چێتییە لە ئەدەبدا تەمەنی درێژ نابێ و ڕاستییەکانیش ئەمڕۆ نەبێ سبەی دەردەکەون..

بڵاوبوونەوەی ئەو دوو کۆمەڵە چیرۆکە زیاتر هانی بەردەوامبوونی دام و گوڕ و تینێکی نوێیان پێ بەخشیم.. خوێندنەوەکانیشم تا ڕادەیەك فراوانتر بووە و لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە بە ئەدەبی جیهانی ئاشنابووم، بەرهەمی نووسەرە عێراقییەکانم دەخوێندەوە و لە ڕێگای زمانی تورکیشەوە نازم حیکمەت و ئەحمەد عارف و دواتر یەشار کەمالم ناسی.

لێرەدا ئاماژە بۆ دیاردەیەکی دیکە دەکەم: لە شەستەکاندا شەپۆلێکی بوونگەرایی و بێهوودەیی و نووسینی ئاڵۆز و تەم و مژاوی چیرۆکی عەرەبی عێراقی گرتبووەوە، ئەم

دیاردەیە لە شەستەکاندا چیرۆکی کوردی بەو ئاراستەیەدا نەڕۆیشت، کاتێ لە حەفتاکاندا ئەوان خەریکبوون وازیان لێ دەهێنا، تازە بەتازە تاك و تەرا لاسایی ئەو شەپۆلەیان دەکردەوە.. بەڵام چوون بڵقی سەر ئاو زۆری نەخایاند.. بێگومان بەهۆی کاریگەری بەرهەمەکانی سارتەر و کامۆ و گروپی ڕۆماننووسانی شەپۆلی نوێی ڕۆمانی فەرەنسییەوە بوو، لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە دەکەوتە دەست، بەندەش کەوتمە ناو ئەو تەپ و تۆزەوە، لە دوو کتێبی کورتدا هەوڵێکی کاڵ و کرچی وام داوە، تا دەهات ڕۆژگارەکە بۆ کورد سەختتر و ناخۆشتر دەبوو، نووسەران وەکو توێژێکی هەستیار لەئاست بارودۆخێکی وادا لە ڕێگای شیعر و چیرۆکەکانیانەوە لە پەنای وشە و پەنا بردن بۆ خەون و ئەفسانە و تەوزیفکردنی حەکایەت و بەسەرهات و ڕووداوی مێژوویی "لەناو کەونەدا بەڵام بەسادەیی" هەوڵیان دەدا بیکەنە پەردەیەك تا مەبەستی سەرەکی چیرۆکەکە بشارەوە.. بەزۆری چیرۆکی کوردی ئەو ڕۆژگارانە باسی خەبات و وەرەبەرنەدان و بەرگریکردن بوو لە مانەوەی میللەتێك هەڕەشەی نەمانی لێ دەکرا.. بەندەش وەکو چیرۆکنووسان زۆربەی چیرۆکەکانم لەم بازنەیە دەخولایەوە و داکۆکیکردن بوون لە تاکی کورد، لە داوا ڕەواکانی تا چەند تیایاندا سەرکەوتووم ئەوە بۆ خوێنەر دەگەڕێتەوە... لەوە زیاتریشم لە تواناادا نەبووە دەنا دەمکرد.. ویستوومە ئەوەی لە ناخ و هزری تاکی کوردێکدا لەو ڕۆژگارە پەنگی خواردبووەوە دەریبڕم.. وەڵامی پرسیارەکانی دەوروبەرەکەم بدەمەوە، ئەویش بە پێچ و پەنا بردنە بەر فێڵی گێڕانەوە، ئەوەندەی ئەو دەمە دەمزانی و لە توانامدا بوو، ئەم هەوڵە خاکیانەی خۆم لە کۆمەڵە چیرۆکی چاوەڕوانیدا کرکردەوە، زۆری نەبرد کۆمەڵە چیرۆکی "بەردی سەبر"یشم بەچاپ گەیاند، کە درێژەپێدەر و تەواوکەری کۆمەڵە چیرۆکی چاوەڕوانی بوو...

کاتێك چیرۆکنووسێك، باس لە بارێکی سیاسی دەکات بەشێوەیەکی هونەری دێیەك دەسووتێ، کانییەك پڕ دەکرێتەوە، دارێك وشك دەکرێت، دێیەك دەگوازرێتەوە، کە دەبنە بابەتی دەقێکی ئەدەبی.. یا خۆزگە و ئاواتەکانی تاکێکی کورد دەردەبڕێ، نابێتە وتەبێژێك بەناوی گەلەوە بدوێ، نە دەشتوانێ دادپەروەری بچەسپێنێ.. ئەو وەکو داکۆکیکردن لە شتە جوان و پیرۆزەکان دێتە گفت و دەنگ هەڵدەبڕێ، بەڵام "دەبێ بزانین دەنگێکی لاوازە، بەڵام دەبێ ڕاستگۆ بێ" ئەدەبیش هەر ئەوەندەی پێ دەکرێت.. ببێتە دەنگی تاکە کەسێك "هیچ ڕۆژێکیش لەمە زیاتر نەبووە".







کە ئەدەب دەبێتە دەنگی تاقمێك، یا حزبێك یا زمانحاڵی کۆمەڵێك مۆرکی ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە پاشکۆی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان، ئەدەب هەمیشە دەبێ داکۆکی لە حاڵەتە مرۆییەکان بکات، شتە نەبینراوو نهێنییەکان دەربخات و جوانتریان بنوێنێ.. جا ڕەنگە کارێکی وا دەنگی تاکە کەسە لەگەڵ ئایدۆلۆجیا و سیاسەتی حزبێك، تاخمێك هاوتەریب بێ ئەوجا کارەکە ئاساییە.

نووسەرە چاك و بەتواناکانی دنیا دەربڕی ڕاستەقینەی واقعی دەوروبەری خۆیانن، وەڵامی پرسیارە مرۆیەکانی ڕۆژگارەکانی خۆیان دەداتەوە، ئەو شوێن و جێگایانەی تیایدا ژیاون لە نووسینەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، تا ڕادەیەك چیرۆکی کوردی سالانی نیوەی دووەمی حەفتاکان و سالانی هەشتاکان هەوڵێکی وای داوە..

لە دوا کۆمەڵە چیرۆکمدا کە بەناوی "فڕینەکان"ەوەیە لەگەڵ ئەم چیرۆکانەی ئەم ساڵانەی دواییمادا، کە هێشتا چاپ نەکراون، هەندێ هەوڵی زیاترم داوە کە پێشتر دەستم بۆ نەبردووە. پەنام بۆ هەندێ فۆرم و تەکنیك و کەرەستەی دەربڕین و ئاستی گێڕانەوە بردووە پێشتر بەکارم نەهێناون.. بێگومان زمانیش وەکو شتێکی حەتمی دەبێ لە ئاستی ئەو بابەت و ڕووداوانەدا بێ.. لێرەدا حەز دەکەم بڵێم قەرزاری داستان و بەیت و حەیران و گۆرانییە میللییەکانم، کە زمانەکەم پێ پۆشتە کردووە.. شکور مستەفا و هێمن بەتایبەتی توحفەی موزەفەرییەکەی زمانی کوردییان لەلام خۆشەویستتر کردووە..

لە چیرۆکەکانمدا گرفیکم بەشوێن داوە، هەندێ وادەزانن ناوهێنانی شەقام و گەڕەك و زێدەکەی خۆی چیرۆکەکەی پێ لەکار دەبێت، لە چیرۆکی "ئەم شارە ئەم خانمە ژنە" کە بەهۆی رووخانی قەڵای کەرکووکەوە ساڵی ١٩٩٤ نووسیوە لەگەڵ چیرۆکی "شایەتی بەردێك" کە پیاوانی ڕژێم سەری لاوێکی کورد لەبن قەڵای کەرکووك بە تاوێرێك پان دەکەنەوە. ئەگەر ناوی هەندێ شوێن و شەقامی کەرکووکم وەکو خۆی نەبردبا، هەردوو چیرۆکەکە ئەو کاریگەریەیان نەدەبوو.. هەروەها گرنگییەکی زۆریش بە سروشتی وڵاتەکەم داوە، بەڵام سروشتم وەك جوانکاری و پشوو پێدانی خوێنەر بەکار نەبردووە. سروشت لای من ئەو خۆڵ و بەرد و قوڕەی تەمەنی منداڵیمە کە پەنام بۆ دەبرد و خۆشم دەویست، وەکو کارەکتەرێ لە چیرۆکدا بەکارم هێناوە، کار دەکاتە سەر ڕووداوەکان هەندێ جار ئەو دەدوێت و باسی ئازادی کەسەکان دەکات.. لە ڕۆمانی بەهاری ڕەشدا، کە دەربارەی ئەنفالی گەرمیانە ئەمە بە زەقی دیارە..

تـۆ بڕوانـە بەرهـەمی نووسـەرە گـەورەکانی جیهـان لـە چـیرۆك و ڕۆمانەکانیانـدا نـاوی ڕاستەقینەی شوێنی ڕووداوەکانیان بەناوی خۆیانەوە بردووە تا دەگاتە نـاوی ڕیـستورانت و قاوەخانە و هۆتێل و کۆڵان و ژمارەی ماڵەکانیش.

زۆرجار پێم دەڵێن: چیرۆکەکانت کورتن.. ڕاست ئێژن. لێرەدا مەبەستم نییە جیاوازی نێوان چیرۆکی کـورت و درێـژدا بکـەم. هەریەکـە و تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە نـە لـە بـەکارهێنانی جێگاندا چوون یەکن، نە ئەو ڕووداوانەی بۆ ئەمیان دەشێ بۆ ئەوی تریان دەگونجێ، تـا لـە زەمانیشدا جیاوازییان هەیە.. چیرۆکی کورت هونەرێکە درێژدادڕی پێ ناوێت، هەندێ کـەس دەسەڵاتی بەسەر چیرۆکی کورتە پێناسە نییە، چونکی نـە چـیرۆك و نـە شـیعر نـە ئـەدەب بەگشتی پێناسە ناکرێت لـەم سـەردەمەدا... گـرنگ لەوەدایـە دوای خوێندنـەوەی چـیرۆکی درێـژ بـێ یـا کـورت هەڵوەسـتەیەکت پـێ بکـات، بـۆ ماوەیـەکی کـورتیش بـێ سـەرت پـێ سوڕمێنێ، بتخاتـە بـاری پرسـیار و مەراقـەوە، وشـیارت بکاتـەوەو بتخاتـە سـەر شـەقامی گومانەوە، ئەمەش بە وشەیەك بە دیمەنێکی کورت بەو هونـەرەی لـە چـیرۆکەکەتدا بـەکارت هێناوە ئەنجامدەدرێت.

من لەو چـیرۆکانەی ئێـژن کورتـە وام مەبەسـت بـووە.. خودایـە مەبەسـتیان پێکابێـت.. لـە کۆتاییدا دەڵێم: گەلێ نموونەی جوانی چیرۆك و ڕۆمانی کوردیمان هەیـە کەشایـستەی ئـەون بـۆ زمانـەکانی دیکـە وەربگێـڕدرێن وەك: ڕۆمانـەکانی محەمـەد مـوکری، عەبـدوڵڵا سـەراج، خوسرەو جاف، شێرزاد حەسەن، چیرۆکەکانی حوسێن عـارف، کـاروان کاکەسـوور، جـەلیل کاکەوەیس، مستەفا ساڵح، حەمەرەشید فەتاح، بێگەرد، لەگەڵ هەنـدێ نـاوی نـەوەی نـوێ وەك: سـیامەند هـادی، عـەتا، دانـا فایـەق... کۆمـەڵێ نـاوی دیکـە.. بـەڵام سـەد موخـابن نووسەری کورد تەنها بۆ سەد دووسەر کەس دەنووسێ.. کتێبی کوردی هەر هەزار دانەیەکی لێ چاپ دەکـرێ.. بـڕواش ناکـەم ئـەو هـەزارەش بفرۆشـرێ.. نووسـەر کـورد تـەنها هـاوڕێ ئەدیبـەکانی دەیناسـن.. نووسـەری کـورد شـاعیری دەرەجـە دەی عـەرەب دەناسـێ و دەخوێنێتەوە، نووسەرە دیارەکانی دنیای خوێندۆتەوە.. بەڵام کەس ئـەو ناناسـێ... ئـەوە بیست ساڵە دەسەڵاتێکی کورد لـە باشووری کوردستاندا هەیـە، بـیری لـەوە نەکردۆتـەوە، بەرهەمی نووسەرانی خـۆی بـۆ زمانـانی دیکـە وەربگێـڕێ و لـە ڕێگـای ئەدەبـەوە کـورد بـە میللەتانی دیکە بناسێنێ.. بە خەرجی ئەو ئارتێستانەی بانگهێشت دەکرێن، دەیـەها ڕۆمـان و چـیرۆك دەتـوانرێ بـۆ فەرەنـسی و ئینگلیـزی و ئـەڵمانی و زمانـانی دیکـە بکـرێ.. ئەمـە







نەکراوە و ناشیکەن.. بـەم توانـا متەوازعـەی خۆمـەوە، تـا ئێـستا حـەوت کۆمەڵـە چـیرۆکم بەچاپ گەیاندووە:

– ڕۆمانێکم بەناوی "بەهاری ڕەش"ەوە، کە لە بارەی ئـەنفالی گەرمیانەوەیـە سـاڵی ١٩٨٩ نووسی و ساڵی ٢٠٠٤ چاپکرا.

– لە بواری وەرگێڕاندا لە تورکییەوە ئەم بەرهەمانەم وەرگێڕاوە.

– چوار شانۆگەری نازم حیکمەت، تەنها یەکێکیان وەکو کتێب چاپکراوە.

– ڕۆمانی: باڵندەکانیش کۆچیان کرد، مارەکەیان بکوشتایە، دەریا تۆرا، گەمیەکـەی نـوح، لە ڕۆمانەکانی یەشار کەمالن کردوومن بەکوردی و بڵاوبوونەتەوە.

– کۆمەڵە چیرۆکێك لە ئەدەبی تورکییەوە.

– هەڵبژاردەیەك لە شیعر و چیرۆکی کوردیم بۆ تورکی وەرگێڕاوە.

– هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکەکانم کراون بە عەرەبی بەناوی (تحلیقات) بڵاوبوونەتەوە لەلایـەن بنکەی گەلاوێژەوە چاپکرا.

– ٢٠ چیرۆکم کراوە بەتورکی و لەژێر ناوی "ونبوون لە ڕۆشناییدا".

– یادەوەرییـەکانی عەبـدولوەهاب بـەیاتی بـەناوی "دووخۆگۆڕینـەکانی عایـشە" لەلایـەن خانەی وەرگێڕانەوە چاپکراوە.

– ڕەشـە کوژییەکـەی دەرسـیمی سـاڵی ١٩٣٨ لەلایەنمنزرجەمـەوە بـەتورکی نووسـراوە. کردوومە بەکوردی و ئامادەیە بۆ چاپ.

– نزار ئاگری: ڕۆمانێکە لە ئینگلیزییـەوە کردوومـە بـە عـەرەبی بـەناوی (چـیای خـودا) لـە نووسینی ئاری دی لۆکـا، هێـشتا عەرەبییەکـەی نـەکراوە بـەکتێب بـۆ کـوردیم وەرگێـڕاوەو ئامادەیە بۆ چاپ.

**ئەم نووسینە لە پاریس خوێندوومەتەوە لە هەشتەمین فیستیڤاڵی بەدرخان**



# بڵند ئەجەوید...
# وەک شاعیر!!

***و: ئا: لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە***

مستەفا بڵند ئەجەوید ( ٢٨ ی مایسی ١٩٢٥ ئەستەمبووڵ = ٥ ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ ئەنقەرە )، ڕۆژنامەنووسێکی تورك، شاعیر، نووسەر، سیاسەتمەدار و کۆنە سەرەکوەزیرانی تورکیا.

بڵند ئەجەوید کە پێنج جاران سەرەکوەزیرایەتیی کۆماری تورکیای کردووە، لە بیست و یەکەمین پەرلەمانی تورکیا " ئەنجومەنی باڵای میللیی تورکیا " بووە و هەژدەهەمین سەرەکوەزیرانیەتی. ئەجەوید، بە بیر و کارە کردەنییەکانی، بووەتە یەکێك لە ناوە هەرە گرنگەکانی ژیانی سیاسیی سەدەی بیستەمی تورکیا.

باوکی کە ئەحمەد فەخرەددین، یانیش " پرۆفیسۆر. دوکتۆر فەخری ئەجەوید " ە، لە کۆلێژی ماف ئەنقەرەدا پرۆفیسۆری پزیشکی دادوەری " تببی عەدلی " بووە. دایکی " فاتمە نازلی "، هونەرمەندی وێنەکێشی شێوەکاری بووە.

ساڵی ١٩٤٤ " ڕۆبەرت کۆلێج " ی تەواو کردووە، هەر لەو ساڵەدا دەستی بەکاری چاپ و





بڵاوکردنەوە کردووە. لە ١٩٤٦ دا لەگەڵ " ڕەخشان ( ئەراڵ ) ئەجەوید " دا ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە.

سەرەڕای ناونووس کردنی، سەرەتا لە کۆلێژی ماف و دواتر لە کۆلێژی زمان، مێژوو، جوگرافیا، درێژەی بە خوێندنی باڵای نەداوە. ساڵانی ١٩٤٦ – ١٩٥٠ وەك نووسەر لە بەشی ڕۆژنامەوانیی باڵیۆزخانەی تورکیا لە لەندەن کاری کردووە، ساڵی ١٩٥٠ لە ڕۆژنامەی " ئولۆس " ی ئۆرگانی پارتی گەلی کۆماریدا دەستی بە کار کردووە. کاتێك ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن پارتی دیمەکرات – ەوە داخراوە لە ڕۆژنامەکانی یەنی ئولوس و لە ڕۆژنامە میللییەکاندا وەك نووسەر و بەڕێوەبەری نووسین کاری کردووە. کانوونی دووەمی ١٩٥٤ لە نووسینگەی پارتی گەلی کۆماریدا خۆی ناونووس کردووە. ساڵی ١٩٥٥ لە شاری " ونستن – سالم " ی ویلایەتی کارۆلاینای باکووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، لە " ژورنال ئاند سێنتینەڵ " وەك ڕۆژنامەوانێکی میوان کاری کردووە. ١٩٥٧ بە زەمالەی دەزگای ڕۆکفیللەر سەرلەنوێ چووەتەوە ئەمریکا، هەشت مانگ لە کۆلێژی هارڤارد لێکۆڵینەوەی لەبارەی سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی و مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەنجام داوە. لەو سەردەمەدا هێنری أ. کیسنگەر کە ئەجەوید هەمیشە بە مامۆستای خۆیی ناودەبرد سەرۆکی هارڤارد بووە. لە هارڤارد ساڵی ١٩٥٧ ، لە نێوانی ١٩٥٠ – ١٩٦٠ بەردەوام سیمیناری دژەکۆمۆنیزم پێشکەش دەکرا لەگەڵ کەسانی وەك ئۆلۆف پاڵمە و برتراند راسل – دا بەشداریی کردووە.

لە هەڵبژاردنەکانی ٢٧ ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٧ سەر بە پارتی گەلی کۆماری بووە پەرلەمانتار و چووە ناو سیاسەتەوە. لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٣ دا پیرەژنێك بانگ دەکا: قەرەئۆغلان " واتە: کوڕە ڕەشەکە "م دەوێ... بەمجۆرە نازناوی قەرەئۆغلانی لێ نراوە.

بەهۆی بەساڵدا چوون و تێکچوونی تەندروستییەوە و سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی لەلایەن پزیشکانییەوە، بەشداریی بەڕێخستنی تەرمێکەوە، تەندروستیی خراپتر دەبێ و لە ئەنجامدا لە ٥ ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ دا کۆچی دوایی دەکا.

## کار و چالاکیی ئەدەبیی

بڵند ئەجەوید نووسەرێتی و شاعیرێتیی لەتەك ژیانی سیاسییدا هاوتەریب بەڕێوە بردووە. ئێمە لێرەدا تەنیا وەك شاعیر باسی لێوە دەکەین. ئەگەر نا کتێب و نووسینی دیکەی زۆرن

که ئێره جێی باسی ئەوانە نییە.
ئەجەوید، کاری لە زمانانی سەنسکریتی و
بەنگالی و ئینگلیزی کردووە، کارەکانی
رابندرانات تاگوور و ئەزرا پاوەند و ت.
س. ئیلیەت و برنارد لویس – ی
وەرگێڕاوەتە سەر تورکی و شیعرەکانی
خۆشی لە شێوەی کتێبدا بەچەند کۆمەڵێك
بڵاو کردووەتەوە. کتێبە شیعرییەکانی
ئەمانەن:
سبەی شتێلێك ڕوودەدا " تەواوی
شیعرەکانی " = ٢٠٠٥.
دەس لەناو دەس خۆشەویستیمان
پەروەردە کرد = ١٩٩٧.
تیشکم لەبەرد هەڵکۆڵی = ١٩٧٨.
کۆشیعر = ١٩٧٦.
هەروەها پتر لە دە کتێبی سیاسیی هەیە
کە ئێمە لێرەدا – وەکو گوتمان –
مەبەستمان نین!!.

***

### نموونە لە شیعرەکانی ئەجەوید

مرۆ
بێگومان ئەو وێنەیەی دەیکێشی
لە تۆ جوانتر دەبێ
ئەو پەیکەرەی دروستی دەکەی
لە تۆ گەورەتر
لەتۆ شەنگتر دەبێ

--

بێگومان لەتۆ ڕاستتر دەبێژێ
ئەو شیعرەی دەینووسی

--

بێگومان ئەو گۆرانییەی کە دەیڵێی
لەتۆ زیاتر دەبیستێ

--

تۆ لەوە گەورەتری کە هەیت
تۆ لەوە باشتری کە هەیت
تۆ لەوە جوانتری کە هەیت!

**

گونجان
– بۆ شاعیرە میللییەکان –

بۆشایی و هەور، هەور و باران
باران و خاك، چەن جوان گونجاون

--

ڕۆژ و خۆر، خۆر و کێڵگە
کێڵگە و گوڵەگەنم، چەن جوان گونجاون

--

گوڵەگەنم و گەنم، گەنم و مرۆ
مرۆڤ و ڕەنج، چەن جوان گونجاون

--

ڕەنج و کردار، کردار و دڵ
دڵ و خۆشەویستی، چەن جوان گونجاون





**

ڕاو
ئەی مامزی لە چەپەکێکی دارستان پێکراو
ئاژەڵەکان بە پەژارەی تۆوە خامۆش
چڵەکان بە پرسەتەوە شۆڕ و لار
لە شاخەکانتدا لە لۆچەکانتدا لەچاوانتدا
ئەو چاکانەی کردووتن دیارن، کە ڕاوکەر
پێی نەکوژاوەتەوە

**

ژنێلی لادێ
ژنێلی لادێ
ئافرەتانی کراس گوڵدار

--

لە گڵ زاون، گڵشێلەکانن ئەوانە
بە گیانبەخشین دەزێن ئەوانە

--

ژنێلی لادێ
ئافرەتانی کراس گوڵدار

--

ڕوویان خۆرە ئەوانە، سووتاو
پێیان خۆڵە ئەوانە، شەقار

--

بەر لەوەی هەست بە جوانییان بکرێ
لە کێڵگەکاندا دەژاکێن

--

ژنێلی لادێ
کراس گوڵدار

**

سوناتای باخ
نە من لەتۆ بپرسم
نە تۆ لەمن بپرسە
دەنگە لە تەن داماڵراوەکانمان
لە بۆشاییدا ئەوینێك دەهۆنێتەوە

--

سۆزەکان بوونەتە دەنگ
بەبێ کات شەپۆل شەپۆل نزیك دەبێتەوە
گەر دەنگەکانمان بە یەکیش بگەن
ئێمە بەیەك ناگەینەوە

--

نە قۆڵمان هەیە
نە لێو بۆ ماچ
نە ڕووی بینراومان هەیە
نە چاوی بینا

--

ئێمە لە بۆشاییدا.. ئەوین
لە هێڵ.. واتایی
لە گەرد.. کرۆك دەهۆنینەوە

**

ئەشکەوت
بەبەرد، ئاژەڵانم بەسەر
دیواری ئەشکەوتدا هەڵکەند

لە تاریکیدا نەڕاندیان
بە گۆرانی بەرپەرچم دانەوە
ــ
ئەشکەوت تاریک بوو
ڕووناکیم لە بەرد هەڵکۆڵی
هەڵدەلەرزیم
خۆرەتاوێکیشم دانا
ــ
ئەوینم هەڵکۆڵی بە دیواری ئەشکەوتدا
ئەوینم هەڵکۆڵی
بەرد ژانیان گرت
ئەشکەوت شەق بوو
**

**سنوور**

ڕاوەستە ڕێبوار، ئێرە سنوورە
ئەولاتری بیانییە، قەدەغەیە
یەکە یەکە ڕەنگەکان، بۆنەکان،
لە گولیلکەکان ناتوانی هەڵبژێری
ــ
پەساپۆرت لە مەل ناپرسرێ
مێروولە بەبارەوە بەبێ گومرگ ڕەت دەبێ
ڕاوەستە ڕێبوار، ئێرە سنوورە
تۆ ناتوانی ڕەت بی
ــ
لە ڕووبار مەڕوانە، ناوەستێ دەڕوا
لەولاشدا مامز، ئەم ئاوە دەخواتەوە
ڕاوەستە ڕێبوار، ئێرە سنوورە
تۆ ناتوانی ڕەت بی
ــ
ڕاوەستە ڕێبوار ئێرە سنوورە
نە دەکێشرێ، نە دەنووسرێ
نە دەتوانی ڕەت بی، نە دەشتوانی
بیسڕیتەوە
لە ناختدا هەڵکەنراوە...
**

بڕیار

لەگەڵ بکوژدا بکوژین، لەگەڵ دزدا دز
هەموومان گومانلێکراوین، گشتمان پارێزەر
هەمووما تاوانبارین، هەمووما دادوەر
ــ
بڕێکمان پاکانە، جوونێکمان کەسی دی
تاوانبار دەکەین
هەندێك خۆش دەبین، هەندێکمان
هەڵدەواسین
هەر خۆمانین، لەوانی دیدا
ــ
هەر ڕۆژە و چەقۆ بە پشتی
کەسێکدا چەقیوە
وەشێنیش ئێمەین، لێ وەشێنراویش
**

پرۆمیسیۆس لە شاردا





پرۆمیسیۆس ئێستاکە لە شاردایە
بە تاوێرەکان نەبەستراوەتەوە
بە دیواری کۆنکرێت دەورە دراوە
لە گەڕەکێکدایە هەڵۆکان ناتوانن بچنە
ژوورێ
خۆی خۆی دەکرۆژێ
**

بەلەم

بەلەم ڕەت دەبن سەوز و سوور
بەلەم ڕەت دەبن ستێرنەکانیان ڕاڕا...
بەلەم ڕەت دەبن چەند بەناز
لە بەلەمەوانەکانیش جوانتر
ــ
گەڕیدەکانی ناو ئاوە جێمتمانەکان
پتر لە کەشتییەکانی گەشت لە دەریا
دەگەن
بەلەم ڕەت دەبن بەرەو قووڵاییەکان
بەدەم ڕاکێشانی سینە پینەدارەکان
ــ
بەلەم ڕەت دەبن، بەبارەوە، بە دڵەوە
بەلەم ڕەت دەبن، پڕاوپڕ لە ڕەنج
ڕۆژانە بچڕاو لە ڕۆخە بەرخۆرەکان
ئەنەدۆڵ لە دەریاکاندایە
ــ
ڕۆخەکان بوونەتە ژن
مێردەکەی دەکرێتەوە و دەڕوا
بەلەمەکان، بەلەمەکان
دڵی بەخورپەی خۆڵن لە دەریادا
**

سبەی

شتێلێك دێنە کایەوە سبەی
لە هەڵۆیستیەوە دیارە
لە ئەسپەکانی دەشتەوە
لە غاردانەوەی هەورەکانەوە دیارە
خۆڵی مشکەکوێرەکان لە هەڵکەندنیانەوە
دیارە
ــ
لە هەڵەداوانی مێروولەکانەوە دیارە
شتێلێك دێنە کایەوە سبەی
لەوانەیە گۆپکەیەك
لەوانەیە گەڵای وەریوی درەختێك
لەوانەشە منداڵێك بێ
ــ
ئەگەر ئەوەندەش زۆر دوور نەڕوانین
لە هەڵفڕینی مەلەکانەوە دیارە
سبەی شتێلێك دێنە کایەوە
لە ڕۆژەکەی دی بێبایەختر
لەسبەینێ بەبایەختر
*****
***
*

# بوارێکی تەنگ

**ریجینا ئەنیترینی**

**و: حەمید خالید کەریم**

دراوسێکەمان چەند ڕۆژێك لەمەوبەر، زۆر بە خێرایی و بەتوندی، لە زەنگی دەرگاکەی دەدایین... بەتەواوی پەشۆکابوو...

وتی: تەندروستی لەیلای دراوسێمان زۆر خراپە، ئێوە باشی دەناسن... بەڵێ.. لە نهۆمی سێیەمدا دەژی... ئەرێ فالیرناتان هەیە، بۆ ئەوەی بیدەمێ و تۆزێك بحەسێتەوە؟..

یەکسەر ئێلینی خوشکم، بەپەلە ڕۆیشتە مووبەقەکە، بۆ ئەوەی هەندێك فالیریانەی بۆ بهێنێت... بەڵێ دوێنێ هەندێکم لێ نۆشکردووە و، وا لەسەر مێزەکەدایە، هەر ئێستا بۆتی دەهێنێت...

پرسیارمان لێکرد: ئایا تووشی چی بووە؟!

* تووشی نەخۆشی دڵ بووە؟!

– نازانم، هەروەکو شێتی لێهاتووە.. بەڵێ... بەڵێ... خەریکە رۆحی پارچە پارچە بێت.. یەکسەر هەرسێکمان بەپەلە و هەڵەداوان، دابەزینە خوارەوە و لە پەنجەرە کراوەکەوە، بەشێك لە ئاسمانە پڕ لە تەمەکەمان بینی..

* ڕاستت دەوێت، من بەباشی لەیلا خان ناناسم، تەنیا ئەوە دەزانم، تەمەنی پەنجا ساڵە و هێشتا شووی نەکردووە... بەڵام مرۆڤێکی رۆح سووك و ڕووخۆشە... بڕوا ناکەم یەکێك





هەبێت ڕقی لێببێتەوە...

دەبینم موشوورخۆری نییە و کەسێکیش نییە بەتەنگییەوە بێت...

– ئایا دەبێت وا نەبێت؟...

* توخودا، با تۆزێك تەماشای بکەین... ئەی ئەوە نییە خۆی بەجوانی پێچاوەتەوەو بەم ئێوارەیە بارۆکەکەی لەسەر لابردووە و هەروەکو جنۆکەیەکی ترسناك وایە.. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو بەتەواوی لە جنۆکە دەچێت.. بەخودای سەیرە، من لەوە سەرم سووڕماوە، چۆن ئەو دوو لاقە باریکە، ئەو لاشە قورسەی هەڵگرتووە!؟.. لە ڕۆیشتنیشدا، هەرزەکار ئاسا، لەنجەی بۆ دەکات و دەنگی ناسك و خۆشە.. بۆ خەڵافاندن و دڵنەوایی خۆی، بەردەوام خەریکی گۆڕینی شوێنی کەلوپەلی ناو ماڵەکەیەتی... ماڵەکەشی تەنیا دوو ژوور و هۆڵێکە.. بۆیە وا زوو بە ئاسانی شوێنی کەلوپەلەکانی دەگۆڕێت... لەیلا خان، تەختێکی جوان و دەگمەن و گرانبەهای هەبوو، کاتێکیش لەبەردەم دەرگای ماڵەکەی، لەگەڵ کەسێکدا قسەی بکردایە... بە ڕووخۆشی و زۆر بەنەرمی و لەسەر خۆ داوای لێدەکرد کە بێتە ژوورەوە و تەماشای تەختەکەی بکات.. سوپاکە سەر لەنوێ، ژوورەکەی پڕ کردەوە لە دووکەڵی بۆن ناخۆش، بۆیە گلەیی و گازندەیەکی فرەی دەکرد و پیشی دەخواردەوە و تووشی دڵ توندی کردبوو، زۆر جاریش بیری لەوە دەکردەوە، پێویستە بگەڕێنەوە سەر بەکار هێنانی ئامرازە کۆنەکان، دەبوایە لە حەفتەیەکدا، چەند ڕۆژێك خەریکی سڕینەوەی شووشەی پەنجەرەکان و پاککردنەوە و شتنی کەل و پەلی ناو ماڵەکەی بوایە. ئەوەتانێ خوانێکی قەشەنگ و پاك و خاوێنی لە سەرمێزی نانخواردنەکەی داناوە و دەسکە گوڵێکی زەرد و سووریشی لە ناوەڕاستیدا دانابوو، بەردەوام.. لە مووبەقەکەوە بۆ حەمام و بەپێچەوانەوە لە هاتوچۆدا بوو.. وایدەنواند، کە چاوەڕێی میوانێکی دلۆڤانی خۆی دەکات، تەماشای سەعاتی سەر دیوارەکەی دەکرد و سەری بادەدا، وایدەزانی کات لە شوێنی خۆیدا چەقیوە. بەڵام برای لەیلا خانیش، زۆر حەزی لە یاری ڕۆلێت دەکرد و ڕۆژانی جەژن دەچوو بۆ سانڕیمۆ و مۆنتکارلۆ.. ئەوەتانێ ماوەیەکە فێر بووە مانگی جارێك یان کەمتر دەگەڕێتەوە.. خوشکەکەی پێی دەگوت: ئەرێ قەد شەرمەزار نابیت، ئەی نازانیت، یاری ماڵی وێران کردوویت؟!! ئاسایی بوو گەر لەیلا خان لە ڕێی رۆژنامەوە، برادەرێکی بۆ خۆی بدۆزیایەتەوە، چیدەبوو گەر ژنێکی گەنج و جوان، حەفتەی رۆژێك، یان دوو رۆژ، بۆ پیاسەی ئێواران لەگەڵیدا دەرچووبایە دەرەوە..) یان چی دەبوو، گەر دوای ساڵێکیش شووی بکردایە..؟

لەیلا خان دەیگوت: من بەبێ ئەمە، ناتوانم شوو بکەم... ئا لەم شارەدا کەسێك نەبوو، بەجوانی لێم تێبگات... چونکە من لەگەڵ خەڵکانێکی تردا زۆر جیاوازم... نازانم... لێم تێدەگەن!!.. یان نا؟!!.

ئەی دەتوانم چی بکەم؟.. هەر چاوەڕوان بم؟!. یان لێی گەڕێم؟!.. زۆر گەڕام و کەسانێکی فرەم تووشبوو، بەڵێ.. دەیانویستم.. شوویان پێ بکەم.. "دلۆڤانان؟"... بەڕاستی هەر کە بینیمان، ئەو جلە جوانەی، کە لەماڵەوە لەبەری کردبوو، لە دامێنیەوە تاوەکو سەر سینگە نیوەڕووتەکەی بەگوڵی گەورە گەورە داپۆشرابوو، یەکسەر سەیری یەکترمان کردو حەپەساین و واقمان وڕما..

بەردەوام دەیگوت: ئا ئەو زۆڵە... پاشان دەچەمایەوە سەر سەنووقە هەڵگەڕاوەکان و، زۆر بەپەلە چەند زەرفێکی بەتاڵ و چەند نامەیەکی دەردەهێنا و هەڵیدەدانە دەوروبەری خۆی و هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا و دەیگوت: ئەو زۆڵە منی کوشت!! ئەوەندە بەڕقەوە دووبارەی دەکردەوە، واتدەزانی نێوچەوانی لە برۆیەوە، تاوەکو سەر لێوانی شۆڕ دەبوونە خوارەوە... پەشۆکاویی، زۆر بەهێز و بەتوندی زاڵ دەبووە سەری.. بێ ئەوەی بزانێت، ئێمە لەلای وەستاوین، بەکوڵ دەگریا و ئێمەش دەپەشۆکاین و نەماندەزانی سەیری کوێ بکەین.. بۆ ئەوەی هەست بە بوونمان نەکات.. پرسیارمان لێدەکرد: دەتەوێت...

فالیریانا نۆشبکەیت؟!

– نا.. هیچ شتێکم ناوێت... نامەوێت بخەووم.

سێ شەوە خەو نەچووەتە چاووم... ناخەوم تاوەکو ئاسایش قۆڵبەستی نەکەن..

– ئەو تاوانبارە کێیە؟!!

– چۆن پرسیار دەکەین، ئەوە کێیە؟ ئەوە دەزگیرانەکەمە... ئاخ!!

بێدەنگی داپپۆشین...

– دەزگیران؟!!!

ئای چەند بەئاواز و ئەشکەنجەیە، کە مرۆڤ لە دلۆڤانەکەیدا شکست بهێنێت، هەرچەندە لەیلا درێژەی بەقسەکانی دەدا، بەڵام ئێمە سەرسام بووین و هەر تەماشای یەکترمان دەکرد، لەیلا دەیگوت: "نەمزانی.. دەبوایە ئەویکەیانم هەڵبژاردایە.. بەڵام کێ دەیزانی وا روو دەدات؟... هەردووکمان زۆر یەکترمان خۆشدەویست". دوو هەفتەی لەمەوپێش، لەیلای بەستەزمان، دوودڵ بوو لەوەی: کام لەو سیانە گوێبیستی داواکارییەکەی بوو؟ "پاشان ئەو زەلامەی، کە نازانم چی بە گوێچکەیدا چرپاندیی چی هەڵبژارد.. هەر کە





ئەوەی، بەدەرگاوان و کچی نانەواکەی وت، یەکسەر زێڕەکانی لەمل کرد، هەر دوای ڕۆژێك بینی، لەگەڵ بازرگانە مەیفرۆشەکەدا، شان بەشان بە پەیژەکەدا سەردەکەون... بەڵێ لەگەڵ "ز..ز"دا بوو... دەگوترا بەڵگەنامەی لە ژمێریاریدا بەدەستی هێناوە، هیچ پێنەدەکەنی و بەڕواڵەتیش، زەلامێکی خاوەن کەسایەتی و دامەزراو بوو، بەو شێوەیە بۆ لەیلا خانی پاژەی دەکرد.

لەیلاش دەیگوت: بەڕاستی بە بینینی خۆشحاڵ دەبم و هەست بە خۆشی دەکەم و لەم زوانەدا شووی پێدەکەم... لەبیرچوونەوە، تۆزقاڵێك کاری لە ڕەفتاری لەیلا نەکردبوو، هەرچەندیش دەبووە هۆکاری ئەوەی شەپقەکەی سەری، لەسەر تەختەکەی جێبهێڵێت... وا دەکاتە پێشچاو شەپقەکە پێی دەڵێت: "ئەمڕۆ ئالێرەم و سبەینێش هەڵکردنی بایەك بەسیەتی..." لە کاتی هەڵواسینی شەپقەکەی لەقەد ئاسقێکەدا، قسەکانی بیر دەکەوتەوە و خۆشی پێدەبەخشی.. کە دەیگوت: "نازدارەکەم... نازانم بۆچی دە ساڵ لەمەوبەر نەمناسیویت؟!! خۆشەویستەکەم من لەمەوپێشیش هەر تەنیا بووم... بەڵام مرۆڤ، گەر درەنگیش بەیەك شادبن، گەلێك لەوە باشترە، کە بەیەکتر نەگەن، حەفتەی داهاتوو.. نا..نا.. ئەم زەماوەندە چیتر لەوە زیاتر دوای ناخەم.. بەڵێ... بۆ فلۆرەنسا.. بۆ لای باوکم دەڕۆین..."

ئەو قسانە بەردەوام لە گوێی لەیلا خاندا دەزرنگایەوە و بووە هۆکاری ئەوەی قاوەی سەر ئاگرەکەی لەبیر بچێتەوەو هەڵچێت و لاستیکە جوانکارییەکەی بسووتێنێت و بۆنێکی قێزەونی بەو ناوەدا بڵاو بکاتەوە،... تەنیا لەیلا خانی بێزار نەکردبوو، بەڵکو کەس نەیدەتوانی لەوێدا بمێنێتەوە... لەبەر ئەوەی لەیلا خان راهاتبوو، خەریکی ئارایشتی خۆی بەسپیاوی جۆری رۆبنشاتین بوو، هەموو ڕۆژێکیش دەچووە ئارایشگا و قژی ڕێکدەخست. بەردەوام خۆی دەڕازاندەوە. خەڵکیش بەگوێی یەکتردا دەیانچرپاند: "دەبینیت ئەم خانمە چۆن پارێزگاری لە جوانییەکەی خۆی دەکات؟! هەرچەندیش بەتەمەنە، بەڵام هەر جوانە!!.." ئێستا بە پەشۆکاوی، لەسەر قەرەوێڵەکەیدا ڕاکشاوە، کەسانێك توانیویانە قایلی بکەن، حەپی هێورکردنەوە و هێنانەوە سەرخۆی پێ قووت بدەن، بەڵام هەر ڕاڕا و دوودڵ بوو... هەموو جارێکیش دەڵێت:"هەشت هەزار... هەموو پارەکەم.. خۆ ئەو وەکو خۆی دەڵێت بازرگان نییە... ناویشی لە تۆمارگەی بازرگاناندا نییە... ئەو قۆڵبڕ و دز و جەردە و درۆزنە.. ئەوەتانێ هەزار وێنەیان، لەبەر چاوومدا لەسەر مێزەکەدا داناوە... زۆر تەماشای وێنەکانم کرد و لێی وردبوومەوە، بەڵام مەخابن وێنەی ئەو گڵاوەم نەبینی..

– لەوانەیە ژنی هەبوبێت و پێی نەوتبێ.

– نا.. ژنی نەبوو.. خۆ ئەو هیچ نییە تێدەگەن!!

هەر بوونیش نییە... پارەکانم، بەختەوەر بم... هەمووی لەلام بێبایەخ و پووچن...

– ئەوەندە بێ هیوا مەبە.. لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان، بگەڕێتەوە لات...

– خانمەکەم، ئا بەو شێوەیە خۆت تێکمەدە و مەپەشۆکێ.. بەڵێ، دەمانەوێت یارمەتیت بدەین.. لەیلا خان، سەری بادەدا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەئاسپایی دەیگوت: (باشە باش... ئەرێ چۆن بڕوات کرد، کە دایك و باوکی هەیە؟!!! خۆ ئەو کوڕی..."

ژوورەکەی دەکەسی لێ بوو، هەروەکو چۆن، بۆڕی ئاوەکەیان بتەقێ، یان پەیژە کارەباییەکەیان، کارەبای لێبڕابێت، گوێبیستی یەکبوون و بەردەوام ئامۆژگاری لەیلا خانیان دەکرد، بەڵام لەیلا خان، شێتانە ڕەفتاری لەگەڵیاندا دەکرد و جاروباریش بەترس و لەرزەوە تەماشای دەکردن و لەپڕ بەپەلە، هەڵدەستا و دادەنیشتەوە، لەپڕ زریکاندی و کەوتە دەسکەنە کردنی قژی خۆی، ئەو تۆزە قژەی، کە لەسەر زەویدا کەوتبوو، کوت و مت لەقژی مردوو دەچوو...

یەکێکیان وتی: "دە بزانە.. چۆن بگەڕێتەوە.."

یەکە یەکە تەماشای دەکردن و زانیم هیچ کامێکیان بەشێتیان نەدەزانی، بەڵام بە قەیرەیەکی گەمژە و نەفامیان دەزانی.. هەربۆیەش بەچاوی بەزەیی تەماشایان دەکرد، هەرکەسێك واهیمە زاڵبوو بەسەریدا، تووشی سەرشێوان دەبێت و خەڵکیش بەزەییان پێدێتەوە.. ئێستا ئەوان، بەتەواوی بۆی پەرۆشن و یەك هەڵوێستن بۆ ئەوەی زەبرێکی توندی پێ بگەیەنن..

هەر ئەو دەنگەش دەیووت: "دەی خۆت دارکاریکە، خۆت دارکاریکە!.." لەوەش دەترسان لەپڕ لە نهۆمی سێیەمەوە، یان لە بەلەکۆنەکەوە خۆی هەڵداتە خوارەوە، گەر ئەوە ڕووبدات، بەڕاستی کارەساتێکی دڵتەزێن ڕوودەدات، لەیلا خان لەپڕ کۆمەڵە کاغەزێکی هەڵدایە سەر مێزی نانخواردنەکە.. کێ نازانێت ئەمەی چەند جارێك ئەمەی لە بەردەمیدا دووبارەی نەکردووەتەوە!! کاتێك کاغەزەکانی دەخوێندنەوە، چ ژیانێکی داهاتووی خۆیانیان دەهاتە پێش چاو...

ڕۆژانێك بوو، چەپکە گوڵی پێشکەش دەکرد!! بەڵام ئێستا بووە بە هەستێکی دڕندەی تەژی لە ناسۆر و ئەشکەنجە... لە پڕ ب تەماشاکردنێك ویستی لە هەموو شتێك دڵنیابێت،







ئەو ترسی ئارەزووبازی نەبوو، بەڵکو بواری دۆزەکەی بەو شێوەیە بوو... ڕووبەری بەلەکۆنەکەی، تەنیا یەك مەتری چوارگۆشە بوو، بەڵام ئەوەی جێی داخە، خەڵکانێکیتر، ژیانێکی پان و بەرینیان لە بەردەمدا، بۆیان واڵابوو. پانتایی ژیانی ئەو و بەلەکۆنەکەی وەکو یەك بوون بۆ ژیان لەبەر چاوی ئەو بێسوود بووە، هەروەکو تارماییەکی ڕەش و ترسناکی دەنواند.. بەڕاستی پێویستییەکی زۆری بەسۆز و دڵنەوایی هەبوو.

کەسانێك زۆر بەزەییان پێدەهاتەوە و دەیانووت: ئای.. چەند قەیرەیەکی نەزان و کەللەپووتە... ئەو ئافرەتە زۆر بەنامۆیی دەهاتە پێش چاو، بۆیە خەڵکی قێزی لێدەکردەوە، بەڕاستی کاتی تێپەڕیوە و جەماوەریش بە هەناسەبڕکێ لێکبوونەتەوە، تاوەکو ئێستا نە مردووشۆر و نە مردووهەڵگری بۆ نەهاتووە، خەو هەردوو پێڵووی چاوی لەیلا خانی قورس کردووە، بۆ ئەوەی خەڵکی لەو بارگرانییە ڕزگاری بێت، ئیتر یان لەبەر ئەو بێت، یان لەبەر کەسانیتر بێت، واز لە ووتە ووت دێنن و فزەیان لێوە نەیەت... بەسەر لەقاندنێك، یان بەتەماشاکردنێك... جێی دەهێڵن و دەڕۆنە دەرەوە.

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا:

**١- ریجینا ئەنیترینی نووسەر و شاعیرێکی بەناوبانگی شاری میلانۆی وڵاتی ئیتالیایە.**

**٢- هەر لەو شارەدا خوێندنی موزیکی لە پەیمانگەی فێردیی میزیکی تەواو کردووە.**

**٣- لە ژەنینی پیانۆدا زۆر لێهاتوو بووە.**

**٤- لە وڵاتی ئیتالیا و ئەڵمانیادا لە ئاهەنگەکانی کۆنشرتۆدا بەشداری کردووە.**

**٥- وێنەکێشێکی بەناوبانگ و بەتوانا بووە.**

**٦- لە پەیمانگەی فێردیدا لەژێر دەستی شاعیری بەناوبانگ سلڤانتووره کووازیمۆد دا ئەدەبی ئیتالی خوێندووە.**

**٧- لە ساڵی ١٩٥٩دا، خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشراوە.**

**٨- سێ دیوانە شیعری بەچاپ گەیاندووە.**

**٩- لە زۆربەی ڕۆژنامە ئیتالیەکاندا گەلێك چیرۆك و وتاری بڵاو کردووەتەوە.**

**١٠- لە ساڵی ١٩٦٤دا سەردانی وڵاتی ئەردەنی کردووە. سەردانەکەی بۆ هەردوو بەرەی ئەردەن نزیکەی ٢٠ ڕۆژی خایاندووە.**

## خاک و خۆڵەمێش، ئەدەب و بەرامە

# تۆ دەسووتێیت چ باکێکت لە ئاگری دۆزەخ هەیە

سوارە نەجمەدین

نۆڤلێتێکی تازە دەردەچێت و دەیخوێنیتەوە، نازانیت بە کامیان سەرسام بیت؟ بە نووسەرەکە یان بە وەرگێڕەکەی، دەقێکی دیکە دێتە بەر چاوت کە باسی جەنگ دەکات، جەنگ ئاشنایە بە تۆ کە لەم ناوچەیەدا دەژیت، ئەو نەهامەتیانەی دەیگێڕێتەوە بە تۆ نامۆ نین، هەر دەڵێی بۆ خوێنەری کورد نووسراوە، لە کاتی خوێندنەوەدا دەکەویتە بیری ئەو نۆڤلێتانەوە کە سەرنجی راکێشاویت، هونەرێکی گەورەی دەوێت تا لەو مەودا کەمەدا ئەو هەموو روئیایە بەیان بکەیت، ئەمە نیشانەی بەرزی هونەرمەندێتیەتی بە تایبەت بۆ نۆڤلێتێکی وەکو (خاك و خۆڵەمێش)، وەرگێڕی زیرەکیش دەزانێت ئیختیار بکات.

کە نۆڤلێتەکە دەخوێنیتەوە کاژێرێکت پێ ناچێت، وەلێ زەمەنێکی درێژ دەستت لێ هەڵ ناگرێت، هەر چۆن عەتیقی رەحیمی ئەم کارە بە هەفتەیەك دەنووسێت وساڵێك بە زمانەکەیەوە ماندوو دەبێت، کارێکی بە قەبارە بچوکە بەڵام بە فراوانی زەینت داگیردەکات، هەندێ کتێب هەیە بە مردووی بڵاو دەبێتەوە، هەندێك بە هۆی نەشتەر و گەورەکردنیەوە تا زەمەنێك





دەژی، وەلێ کتێب هەیە لە نەوەی خدری زیندەیە، نامرێت، خاك و خۆڵەمێش لە دەستەی ئاخیریانە، لە جنسی ئەو کتێبانەیە، کە خوێندتەوە تەمەنا دەکەیت خۆت بنووسی بوویتایە.

ئەگەر (دووپشك)ی "حوسێن مورتەزاییان ئاباکار"ت خوێندبێتەوە، لەگەڵ ئەم کارەی عەتیقدا دەکەویتە بیری دوو جەنگی نزیك بە یەکەوە، جەنگێك لە ئێران و جەنگێك لە ئەفغانستان، جەنگ لە دوو دراوسێدا بەڵام جیاواز لە یەکتر، وەلێ ئەوەی ئەم دوو نۆڤلێتە پێکەوە دەبەستێتەوە، جەنگ نییە، بەڵکو شوێنی جەنگە، فەزای جەنگە، قوربانیەکانی جەنگە، "مورتەزا هیدایەتی" جۆرە قوربانییەکی جەنگی ئێرانە، "داستاگیر" قوربانی جەنگی سۆفیەت و ئەفغانستانە، وەلێ جێگای سەرسامییە کە نووسەر ئیسلامییەکانی بەو بەرائەتە پیشانداوە، ئەوەی ئەم دوو نۆڤلێتە لەو مەودا کەمەدا دەیخەنە روو مەگەر هەر بە تەنها جەنگ خۆی بتوانێت تەعبیری لێ بکات.

کە خوێندتەوە سەرنجت لەگەڵ قوتوی "ناسوارە"کەدا یاری دەکات، مادەی سڕکەر بە ئاشکرا دەخورێت، لەبەردەم دەسەڵات لە پێش چاوی خەڵك لە ژێردەستی ئیسلامیەکان، راستە لە ململانێی نێوان ئەو دوو لایەنە رووسەکان خەتابارن، بەڵام بە ئاشکرای مادەسڕکەرەکدا ئیسلامیەکانیش ناشیرین دەکات، بە ئاشکرا خواردنی ناسورەکە ئیسلامیەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، پرسیارێك کە خوێنەری وریا دەیکات، هاوشان پاڵەوان دەسوتێت و هەندێ کات لە ئاگری دۆزەخ دەترسێت، لە کۆی نۆڤلێتەکەدا نووسەر پێت دەڵێت هەموو لایەنەکانی جەنگ قێزەوەنن، تۆ بیبینە بزانە جەنگ چ ئاسەوارێکی بەجێهێشتووە.

لە کاتی تەواوبوونی خوێندنەوەدا بیر لە "یاسین" ناکەیتەوە؟ یاسین بە تەنها مندالێك نییە لەم گێڕانەوەیەدا رۆڵ ببینێت، یاسین تەمسیلی ئایندەیە، جەنگ وایکرد ئایندە کەڕ بێت، ئایندەی ئەو کاتەی ئەفغانستان ئێستایە، کە گوێی لە رابردوو نییە، یان باشتر وایە بڵێین تەنها چاوی لە جوڵەی دەست و دەمیانە، وەك لە دیدارەکەیدا لە هەمان کتێب نووسەر ئاماژەی پێ دەکات، (داستاگیر نەوەی کۆنە واتە ئیسلامیەکان، موردا نەوەی ئەوکاتەی ئەفغان و کاریگەر بە رووسەکان، یاسین نەوەی ئایندە و کەڕ بەرانبەر رابردوو) گونجاوە یاسین لای نووسەر تەمسیلی نەوەی ئێستا بکات لە ژێر رکێفی ئەمەریکادا"هەڵبەت پێشبینی نووسەرە"،




واتە ئیسلامیەکان نەوەیەک رەنجەرۆ دەکەن کە داستاگیر تەمسیلی دەکات، رووسەکان نەوەیەک دەستەمۆ دەکەن کە مورادە، ئەمکەریکاش نەوەیەکی کپی دەوێت کە دەنگی بەردیش نەبیستێت، نەوەی رابردوو دەنگی ناگاتە ئەم نەوەیە تا ئاگاداری بکاتەوە لە قێزەونی سیاسەت و جەنگ.

ئەی بیرت لەو پرسیارانە نەکردۆتەوە کە حیکایەتەکە لات بەجێی هێشتووە،







نووسەری بالا وەلامت ناداتەوە پرسیارت لا دروست دەکات، بۆ خوێنەرێك دەنووسێت، بەدوای وەلامدا بگەڕێت، ئەوەی نۆڤلێتەکە دەیگێڕێتەوە، سەفەری داستاگیرە تا کانەکە، وەلێ دوای ئەوە کە کوڕەزاکەی"یاسین" لای میرزا قادر بەجێهێشتووە چی بە سەرهاتووە؟ واتە ئەوەی ئایندە چارەنووسی نادیارە یان گەرەنتییە؟ میرزا قادر تەمسیلی کێ دەکات؟ قوتوی ناسوارەکە دەگات بە موراد؟ موراد هەڵوێستی چ دەبێت؟ باوکی و کوڕەکەی هەڵدەبژێرێت یان خوێندن و رووسەکان؟ ئەمەنە و دەیان پرسیاری دیکە خوێنەر دەبەنە مالّی دەیان نۆڤلێتی دیکەوە کە بە بێ ئەوەی عەتیقی رەحیمی بینووسێت ئێمە دەیخوێنینەوە.



سوارە کافرۆشی

# دۆڕاوەکانی جەنگ

٧

**کەسایەتییەکان:**

ئەفسەر

سەرباز

(شانۆ شوێنێکی چۆڵە و هیچ شتێك لەو دەوروبەری نییە)

(کات شەوە، دەنگی تەقە و تۆپ و بۆمب باران و هەورە گرمە و لێزمەی باران)

(هەردوو کەسایەتییەکە لە شوێنێك خۆیان شاردۆتەوە)

سەرباز: جەنابی ئەفسەر ئاگاداربە....

ئەفسەر: تۆ خۆت حەشاردە و ئاگات لە خۆت بێت.

(سەرباز بە راکردن بەرە و ئەفسەر، لەلای یەکەوە)

سەرباز: وتت چی گوێم لێنەبوو.

ئەفسەر: هیچ، ئەم سەربازگەیە تەنیا من و تۆی تیا ماوین.

(دەنگی تەقە و بۆمباران کەم دەبێتەوە)

سەرباز: ئەزانم بینیم کە کۆلۆنێل ئەسوتا.

ئەفسەر: ئا ئەو وەکو ژنێك کە ئازاری هەبێ ئەگریا و هاواری ئەکرد.

سەرباز: هەرچەندم کرد نەمتوانی رزگاری بکەم.

ئەفسەر: هەموو کۆگاکان سووتان.

سەرباز: هاوڕێکانم هەموو کوژران.

ئەفسەر: وەك بیستوومە دەڵێن شەهید






جێی بەهەشتە.

سەرباز: ئەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە پێناو خاکدا بجەنگن.

ئەفسەر: ئەی ئەوان لە پێناوی چیدا دەجەنگان.

سەرباز: بۆ سەرکردەیەك کە هەموو ژیانی لە مەیخانە و رابواردن بوو.

ئەفسەر: نەخێر سەرکردە وانەبوو.

سەرباز: بەڵێ ئەوان بۆ سەرکردە بێشەرەفەکانی وڵات دەجەنگان کە خوشك و دایکی ئەوانیان ئەتکان.

ئەفسەر: نەخێر.

سەرباز: بەڵێ وایە، تۆش یەکێکی لەو سەرکردانە.

ئەفسەر: نەخێر تۆ قسە بۆ سەرکردە شۆرشگێڕەکانی وڵات دروست دەکەی، من وانیم.

سەرباز: باوکم بۆمی گێڕایەوە و دەیوت ئەو کاتەی من سەرباز بووم کۆلۆنێلی باوکی بەرێزت، هەمیشە پێنج تا شەش سۆزانی لە دەوروبەری بوون.

ئەفسەر: باوکت درۆی کردووە.

سەرباز: تەنانەت دەیوت شەوێکیان کە من ئێشگری سەربازگەکەی بووم، لە نیوەشەودا بە سەرخۆشی هاتە دەرەوە و وای زانی کچم پەلاماری دام.

ئەفسەر: نەخێر، ئەو شتانە هەمووی هەڵبەستراون، باوکم هەرگیز نەیدەخواردەوە، تەنانەت هەمیشە خەریکی خواپەرستی و پاڕانەوە بوو لە خودا بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان لە جەنگ دوور بێت.

سەرباز: بۆ ئەوەی هەموو شەوێك بە ئارامی لەگەڵ سۆزانییەکانی جووت بێ.

ئەفسەر: نەخێر تۆ تێناگەی....

سەرباز: بەڵێ باوکت ئاوا بوو، کاتێك تۆش بوویتە فەرماندەی تیپی سێی لەشکری بەرگریکردن هەمان شتت دووبارە دەکردەوە کە باوکت ئەنجامی دابوو.

ئەفسەر: وەکو باوکم هەمیشە لە خودا دەپاڕامەوە لە بەرەکانی جەنگ دوور بم و وڵاتەکەم ئارام بێت، ئێستاش کە تووشی ئەم جەنگە بووم تا مردن بەردەوام دەبم.

سەرباز: بۆ ئەوەی ئازادی بە دەست بێنیت و جارێکی دیکە لە هەوای ئازادیدا ڕابوێری.

ئەفسەر: نەخێر بۆ ئەوەی نەوەکانی وڵات لە جەنگ بپارێزم و داگیرکەر دووربخەمەوە.

سەرباز: بەڵام نەوەکانی وڵاتەکەت قوربانی جەستەی ئافرەتێکن کە سەرکردە جەنگی لەسەر بەرپا دەکات.

ئەفسەر: هیچ یەك لە سەرکردەکانی وڵاتەکەت بەو شێوەیەنین.

سەرباز: بەڵێ بیرمە ئەو شەوانەی سەرەتای جەنگ کە تۆ لە ژوورەکەتدا راتدەبوارد و قیژەو هەرای سۆزانییەکان بەرز دەبۆوە، سەربازەکانی هاوڕێم دەهاتن و لەپاڵ دیوارەکە بە نەغمەی ئەو قیژە و هەرایە دەسپەڕیان دەکرد.

ئەفسەر: (چەکەکەی دەردەهێنێ لەسەر ناوچەوانی) بێ ڕێزیم بەرانبەر مەکە دەنا دەتکەمە قوربانی فیشەکێکی ژەنگاوی.

سەرباز: بیکە، پەنجە بنێ بە پەلەپیتکەکەیدا با لەم جەنگی ئابڕوچوونە رزگارم بێ، کە دوای جەنگ پێمان دەڵێن گەوادی سەرکردە، چونکە بۆ گیانی سۆزانییەکی بەڕێزی دەجەنگین، (بە گاڵتەپێکردنەوە) سەرکردە، پففف... سەرکردە هەزاران بەخت دەکات بۆ مەمکێکی قوت و کونێکی تەسك.... هاهاهاها.

(ئەفسەر دەیەوێ بیکوژێت)

(دەنگی بۆردومان)

سەرباز: هێی ئەفسەر خۆت حەشاردە با پێوەنەبیت.

(دوای ئیستێك سەرباز کەوتووە خەون دەبینێت.)

(مۆسیقا بەرزە و سەربازەکە لەگەڵ کچێك رادەبوێرێ)

ئەفسەر: هێی سەرباز، (دەست لەسەر دڵی دادەنێی) نەمردووە، سەرباز....

سەرباز: (لەخەوەکەی هەڵدەستێ) بەڵێ گەورەم، تۆ ماوی؟

ئەفسەر: بەڵێ لە ژێر جەستەی مردووەکان خۆم حەشار دبوو.

سەرباز: من بەرنەکەوتم، زۆر بە زەحمەت خۆم رزگار کرد.

ئەفەسەر: ئەم نەعلەتیانە نازانن هیچ کەس لێرە نەماوە؟ ئیتر بۆ بۆردومان دەکەن.

سەرباز: ئەوان بەو ئاسمانەوە چوزانن هەموو مردوون، تاکاتی بەرەبەیان بەردەوام دەبێت.

ئەفسەر: من برسیمەو جەستەم داهێزراوە..

سەرباز: بەشێوەیەك خۆم فڕێ دا هەموو گیانم ئازاری هەیە..

ئەفسەر: زۆر خۆشە ئێستا داوەتت بکەن بە نانی گەرم و پەنیر..

سەرباز: وابزانم قاچم شکاوە.

ئەفسەر: پاشان چایەك و جگەرەیەکی چروت.

سەرباز: لەگەڵ سەلکێ گو، ئەڵێم قاچم ئازاری هەیە.



ئەفسەر: بێڕێزیم لەگەڵ مەکە.

سەرباز: ناتوانم بڕۆم، دوایش باسی ئەو شتانە مەکە من سێ رۆژە هیچم نەخواردووە، ئەڵێن بە هۆی بۆردومانەوە ناتوانن خواردن بگەیەننە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ.

ئەفسەر: بەڵام کۆگاکان پڕ بوون لە خۆراك...

سەرباز: هی کۆلۆنێل و ئەفسەرە قەشمەرەکانی بوو...

ئەفسەر: ئەمجارەیان واملێمەکە بتکوژم.

سەرباز: ئا تۆش یەکێك بووی لەو ئەفسەرانە..

ئەفسەر: دەتکوژم...

سەرباز: ناتوانی بیکەی بێ من لێرە هیچت پێناکرێ و لە ترسا ئەمری.

ئەفسەر: نەخێر من لە هیچ ناترسم و دەیکەم.

سەرباز: بەڵام ئەگەر دە مەتر لێت دووربکەومەوە لە ترسا گو بەخۆتدا دەکەی...

ئەفسەر: بەئەدەب بەو جوان بدوێ.

سەرباز: وڵاتەکەم ئەوەندە ئەدەبی پێ بەخشیم.

ئەفسەر: نەخێر دایکت لەبەر رابواردن نەیتوانی ئەدەبت بدات.

سەرباز: نا دایکم سۆزانی نەبوو، ئەهات و دایکتی بۆ سەرکردە ئەبرد و بەپارەکەی منی دەژیاند، چونکە باوکم دوو مانگ دوای لەدایك بوونم شەهید بوو...

ئەفسەر: دایکم کەسێکی بەڕێز بوو هەر کات سەرکردە بیبنیایە دەستەکانی ماچ دەکرد.

سەرباز: بەڵام لەپشت باوکتەوە شوێنی دیکەی دایکتی ماچ کردووە.

ئەفسەر: بێ ئەدەب (دەمانچەکەی دەردەهێنێ) هەر دەتکوژم... خوێڕی...

سەرباز: من خوێڕی نیم، چونکە دایکم بە نانکردن بۆ ماڵان منی پەروەردە کرد، تۆی خوێڕی کە دایکت لەبەرچاوتدا بەردەستەکانی سواری خۆی دەکرد و نەتدەوێرا بەباوکت بڵێی.

ئەفسەر: هیچ و پووچ...

سەرباز: دەی پەنجە بنێ بە پەلەپیتکەکەیدا با رزگام بێت....

ئەفسەر: ئاهههههه (هاوار دەکا) ناتوانم...

سەرباز: هەر دەبێ بتوانی بیکەی دەنا من لەگەڵ کوڕی سۆزانییەکدا تا رزگار بوون نامێنمەوە.

ئەفسەر: نا نەخێر تۆ بەجێم ناهێڵی... ناڕۆی وانییە هاوڕێ؟

سەرباز: (وەڵامی ناداتەوە)

ئەفسەر: برسیمە.

سەرباز: ناتوانم برۆم.

ئەفسەر: هیچ هەیە بیخۆین.

سەرباز: وابزانم خوێن لە قاچم دێ.

ئەفسەر: لێرە بمێنەرەوە دەچم بەدوای شتێکدا دەگەڕێم بیخۆین..

(لەلای راستەوە دەردەچێ)

سەرباز: ئەم نەعلەتیانە چییان لێکردم.

(بە خشکە دەڕوات لەشوێنێک پاڵ دەداتەوە، بە فانیلەکەی قاچی دەبەستێ)

ئەفسەر: هاوڕێ تەنیا ئەم سەمونەم دۆزییەوە بابیخۆین.

سەرباز: من هاوڕێی تۆ نیم.

ئەفسەر: تۆ ئەو پارچە سەموونە بخۆ تا هاوڕێیانی بەرەی دواوە دێن و رزگارمان دەکەن.

سەرباز: من چاوەڕێی هیچ کەس ناکەم.

ئەفسەر: با دەبێ چاوەڕێ کەین، ئاگام لێتدەبێ، دڵنیام ئەوان دێن و رزگارمان دەکەن.

سەرباز: هیچ کەس نایەت بۆ رزگارکردنمان، لەوانەیە ئێستا ئەوان هیچیان نەمابێ و بووبن بە رەژوو..

ئەفسەر: نەخێر، ئەوان ماون دڵنیام بە دواماندا دەگەڕێن.

سەرباز: من برینـدارم و بەرگەی چاوەڕێکردنیان ناکەم.

ئەفسەر: هیچ دەرمانێک نەماوە، کۆگای پزیشکی سووتا.

سەرباز: گرنگ نییە ئێستا خۆم تەیار دەکەم و دەڕۆم خۆم بە رزگارکەرانی وڵات دەسپێرم و لەوێ چارەسەرم بۆ دەکەن.

ئەفسەر: نەخێر ناڕۆی من گەورەتم لێرە...

سەرباز: یان دەڕۆم، یان دەمکوژی.

ئەفسەر: هیچ کەس ناکوژرێ، بەڵام ناڕۆی...

سەرباز: ئامادە نیم گیانی خۆم بکەمە قوربانی سۆزانییەک...

ئەفسەر: گیانی خۆت لە پێناو خاکەکەتدا ببەخشە.

سەرباز: خاکێک کە سەرکردەکەی هەر خەریکی سۆزانییەکان بێت، خاکەکەش حیزە...

ئەفسەر: واز لەو قسانە بێنە...

سەرباز: ئیتر گوێت لێیان نابێ چونکە دەڕۆم...

ئەفسەر: فەرمانم کرد کە دەمێنیتەوە.

سەرباز: نەخێر، یان فیشەکێک لێرە دەدەی، یان دەڕۆم.

ئەفسەر: سەربازێکی بە ئەمەک بە گوێ لە گەورەکانت بگرە...

سەرباز: من دەڕۆم، کە لێت دوورکەوتمەوە







فیشەکێک دەنێی بێرەوە (دەست بۆ پشتە سەری دەبات) ئەگەر وا نەبێت لێت خۆش نابم.

ئەفسەر: ناڕۆی...

سەرباز: (بەرەو لای چەپ هەنگاو دەنێ)

ئەفسەر: هێی سەرباز ڕاوەستە...

(وەڵام نییە)

دەتکوژم....

(بەدەست ئاماژە بۆ پشتە سەری دەکات)

ناتوانم بیتەقێنم ناتوانم.. مەڕۆ

(سەربازەکە لە چاوان ون دەبێت)

ئەفسەر: ئا ئەو کەسەی کە چەندان شەو لەپێش دەرگاکەمدا راوەستاوە بەجێی هێشتم، تەنانەت نەمتوانی خائینێک بکوژم کە لێم هەڵگەڕایەوە. وڵات زۆری لەم شێوەیەیە پەروەردە کرد بۆیە ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، لەکاتێکدا من رامدەبوارد ئەو لەبەردەگاکەمدا وەکو سەگێکی بە ئەمەک ئێشکگرم بوو، سەرکردەش هەر وای دەکرد، بۆیە سەربازەکانی بۆی نەجەنگان، هەموو ئەفسەرە پلە یەکەکان دەگیرێن و لە سێدارە دەدرێن... من چی بکەم تا ئەوکات.

(دەنگی بۆمب و هەراوزەنای شەر، فیشەک)

(ئەفسەر هاوار دەکات)

هێی بێزار بووم تا ئەوکات دەبێ حەشارگەیەک هەبێ خۆم حەشار دەم.

(نامە و پارچە وەرەقە لە ئاسمانەوە دێتە خوارێ)

ئەفسەر: (هەڵیاندەگرێتەوە) خۆتان بدەن بەدەستەوە سەربازەکان.

(یەکێکی دیکەیان هەڵدەگرێ)

ئەفسەر: سەرباز بە ئەفسەرەکەت بڵێ جەنگ راگرێ و بڕیاری خۆبەدەستەوەدان بدات و ئاڵای سپی هەڵگرێ.

(یەکێکی دیکەیان هەڵدەگرێ)

ئەفەسەر: ئەفسەر گەر دەستگیر بکرێی لە سێدارە دەد...درڕڕێی و تەرمەکەت هەڵدەواسرێ لە ناوەراستی شاردا...

(ترس، دەنگی شەر و فڕۆکەکان و بۆمب و تەقە بەشێوەیەک ئەفسەر شێت دەکات)

(خۆی دەکوژێت)

<u>کۆتایی</u>

٢٠١١/٦/٢



**موعتەسەم ساڵەیی**

# دیاری

وەها باوە گەر کەسێك ڕێزی لێ نایت، پێویستە تۆیش شایانی ئەو ڕێزلێنانە بیت و بەهەند وەریبگریت. یاخود گەر کەسێك لەڕووی میهرەبانی و خۆشەویستییەوە دیارییەکی پێشکەش کردیت، دەبێت ئەو دیارییە ڕێ و شوێنێکی شیاوی هەبێت لەلات، جا نرخی ئەو دیارییە هەرچەندێك بێت پێویستە بەدڵ و بەگیان پارێزگاریی لێ بکەیت، بەتایبەتی گەر ئەو دیارییە کتێبێك بێت و لەلایەن نووسەرێکی هاوەڵتەوە پێشکەشت کرابێت. وەها ڕێك دەکەوێت کە کتێبێکی لەچاپدراو لەلایەن نووسەرەکەیەوە پێشکەش بەکەسێك دەکرێت، بەداخەوە دەبینین هەندێك جار ئەو کتێبە لەلایەن ئەو کەسەوەی کە پێشکەشی کراوە ڕێزی تەواوی لێ ناگیرێت و پشتگوێ دەخرێت یاخود ناخوێندرێتەوە. یاخود وەها ڕوودەدات کە یەکەم لاپەڕەی ناوەوەی کتێبەکە کە ناو و مۆری نووسەرەکەی پێوەیە و بەچەند بڕگەیەکی پڕ لە میهرەبانی پێشکەش کراوە، بێ بەزەییانە ئەو لاپەڕەیە لەلایەن





کەسی پێشکەش کراوەوە لە بنا دەبڕدرێت و لە بازاڕی کتێبدا کتێبەکە دەفرۆشرێت.

من لێرەدا دانی پێدا دەنێم کە بەو خیانەتە گەورەیە هەڵساوم و، پارێزگاری تەواوم لە کتێبێکی چاپکراوی نووسەرێکی هاوەڵم نەکردووە و لەدەستی خۆمم داوە. پێویستە ئەو ڕاستییەش بڵێم کە ئەو کەمتەرخەمیەش خەتای خۆمی تیا نەبووە، بەڵکو بەتەنیا ڕێکەوت ئەو بارودۆخە نائاساییەی ڕەخساند و کتێبەکەم لە کیس دا. کتێبێکی بەنرخ و پڕ بەها بوو لە بارەی مێژووی شارەکەمانەوە، گەر ڕۆژێك لەڕۆژان چاوم بەو هاوەڵە بەڕێزەم کەوت، ئەوا هەموو سەربوردەی باسەکەی بۆ دەگێڕمەوە و داوای لێبووردنی لێدەکەم، زۆر سوپاسگوزاری ئەو برادەرە نووسەرەم دەکەم کە ماوەیەك لەمەوبەر دوو دانە لە کتێبێکی چاپکراوی تازەی خۆی پێشکەش کردم، لەسەر دانەیەکیان ناو و مۆری خۆی داناو پێشکەشی کردم. بەڵام لەسەر دانەی دووەمدا هیچی نەنووسی و داوای لێکردم لە ئاستی خۆمەوە پێشکەشی کەسێکی ئەدەب دۆستی بکەم، لەو کەسانەی کە تامەزرۆی خوێندنەوەن و هەردەم هەڵپەی خۆ ڕۆشنبیر کردنن. بەوپەڕی پەرۆشییەوە کتێبە پێشکەشکراوەکەم خوێندەوە و لەنێو ریزی کتێبەکانمدا هەڵمگرت، بەڵام دووەم دانەکەی تری کتێبەکەم لەسەر مێزی ژووری دانیشتندا دانا، بەو مەبەستەی کەسێکی شیاو بەدی بکەم و پێشکەشی بکەم. من سوودێکی تەواوم لە کتێبەکە بینی، لەدڵی خۆمەوە وتم وەها چاکە کەسێکی تریش بەهەمان شێواز ئەو کتێبە بخوێنێتەوە و سوودی لێ ببینێت، بیرم بەلای چەند برادەر و هاوەڵێکدا چوو، کە شایانی ئەوەبن دانەی دووەمی کتێبەکەی پێشکەش بکەم.

پاش مەغریب ویستم لە دەرگای حەوشەوە خۆم بکەم بەماڵدا، لەپڕ کاك جەلیلی دراوسێم کەوتە پێش چاو کە کراسێکی سپی لەبەردابوو وەها دیاربوو لە نوێژی مزگەوت دەهاتەوە. لەدڵی خۆمەوە وتم وەها چاکە کتێبکەمی پێشکەش بکەم تاکو بیخوێنێتەوە. ویستم دەمم هەڵبهێنم و قسەی بۆ بکەم، کەچی ئەو دەستپێشخەری کرد و بەوپەڕی گازندە و پڕ لەدەم گلەییەوە وتی:

– کارنابێت وەها بڕوات بەڕێوە.. چەند ڕۆژە دەڕۆم لەڕیزدا ڕادەوەستم، بەڵام ئیشەکەم بۆ مەیسەر ناکرێت و کۆتایی پێ نایەت..!

لەمەبەستی قسەکانی تێنەگەیشتم و ئەویش درێژەی پێدا و وتی:

– لەبری دوو کەس با شەش یاخود دە فەرمانبەر دابنرێن بۆ ڕایی کردنی کاروباری خەڵکی. ئا ئەوەتا بەسەدان کەس لە ڕیزدا بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ بەبێ ئاکام لە چاوەڕوانیدا ڕادەوەستن. بزەیەکم بۆ کرد و لێم پرسی:

– لەمەبەستی قسەکانت تێناگەم!؟

هەڵیدایە و وتی:

– چەند ڕۆژە دەڕۆم و ڕیز دەگرم لە پێناوی بەدەستهێنانی وەرگرتنی مۆڵەتی سەفەرکردندا و سرەم بەرناکەوێت و بۆم تەواو ناکەن.. ئەمە کەی وەزعە و چۆن دەبێت کار بەم شێوەیە بڕوات بەڕێوە..!؟ ئەوسا نۆرەی قسەکردن هاتە سەر من و تێم گەیاند، کە کتێبێکی لەچاپدراوی تازەم لەبارەی مێژووی شارەکەمانەوە لایەو، دەمەوێت پێشکەشی بکەم تاوەکو بیخوێنێتەوە. ئەویش هەر چاوی لە دەرگاکەی ماڵی خۆیان بوو و وەڵامی دامەوە و وتی:

– خوا جەزای خێرت بداتەوە.. لە ڕاستیدا سەفەرم کەوتۆتە سەر و بەنیازم گەر خوا بەقسمەتی کرد بچم بۆ عەمرە.. بۆیە کاتی خوێندنەوەی کتێبم نییە.!

لە قسەکانی بووەوە و داوای لێبووردنی لێکردم و ڕۆیشت. تەماشام کرد سەرتیپی دراوسێمان هات بەسەردا، کە دەرگای حەوشەکەیان دەیڕوانییە دەرگای حەوشەکەمان. زۆر بەشپرزەیی و پەشۆکاوییەوە هاتەپێش چاوم. بەهەر حاڵێك بوو وەستاندم و لەدڵی خۆمەوە وتم وەها چاکە کتێبەکە پێشکەش بەم بکەم. بەپەلە بۆم کەوتە قسە و وتی:

– ئەوەتا زۆر پەلەمە و دەمەوێت بەزووترین کات نانەکەم بخۆم و بەرامبەر بە تەلەفزیۆنەکە دابنیشم..







بواری ئەوەی نەدامێ کە قسەی بۆ بکەم وتی:

– کێشەی ئەم سەردەمەی ئێمە لەوەدایە کە کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا دانانرێت.!

بەڕوح سووکیەوە تەماشایەکی کردم و پێکەنی و وتی:

– گەر یاریکەرێك بەباشی نەکەوێتە یاری کردن، وەها چاکە ڕاهێنەر دووری بخاتەوە و کەسێکی شیاوتر لە جێیدا دابنێت. هەروەها پێویستە ناوبژیوانیش کەسێکی شیاو و لێهاتووی نالایەنگیر بێت.!

بەپەلە قسەی دەکرد و دەیەویست لەبارەی یارییەکانی تۆپی پێوە بۆم بدوێت. وەکو دەردەکەوێت یاری تۆپی پێ خەڵکانێکی زۆری لەم ساتەوەختە و ڕۆژگارەی ئێمەدا سەرقاڵ کردووە. قسەکانم پێ بڕی و پێم وت:

– کتێبێکی دانسقەی بەهادارم لایە لەبارەی مێژووی شارەکەمانەوە، وەهام نیازە پێشکەشتی بکەم بۆ ئەوەی بیخوێنیتەوەو تۆیش بەئەندازەی من سوودی لێ ببینیت..

هاتە وەڵام وتی:

– ئێستا زۆر پەلەمە و مەبەستمە پاش نان خواردن تەماشای یاریی نێوان تیپی ریاڵ مەدرید و تیپی بەرشەلۆنە بکەم، بەعەزرەتەوەم بزانم کام تیپ دەیباتەوە..! هەروەکو زانراوە من لایەنگیرێکی سەرسەختی تیپی ریاڵ مەدریدم.. بۆیە داوای لێبوردنت لێدەکەم و کاتی خوێندنەوەی کتێبم نییە..!

خواحافیزی لێکردم و بەپەلە خۆی گەیاندە دەرگای حەوشەکەیان. منیش بەنائومێدی و دەستەخەڕۆییەوە لە جێیەکەی خۆمدا بۆ ماوەیەك بەپێوە وەستام و بەتاساچووم.

پاش نانی شێوان لەسەر کورسیەکە دانیشتم و کەوتمە تێفکرین و تێڕامان. لە دڵی خۆمەوە هەر دەمرشت و دەمپێوا. سوور بووم لەسەر ئەوەی ئەو کتێبە پێشکەش بە کەسێکی شیاو بکەم، چونکە کارێکی ناڕەوایە گەر کتێب حەپس بکرێت و خەڵکی سوود لە خوێندنەوەی نەبینن. دەستم کرد بە تاوتوێکردنی مەسەلەکە و لەپڕ ناوی مامۆستا عەزیزم هاتەوە یاد.

ئەم پیاوە بەتەمەنە خانەنشینە هەموو تەمەنی بۆ چەپڕەوی و خوێندنەوەی کتێب تەرخان کرد، وتم لە جێی خۆیەتی گەر کتێبەکەی پێشکەش بکەم، بەپەلە مۆبایلەکەم گرت بەدەستەوە و لەگەڵیدا کەوتمە قسە و دەم و دوو. کرۆکی باسەکەم پێ ڕاگەیاند و پێخۆشحاڵی خۆم بۆی دەربڕی سەبارەت بەوەی ئەو کتێبە بەنرخ و دەگمەنەی پێشکەش بکەم. پاش ئاخ هەڵکێشانێکی قووڵ وەڵامی دامەوە و وتی:

– هەروەکو ئاگاداریت من تامەزرۆی کتێب خوێندنەوەم. بەڵام چاوەکانم کز بوونە و ئێستا بەڕادەیەکی زۆر کەم حوکمن، بۆیە وەکو جاران توانای خوێندنەوەم نەماوە. بەهەرحاڵ هەر ئێستا هاوڕێی کوڕم دەنێرم بۆ ماڵتان تاوەکو کتێبەکەی پێدا بنێریت. بەڵکو هەر ئەویش یارمەتیم بدات و جاروبار سەرجەمی کتێبەکەم بەدەنگی خۆی بۆ بخوێنێتەوە.

بە بیستنی ئەو قسانە فەرامۆشیەکم پێدا هاتەوەو خۆشیەکی لەڕادەبەدەر دایگرتم. بەپەلە ڕوومکردە ئەو شوێنەی کە کتێبەکەم لێ دانابوو، بەڵام نەکەوتە پێش چاوم و لە شوێنەکەی خۆیدا نەمابوو، کاتێك لە دایکی منداڵەکانم پرسی کە کتێبەکە چی بەسەر هاتووە؟ پێی ڕاگەیاندم کە ئەمڕۆ سەرلەبەیانی نەزاری پوورزام هاتووە بۆ ماڵمان و، چاوی بە کتێبەکە کەوتووە و لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی..

تووشی نوشوستی هاتم و هەستم بەنائومێدییەکی زۆر کرد. لەلایەکەوە کتێبەکە براوە و نەماوە. لەلایەکی تریشەوە هەر ئێستا ناو نەختێکی تر هاوڕێی کوڕی مامۆستا عەزیز لە زەنگی دەرگا دەدات بەمەبەستی بردنی کتێبەکە بۆ باوکی. چوومە ژووری کتێبخانەکەم و بەپیش خواردنەوە کەوتمە ئەمسەر و ئەوسەرکردنی ژوورەکە. لە پێناوی ئەوەیدا ڕووزەرد نەبم بەرامبەر بە مامۆستا عەزیزداو هەرگیز گفت و وەعدی خۆم نەشکێنم، وەهام بەباش زانی دانە کتێبە پێشکەش کراوەکەی خۆمی بدەمێ.. بەناچاریەوە ئەو لاپەڕەیەی کە ناو و





مۆری برادەرە نووسەرەکەمی بەسەرەوە بوو لەبنا دڕیم. ئەویش بەمەبەستی ئەوەی پێشکەش بە مامۆستا عەزیزی بکەم. لە سەرەتاوە عەرزم کردن کە کارێکی ناشیاوە گەر پارێزگاری لە کتێبی پێشکەش کراو نەکرێت. بەڵام من خۆم بەناچارییەوە بەو خیانەتە هەڵساوم. جا ئیتر هیوادارم ئەو برادەرە نووسەرەم چاو پێبکەوێت و سەرجەم باسەکەی بۆ بگێڕمەوە و داوای لێبوردنی لێ بکەم.



## ئیزابێل ئەللیندی

# والیمای

### و/عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

باوکم ناوی نام والیمای، ئەو ناوە بە زمانی برایانی باکوورمان مانای "با" دەگەیێنێت. دەتوانم ناوی خۆمت پێ بڵێم چونکە تۆ ئێستا وەك کوڕم وایت و ڕێگەت پێدەدەم بە ناوی خۆمەوە بانگم بکەیت، هەرچەند ئەمناوە تەنها پەیوەندیی بەناوی خێزانە وەهەیە.

دەبێ بە وریاییەوە ناوی خەڵك و زیندەوەران بێنین، چونکە کاتێك ناویان دێنین دەچینە نێو دڵ و دەروون و هێزی مەعنەوییانەوە و بەوجۆرەیش لەگەڵ خزم و خوێشدا مەرحەبای یەکتری دەکەین. لەوە تێناگەم چۆن خەڵکی بێگانە بە سووك ناوی یەکتری دەبەن بێئەوەی ترس دایانبگرێت، ئەو جۆرە ناوهێنانە تەنها ڕێزشکاندنی یەکتری نیە و بەس، بەڵکە مەترسیی زۆری لێ دەکەوێتەوە. تێبینم کردووە ئەو کەسانە زۆر بە سووکی ناوی یەکتر دەبەن و هەست ناکەن هەر قسەکردن کەینوونەی خۆی هەیە.. ئامازە و ئیشارەت و وشە هزری مرۆڤن و نابێ بە هەوانتە و بێ ئامانج قسە بکرێت، منداڵەکانم وا پەروەردە کردووە، بەڵام گوێ بە ئامۆژگاریەکانم نادرێت.

جاران ڕێزی زۆر لە داب و نەریت و شتە قەدەغەکراوەکان دەگیرا، باب و باپیرانم و باب و





باپیری باپیریان ڕێنمایی پێویستیان وەرگرتووە و هیچ گۆڕانێکیان تێدا نەدەکرد. هەرکەسێ ڕێنمایی باشی وەرگرتایە، یەك بەیەك دەهاتنەوە بیری و دەیزانی لە هەموو سات و هەڵوێستەکانا چۆن مامەڵە و ڕەفتار بکات. بەڵام دواتر بێگانەکان هاتن و لەدژی حیکمەت و دانایی پێشینان قسەیان دەکرد و لە خاکی خۆیشمان دووریان خستینەوە..زیاتر و زیاتر دەچووینە قووڵایی جەنگەڵەوە، ئەوانیش بەردەوام بە شوێنمانەوە بوون. ڕەنگە هەندێ جار چەند ساڵێك دوا بکەوتنایە، بەڵام دواجار سەر لە نوێ دەردەکەوتنەوە، ئەوکات دەبوو ئێمە کشتوکاڵەکان تێك بدەین، منداڵەکانمان بدەین بەشانا، ئاژەڵەکان شەتەك بدەین و ڕەو بکەین..لەوەتەی لەم دنیایە تێگەیشتووم پرسەکان وابوون: هەموو شتێك جێ دێڵین و وەك جرج بە دوای کونا دەگەڕێین نەك وەك جەنگاوەر، یان ئەو خواوەندانەی ساڵەهای ساڵە لەم خاکانەدا نیشتەجێن.. هەندێ گەنج لە ئاستی سپی پێستەکاندا بزۆزییان هەیە، لەکاتێکدا ئێمە بۆ ئەوەی وەك پێشینانمان بژیین بۆ نێوجەرگەی دارستان هەڵدەهاتین، هەبوون بە پێچەوانەوە..ئێمە وەك مردوو دەمانڕوانیە ئەوانە، چونکە کەمیان دەگەڕانەوە و ئەوانەیش کە دەگەڕانەوە زۆر دەگۆڕان و نەماندەتوانی بە خزمی خۆمانیان قبوڵ بکەین.

دەڵێن ساڵانێك بەر لەوەی بێمە دنیاوە، لەم گوندەی ئێمە هێندەی پێویست کچ لەدایك نەدەبوو، بۆیە باوکم ناچار دەبێت بۆ ئەوەی ژنێك لەهۆزێکی تر بخوازێت چەندین ڕێگەی دوور تەی بکات. بە نێو جەنگەڵەکان بە شوێن پێی ئەوانەدا ڕۆیشتووە کە بۆ هەمان مەبەست ئەو ڕێگایانەیان بڕیووە و ژنی بێگانەیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتەوە. دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر، کاتێك باوکم لە دۆزینەوەی هاوسەرێك نائومێد دەبێت، لای تاڤگەیەکەوە کچێك دەبینێت.. بێئەوەی زۆریش لێی نزیك بێتەوە تا نەترسێت، بەو زمانە قسەی لەگەڵ دەکات کە راوچی نێچیرەکەی پێ دڵنیا دەکاتەوە، تێی دەگەیێنێت کە دەیەوێ ژن بێنێت، ئەویش ئامازەی نزیك بوونەوەی پێدەدات، ورد تەماشای دەکات، پێدەچێت ڕواڵەت و شێوەی ئەم کۆچبەرەی بەدڵ بووە، چونکە پێیوابووە بیرکردنەوە لە هاوسەرگیری شێتیەکی تەواوە. دەبوو باوکم لای خەزووری ئیش بکات تا مارەییەکەی بدات، دوای تەواوکردنی مەراسیمی هاوسەرگیری، هەردووکیان دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکەمان.

من وخوشك و براکانم لە ژێر سایەی درەختا گەورە بووین و تیشکی خۆرمان نەدەبینی. هەندێجار درەختێکی زامدار دەکەوت و بۆشاییەك دەکەوتە گومەزی ئاسمان، ئەوکات چاوی شینی ئاسمانمان دەبینی. دایك و باوکم هەقایەتی زۆریان بۆ گێڕاومەتەوە..گۆرانی زۆریان

بۆ وتووم، ئەوەیان فێرکردم کە دەبێ هەموو پیاوێك بۆ مانەوە لە ژیاندا بە بێ یارمەتیی کەسانی تر بیزانێت تەنها تیرو کەوانەکەی خۆی نەبێت.. بەوجۆرە ئازاد و سەربەخۆ بووم.. ئێمەی رۆڵەکانی مانگ ناتوانین بەبێ ئازادیی بژیین. کاتێك لە نێو چوار دیوار یان لە تەلبەندا زیندانیمان دەکەن، بەرەو ناوەوەی خۆمان دەتەقینەوە، ئیتر نابینا و نابیستا دەبین و دوای چەند رۆژێك ڕۆحمان لە قەفەزەی سینەمانەوە دەردەچێت. رەنگە هەندێ جار ببینە ئاژەڵی داماو و بەستەزمان، بەڵام هەمیشە مردن بە باشتر دەزانین. بۆیە ماڵەکانمان  بێ دیوارن، تەنها سەقفیان هەیە تا رێ لە ڕەشەبا بگرن و ئاراستەی باران بگۆڕن..لەژێر ئەو ساپیتانەدا و بە تەنیشتی یەکەوە جۆلانەی خەوتنمان هەڵدەخەین، چونکە حەزدەکەین گوێمان لە خەونی ژن و منداڵ و هەناسەی مەیموون و سەگەکانیش بێت کە لەگەڵمان دەخەون. سەردەمی یەکەمی منداڵیم لە دارستانا بەسەر برد و نەمدەزانی لەودیوی رووبار و کەندەکانەوە دنیایەکی تر هەیە. هەندێجار لە هۆزەکانی ترەوە میوانمان دەهاتن و باسی "باو فیستا" و "ملاتانال" و بێگانەکان و داب و نەریتیان بۆ دەکردین..ئێمە پێمان وابوو ئەو هەقایەتانە بۆ پێکەنینن.

بووم بە پیاو و کاتی ئەوەیش هات ژن بێنم، بەڵام بڕیارم دا پەلە نەکەم چونکە حەزم لە هاوڕێیەتی رەبەنەکان دەکرد، چونکە هەمیشە خەریکی بەزم و گاڵتە بووین و زۆر بەختەوەر بووین..لەگەڵ ئەوەیشدا نەمتوانی وەك ئەوانی تر ژیانم بۆ گاڵتە و گەمە و پشوودان تەرخان بکەم، چونکە خێزانێکی زۆر بووین: خوشك و برا و برازا، ئامۆزا، چەندین دەمی برسی کە دەبوو تێر بکرێن..ئەوەیش بۆ راوچی کاری زۆری دەویست.

رۆژێکیان چەند راوچییەکی ڕەنگ هەڵبزڕکاو هاتن بۆ لام کە بە تفەنگ و بێ هیچ کارامەیی و ئازایەتیەك ڕاویان دەکرد، نەیاندەتوانی بەسەر درەختێکا سەرکەون، یان بە ڕم ماسیەك راو بکەن، بە هەزار حاڵ لە دارستانەکەدا دەجووڵانەوە و بەهۆی جوعبە و چەك و تەنانەت بەهۆی قاچی خۆیانەوە سەرسمیان دەدا و دەکەوتن. ئەوان وەك ئێمە جلی تەنکیان لەبەردا نەبوو تا هەوا بەر جەستەیان بکەوێت. بەڵکو جلەکانیان تەڕ و بۆگەن و خۆیشیان زۆر پیس و بێ سەلیقە بوون. بەڵام زۆر بە پەرۆشیەوە باسی مەعریفە و خواوەندەکانی خۆیان بۆ دەکردین. ئێمەیش بەو قسانە بەراوردمان کرد کە لەبارەی سپی پێستەکانەوە بیستبوومان بە ڕاستی وابوو. زوویش بۆمان روون بووە کە ئەوان مژدەدەر و سەرباز و مەتات کۆکەرەوە نین، بەڵکو کۆمەڵێك شێتن هاتوون بۆ بردنی دار و خاك و بۆ بەردیش





دەگەڕێن. بۆمان روونکردنەوە کە ناتوانن وەك چۆلەکەیەکی مردارەوە بوو دارستانەکە بدەن بە کۆڵیاندا و بیگوێزنەوە. گوێیان لێنەگرتین و لە نزیکی گوندەکەمان مانەوە. هەریەك لەوان دەتوت ڕەشەباو گەردەلوولە و هەرچییان بهاتایەتە رێ تێکیان دەدا و داروپەردوویان لە دوای خۆیانەوە جێدەهێشت و مرۆڤ و ئاژەڵەکانیشیان قەڵس و وەڕس دەکرد. سەرەتا لەبەر ئەوەی میوانمان بوون لێیان بێدەنگ بووین، بەڵام ئەوان بەهیچ تێریان نەخوارد و تا دەهات زیاتریان دەویست و ئیتر ئێمەیش لەو گەمانەیان ماندوو بووین و جەنگمان بە هەموو رێساکانیەوە ڕاگەیاند. ئەوان جەنگاوەرێکی خراپ و ناسك بوون و زوو ترسیان لێدەنیشت..تەحەمولی ئەو تێلایانەیان نەکرد دەمانکێشا بەسەریاندا. دواتر شوێنەکەی خۆمان جێهێشت و بەرەو خۆرهەڵات و چڕایی دارستان رەومان کرد، بەسەر درەختەکانا ماوەیەکی زۆرمان بڕی تا هاوڕێکانیان دوامان نەکەون. هەواڵمان پێگەیشتبوو کە دەیانەوێ تۆڵەی خۆیان بسەننەوە و کاتێك کەسێکیان لێ دەمرێت تەنانەت گەر لە شەڕێکی ئاساییشدا بێت، ئیتر بۆ تۆڵە سەندنەوە کۆ لە قەلاچۆکردنی هۆزێك بەتەواوی ناکەنەوە بە ژن و منداڵیشەوە. شوێنێکمان دۆزیەوە بۆ دامەزراندنەوەی گوندەکەمان، جێیەکی باش نەبوو لەهەموو لایەکانیەوە، چونکە دەبوو ژنان چەندین کاتژمێر رێگە ببڕن بۆ ئاو هێنان..بەڵام لەوێ ماینەوە چونکە پێمان وابوو کەس لە جێیەکی وا دووردا سۆراخمان ناکات.

ساڵێك دوای ئەوە، ناچار بووم لە شوێن پێ هەڵگرتنی شێری "بوما"دا ماوەیەکی زۆر دوور بکەومەوە تا لە سەربازگەیەك نزیك کەوتمەوە.. شەکەت و ماندوو و بووم و چەند رۆژێکیش دەبوو هیچم نەخواردبوو، بۆیە سەراسیمە بووم و کە سەربازەکانم بینی لەبریی ئەوەی پاشەکشێی لێ بکەم لە شوێنی خۆم دانیشتم بۆ پشوودان و دەستگیریان کردم. ئەمان باسیان لەهیچ نەکرد تەنانەت لێدانی ئەوانەیش کە بەهۆیانەوە هۆزەکەمان رەوی کرد و هیچ پرسیارێکیشیان لێ نەکردم..یان ئەوانیان نەدەناسی یاخود نەیاندەزانی من والیماییم. لەگەڵ مەتات کۆکەرەوەکانا خستمیانە ئیشەوە. زۆر لە پیاوانی هۆزەکانی تریشیان گرتبوو و پانتۆڵیان کردبووە پێیان و بە زۆر و بێ گوێدانە خواستەکانیان ئیشیان پێ دەکردن. مەتات کۆکردنەوە ئیش و عەزێتی زۆری دەوێت و لەو ناوچەیەشدا خەڵکی پێویستیان دەست نەدەکەوت، بۆیە بەوپەڕی زۆرەملێ سوغرەیان بە ئێمە دەکرد. ئەوکاتە قۆناغی دیلی بوو و نامەوێ باسی بکەم.. هەر بۆ ئەوەیش مامەوە تا بزانم داخۆ شتێك فێر دەبم،

هەر لەسەرەتایشەوە دەمزانی دواجار دەگەڕێمەوە ناو هۆزەکەم، چونکە کەس ناتوانێت جەنگاوەرێك تا ماوەیەکی درێژخایەن دەستگیر بکات.

لە بەیانی خۆرهەڵاتنەوە تا خۆرئاوابوون ئیش بەردەوام دەبوو، هەندێك جەستەی درەختەکانیان شەق دەکرد بۆ ئەوەی دڵۆپ دڵۆپ ژیانیان لێ ببڕێت، هەندێکی تریشیان شیلەی دارەکانیان کۆ دەکردەوە و دەیانکوڵاند و دەیانکرد بەتۆپێکی خڕ. هەوای ئازادی دەرەوە بە بۆنی مەتاتی سووتاو و هەوای نێو ژوورەکانیش بە بۆگەنیی جەستەی پیاوەکان نەخۆش کەوتبوو.. نەمدەتوانی لەو شوێنەدا بە سەرفرازی هەناسە بدەم. چێشتی مۆز بە برنج و خواردنی قووتووی سەیر سەیریان بۆ دەهێناین کە بە هیچ شێوەیەك تامم نەکردن و دەمم تێوە نەدان، چونکە شتێك لە نێو قووتوودا پێبگات بێگومان سوودی بۆ مرۆڤ نابێت. لە سووچێکی سەربازگەکەدا و لەنێو کۆلیتەیەکی گەورەدا ژنیان زیندانی کردبوو. دوای دوو هەفتە کارکردنم لە کۆکردنەوەی مەتات، سەرکار پارچە کاغەزێك و بوتڵێك مەیی دامێ و ناردمی بۆ شوێنی ژنەکان، مەیەکەم ڕژاند چونکە بینیبووم ئەو مەیە چۆن بە ویقارەوە مرۆڤ وێران دەکات. لەگەڵ ئەوانی تردا ریزم گرت و لە دوای دواوە وەستام. کە نۆرەی چوونە ژوورەوەم هات خۆر ئاوابوو و قیڕەی بۆق و زیقەی تووتیەکان شەوگاریان پڕ لە ژاوەژاو کردبوو. ئەو ژنەی دەبوو بچمە لای لە هۆزی ئیلا بوو، کە خاوەن دڵێکی جوان و ناسك بوون و جوانترین و ناسکترین کچ کچی ئەو هۆزە بوون کە پیاو هەبوو چەند مانگێك ڕێیان دەبڕی تا لەو هۆزە نزیك بکەونەوە و دیارییان بۆ دەبردن و ماسییان بۆ ڕاو دەکردن تا یەکێك لەو کچانەیان پێببڕێت. لەبەر ئەوەی دایکیشم لە هۆزی ئیلا بوو، کچەکەم ناسیەوە گەرچی وەك بزەن مژەی لێهاتبوو. کچەکە بە ڕووتی خرابووە سەر سندووقێك و بە زنجیرێکیش لە قولەپێیەوە بە زەویەکەوە شەتەك درابوو، وەك ئەوەی بۆنی "بۆبۆ ئالاکاسایا"ی کردبێت هۆشی بەخۆی نەمابوو. بۆنی سەگی تۆپیو و ئارەقەی هەموو ئەو پیاوانەی لێدەهات پێش من چووبوونە لای. پارچەڵەیەك بوو ئێسکەکانی وەك بەردی نێو رووبار تەقەیان دەهات. ژنانی ئیلا تووکی گیانیان لێدەکەنەوە تەنانەت برژانگەکانیشیان و بە پەڕ و گوڵ گوێچەکەیان دەڕازێننەوە و چیلکەی نووك تیژ دەکەن بە ڕوومەت و لووتیاندا و بە ڕەنگی سووری ئۆنۆتۆ و وەنەوشەیی خورما و ڕەشیی خەڵووز لەسەر هەموو جەستەیان وێنە دەکێشن. کەچی ئەو هیچ کام لەمانەی نەکردبوو. داسەکەم فڕێدایە سەر زەوی و وەك خوشکی خۆم سڵاوم لێکرد و لاسایی خوڕەی ڕووبار و خوێندنی هەندێ لە باڵندەکانم بۆ







کردەوە..وەڵامی نەبوو. بەهێزی خۆم کێشام بە سینگیدا تا بزانم ڕۆحی تێدا ماوە، گوێم لە هیچ دەنگدانەوەیەك نەبوو. ڕۆحی تەواو لاواز بوو و نەیدەتوانی وەڵامم بداتەوە. چوارمشقی بە دیاریەوە دانیشتم و کەمێك ئاوم بۆ هێنا و بە زمانەکەی دایکم قسەم لەگەڵ کرد. چاوی کردەوە و ماوەیەکی زۆر تەماشای کردم و تێگەیشتم لێی.

سەرەتا خۆم شۆرد بێئەوەی ئاوە پاکەکە بەفیڕۆ بدەم، کەمێك ئاوم کردە دەممەوە و وەك دەزوولەیەکی باریك کردم بە لەپمدا و دەم و چاوم پێ پاککردەوە، دەموچاوی ئەویشم لە بۆن و ئارەقەی پیاوەکان پاککردەوە. پانتۆڵەکەم داکەند و لە پەتی کەمەرمەوە دوو دار شۆڕ بوونەوە کە ئاگرم پێ دەکردنەوە، لەگەڵ هەندێ سەرە تیر و کیسە تووتنەکەم و چەقۆ دارینەکەم کە دانێکی جرجی پێوە کرابوو، وێڕای توورەکەیەکی پێستە کە هەندێ ژەهری تێدا مابوو. تۆزێك لەو ژەهرەم کرد بە نووکی چەقۆکەدا، بەسەر ژنەکەدا نەویمەوە و تۆزێك لاملیم بڕی. ژیان بەخششێکی خوداییە، ڕاوچییش لە پێناوی قووتی مناڵەکانیدا ڕاو دەکات و حەز ناکات لە نێچیری خۆی بخوات و نێچیری ڕاوچیەکی تری پێ خۆشە. جێی داخە پیاوان لە جەنگدا یەکتری دەکوژن، بەڵام ناتوانن ئازار بە ژن و مناڵ بگەیێنن. ژنەکە بە چاوە گەورە هەنگوینیەکانیەوە دیقەتی دامێ، وابزانم ویستی بە زەردەخەنەیەك سوپاسم بکات. من لە پێناوی ئەودا لای نەوەکانی مانگ گەورەترین گوناهم کرد و دەبێ کاری زۆر بکەم بۆ پاککردنەوەی ئەو شەرمەزاریە. لە زەینی خۆمدا دووجارم ئەمە دووبارە کردەوە تا دڵنیا بم، بەڵام دەنگم بەرز نەکردەوە، چونکە نابێ ناوی مردووان بهێنرێت تا ڕانەچڵەکێن، ئەمیش چووە ریزی مردووانەوە تەنانەت گەر هێشتا دڵیشی لێبدات. زۆری نەبرد بینیم ئازای گیانی لەکار کەوت، هەناسەی وەستا، ڕەنگی گۆڕا، هەناسەیەکی دایەوە و بەبێ ئەزیەت وەك مردنی زیندەوەرە بچووکەکان ڕۆحی دەرچوو.

زوو هەستم کرد ڕۆحی لە لووتیەوە دەرچوو و هاتە نێو جەستەی منەوە بۆیە هەوڵێکی زۆرم دا تا هەستمە سەر پێ، زۆر بە قورسی دەجووڵامەوە و دەتوت لە ژێر ئاودام. تەرمەکەیم بە شێوەی دواین پشوودانی دانا و ئەژنۆکانیم گەیاندە چەناگەی و بە پەتی سندووقەکە بەستمەوە و پووشەکانم کۆکردەوە و بە دوو دارەکەی خۆم ئاگرم تێ بەردا.. کە دڵنیابووم پووشەکە بەتەواوی گڕی گرتووە لە کۆلیتەکە هاتمە دەرێ و زۆر بە زەحمەت بەسەر شوورای سەربازگەکەدا سەرکەوتم، چونکە قورسایی ئەوبۆ خوارەوە رایدەکێشام و بەرەو دارستانەکە تێم تەقاند..کە گەیشتمە یەکەمین داری دارستانەکە گوێم لێبوو زەنگی

ئاگادارکردنەوە لێدرا.

بەدرێژایی ئەو رۆژە بۆ ساتێکیش نەوەستام. رۆژی دواتر تیروکەوانێکم دروستکرد و توانیم بۆ ئەو و بۆ خۆیشم ڕاوێك بکەم، چونکە جەنگاوەرێك کە ژیانی مرۆڤێکی تر هەڵبگرێت دەبێ تـا دە رۆژ یارمــەتیی بـدات، هــەر بــەوجۆرەیش رۆحــی مردووەکــە لاواز دەبێــت و خــۆی دەگەێنێتە خاکی رۆحەکان..ئەگەر یارمەتییشی نـەدات، رۆحەکـە لـە جەسـتەیدا بـەخواردن گەورە دەبێت و دەیتاسێنێت، زۆر دڵی بەهێزم بینی بەوشێوەیە مردن. بەڵام پـێش ئـەوەی ئـەو کـارە بکـەم دەبـوو رۆحــی ژنــە ئیلاییەکــە بگەێنمــە سـەوزەڵانە تاریکەکـە تـا ئـیتر نەدۆزرێتەوە. هێندەم خۆراك خوارد تا ناچار نەبم جارێکی تر بیکوژمەوە. هــەموو تیکەیــەك لە دەممدا تامی گۆشتی بۆگەنی دەدا و هەموو قومە ئاوێکیش تاڵ، بـەڵام بەناچـاری بەشـی هــەردووکمانم دەخــوارد. بەدرێــژایی مــەودای خـولی مـانگ بـە قورسـایی رۆحــی ئـەو ژنــەوە دەچوومە قووڵایی دارستانەکەوە و قورسایی رۆحیشی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبوو. هـۆزی ئیلا زمانێکی ئازادیان هەبوو کە لـەژێر درەختـەکانا زەنگـی دەدایـەوە..ئێمـەیش بـەردەوام گۆرانیمان دەچڕی، بە جەستە، بە چاوەکان، بە کەلەکـە، بەقاچـەکان..ئـەو داسـتانانەم بـۆ دەگێڕایەوە کە لە دایك و باوکمەوە فێریان بووم..من رابردووی خۆمم بۆ باس کرد و ئـەویش بەشی یەکەمی رابردووی، ئەوکاتەی منـاڵ بـوو و لەگـەڵ خوشـك و براکانیـدا خۆڵەپـەتانی و جۆلانـەیان کـردووە..لەبـەر سـەلیقەی جـوانی باسـی دوایـن نەهامـەتی و مەینەتیـەکانی بـۆ نەکردم. چۆلەکەیەکی سپیم راوکرد و جـوانترین پـەڕیم بـۆ جـوانی کـرد بـە گوێـچکەمدا. بـە درێژایی شەوگاریش ئاگردانەکـەم خـامۆش نـەکرد تـا سـارد نەبێتـەوە و بـۆ ئـەوەی خـەوی شێرەکانی بۆما و مارەکانیش نەزرێن.

جوان و پوخت لە ڕووبارەکەدا شۆردم و خۆڵەمێش و گوڵی هاڕدراوم تێ سوی تا لـە هـەموو یادەوەریە ناخۆشەکان رزگاری بکـەم. دواجـار رۆژێـك گەیـشتینە شـوێنی دیـاریکراو و ئـیتر بیانووی بەردەوام رۆیشتنمان نەما. دارستانەکە هێنـدە چـڕ بـوو لـە هەنـدێ شـوێندا ناچـار دەبووم بە داسەکەم و بە دانەکانیشم رێگە بکەمەوە. دەبوو زۆر بە ئەسپاییش قـسە بکـەین نەبادا کپی و هێوریی زەمەن بشێوێنین..لەنزیك رێچکە ئاوێکەوە شوێنێکم دیـاری کـرد و لـە گەڵا و هەژگ کەپرێکم درووست کرد و لە توێکڵی سـێ دار جۆلانەیەکیـشم بـۆ خـەوتنی ئـەو هەڵخست.. بە چەقۆکەی خۆم سەرم تاشی و ئیتر بەرۆژوو بووم.

لە ماوەی رۆشیتنی من و ئەو ژنەدا پێکەوە، هێندە یەکتریمان خۆشویست حەزمان نەدەکرد







لە یەکتری جیا بینەوە. بەڵام مرۆڤ سەروەری تەنانەت ژیان خۆیشی نیە، بۆیە دەبوو ئەرکی خۆم بە جێ بگەێنم. چەند رۆژێك دەبوو لوقمەیەك خـواردنم نـەخواردبوو تـەنها ئـاو نـەبێت. چەند هێزم لەبەر ببڕایە ئەویش هێندە لە جەستەم دەهاتەدەر و لەگەڵ چوونی ئەودا بـەرەو نەمری قورسایی رۆحی لەسەرم سووکتر دەبوو. دوای پێنج رۆژ و لـە کـاتی وەنـەوز بردنمـدا یەکەمین هەنگاوی بە دەورمدا نا، بەڵام هێشتا بە تەنها ئامـادەی سـەفەرەکەی نـەبوو بۆیـە گەڕایەوە لام. چەندینجار ئەو هەوڵانەی دووبارە کـردەوە و هـەموو جـارێکیش تۆزێـك زیـاتر دوور دەکەوتەوە. ئازاری دابڕانی ئەو لای مـن وەك سـوێی سـووتان وابـوو..دەبـوو پـەنا بـۆ هەموو ئەو دلێریە بەرم کە باوکم فێری کردم تا بە دەنگی بەرز بانگی نەکەم، چونکە دواجار دەگەڕێتــەوەو بـۆ هــەتا هەتایــە لای مــن دەمێنێتــەوە. دوای دوانــزە رۆژ خــەونم بـینی و لەخەونمدا وەك باڵندەی "تۆکان" بە سـەر ترۆپکـی درەختـەکانا دەفـڕی، بەلـەش ولارێکـی سـووکەوە خەبـەرم بـووەوە و حـەزم دەکـرد بگـریم. ئـەو بەیـەکجاری رۆیـشت. تفاقـەکانم هەڵگرت بە چەندین سەعات گەیشتمە رۆخی رووبارێك. تا کەمەرەم چـوومە ئاوەکـەوە و بـە توولێکی تیژ ماسیەکەم ڕاو کرد و بە پوولەکـە و کلـك و پەڕەکەکانیـەوە قووتمـدا، خێـرا بـە کەمێك خوێنەوە هەڵمهێنایەوە وەك دەبوو وابکەم..ئیتر خەم و ناسۆرم نـەما، ئـەوکات بـۆم دەرکەوت هەندێجار مردن لە خۆشەویستی بەهێز ترە..چـووم بـۆ ڕاو تـا بـە دەسـتی بـەتاڵ نەگەڕێمەوە گوندەکەم.

**سەرچاوە/ کتێبی(حکایات ایفا لونا)، ایزابیل اللیندی.**

**لە چاپکراوەکانی(دار المدى للثقافة والنشر ۲۰۰۸)**

**وەرگێڕ بۆ عەرەبی (صالح علمانی).**

ئەیلوول ۲۰۱۱



**عەزیز نەسین**

# رزگارمان نابێت لە پۆلیسخانە!

**و/ لیزان جەباری**

پێش هەموو شتێك كاك نورەدین ئۆتۆمبێلێكی كڕی وبڕیاریدا گەشتێك بكا بۆ ئەوروپا، بەر لە هەر شوێنێكی تر سەردانی سویسرا بكات..

لە مێژبوو بیری لەم گەشتە كردبۆوە، وەلێ بارو دۆخەكەی نەدەگونجا، لەكۆتاییدا و لەپاش ئەوەی ئاواتەكەی وەدی هات، وئۆتۆمبێلێكی سپۆرتی كڕی وپارچە یەدەكی بیانی پێویستی دەست دەكەوت، لە سەرەتای هاویندا دەستی بەگەشتەكەی كرد، بەو هیوایەی هەر هیچ نەبێ لە مانگ ونیوێك كەمتر نەخایانێت، لە كاتی بەڕێ كردنیدا بەكەسوكار و هاوڕێیانی وت:

ـ بمبەخشن گەر نەمتوانی نامەتان بۆ بنێرم. وەلێ بگەمە هەر شوێنێ پۆسكارتێكی ئەو





شوێنەتان بۆ رەوانە دەكەم.

بەلأم هیچ نامەو كارتێكی نەنارد!..

كەسێك بچێت بۆ ئەوروپا چۆن دەبێ پۆسكارتێكی رەنگاو رەنگ نەنێرێتەوە بۆ هاوسەرەكەی یاخود بۆ هاوڕێكانی؟ ئەوەی ئەم كارە نەكات نازانێ چێژی گەشت كردن بۆ ئەوروپا چییە..گەر دەتەوێ سەفەرێك بكەی بۆ ئەوروپا رێنمایی ژمارەی تەلەفۆن وناونیشانی شارەكانی ئەستەمبوڵ و ئەنقەرەو ئیزمیر بەری لەگەڵ خۆتدا، دواتر دەبێ كۆمەڵێ پۆسكارتی رەنگاو رەنگی ئەو شارانە بكڕیت، كە سەردانی دەكەیت، وكە گەڕایتەوە بۆ هوتێل وبەپێی تۆماری رێنمایی ناونیشان و تەلەفۆنی شارەكان بۆ ناونیشانەكانی هەموو ئەوكەسانەی دەیان ناسی ونایان ناسی سەرو پۆسكارتێك دەنێری تاكو هەموو كەسێ بزانێ تۆ چویتە بۆ ئەوروپا!..

پێویستیشە لە پشتی پۆسكارتەكەوە بنووسی "لە گەڵ رێزمدا لە ڤینیسیاوە" ،"لە گەڵ ریزمدا لە زیوریخەوە"، "یادگارییە لە پاریسەوە" دەبێ كەس نەمێنێ و نەزانێ سەفەری ئەوروپات كردووە، لەبەر ئەوەی

چوونە ئەوروپا ئەو هەموو ماندوو بوونە دێنێ.. وكاتێكیش گەڕایتەوە بۆ نیشتیمان تا لەژیاندابی دەبێ بەردەوام باسی گەشتەكەت بكەیت بۆ ئەوروپا..

ـ خودایەگیان رۆژانێكی چەند خۆش بوو..

ـ كاتێ لە ئەوروپا بووم..

ـ ئەوە، ئەو كاتە بوو لە ئەوروپا دەگەڕامەوە...

ـ ئەوە تۆ دەڵێی چی گیانی من، ئەوروپا بەتەواوەتی شتێكی زۆر جیاوازە..

ـ ئێمە هەرگیز وەك ئەوروپییەكان نابین بە پیاو..دەبێ هەریەكێ لەئێمە (١٠) خەرەوار نان بخوات ئینجا دەبین بە پیاو...

كەچی نورەددین هیچ شتێكی لە مانە نەكرد، چونكی مرۆڤێكی گەمژەیە، گەر من لە جێگای ئەو دەچووم بۆ ئەوروپا ، ئینجا دەتانزانی گەشت كردن چۆنە بۆ ئەوروپا!.. لووتم بەرز دەكردو بەتیلەی چاو دەمڕوانییە دەوروبەرەكەم تاكو ئەوەی بمبینێ یەكسەر لێم تێبگاو بڵێ:

– ئەم پیاوە گەشتی کردووە بۆ ئەوروپا..

پاش بیست رۆژان نورەددین گەڕایەوە لە سەفەرەکەی پرسیاریان لێکرد:

– بۆ وا زوو گەڕایتەوە، بڕیار نەبوو مانگ ونیوێ لەوێ بی...

– تکات لێدەکەم پرسیار مەکەو دەمت داخە.. بە زۆر رزگارم بوو..

– باشە بۆ تاقە پۆسکارتێکت نەنارد..

– کاتی ئەوەم نەبوو تاقە کارتێکیش بنێرم..

– کەواتە کاتێکی زۆر خۆشت بردۆتە سەر!..

– کاتی خۆش ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟..هەموو کاتەکانم لە پۆلیسخانەکان بردە سەر، ونەمتوانی هیچ شتێك ببینم.

– بۆ؟.. ئایا (پۆلیسی ئەنتەرپۆل) گومانی لێت هەبوو، کە تۆ یەکێکی لە خاوەن رابردووە خراپەکان؟..

– هەرگیز..دوایی بۆتی دەگێڕمەوە، کە چیم بەسەر هاتووە.. پاش ئەوەی بەڕێ کەوتم وسنووری ولاَتانی (بەلقان)م بڕی ، هەموو شتێك ئاسایی بوو، وەلێ هەر هێندەم خۆش بوو گەیشتمە سنووری ولاَتانی سویسراو نەمسا ئیدی هەموو شتێك گۆڕا.. بە ئاسانی سنوورم بڕی وپاش ئەوەی کیلۆمەترێکم بڕی پۆلیسێکی هاتوچۆ ڕێی پێ گرتم وپێمی گوت:

– بە یارمەتیت، فەرموو لە گەڵما بۆ پۆلیسخانە.

چووم بۆ پۆلیسخانە بەلاَم پاش ئەوە ئیدی رزگارم نەبوو لە پۆلیسخانە..

پۆلیسەکە بۆیە رای وەستاندم چونکە لایتە هیلۆجینەکەی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەم لە کار کەوتبوو، پێیانم گوت:

– لایتەکەی ترم کار دەکات لەمە زیاتر چیتان دەوێ. ئەمە چاکتر نییە لەوەی دوو لایت ئیش بکات؟..

– تەماشای ئۆتۆمبێلەکەت بکە دوو لایتی هیلۆجینیان بۆ داناوە، گەر یەك دانە بەشی بکردایە ، هەر یەکێکیان بۆ دروست دەکرد..

دواتر تەماشایەکی روخسارمی کرد ولێی پرسیم:

– واپێدەچێ تۆ بیانی بیت!..







– بەڵێ.

– دیارە..

لایتەکانم چاك کرد و دەستم بەگەشتەکەم کردو بەرەو زیوریخ، هەر کە ڕێگام گرتە بەر یەکێك لە پیاوانی پۆلیس رایگرتم.

– فەرموو بۆ پۆلیسخانە.

لە دەروازەی شار سنووری خێرایت بەزاندووە!.

– ڕێگاکە دوور و درێژەو هیچ بەرزو نزمییەکی تێدانییە، ئیدی بۆ خێرا نەهاژووم، دواتر هیچ پێکدادانێك رووی نەداوە.. ئەفسەری پۆلیسخانەکە تەماشایەکی کردم و وتی :

– تۆ بیانیت؟..

– بەڵێ.

– ئەمە روون وئاشکرایە، سەر چاوان هاتی.

– سوپاس، گەورەم.

هەرکە چوومە ناو شارەوە پۆلیسێکی تر رایگرتم:

– بابڕۆین بۆ پۆلیسخانە.

– هۆکار چییە؟

– لەبەر ئەوەی لەکاتی پێچدانەوەت هێمات هەڵنەکرد بوو!..

پێویستە زیوریخ لە مێشکم دەرکەم تاکو لە پۆلیسخانەکان رزگارم بێت.. بڕیارمدا بچم بۆ بێرن، وهەر کە چوومە ناو شارەوە سەرنجی هیچ شتێکم نەدا ..

– فەرموو بۆ پۆلیسخانە.

سەرپێچییەکەی من ئەوە بوو، لەلای چەپەوە ئەو پاسەم رەتدا کە لەپێشمەوە دەڕۆیشت.

– هیچ بەر بەستێك لە ڕێگاکەم نەبوو!..

ئەفسەرەکە تەماشایەکی کردم و پرسیاری لێمکرد:

– وابزانم تۆ بیانیت.

– چۆن زانیت؟..

– لە شکڵت رادیارە، بەخێر بێی.

بیرم لەمەسەلەکە کردەوە زانیم گەشتەکەم بە ئۆتۆمبێل پێ تەواو ناکرێ لە جێگایەك رام گرت راوەستان قەدەغەیە..پێمیان گوت: یاڵلا بۆ پۆلیسخانە... زۆر بێزار بووم، بریارمدا ئۆتۆمبێلەکە بفرۆشم تاکو لە کێشە رزگارم بێت. لەبەر ئەوەی تاکو لەلام بێت لە پۆلیسخانەی پۆلیس بەو لاوە هیچ شوێنێکی ئەوروپا نابینم.. ئۆتۆمبێلەکەم فرۆشت و وردنەبوومەوە لە نرخی فرۆشتنەکەی هەرزان بوو، یاخود گران..

– بابرۆین بۆ پۆلیسخانە..

– بۆچی؟! ئۆتۆمبێلەکە باشە وهیچ کەموکوڕییەکی تێدا نییە. پرسیاریان لێمکرد:

– چۆن بەم تیژییە دەهاژووی؟..

– من پشت بەخوا لێیدە خورم..

ئاماژەم بۆ (کیسەڵە نوشتە)* و ئەو تابلۆیەی کە لەپێشم هەڵواسراوەو لێی نووسراوە"ماشەڵلا" وبۆ سورەتی "نەمل"و بۆ چاوەزارەکە و کوژەکە رەنگ چویتییە حەوت کونەکە کرد. بەڵام بروایان پێم نەکرد.

ئۆتۆمبێلەکەم لە چۆڵەوانییەکدا بەجێ هێشت وبریارمدا سویسرا جێ بهێڵم بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی تیا ببینم..

– فەرموو بۆ پۆلیسخانە..

لە باتی ئەوەی لەسەر شۆستەکە برۆم لە سەر شەقامەکە رێگام دەکرد..

بۆم دەرکەوت لە شاری بێرن ئۆخەی ناکەم ، بریارمدا سواری پاس بم وبچم بۆ لۆزان..

– بابرۆین بۆ پۆلیسخانە..

– تۆ بیانیت؟..

گوناهی من ئەوەبوو کاتێ چوومە ناو پاسەکە ئەو پیاوەم رەتدا، کە لە پێشمەوە بوو. تکام لە ئەفسەری پۆلیسخانە کردو پێم گوت:

– تکات لێدەکەم رێم بدە سەفەر بکەم بۆ لۆزان.. گەیشتمە لۆزان..هەرکەپیاسەیەکم کرد بەناویا..

– فەرموو بۆ پۆلیسخانە..

بروام پێبکەن هیچ گوناهێکم نەکردووە، تەنها ئەوە نەبێت پاکەتی جگەرە بەتاڵەکەم فرێدایە سەر شەقامەکە.. ئەرێ بابە گیان پێم ناڵێیت ئەو گوناهە گەورەیە چییە کردوومە!.. نەکەسێکم کوشتووە و نە لە ناو شار





و بە بەرچاوی خەڵکەوە کچێکم فڕاندووە !..

بۆم دەرکەوت، لە لۆزانیش ناتوانم بمێنمەوە بۆیە بریارمدا بچم بۆ جنێف بۆ ئەوەی چێژ لە جوانی ئەو شارە وەربگرم، بەڵام لێدەگەرێن ئەم شارە ببینم؟..

– بابرۆین بۆ پۆلیسخانە..

تفم فڕێدا بووە سەر زەوی ..ئەمە چییە؟.. من تفم لە دەم وچاوی کەس نەکردووە تاکو شکاتم لێبکات..

– ئەفسەری پۆلیسخانە پێمی گوت:

– ئێ..ئێ..ئێ .. تێگەیشتم.

– لە چی تێگەیشتی؟..بەڵێ من بیانیم.

هەموو کون و قوژبنێکی سویسرا گەڕام وەڵێ لە پۆلیسخانە بەو لاوە هیچ شتێکی ترم نەبینی.

بە وشیاری و دیقەتەوە لە رێگاو بانەکان هاموشۆم دەکرد، تاکو هیچ سەر پێچییەك نەکەم و بەپێی یاسا سزا بدرێم. وەڵێ برا گیان منیش مرۆڤم!.. میزم هات لە قوژبنێکی چۆڵ و لاچەپ گەڕام تەماشایەکی دیوارەکەم کرد لێی نەنووسرابوو "هەی گوێدرێژ لێرە میز مەکە".. مانای وایە لێرە میز کردن قەدەغە نییە..

– پێشم کەوە بۆ پۆلیسخانە.

شتێکی زۆر سەیرە برا گیان سویسرییەکان خەڵکی باش دەناسن هەر تەماشای روخساری بکەن دەزانن نامۆیە، یان نا..

پاڕامەوە لێیان، وپێیانم گوت: بەناوی مرۆڤایەتی تکاتان لێدەکەم بمبەن بۆ دەرەوەی سنووری سویسرا..

برا گیان ئێستا زانیت بۆچی من کاتم نەبوو تاکو پۆسکارتێکت بۆ بنێرم؟..

چوم بۆ سویسرا و هاتمەوە، بەڵام لە پۆلیسخانەکان بەو لاوە هیچی ترم نەبینی....

* لە تورکیا لە زیو وپلاسکۆ کیسەڵی بچوك دروست دەکەن وبۆ چاوەزار دەیکەنە ملیان، یاخود لە ماڵان وناو ئۆتۆمبێل هەڵی دەواسن. پێی دەڵێن: (کیسەڵە نوشتە)"وەرگێڕ"



**خۆرخی لویس بۆرخیس**

# سێ شیعری وەرگێڕاو

**و/ سابیر مەلوول**

## ١- ونستان

زیۆس تەنانەت زیۆسیش
توانای کردنەوەی ئەم تۆڕە بەردانەی نییە
کە دەوریان داوم و خستمیانەتە نێوانی خۆیان
ئاوەزم خاڵی بۆتەوە،
هۆش و بیرم ئەو کەسانەی نایەتەوە یاد
کە بە درێژایی ڕێگاکە هاوڕێم بوون بەگیان گیان
ڕێگای نەفرەتبار بەدیوارە یەکڕەنگەکان،
ڕێگایەک کە قەدەرمە و
لە نەخشی چارەم نووسراوە بەخەتێکی پان
ڕاڕەووەکان ڕاست دێنە بەرچاو





بەڵام فێڵبازانە پێچ دەکەنەوە
لە کۆتایی ساڵەکاندا
بازنەگەلێکی نهێنی سازدەکەن، جەغزی پێوار
سەنگەرەکان بە تێپەڕینی ڕۆژگار
ساف ساف بوون، تەخت و هەموار
لێرەدا
لەناو ئەم تۆز و غوماره نیوەگەرمە مەرمەڕیەدا
دەمترسێنن شوێنپێیەکان
هەندێک جاران
بای بۆ شوباشی ئێواران
ناڵەیەک لەگەڵ خۆی دێنێ
یان زایەڵەی خەمناکی ناڵەیەکی پڕ لە ژان
دەزانم کە لەوێ لەنێوان سێبەرەکاندا
"ئەوی دی" بەنهێنی خۆی مەڵاسداوە
"ئەویدی" یەک کە ئەرکی ئەوەیە
ئەو تەنیاییە لەناو ببا کە ورد ورد دۆزەخ دەچنێ
هەتاوەکو خوێنم بگرێ و
مۆرێک بە مردنمەوە بنێ
چون بەختەی قوربان
ئێمە لە یەکدی دەگەڕێین ئاخ قوربان
چی دەبێ گەر ئەمەن دوایین ڕۆژی
دژایەتی و لەیەک نەچوونمان بێ
- سەت خۆزگەم بە خۆزگەداران وابێ-

ونستان/ المتاهە
زیۆس/ خواوەندێکە
بەختە/ قوربانی
ئەویدی/ الاخر

## ٢- دەریا

پێش ئەوەی کە خەونی یان ترسی مرۆییمان

ئەستوورەکان، تیۆرییەکانی پەیدابوون، خۆشەویستی بچنێت

پێش ئەوەی کە زەمانە،

رۆژەکان لە گەوهەری خۆی دارێژێت

دەریا هەبوو، هەمیشە بوونی هەبوو دەریا!

دەریا کێیە؟

ئەو بوونە یاخییە کێیە؟

یاخی و دێرین کە بناغەکانی زەوی دەکرۆژێت؟

ئەو هەموو یەکێکە،

دەریاگەلێکی زۆرە زۆر، ئۆقیانووسە و سەدان چەمی رەنگ

ئەو گەردا و شکۆ و بەهایە

بەخت و بایە

هەر نیگایەک لە دەریا هەوەڵین نیگایە

هەموو جارێک ناوازە و سەیر

لە شتە سەرەتاییەکان، لە ئێوارانی جوان و قەشەنگ

لە کڵپەی ئاگر و لە مانگ

دەپاڵێورێت ساف و جوان

دەریا کێیە؟ من کێم؟

وادەڵێ رۆژێک دوای گیانەلام

سەرچاوە/ مراة الحبر

## ٣- مردن

- "ئەی مردنت؟"





+ "دەشێ وەک باڵندەیەکی رەش لە شەودا بێ".

پەروام نییە، گوێی نادەمێ

ئەگەرچی بەخەڵک دەڵێم

نەخۆش و ماندووی ئەو نەخۆشییەم:

کە هەموو رۆژێکی خوا بۆرخیسم

هێشتان شیعر گەلێکم هەیە بیاننووسم

کتێبگەلێک بیانخوێنمەوە

شوێنگەلێک ماوە بیانبینم

سەرچاوە:


١- سبع لیال

ترجمة د. عابد اسماعیل طبعة الثانیة

دار الینابیع ٢٠٠٩

٢- مراة الحبر

# لەشیعری هاوچەرخی تورکمانییەوە

**شیعری : فەخری عاشق**

**و / بەکر دەروێش**

**خەونی ژووان**

پەرتبوون لەپێش چاومدا
وێنەکانی ڕابردوو
روحم بۆنی یادگارەکانی هەڵمژی
لەبەر ژانی ئازارێکی بێمەفەڕ
لەتر دەدەم
لەخەونی ژووان چ نەما جگە لەسەرابی
سالآنی بەسەرچوو
لەسەر سەفەرم
وەک مێرووله
بەسەر رۆخی ئەو





کەنارانەی لەبێزاریدا نغرۆن
هەنگاو دەنێم
پێش لەوەی لەدەریای
ئاواتەکانمدا نوقم بم
بۆ خەڵک هەڵگری هیواو ئاواتم
بۆ خۆشم سۆسەیەک
هیوا شک نابەم.

**چرپە**

خۆشەویستیت چەن جارێک کوشتمی
هێزی لێ بڕیم
خونچەی لاوی هەڵوەرانم
وەک تۆپی بەر پێی قەدەر
بەسەر رێگاکاندا گلدەبمەوە
وەرە ئەی بکوژم
پارچەکانم کۆکەرەوە
دەستێک بێنە بەسەرما
بزەکانت
ئاواتەکانم دەبوژێنێتەوە
چرپەیەکت بەسە
بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لەدایک ببمەوە.

## چێژی ژووان

تۆ وەک بەلەمێکی چکۆڵە
لەدەریای شەوقا
لارە لارتە
منیش هەر وەک ئەوەی لەخەونێکی خۆشا
مەلەبکەم
هەست دەکەم رۆژانی بێزاری بەسەرچوو
کاتێک نیگاکانت دەمگوشێ
دەست درێژدەکەم
تا دڵۆپی بارانی سۆزت بگرمەوە
خۆشەویستیت ئەی نازەنین
شەو رۆژ بەدەمارەکانما هاژەیدێت
لەم رۆ بەدواوە
دەرگای هەستەکانم داناخەم
با وەهمەکانم لەچێژی ژووانتا بسوتێ
حەشارگەی قوڵت
لەناخی دڵمدایە
چوون گەڵای دار
لەتافی بەهاردا چرۆ دەکات
لەگەڵ گزنگی بەیاندا



گزنگ ٩٢
ئەیلوول ٢٠١١

سەراپا لەگوڵدا دەخەملێ.

## خەون و رۆژان

خەونەکانم
وەک ئەو ماڵانەن کەمناڵان
لە لم دروستیان دەکات
رۆژەکانیشم
وەک ئەو گەڵا وشکانەن
کەبا گەمەیان پێدەکات.



**دکتۆر عەبدولکەریم خەلیفە**

# ئافرەتێکی جیاواز

**و: سەباح بازرگان**

ئەی بوونەوەری جیاواز
دەرئەچم لە قوزاخەی پەشێوی
دەبەخشمە مێژووی عەشق
بیلبیلەیی بۆ دزەکردن
پشت ژوانەکانی جەرگ سووتاوەکان
دەرژێنم بە لیستە
ئەندێشاوییەکان
لەناو دەریای دووچاویا
بەتەنیا ئەو و بێ ئەوانی تر
هەر ئەوە کە دەمبەخشێ
گەرمی زستانێکی باراناوی





یا بایەکی بۆنداری
پەلکەکانی قژە کەستەناکەی
دەشێ ورێنە بکەم
یا دەگەڕێم لە دووی پێڵوویەک پێی
هەڵواسم برژانگەکانم
بەڵام ئەوەی دەیزانم
ئەوا من خۆشتم دەوێت
لەدوای ماندووی تەمەنێک
کە توخبی نائومێدی و
بێ هیوایی تێپەڕ کرد
لە شەودا کەوتووە
هەناسەی شەکەتیم
لەبڕی فراوانی درەوشانەوە
بەڵام نازانم لە نووسینەوەی مەترسیم
جگە ترسەکانم کە جێی هێشتم
لەپاڵ یەکەم هەڵوەشان بۆ سۆزەکان
ئاخ ئەی ڕۆژنامە
مێژووم و مێژووی هەموو گوێگرەکان

لە دووی کیو بیر دەگەڕێ
بۆ هەڵوەراندنی دەنکە هەنارەکان
یا بۆ شایی بمانگرێتە خۆ
من... و تۆ
یا پەرۆشی یەکانگیر بوو
لەگەڵ لێومانا
بارکراوە بە تینوێتی و
جەستەی گرفتار
بە وشکبوونەوە و
سەرابی گێژەلۆکە
هیچیان نییە
تەنها
یەکبوون و
درەوشانەوەو
پەرۆشی نەبێت
ئەی ئافرەتە جیاوازەکە





ل١٩ کۆمەڵە شیعری (قصائد قابلـه للتاویـل – کرکـوك ٢٠٠٨) ئـەو شـیعرانەی دەشـێت بـۆ لێکدانەوە

* شاعیر دکتۆر عەبدولکەریم خەلیفە

سالّی ١٩٥٨ لە کەرکوك لەدایك بووە. هەروەها نووسـەری شـانۆگەرییە و چـەند کتێبێکـی چاپکراوی هەیە بە عەرەبی. بڕانامەی دکتۆرای لە پەروەردە و زانستی دەروونناسی هەیـە، ئێستا مامۆستایە لە پەیمانگەی مامۆستایان لە کەرکوك.



ئا: کاروان عوسمان (ڕێبین)

# شیعرێکی فارسیی بڵاونەکراوەی

## سالمی ساحێبقڕان

گەر هەوڵ و کۆششەکانمان بخەینەگەڕ، ئێستاش نەچووە و بچێت بەسەدان و بگرە بەهەزاران بەرهەمی نایاب و کەشکۆڵی دانسقەی زانا و دانا گەورەکانی پێشینانمان لە کون و کەلەبەر و سەر ڕەفی مزگەوتەکان و دەزگا شاراوەکانی وڵاتانی دراوسێمان– یادگاری جوان جوان دەدۆزینەوە، وەکو ئەم بابەتەی لێرەدا دێینە سەری، کە کەشکۆڵێکی دڵخۆشکەر و زۆر بەپێزە، کۆمەڵێ شیعری شاعیرانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی کە تاکو ئێستا لە نەبوون دا بووە بەپەنای خوای گەورە دۆزراوەتەوە.

بۆیە لەم دەرفەتەدا شیعرێکی بڵاونەکراوەی فارسیی (سالم)ی شاعیری بەناوبانگی سێ کوچکەی بابانتان پێشکەش دەکەم، ئەم شیعرە لە دیوانە چاپکراوەکەی (سالم) دا نییە، ناشمەوێ لێرەدا لە سەر ژیانی سالم بدوێم، چونکە سالم شاعیرێکی ناسراوە و گومانی تێدا نییە لە بالآیی و بەرزی شیعرەکانی و ئێستاش لە لایەن کاکە (حەمەی مەلا کەریم)ەوە، کە سەرقاڵی چاپکردنی دیوانی (سالم)ە، بەو هیوایەی ئەم پارچە شیعرەش لە دیوانی (سالم)ی لای کاکە حەمەدا نەبێ و جێگەی خۆی لەو دیوانەدا









بگرێت .

ئەو کەشکۆڵەی کە ئەم پارچە شیعرەی تێدا بلاوکراوەتەوە، بریتییە لە کەشکۆڵێکی نایابی پاک و بێگەرد، ئەم کەشکۆڵە بەرهەمی ٣٦ شاعیری کورد و فارسیی تێدایە لەگەڵ چەند شیعرێکی خاوەن نەزانراو، کەشکۆڵەکە بەخەتێکی زۆر جوان نووسراوەتەوە، شیعرەکان تاک بەرامبەر بەتاک نووسراوەتەوە، نووسەر یان ئەوەی کە دووبارە کاری تێدا کردووە– خۆی شاعیر بووە، بەڵگەشمان بۆ ئەم وتەیە– لە کۆتایی پارچە شیعرێکدا باسی ئەوەی کردووە کە ئەمە شیعری زیادکراوی خۆیەتی بۆ ئەم پارچە شیعرە.

ئەو شاعیرانەی لێرەدا پێویستە باسیان لێوە بکرێت، ئەمانەن: نالی، سالم، کوردی، فیکری، حاجی قادری کۆیی، وەفایی، مەعدوومی "مەولەوی"، سولتان سەلیم، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، فەخرولعولەما، شێخ عەبدولرەحمانی خالس، فەوزی... هتد.

تایبەتمەندی ئەم کەشکۆڵە لەوەدایە کە لە چوار بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: بریتییە لە دیوانی نالی،

بەشی دووەم: بریتییە لە دیوانی مەولەوی،

بەشی سێیەم: بریتییە لە دیوانی سولتان سەلیم، بەشی چوارەم: بریتییە لە شیعری ٣٣ شاعیری کورد و فارس، لەم کەشکۆڵەکەدا ئاماژە بە ساڵ کراوە، بەتایبەتی لە بەشی دیوانی سولتان سەلیم دا نووسراوە ١٣١٧ بە قەڵەمی (یەحیا) ناوێک، ئەم کەشکۆڵە بریتییە لە ٣١٩ لاپەڕە، هەروەها لە لاپەڕە ١٧٨ی ئەم کەشکۆڵەدا نووسراوە: شب جمعه غره ربیع الاول ١٣١٢ مجملا در قریه گیلانه بحچور ئێل محمد وجمعی مرقوم گردید". یان لە شوێنێکی تردا نووسراوە ١٣٢١کۆچی کە دەکاتە ساڵی ١٩٠٣ی زایینی.

قەبارەی ئەم کەشکۆڵە لە شێوەی ١١×١٨سم دایە، بۆیە بەباشی دەزانم دیوانی نالی و سولتان سەلیم لەم کەشکۆڵەدا چاپ بکرێت، هەر لەو بارەیەوە لەگەڵ چەندین کەسی شارەزا لەو بوارەدا پرس و ڕام کردووە و هەموویان پێیان باش بووە کە چاپکردنی ئەو بەرهەمە جێگەی تایبەتی خۆی دەبێت، لەوانەش کە پرسم پێ کردوون: کاکە حەمەی مەلا کەریم، محەمەد عەلی قەرەداغی، هەردەوێڵ کاکەیی، سالح هەلاج.

لەبارەی ئەم پارچە شیعرەی (سالم)یشەوە ئەوەندەی گەڕاوم ئەو





شوێنانەی باسی سالمی تێدا کرابێ و من بینیبێتم ئەو پارچە شیعرەی تێدا نەبووە، هەروەها چۆن بۆم هێنرابێتە سەر ڕێنووس و هەر بەو شێوەیەش نووسیومەتەوە، هەر لێکۆڵەرێکیش بەدیوانی سالمەوە خەریکە، ئەوا ئامادەم ئەو پارچە شیعرەی بەدەسخەتەکە پێشکەش بکەم، تاکو ئەویش لەو بوارەدا درێخی نەکات و هەوڵی ڕزگارکردنی ئەو پارچە شیعرە زیاتر بدات و جێگەی خۆی بگرێت لە دیوانی سالم دا، ئەم دەسنووسە بەیارمەتی خوا لە دیوانی نالی دا بەتەواوی باس لە دەسخەتەکە و چۆنێتی بەدەست هێنان و زانیاری شاعیرانی بەڕوونی و جوانی باس دەکەم، ئێستاش ئێوە و پارچە شیعرەکەی سالم:

بر سر مصحف رو زلف چلیپا داری
تو پری چهرەو مکردین مسیحا داری

زدەو گرەو شب رنگ بر ان صفحەو رخ
روز و شب مجلسە کافر بکلیسا داری
عرق شرم ز خجلت برخ گل بچکید
زین گراوت کە تو در کردن نیها داری

زلف یلدا برخ (سال) تو ان دیر شبی
این چە سری است بە یك ماه دو یلدا داری

قصد قتلم نە بتنها کند ان دیدەو مست
خون صد گایفە در کردن نیها داری

سری دل چشم تو کمتر کند امروز نگاه
چو خمار است گر در نرگس شهلا داری

درك خم ساعیە سمین تو بر بود نمان
گر بدل بردن (سالم) ید بیچا داری

# ڕۆحم لەتاڵی پرچەکەت باریکترە بانەپسێم!

**خالید باشبلاخی**

ئەمشەو..کەشتییەکی وێڵم
لەدەریای عیشقی بێبندا!..
لەجێی"تۆ"پەریزادەی خەم،
باوەشی کردۆتە..مندا!!..
***
خەم،وەک هەنگوینی شاهانە
دەوری گەرای ڕۆحی داوم!..
ئەشکی خوێنین دەبارێنن،
لەدووریت..هەوری دووچاوم!!
***
بریا..دەیانسالْ لەمەوبەر
ئاشنای خەمی تۆبایەم!..
پێمخۆشبوو،هەتادەمردم،
شانەی پەرچەمی تۆبایەم!!
***
خۆزگە..دەیانسالْ لەمەوبەر
زمانی چاوت..فێردەبووم!..
دەمم..بنابایە..زنەی"
ئەڤینتەوە،تا..تێردەبووم!!..
***





ئەو ڕۆژەم..بیرناچێتەوە
بەبۆنەی"ڤالانتاین"ەوە..
تا..درەنگیْ،لەسەرچنار
هەردوو..پێکەوە ماینەوە!!
***
گیانە..تاکەی،چاوەڕوانیت
تەمەنی کورتم..هەڵلووشێت؟!
تاکەی..لەسایەی عیشقی"تۆ"
خەڵکی ناوم بەرن بەشێت؟!
***
وەرەو..پەنجەکانی دەستت
داگیرسێنە..بۆم"وەکومۆم!..
با..ڕۆحی پەروانەئاسام،
لەبەر تاڤگەی گریان بشۆم!!
***
گوڵیْ..،بێتۆیی کوشتمی
لەم دەڤەری گەرمەسێرە!..
بۆنی عەتری هەناسەتم،
بەنامەیەک..بۆبنێرە!!..
***
سەدئەوەندەی بارستایی
ئەم گەردوونە..خۆشمدەوێی!
هەرچەن"سەدان کیلۆمەتریش
دووریت لەمنەوەو..،لەوێی!!
***
گڵۆپێکم..لەلای"تۆ"وە
دەکوژێمەوەو"دادەگیرسێم!..
ڕۆحم لەتاڵی پرچەکەت،
باریکترە..با..نەپسێم!!..



**ڕووزار ئەحمەد**

# زەمەنی کولێرا

**(١)**

به دەستی ئەم (با)یەم بسپێرە
یەکەمین جارە دەمگەڕێنیتەوە
بۆ زەمەنی (کولێرا)
خۆشەویستییەک
بەقەد بالآی ئەو پەتایە
لە دەمی لاوێتیدا
بێ سنوور" نەخشەی
بۆ دڵم دەکێشا
دڵێک بەر لە گیان سپاردن
بەزەیی پێم دەهات و





ئومێدێکی تری دەخستە
گیرفانی چاوەکانمەوە
کە چاوەکان لە بێ بیناییدا نوقم بوون
ئیتر ئومێد فایدەی چی
کە لێزمەی باران حەزی
لە کوێرانە ماڵێکدا نغرۆ کرد
ئیتر چەتر بەرگەی چی دەگرێ

**(٢)**

مرد ئەو عەشقەی
ئەوەندە لە ژێرچڕنووکی
پەتای بێ مۆرفینیدا بگەڕێ
ئاخۆ دەرگای کام
ماڵی نا وەختی لێ دەگریتەوە
ئاخۆ کەسێکی تر
بە ویقارەوە دەتوانی
پێی بڵێ منیش وەک تۆ (عاشقم)
منیش وەک تۆ
پێویستەمەنییەکانی ڕوح
(با)ی وێرانە کەشتی نەجاتی

هەڵگرتم و بەشەپۆلە
شێتەکانی تۆفانی سپاردم
بە دڵێک هیچ لە ماناکانی عەشق و
پاکی و سەفاییم نازانێ
ئای لە چیرۆکەکانی ناو زەمهەریرەکانی کولێرا
کە ئازارو عە شق و خۆشەویستی
یەکەم هەنگاوی نایە نێو ئەم شارە
من خۆم بە یەکەم بازگەی
پەتای عەشق سپارد
زانیم تەنها لەماڵە کاولەکاندا
فرسەتێکی تر هەیە بۆ
جەنگاوەرە دۆڕاوەکان
درود بۆ گیانی هەموو دۆڕاوەکانی
ئەم هەسارەیە!؟

(٣)
بە دەستی ئە م (با)یەم بسپێرە
یەکەم جارە تامی مردن و ژیان لەلام
وەک یەک وایە





بەردەوام دەمەوێت لە تابلۆیەکدا
لە یەک قەسیدەدا
لە ژێر ڕوشنایی یەک ژوانی تەنیایی دا
بڵێم ئازارەکانم گەورەترە
یان تەمەنی عاشقبوونم بە تۆ
منداڵەکانی شیعرم بێ نازن یان
نۆتەی بێ دەنگی حەپەساومان
ئەهریمەنەکان نەفرەت بەخشن
یان کچان و کوڕانی ڕێی تەریقەت
ئەم ساتانەم شێتبوونە یان
ئەو دەمەی کە هەرخۆم بووم و خۆم
درۆم کرد کە من هاتم و
لە ڕووی پاکیزەییتدا بەیتەکانی خۆم هەڵواسی و
گوتم من شاعیرم
درۆ بوون یەک بەیەکی ئەو قەسیدانە
کە لە مەیدانی شەڕەوە دەمناردنەوە و
دەمگووت :من لە ژێر
دەمی تۆپ بارانەوە
لە بناری کێوێکی بەرزەوە
بەرز..بەرز خۆشم دەوێ

ئەوە یەکەمین پەیفی راستییە
کە من دوای سوباتێک
بۆتی دەنووسم و
لە ئاهەنگی عاشقان دا
دەمامکی حەقیقەتی لەبەردەکەم
بمناسە ....من
لە نەوەکانی (قابیل)م
دوای ناشتنی ئەزیزترین کەس
تێگەیشتم کە ژیان عادەتێکی بێ تامەو
ئێمە بێ رەغبەتەکانی خۆمان
خۆمان جوان دەکرد
بو ئەو ئاهەنگانەی
نە تەپڵی گوێیەکانمانی دەژەنی و
نە سەبووریەکانی روح
ئێستا تێگەیشتم کەبەتەنها من
لە قولاییەکانی ( کولێرا)وە
دەهاتمە ئەم شارە و
تۆش بەزەردەخەنەیەک
پێت دەگوتم:





چەندە گێلی هاورێ
من ناتوانم لە چاوەڕوانی تۆدا
جوانییەکانی خۆم بنێژم
ئاخر لە شارە گەورەکان دا
دەبێت دەستەکان بەردەوام بگوشرێن و
لێوەکان لێواولێوبن لە ماچ
من ناتوانم هاورێ وەکو تۆ بم
ئاخر خۆشەویستی و عەشق لەلای من
ئەمەندە بەهابوو
ئەمەندە بەهابوو
هەتا وەکو (زەمەنی کولێرا)
هات و پێی گوتم
هەستە ...هەستە
ژیان عادەتێکی بێ تامە و
خۆت ئامادە کە بۆ پەتای (با)یەکی تر

# مەی ڕۆح

## غازی زەنگنە

لە زامانێکی چێژ تاڵی
لە بادەیەکی خاڵی
لەسەر مێزێکی تەنیایی
کەدووکەڵی دڵ و لێوان مەزەیەتی
بۆ ئاواتە خنکاوەکانی کامەرانی
مەگەر هەر لە فرمێسکی پێنوس و ڕاخەری
وێنەی بکێشی بە ناکامی

جار بە جارێک دەدباتە سەر سەرمەستی
وەک عاشقێک وەک داماوێک وەک ونبوویەک
وەک وێردی دڵێکی جەستە بێ توانای پایزە ڕەنگین
ئەنخاتە سەر دەرگای باخچەیەکی شێوە بەهەشتی
وات لێدەکات نیگرۆ بیت لەدوای گوڵی قەشەنگی
دونیای بەختدا چۆن ڕاوچیەک تامەزرۆی نێچیرێک بێت
چون بولبولێک پەرواى گوڵی سوری بێت





چون منداڵێک تامەزرۆی هەڵماتێن و کۆلارە بێت
منیش لە ناکاوێکدا ڕۆحی عیشم نیگرۆی سەرمەستیەکی شێتانە بوو
بەدوای گوڵی بەختدا لەبەر تینی تیشکێکی بەهاری
لەنێوان خورشیدی و زەمهەریری
لەکاتی قیامەتی زیندووبوونەوەی درەختەکان
بە جل و بەرگی کەسکیان
وەکو خۆیان بنوێنن کە وەرزی ڕەفتار گۆڕینە پێش زیندەوەران
بەو ئومێدەی مرۆڤانیش لەسێ وەرزی تەمەندا
ڕەفتار گۆڕ بن لە ژیان بەرەو وەرزی عیشق و ئەوین و وەفاداری و ئەمان

ئەوەندە هەستم کرد خەیاڵ فڕی و چاوان داخران
کەوتمە نێو دارستانێکی چڕ و پڕ لە ئاوازی باڵداران
چۆن هەنگاوم ئەنا بەرەو چڵی گوڵان
بولبوولێک بە نەغمەو ناڵینی دەمیشێواند
وەکو بڵێ گوڵی تۆ شێواو ونە لەباخچەی بەهاران
وەکو باسی قەشەنگی گوڵێکم بۆ بکان لە بێدادی گزنگ و شنەی با
باسی جوانی سەوزی گەڵاو لەنجەو لاری درەختەکانم بۆ بکا
هەستم ئەکرد گوڵی بە بۆن و ڕەنگی بانگم ئەکا
بەڵام بوولبولێک بە نەغمەو ناڵینی دەمی شێواند
وەکو بیەوێ باسی شرینی ئاوازی خوڕەی چەم و دۆڵەکانم بۆ بکا
کە بارِش سەداو چێژی ئەو ئاوازەی وون کردووە
منیش لە ناچاریدا گوێ لە خوڕەی ئاوی بادە پلاستیکەکان دەگرم
کە جێی عیشقی سوراحی و بادەو کونەو گۆزەی گرتۆتەوە
وەکو باسی خۆ بە قوربانی بەفرم بۆ بکا
چۆن خۆی دەکات بە فرمێسک و شۆڕ دەبێتەوە
بە چەم و نشێوە تونیەکان
تا باڵندە کۆچەریەکان نوێژی سوپاسی پاراو بوون بخوێنن بۆ خۆیان

وەکو باسی تەقینەوەی سەرچاوەی کانیاوە ونبووەکانی سروشتم بۆ بکات
لەودیوی دونیای سەرچاوەکان لەپێناو زیندوو بونەوەی گولیلکە ڕەنگاو
ڕەنگەکانی بەهاران
وەکو باسی دەشت و دەری دڵتەڕم بۆ بکات
کەچۆن سنگی خۆیان دەرازێننەوە بە گوڵانێ
بۆ ڕێبواران و عاشقانی ڕۆح پەرستان

گزنگم دەبینی بە پەنجەکانی چۆن شاگوڵان دەست نیشان دەکا
ئەمزانی ئەو گوڵەیە کە باخی بەختم بە بەهەشتی کامەرانی دەکا
بوولبوول هەمدیس بە نەغمەو ناڵینی لێی کردم بە فیغان
نەمتوانی بگەم بە گوڵی بەختم وەک یاران

وەکو بڵێ . . .
بڕوانە
سۆزی عیشق لای باڵندەکان
چۆن بە پەرۆشەوە دان دابەش دەکەن بۆ بێچووەکان
بڕوانە سۆزی هەورە ئاوسەکان
چۆن دڵۆپە فرمێسک لەبار دەبەن
وەک قوربانیەک بۆ زیندوو بوونەوەی گوڵان

گوڵی بەختی لەبیر بردمەوە !!
هەروەکو
عاشقێکی بێ پەروا
بە نەغمەی دەینالاندو
وەکو بڵێ !!
بڕوانە
باخچەکان چۆن گوڵان دابەش دەکەن





بڕوانە . .
خەڵکانێک لە سەیرانی خۆشیدان
میراتی هەتیوان و وونبوان دابەش دەکەن
بەسەر ئامادەبووان
بەڵام هەریەکەو گوڵێکی داوە لە سنگی
لەمانە ڕەت بوو
حیلە حیلی ئەسپان هاتە گوێ
لە میدانێک چەند سوارێک تەرانتیان بوو لەوێ
بەشداربوویەک بە هاوارەوە ووتی
لە کێبڕکێدا چەپڵەلێدان ئاراستەی وون دەبێ
لەنێوان سوار و ئەسپەکەی
نازانرێ!!
کامیان شایەنی ئەو پێشوازیەن لە کێبڕکێکەی
ئەسپیش نیگەرانە لە بڕینی ڕێگەکەی
دەڵێ . . .
گەر زمانم دەبوو
ئەمزانی کێم لەگەڵدا شۆڕەسوار دەبوو
سوارچاکێک هاواری کردوو ووتی . .
سوارچاکانی مەیدانی زەمان
دەبێت سوارچاکێک بن لە مەیدانی ژیان
خۆیان بنوێنن لە جەنگ و لە سەنگ
هەروەک شێر و پڵنگ
لەناکاوێکدا ڕاچڵەکیم و
خۆم بینیەوە لەنێو کەلاوەیەکی خاپوورو
چەند پەیکەرێکی دارین و
داهۆڵ مەزهەبان
دوور لە باخچەو گوڵان

# هەتا کوێ

کاروان حاجی

ئێرە پێگەی سام و حامە
بیسەری یەکەم مرچەی فرچکە
بنەکەی کوچکی ڕەشی (حەوا)یە
جیٚ لەپی قوڕی جوبریلە
وڵاتی خەل و چیخ و پارگوینە
خاکی کولین و چەپەر و نان دینە
وڵاتی بەردە ئەستێیە
لێرە بووری یەکەمین خەون شکا
ئێوە خوماری غوربەتن
ئێرە جوگرافیایەکی نویٚ نییە
وەک گوڵی دەم ڕیٚ پەرژین بکرێت





خنکاوی گڕی بیابان و
دڕەندەی ئێسقان و مۆخیش نیە
تاکەی... سەر بڕین و ناو فڕین و ڕەشبگیری
......؟
ئەگەر کاسەی سەری دەلێسنەوە؟
لەمێژە کرەی بنی بڕاوە..
ئەریٚ تا کویٚ چیغەی بە دەورا  دەگێڕن؟
***
شێر ڕنوکی لەخۆی گیر نەبووە
ئاگر بە گەرمی نەسوتاوە
گوێزان نەشتەری لەخۆی نەداوە
ئەی ئێوە وەک کیٚ ؟
تا ئێستا بەقین
دەنوک نادەن لە شەپۆلی ئاو
***
ئەمجارە کازیوەی دووەم
بەئەسپایی هەڵدەکشیٚ ..
کوندی شەوەزەنگ نیە
باڵندەی سپێدە چریکەی دیٚ
کۆتری ئاشتی لەسەر کوتەک
هەڵفریوە.
***
بۆنێک دێت
مردوو دەبزێوێت
بۆنی چەمی ووشک و خڕ و دۆڵ
بە هەورە تریشقەی رۆژگارەوە

دوند و چیا دەئەنگێوێ
بۆنی خاک و خۆڵی خنکاو
ڕەشاوی کوانووی دامرکاوە
بە تاوە بارانی پاییزی زەردەوە
بۆنێکی ناوازە دێنێت
نەبینراوە لە مێژویەکی باوەوە
من و ئێوە دەخاتە هەوری ئازادی
***
وەرن سەرما وەرز بکەین بەگوڵان
ڕێبەندانی بیر بتوێنینەوە
خەزانی پایز بکەین بە بەهار
هەڵم بچێتە ناو روبارەوە
خۆر لەپەر پەرۆچکە بێننە دەرەوە
بە بێ چاوەڕێی شاپێڕی ئاسمان
***
مناڵان ورەن خۆتان ڕابێنن





چاوەڕێی مەبن تا گەڵای  گەنجی
پایزی تەمەن بکات بە بەهار
بەبێ روانینی ڕۆژ ژمێر
بیکەن بە سەدەی بیست و دوو
چاوەڕیی مانگە شەو مەکەن
ناوی ڕۆژتان نەبیستووە؟
وەک پەپولەکەی مهاباد
روژ و شەو تێکەڵاو بکەن.
***

٢-٥-٢٠٠٤

# هەنسکی ڕۆحەکان

**تابان ئەنوەر**

به کوچەکاندا تێدەپەڕم
به دوای ڕۆحی خۆمدا وێڵم
تێدەپەڕم و
شۆک دەمگرێ
له بەرزی حەرامگەکانی کۆمەڵگه
بۆ هەر کوچەیەک دەڕوانم
حەرامگەیه
حەرامگەیه
قیژه و ناڵەی ڕۆحەکانی تیا دەبیستم
ئاخ لەو ڕۆحه بێ گوناهانه !
ئاخ!





دەبێت بۆ نەکردنی کامه داب و نەریت
ئازاری سەخت بکێشن
دەبێت ڕازی نەکردنی کامه جەللاد
ئێوەی گەیاندبێ به ئێره
ئەوان حەز به فرمێسکی هەنسکاوی ناکەن
تەنهاو، تەنها
لەگەڵ قیژەی ڕۆحەکاندا سەما دەکەن
سەما دەکەن و..
ئاوازی خوێناوییان بۆ داناون
پەردەپۆشی ئافتابه و
دەرکەوتنی خۆشییه شەیتانییەکانیانه
بەڵام، بێئاگان
ئەوان هەرگیز تێناگەن
که ئەوه قیژەی ئافتابه لێیان
تێدەپەڕم و..
ئارەزووی گەیشتن به ڕۆح دەکەم

چاوەکانم بۆ ئەم تاریکستانە
بە وێنەی مۆمێکی کزۆڵ داگیرساون
داگیرساون و..
تاریکی کوچەکان دەپشکنم
لە حەرامگەکان ورد دەبمەوە و..
کۆچی ڕۆحەکان دەبینم
کە چۆن خانەی حەقیقەت پڕ دەکەن و..
ئەم ئاژاوستانە چۆڵ دەکەن
کۆچ دەکەن و..
زکری حەقیقەتیان دەکەن
منیش هەروا تێدەپەڕم و..
گوزەری ئەو ڕۆحانەش دەبینم
تروسکایی مۆمی چاوم دەبینم
وردە وردە کزتر دەبێت
بەڵام، ڕۆحی من نابینرێت





لە هەموو گۆڕستانەکانی شارم ڕوانی
لەسەر هیچ کێلێ
ناوی ڕۆحم نەبوو
بە ئاسپایی
یەک بە یەکی پەڕەی گوڵەکانم هەڵدایەوە
تەنانەت شاری مێرووڵەکانم وروژاند
بەڵام، ڕۆحی ونم بەدی نەکرد
تۆ بڵێی لە ناو قیژە و ناڵەی
ڕۆحەکاندا جێ نەمابێت!
یاخود هاوسەفەری ڕۆحە کۆچەرەکانە!

# موزیکی سەردەمی بارۆکی[٧]

کارزان عومەر



چەرخی باروك ١٥٠ ساڵی خایاند، ساڵی ١٦٠٠ بەدەسپێکی ئەو سەردەمە تێتە ئەژماردن و بەمردنی موزیکژەنی ئەڵمانی (یوهات سباستیان باخ)ساڵی ١٧٥٠ بە کۆتا هات... موزیك لەو قۆناخەدا لە ترۆپکی داهێناندا بوو، کە تا ئێستەش بەرنامەی ئاهەنگەکانی موزیك و شانۆکان دەڕازێنێتەوە، هەروەها مەزنترین شاکارە موزیکییەکان لەو سەردەمەدا





بەرهەمهێنران.هونەری درامای گەورە بەوێنە چڕوپڕەکانی و موزیك و سترانی ئۆپێرا و ژمارەی زۆری ئامێرە موزیکییەکان و هێزی دەنگی ئۆرگ و ئامێرە ئۆرکستراییەکان، بەتایبەتی ئامێری فودارەکان و ستایلەکانی ڕەزم ، وای لە موزیکی باروك کرد، کە هونەرێکی هەماهەنگ دەگەڵ هونەری تەلارسازیی و نیگارکێشان و پەیکەرسازیی بەرەو پێشەوە تەکان بدات، کە پانتاییەکی بەرفراوانی داگیرکردبووە، کە ببووە جێگەی سەرسڕمانی مرۆڤەکان.پەیڤی باروك واتای نەخش و نیگار بەرجەستە دەکات و دەگەیەنێت، هەر بۆیە سەردەمی باروك بە چەرخی نەخش و نیگاری ئەوروپی تێتە ناسین، کە لەم قۆناخەشدا بزاوتێکی کارا و کاریگەری موزیك سەریهەڵدا، کە بووە جێگەی گرینگی پێدانی هەموو لایەك... دەگەڵ هاتنی سەدەی حەڤدەهەم هونەری موزیك بە هەموو ستایلەکانییەوە پەرەسەندنێکی یەکجار مەزنی بەخۆیەوە

بینی، کە ئەوەش پێوەندیی بە فراوانبوونی ئاسۆی بیرکردنەوەکانی موزیک و ئاوەزدانەرەکانەوە هەبووە، بەتایبەتی لەوکاتەی، کە پیشەسازی ئامێرە موزیکییەکان لە پەرەسەندندا بوون، هاوکات نابێ ستایل و تیۆرەکانی موزیکیش لەیاد بکرێن، کە هەر لە دەسپێکەوە بنەمای ئەو گۆڕانکاریی و پێشکەوتنانەیان لە موزیکی باروکدا هێنایە ئارا.لێرەوە پێویستە ئاماژە بەناوداره بلیمەتەکانی ئەو سەردەمە

بکەین، کە برێتیین لە هاندل و باخ، کە هەردووکیان بە مەزنترین داهێنەری موزیکی چەرخی باروك تێنە ناسین.. هاندل بە داهێنەری ئۆپێرای مەزن ناسرابوو، لەوکاتەی کە موزیکی ئەورووپی دوای سالّی ١٧٠٠ تەکانێکی مەزنی بەخۆیەوە دابوو، سەردەمی باروك خۆی لە ستران و سەما و سروتی ئاینی بەرجەستە دەکات، هەروەها لەو چەرخەدا کۆنسێرتۆی گرۆسۆی بۆلیفۆنی







بەدەرکەوت، کە بە میلۆدی هەمە چەشن گوزارشتی لە موزیکی هێمن و لەسەرخۆ و خۆشڕەو دەکرد.هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ ستایلی (جۆرج فیلیپ تیلمان)یش بکەین، کە بە چاکترین ئاوازدانەری سەردەمی باروکی تێتە ناسین، سالّی ١٦٨١ لە شاری ماکدبورگ لە دایکبووە و خوێندنی یاساش لە لایبزگ تەواو دەکات، سالّی ١٧٠٨ وەکو ئۆرگۆنژەنێك شاری ئیزناخ و فرانکفۆرت و ڤایمار گەڕاوە، دواتر بەرەو هامبۆرگ سەفەر دەکات، هونەرمەند پتر لە ٢٥ ئۆپێرای لە ستایلی باروکی داناوە، ئاشنایەتی و دۆستایەتییەکی توندوتۆلّی دەگەلّ باخ و هاندل هەبوو، تیلمان سالّی ١٧٦٧ لە شاری هامبۆرگیش کۆچی دوایی دەکات، هونەرمەند پتر لە هەزار ئۆرکێستی سوسۆنیت و ٢٣ کانتاتا و ژمارەیەکی زۆری ئۆراتریو (داستان و شانۆنامەی ئاینی) لە پاش بەجێماوە.لەلایەکی دیکەوە لێتۆژانی هونەری موزیکی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم، ناوی باروکیان بەسەر هونەری سەدەی هەڤدەهەمیشدا بڕی، چونکە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە واتە سالآنی نێوان (١٦٠٠– ١٧٥٠)، لەبەر ئەوەی هونەری ئەو قۆناخەش خۆی لە هونەری باروکی بەرجەستە دەکات، بەتایبەتی لە بواری

موزیکدا، موزیکی بەر لە باروکیش، برێتیی بوو لە موزیکی سەردەمی ڕێنیسانس تا کۆتایی سەدەی شازدەهەم، کە برێتیی بوو لە گوزارشتکردن لە بابەتێکی ئاینی، کە چەندان میلۆدی جۆراوجۆری لەخۆدەگرت، هەر بۆیە موزیکی باروك چەندین ستایلی هەمەچەشنی بەرجەستە دەکرد، کە برێتیی بوو لە شاکارە بلّندەکانی ئۆپێراو و ئۆرکسترا و موزیکی هەمەڕەنگی پیانۆ و کارەکانی موزیکی کۆشك و.. هتد.فۆرم و ناوەڕۆکی موزیکی باروکی تەواوکاری هونەری تەلارسازیی و ئەدەب و هزر و پەیکەرسازیی بوو لەو سەردەمەدا.



ئا: ئاشتی گەرمیانی

# هونەری کەلتووری گەرمیان و گرنگی ئەم هونەرە لەکوردستاندا

بێگومان هەموو دەزانین میللەتانی جیهان دابەش بوون بۆ یەکە ژیانداری یەکان وە بۆ هەرێمەکان وە لە هەرێمکیش بچووك تر کەدەکاتە گوند و دورگەکان ، واتە لە ٣٠٠٠ مەتر دوجادا یەکەی ئەوە هەیە کۆمەڵە خەڵکێك کەلتوورو زمان و لەهجەی تایبەتی خۆی هەیە وە بێگومان کەلتووری خۆیشی هەیە ئەمەش پتر لە ولآتانی ئەورووپیدا بەدەر دەکەویت لە سنوورەکانی بەلجیکا ئەڵمانیا وە هۆڵەندا وە لیکسمبورگ وە لە یونانیستانیش ئەوە دوبارە دەبێتەوە.. لەناوچەکانی کوردستانیش لە پێوانەی ٥٠ کم پتر تر بەدەر دەکەێت چ لە ڕووی لەهجەوە وە چ لە ڕووی کەلتووری یەوە.

کەلتوور زۆر بابەتن ( زمان ، جل وبەرگ ، کەرەستەی بەکارهێنان، نمونەی ناوچەکە ، گۆرانی ، مێژووی تایبەتی ، جۆری خۆراك و پەروەردە کردن ،.... هتد). لەم خالانەوە مرۆ دەتوانێت چاو لە کەلتووری ناوچەیەك بگرێت وە تێراونین و توێژینەوەو وورد بینی تیادا بکات وە بزانێت تا چەند ئەم کەلتوورە تایبەتمەندێتی خۆی هە یە بۆ ناوچەکە وە وەچەند بە مێژووە ئەو کەلتوورو هونەرە، هونەری کەلتوور مێژووی هەیە وە تاقی کردنەوەی جیاجیای هەیە لە دونیادا ئەگەر تەماشای کەلتووری رۆژئاوای ئەفەریقیا بکەیت مانەوەی بەو کەرەستەو فۆلکۆری یەوە یان لە هندستان خۆی بۆ خۆی دەوڵەمەندی یەك دەداتە هاوچەرخێتی جیهان بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێستاماندا، کەلتوورەکانی خۆرئاوای ئاسیا کە ئەوروپا بەگرنگی دەزانن وە حسابی تایبەتی بۆ دەکەن چ لە ئەندەنوسیاوە تا فلیپین و چین و هندستان و کۆریا ئەمانە خاوەن پاشماوەی ئەو کەلتوورو هونەرەن کە لەدەستیان نەداوە وە هەردەم نوێ بونەوەو تازەگەری هەیە لەناو هونەرەکەیاندا یان لەناو کەلتوورەکەیاندا وە بە زۆری خۆیان گرێ داوە بە داهێنانەکانی خۆیانەوە، سوود لە تازەگەری یەکانی ئەورووپی وەر دەگرن بەلام تا بتوانن تایبەتمەندێتی خۆیان زاڵ دەکەنە سەر کەلتوورەکەیان ، لەکوردستانی مندا بەداخەوە هەرچەندە ئێمە دەوڵەمەند بووین لەسەدەکانی ناوەڕاستدا وە دوای ناوەراستیش بەلام لەم چەرخەی دوایدا بێ گرنگی بە کەلتووری ناوچەکەمان وای کردوە ساڵ بەساڵ زۆر کەرەستە لەدەست بدەین وە بەرەو دواوە بچین .. من لەکاتێکدا باس لەکەلتوورو فۆلکۆری ناوچەی گەرمیان دەکەم خۆم زیاتر لەوناوچەیەدا ژیاوم وە چاوم تێدا هەڵ هێناوە ، لەگەڵ ئەوەی ناوچەکانی بادینان یان هەورامان یان سۆران و لورستان زۆر دەوڵەمەند ترن یان دەوڵەمەندن لەڕووی مانەوەی هەندێك شێوەی تایبەتمەندێتی خۆی ، بەلام وەکو دەستم بۆ درێژ کرد گەرمیان و کەلتووری گەرمیان گرنگی خۆی هەیە لە دووربینی چاوی منەوە وە چ لە جل و بەرگ دا کە ( کەواو سەڵتەی) پیاوان یان جلی ئافرەتان کە بۆیەمەو سوخمەو جلی کوری ناوچەکەیە و پاشماوە یان کەرەستەی بەکارهێنانی ڕۆژانە لەڕووی کشت وکاڵ یان ئەو کەرەستانەی کە لەسەرەتاوە بە شێوازێکی سەرەتایی دروست کراوە بە قوڕی سوور وەکو کەنوو یان مەقاڵە یان کوانو یان کەرەستەکانی رۆژانەی ژیان بە قوڕو کا کە تێکەڵ دەبن وە دوست کردنی هێڵکاری وەنەخشی جیا جیا تێدا ، دروست کردنی حەسیر بە زەل یان لباد

یـان فەرشـی دەسـت کـردی بـە نەخـشی تایبـەتی ناوچـەکە وە دروسـت کردنـی کەرەسـتی کـێلان و زەوی هەڵکەنـدن یـان جۆرەکـانی مۆسـیقا کـە دەکاتـە بلـوێر و شمـشال و دوزەلـە و دەهـۆڵ.. یـان بەسـتەنەوەی جامانـەو مشکی، یـان جـۆر تایبەتمەندێتی گۆرانی یەکان کـە ئـای ئـای وە لاواندنەوە وە کە ئەویش تایبەتمەندێتی یەکی ناوچەی گەرمیانە.

بـوونی ئـەم کـەلتووره وە میـژووی ئـەم کەلتووره زۆر گرنگی تایبـەتی خـۆی هەیـە لەسەرەتای دروست بـونی یـەوە تادەگاتـە ئـەمڕۆ ، وە ناوچـەی گـەرمیان کـە لـە خانەقینـەوە وە خـوارتریش دەسـت پـێ دەکـات تادەگاتـە سـنووری کـەرکووک پاشمـاوەی مێـژووی هەیـە چ لـە قـەلاو منـارەو کۆشـك دەسـەلاتەکانی حـوکمڕانی ناوچـەکە وە پاشمـاوەی لـە دەفتـەری مێژوودا ، ئەگەر باسی قەلای شێروانە یـان بەشێکی مەنـدەلی و بـەدرەو جەسام یـان پـردی مەنـدەلی و مانـەوەی یـان دەسـت نووسی مێـژووی ئـەو ناوچـەیە کـە گرنگی خـۆی هەیـە بکـەین ئـەوا لـەزۆر سـەدەدا لەگـەڵ قـەلای کـەرکووك و گونـدی چـەرمۆ تووشی لەناو چوون و نەمانی کەلتورەکەی هاتووین وە توشی فەوتاندن بـوین چـونکە هـیچ ئـەکادیمیا وە دەزگایـەك نـە بۆتـە جێگرتنـەوەی دەزگـای ئاسـەوارو پـەرەپێ دان وە پـێش کـەتوو وەگـەڕ خستنی ئـەم کـەلتووره لەناوچـەکەدا ، ئەمـە خاڵێکـە فۆلکلـۆرو کلتـووری گـەرمیانی بـەرەو فەوتانـدن بـردوە وە شـەرەکانی یـان کارەسـاتی لـەناو بردنـی ئـەم کـەلتووره هۆیـەکی زینـدووە بـۆ لـەناو چـوون وفەوتانـدنی لـەژێر دەسـتی شـەڕو وێـران کاری دا.

نـەمانی وەسـتاو زانـاو لێهـاتوو وە هونەرمەندەکانی ئەو سەردەمە وە نـەمانی مـەلاو مامۆسـتایانی ئـاینی وزانـا موسـڵمانەکانی ئـەو سـەردەمەش کـاری کردە سـەر لاوازی کـەلتووری ناوچـەکە وە شەپۆلی لافاوی ئەنفالیش بەهـەمان شـێوە گونـدەکانی کـوێر کـردەوە وە هەرچـی کەلتوورو فۆلکلۆرو نمونەیی ناوچەکە هەیـە ژێـر خـۆڵ کرا لەلایـەن ڕژێمـی دیکتـاتۆری سەدام حوسێنەوە وە بێگومـان لەسالانی





شەسـتەکانەوە ئـەوەی کـە باپیرانمـان بـەیادیان بێتـەوە کەبـە سـاڵی حـەرەس قەومی یەکان کە هەر لەدەشتی حەویجەوە دەکەوتنـە نـاو مـاڵی کـوردی و دەشـتی گـەرمیان بـۆ تـەفرو تونـا کردنـی هـەموو سەروەتی کەلتووری گەرمیان وە سوتان و لـەناو بردنیـان وە کـوێر کردنـەوەیان .. هەربۆیـە ڕۆژ بـە ڕۆژ ڕژێمـەکانی دەسەلاتیش هیچ پەرەیەکیان نـەداوە بـەم ناوچـەیە وە کەوتۆتـە ژێـرە شـەپۆلی سوتاندن و لەناوبردنـەوە ، لەگـەڵ ئـەوەی لەهەموو ناچەکانی گەرمیانـدا کـە دەکاتـە هەرێمێك یەك دەزگای گەشەپێدان ئاوەدان کردنـەوەی کـەلتووری نابینێـت .. وەکـو مۆزەخانـەش ئـەوە نـی یـە کـە مـرۆڤ ڕوەستاوەیەکی تیادا بکات بۆیە لـەم سات وئانـەدا ئێمـەی نەتـەوەی کـورد گرفتـاری نـەبووی دەزگـای بـە ئیـدارەبوونی ئـەو کـەلتورو هونـەرو ڕۆشـنبیریەتیەین کـە هـەبوونی نـی یـە ، وە گرنگـە لـەم کاتـەدا دروسـت ببێـت وە ئـاوەدانی کـەلتوورو ناوچەکانی بکەینەوە ، بەوەی کـە هەمانـە ئێستا وە کـە ماوەتـەوە لـەڕابردوودا... سـاتێك وەسـتان بـۆ کـەلتووری ناوچـەی گەرمیان گرنگی خۆی هەیە لەهەرێمەکەدا.

Shegani_٦٦@hotmail.com

### خانمە شاعیری ئیماراتی

### ئەسما کچی سەقەڕی کوڕی سوڵتان قاسمی:

## شیعر چەندیّ شێوە و شێوازی دەربڕین و دارشتن لەخۆ بگریّ، دواجار بریتییە لە هەست و ئاشکراکردن.



**دیمانە: سەردار زەنگنە**

**گۆڕینی بۆ کوردی: بورهان ئەحمەد**






**ئەم ژنە شاعیرە یەکێکە لەو ناوە گرنگ و دیارانەی کە لە گۆڕەپانی ئیماراتی بوونی هەیە، باوکی ئەو شێخ سەقەڕ کوڕی سوڵتان قاسم، پێشتر فەرمانڕەوای ئیمارەی شاریقە بووە. باوکی ئەو شاعیر و ئەدیب و کەسایەتییەکی نەتەوەیی بووە، لەبەر ئاراستە نەتەوایەتییەکەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ بۆ دەرەوەی نیشتمانەکەی دوورخراوەتەوە، کاتێکیش گەڕاوەتەوە بۆ ماوەی ٩ ساڵ زیندانی کراوە، پاشان بۆ جارێکی دی دووبارە دوورخراوەتەوە و بەر لە مردنی بەدوو ساڵ جارێکی تر گەڕاوەتەوە نیشتمانەکەی.**

**ناوبراو ئەندامی گەلێك کۆمەڵە و یانەی رووناکبیرییە، هەروەها سەرۆکی لیژنەی باڵای چالاکییەکانی لە یانەی (کەلبائی)ی وەرزشی و رووناکبیری، خاوەنی تۆڕی کشتگیری (صدانا)یە، و سێ نامیلکەی شیعری بەچاپگەیاندوون بەم ناوانە، (لە پەرستگای خەمدا) ٢٠٠٨، (نوێژی عەشتار ٢٠٠٩)، (پرووشەکانی خوێنم ٢٠١٠). ئەمەش دەقی ئەو چاوپێکەوتنەیە کە لەگەڵی سازمدا.**

**★ شاریقە شارێکی ئاوەدانە، لەنێوان دەریا و بیاباندا جیا دەبێتەوە، ئایا ئەمە کاریگەری بەسەر پێکهاتەی شیعری تۆو هەروەها بەسەر بیروبۆچوونەکانت بەرانبەر جیهانی شیعر هەیە؟**

– ئیماراتی شاریقە بە شێوەیەکی سروشتی بەسەوزایی و دار و درەخت داپۆشراوە، چون ئەم شارە جوانییەکی خوا کردانە پێك دەهێنێ، کە بریتییە لە دەریا و چیا و بیابان، ئەمەش وایکردووە ببێتە قیبلەی شیعر و شاعیران. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە گەل و حکوومەتەکەی خۆشەویستییەکی گەورەیان بۆ فەرهەنگ و رووناکبیری هەیە، هەروەها گرنگییەکی گەورەش بەو بوارە دەدەن، ئەمەش بەڕوونی و لەبەرچاو لەم چەند ساڵانەدا هەستمان پێ کردووە. هەربۆیە شایان بەوە بوو ببێ بە پایتەختی رووناکبیری عەرەبی، ئەمەش وای کرد ببێ بە قیبلە و کەعبەی ئەدیبان و بەردەوام سەردانی ئەم شارە بکەن، لەم شارەدا زۆر بەدەگمەن ماڵێکی شاریقەیی دەبینی کە ئەدیبێك یان نووسەرێکی تیادا نەبێ، دیارە منیش وەك ژنە شاعیرێکی شاریقەیی، سروشتییە کە ئەم هۆکارە ئیجابییانە کاردانەوەیان لەسەرم هەبێت، کە سەرەنجام ئەمەش دەبێتە مایەی پێکهاتنی شیعری لە لای مندا.

**★ عەرەب خاوەنی مێژوویەکی گەورەن لە جیهانی شیعردا، ئایا تاکو ئێستاش ئەم بەختە یاوەری کۆمەڵگەی عەرەبییە؟**

– بێگومان عەرەب بە پاشای شیعر دادەنرێن، ئەمەش ڕاستییەکە کەس ناتوانێ نکۆڵی لێبکا، بەدرێژایی مێژووش

گەلێك شاعیری گەورە لە ڕێگای شیعرەکانیانەوە ناویان زێڕین و شکۆدار بووە تا ڕادەی ئەوەی شیعر و عەرەب بەیەکدی دەناسرێنەوە، ئەگەر میللەتان بەڕێگەی ئاوەدانکردنەوە و ڕێگای تر بناسرێنەوە، ئەوا عەرەب بەشیعر و ئەو شاعیرانە دەناسرێنەوە کە تاکو ئێستاش شیعرەکانی ئەوانمان لەبەرە، سەرەڕای ئەوەی کە شیعرەکانی ئەوان لە وشەگەلی قورس پێکهاتوون، کە دەشێ لەم ڕۆژگارەدا ئەم جۆرە وشانە بەکار نەهێنرێن، لێ ئێمە وەك عەرەب خۆشەویستی و سەرسامیمان بۆ شیعر هەر دەمێنێتەوە و برەوی دەبێت. چون ئەمە وەك ئەو هەوایە کە هەناسەی پێدەدەین و ناتوانین دەستبەرداری ببین.

**★ بەو پێیەی تۆ کچە شێخی و ژیانێکی خۆشبەختانە دەژی، دەشوترێ شیعر لە منداڵدانی ئازارەوە لەدایك دەبێ. کەواتە چی بوو تۆی شێخە و شیعری پێکەوە کۆکردەوە؟**

– لەبەر ئەوەی کچە شێخم، ئەمە پێوەندیم پێوە نییە، هەروەها دەشوترێ کە من ژنە شاعیرێکم، بەڵام کێ بەتۆی وت کە شێخەکان تەنیا لە منداڵدانی بەختیارییەوە لەدایك دەبن؟ کێ بەتۆی وتووە کە ئیمارات تەنیا خۆشی و خۆشگوزەرانییە، ئەمە حوکمدانێکە لە نەزانینی هەندێ کەسەوە بۆ ژیانی

سەلآحەددین ئەیوبي بە
هەموو ثێوەرەکان
ثاڵەوانێکي مێذووییە، ضون
لەثاش خۆیەوە مێذوویەکي
شەرافەتمەند و ثڕ شکۆي بۆ
سەرجەم موسڵمانان
بەجێهێشت.

هەروەها وتیشي:
هیواخوازم ثیشانطا و
فیستیظاڵە کوردییەکان
ببینم، ضونکە ئەوجۆرە
ضالاکییانە لە دەوڵەمەند
کردني رووطەي رووناکبیري
طشتي لەوولآتە
عەرەبییانەي کە ئەوکوردانە
لەڕووي جوطرافییەوە سەر
بەوولآتانەت زیاد دەکات.



شێخەکان لێکدەدرێتەوە، چونکە ئەمانیش وەك کەسانی تر خەم و ئازاریان هەن، من لە خانەوادەیەك لەدایك بووم کە کاریان لە ناو ئەدەب و فیکردا دەکرد، بە لەدایك بوونی منیش بەهرەیەکی شیعری لەدایك بوو، وەك چۆن ئەم بەهرەیە لەناو خانەوادەی ئێمەدا بوونی هەبوو، باوکی رەحمەتیم کە فەرمانڕەوای ئیمارەتی شاریقە بوو، هەروەها یەکێکیش بوو لە شاعیرە ناودارەکانی وڵاتانی عەرەب، ئەمە بەگوێرەی خانەوادەی (قواسم) وەك میراتێك بۆمان بەجێمابوو، کە ئەمە لە بنچینەدا بەهرەیەکی خودایی بوو بەخشرابوو بە ئێمە، هەر ئەو بەهرەیەش وای لە ئێمە کرد کە خۆشەویستیمان بۆ زانست و مەعریفە هەبێ، هەر بۆیە وای دەبینم، کە ئەوە شیعرە وام لێدەکا کە ئەوەی لە ناوەوە و قوڵاییمدا هەیە خۆشم دەوێ وەك چۆن نیگارکێشانم خۆش دەوێ، بەڵام ئەوەی زیاتر لە منەوە نزیکە، شیعرە.

**★ کۆمەڵگەی ئیماراتی کۆمەڵگەیەکی جیهانییە، واتە کۆمەڵگەیەکی فرەییە لە ڕووی ئەتنی و فەرهەنگییەوە، ئەمەش بووەتە جۆرێك لە تێکەڵبوون لە نێوان خەڵکە ڕەسەنەکەی و ئەوانەی لە شوێنانی ترەوە هاتوون و ڕووناکبیری و کلتوریان جیاوازە، خوێندنەوەتان بۆ بەرئەنجامە ڕووناکبیرییەکان بۆ ئەم دۆخە کۆمەڵایەتییە چۆنە؟**

– کۆمەڵگەی ئیماراتی کۆمەڵگەیەکی تێکەڵە، واتە کۆمەڵگەیەکی فرەییە لە ڕووی ئەتنی و فەرهەنگییەوە، هەروەها لە ڕووی ئاینی و ئایدۆلۆجیا و رەگەز و زمانیشەوە، ئەمەش کاردانەوەیەکی ڕووکەشیانەی بەسەر ئەم کۆمەڵگە عەرەبییە ئیسلامییەوە هەبوو، کە بەشتێکی سروشتی و ئاسایی لەقەڵەم دەدرێ و هیچ مەترسییەکی کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەیەکی کراوەی عاشق بەکەلتوورە جیهانییەکانەوە نابێت. بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم کۆمەڵگەیە بەهۆی ئەو ڕێ و شوێنە میتۆدییەی کە حکومەتەکەی گرتوویەتە بەر بەبتەوی دەمێنێتەوە، ئەمەش بۆ پاراستنی ناسنامە و زمانە تایبەتییەکەی ئەو نیشتمانەیە.

**★ شیعر بەسەر کلاسیکی و تازەگەریدا دابەشکراوە، بە بڕاوی تۆ ئایا ئەوەی شیعری عەروزی بەدەستیهێناوە لە (معلقات)ەوە تاوەکو جەواهری پێت وایە دەتوانێ بەردەوام بێ؟**

– شیعری عەرەبی لە منداڵدانی ئازارەوە لەدایك بوو، ئەمەش بۆ ئەوەی پەیامێکی گەردوونی باڵا ببەخشێ، جا ئەوە چ لە ڕێی شیعری کلاسیکییەوە بووبێت یان لە ڕێگەی ئەوەی پێی دەوترێ شیعری

تەفعیلە و پاشانیش پەخشانە شیعر، هەر بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر ژیانی ئینسانی عەرەبی دا هات بووەتە مایەی گۆڕانکاری بەسەر شیعریشدا، چون شیعر بەشێکە لەو سیستمە، ئەمە وادەکات ئەستەم بێت، هەر لەو فۆرمەدا بمێنێتەوە، ئەو فۆرمەی کە سەدان ساڵە وەك مۆمیاکراوێك ماوەتەوە، شیعری کلاسیکیش، کە جوانترین شیعرەکانی (معلقات)ی بەرهەمهێناوە بەمانای ڕەتکردنەوەی شیعری تەفعیلە و پەخشانە شیعر نایەت، هەر لە چوارچێوەی پەخشانە شیعریشدا نموونەی شیعری داستانی گەلێك زۆرە وەکو داستانی گلگامش و ئەوانی تر، سەرەڕای تێپەڕبوونی سەدان ساڵیش بەسەریاندا هێشتاکە ئەو شیعرانە بە خۆڕاگری ماونەتەوە.

**★ کامیان بەلای تۆوە گرنگە، شێوازی قەسیدە و شێوەی داڕشتنی، یان ناوەرۆك و پێکهاتەی؟**

– چەند شێوە و شێوازەکان جیاوازبن، شیعر هەر بریتییە لە هەست و ئاشکراکردن، هەر بۆیە بە گوێرەی منەوە گرنگە بەشێوەیەکی جوان و لایق خۆی نمایش بکات، هەروەها دەربڕین تیایدا ڕوون بێت، دوور لە درێژدادڕی و وشەی بێکەڵك، ئەگەر ئاوها بێت خوێنەر بە سنگێکی فراوانەوە وەریدەگرێ، من بۆخۆم هیچ جیاوازییەك لە نێوان قەسیدەی کلاسیکی و تەفعیلە و پەخشانە شیعردا ناکەم، بەمەرجێك پەیامێکی ئینسانی هەبێت، ئەوەی ئەمڕۆش لە ڕیزکردنی وشە دەبینرێ تەنانەت ئەگەر کێش و سەرواشی هەبێت لەلای من ناچێتە خانەی شیعرەوە، بەڵکو ئەمە زیاتر خۆنمایش کردنە و هیچی تر، چون ئامانج لە شیعر گەیاندنی پەیامە لەو چوارچێوەیەدا کە ئەوەش لە بنچینەدا جگە لە هەست شتێکی دیکە نییە.

**★ تۆ کە لەناو جەرگەی وڵاتانی عەرەبدا دەژی، ئایا هیچ شتێك دەربارەی ئەدەب و فەرهەنگی ئەو گەلە دەزانی کە یەکێکی وەکو سەلاحەدینی ئەیوبی بەرهەمهێناوە؟**

– لەمەدا هیچ گومانێك نییە کە سەلاحەدینی ئەیوبی قارەمانێکی مێژوویە بەهەموو پێوەرەکان، لەپاش خۆشییەوە مێژوویەکی پرشنگداری بۆ سەرجەم موسڵمانان تۆمار کردووە، چونکە ئەو پارێزەری میللەت و ئاین بوو وەك زۆرێك لە پاڵەوانە مێژووییەکانی تر لە نموونەی موسای کوڕی نەسیر و یوسفی کوڕی ئاشفین و زۆرێکی تر، ئەو قۆناغەش لە مێژووی ئیسلامدا بە قۆناغی زێڕین ناودەبرێ، چونکە هەڵگری شکۆمەندی بوو پڕ بە پێستی وشەکەی، هۆکارەکەشی





ئەوە بوو کە هیچ ململانێیەکی تایەفەگەری و ڕەگەزپەرستی لەو قۆناغەدا لەئارادا نەبوو وەك ئەوەی ئێستا لە ئارادایە، هەروەها ئەو کات هیچ جیاوازییەك لە نێوان عەرەب و کورد و ئامازیغیدا لە ئارا نەبوو، ئەمەش بووبووە مایەی هێزێکی راستەقینە و گەورە بۆ هەمووان، هەر بۆیە ئەو قۆناغە قۆناغی لەدایك بوونی گەلێك پاڵەوان بوو لە هەموو نەتەوەکان، سەلاحەدینی ئەیوبیش یەکێکە لەو پاڵەوانانەی، کە کورد بەرهەمی هێناوە، بەڵام ئەوەش دەڵێم، کە کورد خۆی کەمتەرخەمە لە بلاوکردنەوەی کەلتوور و فەرهەنگەکەی خۆیدا لەسەر ئاستی نیشتمانی عەرەبی، بۆیە لێرەوە هیواخوازم کە بەشداری پێشانگا و دیدار و فیستیڤاڵە کوردییەکان بکەم، چونکە بەوە دیمەنی ڕۆشنبیری لە وڵاتانی عەرەبدا گەشە پێدەکا، کە کورد بەشێکە لەو دیمەنانەی کە لەڕووی جوگرافیاوە سەر بەو وڵاتانەن.

**★ لە بەرامبەر کەنداو وڵاتی ئێران و فەرهەنگی ئێرانی بوونی هەیە، پەیوەندی نێوان ڕووناکبیرییەکان لەم ڕووەوە چۆنن، مەبەستم لە نێوان کەنداو و ئێراندا؟**

– شارستانی فارسی، شارستانییەکی دێرینە، من بۆخۆم دەربارەی ئەو کەلتوورە لە پەرتووکە مێژووییەکاندا شتم لە سەریان خوێندووەتەوە، وەك چۆن شارستانی ڕوم و تورك جێگای بایەخم بوون، شارستانی ئێرانیش بەهەمان شێوە جێگای سەرنجم بووە، ئەم میراتە مێژووییە جوانە بۆ ئێران بووەتە مایەی دروستبوونی کایەی مەعریفی و ڕووناکبیرییەکی بەهێز، کە سەرەنجام لەگەڵ شارستانی عەرەبی و بەتایبەتی ئیماراتی جۆرە نزیکبوونەوەیەکی دروستکردووە. هەربۆیە لە ئێستادا پەیوەندییەکی بەهێزی ئەدەبی و فەرهەنگی لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە.

**★ نامیلکەی شیعری تازە، چیت بەدەستەوەیە؟**

– لەنێوان ساڵەکانی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ هەردوو دیوانی شیعریم "لە پەرستگای خەمدا و نوێژی عەشتار"م لە خانەی بلاوکردنەوەی تەکوین لە دیمەشق بەچاپم گەیاند، ئەمساڵیش دیوانی (پرووشەکانی خوێن)م بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئیسپانی لە شانشینی مەغریب لە چاپخانەی ئەنفوبرانت لە فاس بەچاپم گەیاند.

هەروەها بەنیازم دیوانی چوارەمم بەم زووانە بەچاپ بگەیەنم، ئەم دیوانە گۆڕاوەتە سەر گەلێك زمان و هیواخوازیشم بکرێت بەکوردی، ئەگەر کورد خۆی مەیلی لەوە هەبوو بیگۆڕێتە سەر زمانی کوردی، دیارە بەمەش زۆر دڵخۆش دەبم.

### شێوەکار ئاشتی گەرمیانی:

# هونەری شێوەکاری زمان حاڵێکی جیهانییە و هەموو جیهان بەیەک شێوە دەبینێت



سازدانی /لەنجە جەباری







هونەرمەنـدی شـێوەکار و کاریکاتێریـست ئاشتی گەرمیانی ناوێکی دیارە لە ناوەندی هونەری و رۆشنبیری کوردی و پێویست بە ناساندن ناکات بۆیە راستەوخۆ دەچینە نێـو قـسەوباس لەسـەر هونـەر بەگـشتی وهونەری شێوەکاری بەتایبەتی..

**★ سـەرەتای چـوونە نێـو جیهـانی هونەری شێوەکاری و کێ هاندەرت بوو؟**

– لەسـاڵی ١٩٧٩ وە خولیـای هونـەریم لـە هاورێیـەکی قۆنـاغی ناوەندییـەوە دەسـتی پێ کرد کە خۆشنووس بـوو خوالێخۆشـبوو (شـەعبان ڕەمـەزان) و کـارتێکراوی کارەکانی مامەم غازی مەحەمەد ئەمین کـە ئـەوکات لـە مـاڵی ئێمـە جـار جـار وێنـەی دەکێشا، ئیدی ئەم ڕەنگدانەوەیـە شـتێکی لەلای منیش دروست کرد، بۆیە لە قۆنـاغی دوای ناوەنـدی بـە هـەوڵی مـامم و بـاوکم چـوومە پـەیمانگای هونـەرە جوانـەکانی سـلێمانی و لەسـاڵی ١٩٨١ لەبەشـی شێوەکاری وەرگیرام.

**★ تۆ ماوەیەکی زۆر لە هەندەران بووی .. جیاوازی نێوان هونەری شێوەکاری ئێـرە و ئەوێ لە چیدایە؟**

– هونـەری شـێوەکاری زمانحـاڵێکی جیهانییـە و هـەموو جیهـان بەیـەك شـێوە دەبینێت، بەڵام هێز و توانـای و داهێنـان و تاقەتـە جیایـەکان جیامـان دەکاتـەوە... بۆیە ڕاستە لـەڕووی کوالیتییـەوە کارەکـان پێشکەوتوون و جیاوازیمـان هەیە لـەو دوو رووەوە، بـەڵام هەنـدێك تـەکنیك و تازەگـەریش هەیـە هێـشتان لێـرە تـاقی نەکراوەتەوە.

**★ دەکـرێ باسـی کورتـە مێژوویـەکی هونەری شێوەکاری بکەیت لەکەرکووك؟**

– من دەگەڕێمـەوە بـۆ سـاڵانی حـەفتاکان ئەوەی کە من لەنزیکەوە ئاگـاداری بـووم و دەگەڕێمـەوە بـۆ ڕەوشـی ئـەم شـارە لـە ساڵانی حـەفتاکان و هەشـتاکان و چـالاکی هونـەری کـە هونەرمەنـدانی کـورد بەردەوامیان هـەبوو و نمایـشی هونـەرییان پێـشکەش کـردووە، لـە شـێوەکاری مامۆسـتایان ئـاری بابـان و موعتەسـەم ساڵەیی و ئەحمـەد کاکەسـوور و مەتحـەت کاکەیی و هیمەت مەحەمەد عەلی و خـەلیل کاکەیی و محەمەد ساڵەیی و فـەلاح عومـەر عەلی سدیق و یوسـف... سـتار جـەباری و سـەلاح حەمەئـەمین و کۆمـەڵێك گـەنج و هونەرمەنـدی تـر کەئێـستا ناویـان لـە

خەیاڵمدا نین و هەن و بوونیان هەبووە و کاری هونەریان ئەنجام داوە، ئەم مێژووە بۆ من زەحمەتە کە ناویان بنووسمەوە، بەڵام ئەوان ئەم کەشکۆڵەیان دروست کرد و جوانکارییان تیادا کرد.

مێژووە جوانەکەی شاری کەرکووک زۆر جوان و ئەمەکدارە و هونەرمەندان زۆر بە جوانییەوە کاریان تیادا کردووەوە مێژوویەکیان تیادا دروست کردووە.

**★ ئێستا ئاستی شێوەکاری لەو شارەدا چۆن دەبینیت؟**

– ئێستا ڕەوشەکە وەکو جاران نییە، و زۆر گۆڕانکاری هاتووە بەسەر ئەم ڕەوشەدا کە حزبایەتی و دەسەڵاتی حزبی دەستڕەنگینی سستی هێناوەتە ناو بریارەوە هەر ئەوەیە زۆر لە هونەرمەندانمان من خۆمیش ئەندام نیم لەدەستەی هونەرمەندانی کەرکووک .. هۆکەشی ئەوان بوون بەڕێکخەری هونەری نایانەوێت لەخۆیان باشتر بێنە پێشەوە و کاری هونەری ئەنجام بدەن .. هەر ئەمەیە هونەری شێوەکاری زۆر سست و لاواز و بەرەو پێشیش ناچێت.

**★ پێت باشە چی بکرێت بۆ پێش خستنی ئەم هونەرە لە کەرکووک.؟**

– پێم باشە یەکەم دەسەڵاتی حزبی واز لە هونەر بهێنێت، واز لە کانید بهێنێت؟ ئەوکات دەسەڵاتی ئیداری، حکومەت کار بکات و لەسەر ئاستی بروانامەو تاقی کردنەوە دەستەی کاری تازە هەڵبژێر بکرێت .. ئەوکات فیلتەرێك دەبوو بۆ هونەری ڕەسەنی شێوەکاری لەشارەکەدا.

**★ گرنگترین کار و چالاکییەکانت؟**

– من بەردەوامم لە کاری هونەری شێوەکاری و بەردەوامم لە نمایش کردن، بەڵام من هەردەم بۆ کاری باش خۆم ئامادە دەکەم .. ئێستا لە هەولێ ئەوەداین کاری هونەرمەندانی کەرکووک ببەینە دەرەوە، و لە هەوڵداین کە چەند پەیکەرێك بۆ کەرکووك ساز بکرێت .. و لە هەوڵدایین توێژینەوە لەسەر هونەری شێوەکاری بکەم.

ئەندامی نەقابەی هونەرمەندانی عێراقییە

ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانە

ئەندامی هونەرمەندانی رۆژئاوای هۆڵەندایە







ئەندامی ART IN ACTION لەشاری رۆتردام .. هۆلەندا

ئەندامی AIDA NEDERLAND لەشاری ئەمستردام. هۆلەندا

ئەندامی K.I.A لەشاری بریدا . هۆلەندا

ئەندامی هونەرمەندانی شاری رۆزندال . هۆلەندا

ئەندامی دەستەی سایتی چرا تیڤی یە. دەنهاخ، هۆلەندا

ئەندامی کارگێری کۆمەلەی کەلتووری کوردی یەلەشارەوانی مۆردایك، هۆلەندا

**خولەکان**

١٩٨١–١٩٨٦ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی . کوردستانی عێراق تەواوکردوە.

١٩٩٩ دبلۆمی H B O ی هونەری لەشاری بریدای هۆلەندا وەرگرتووە.

٢٠٠٥ سێرتیڤی کات لەمیدیای هۆلەندی بەشی راگەیاندن و بلاوکردنەوە.

١٩٩٩ خولی تەکنیکی ئۆتۆمۆبێلی لە هۆلەندا تەواو کردووە.

٢٠٠٣ تەکنیکی ئۆتۆمۆبیلی vw bto ١٥١ تەکنیکی ئۆتۆمۆبیلی ٧٥ bto و تەکنیکی ئۆتۆمۆبیلی ١٥,٣ vw bto

سێ جار سیرتی ڤ کاتی هۆلەندی لە خولی ئۆتۆمۆبیلی فولکس فاکن وەرگرتووەلەشاری لویسدم .هۆلەندا.

**چالاکییە هونەرییەکان**

١٩٨٥ یەکەم پێشانگای هونەری لەشاری کەرکوك .عێراق

١٩٨٥ دووەم پێشانگای تایبەتی لەشاری کەرکوك.عێراق

١٩٨٩ سێهەم پێشانگای تایبەتی لەهۆڵی الرەشید. بەغدا

١٩٩٠چوارەم پێشانگای تایبەتی گەلەری ئاری لە هەولێر.

١٩٩١ پێنجەم پێشانگای تایبەتی لەقەلاچۆلان . سلێمانی

١٩٩٢ شەشەم پێشانگای تایبەتی لەهۆلی میدیا . هەولێر

١٩٩٣ حەوتەم پێشانگای تایبەتی لەهۆلی عەرەبی . دیمەشق . سوریا

**پێشانگا هاوبەشی یەکان لەعێراق و**

**سووریا**

١٩٨٦ هاوبەشی پێشانگای هونەرمەندانی کەرکوکی کردووە

١٩٨٦ هاوبەشی پێشانگای رۆژی هونەری کردووەلەبەغدا

١٩٨٧ هاوبەشی پێشانگای هاوینەی گەلەری ئۆرفەلی کردووەلەبەغدا

١٩٨٨ هاوبەشی پێشانگای رۆژی هونەری کردووەلەبەغدا و سلێمانی

١٩٨٩ هاوبەشی پێشانگای الواستیی کردووەلەبەغدا

١٩٩٠ هاوبەشی رۆژی هونەری کرووەلەبەغدا و سلێمانی

١٩٩١ هاوبەشی پێشانگای هونەرمەندانی کوردی کردووەلەگەلەری ئاری هەولێر

١٩٩٢ هاوبەشی پێشانگای کردووەلەگەل هونەرمەندان فەلاح عومەرو بژار کەریم لەهۆلی میدیا هەولێر

١٩٩٣ هاوبەشی پێشانگای کردووەلەگەل هونەرمەندان فەلاح عومەرو غازی مەحەمەد لەشاری حەلەب .سووریا

١٩٩٤ هاوبەشی پێشانگای هونەرمەندانی عێراقی کردووەلەسەنتەری عەرەبی دیمەشق . سووریا

١٩٩٥ هاوبەشی پێشانگای کردووەلەگەل چوار هونەرمەندی عێراقی لەسەنتەری هونەری رووسی لەدیمەشق

١٩٩٦ هاوبەشی پێشانگای خاچی سووری کردووەلەکتێبخانەی گشتی ئەسەد لەدیمەشق. سووریا

**پێشانگاکان لەهۆلەندا و ئەوروپا**

١٩٩٧ بەشداری پێشانگای رۆژی پەنابەرانی لەشاری ئەپل دۆرن کردووە.

١٩٩٧ پێشانگای تایبەتی لەبەلەدیەیی شاری بیرخن ئۆپ زۆم . هۆلەندا.

١٩٩٨ پێشانگای تایبەتی لەچالاکی قوتابخانەکان ی شاری رۆزندال. هۆلەندا.

١٩٩٨ پێشانگای تایبەتی Art in Aciotn لەگەلەری ١٠ ی شاری رۆتردام.هۆلەندا

١٩٩٨ پێشانگای هاوبەشی رێکخراوی ئایدا لەشاری ئەمستردام و هۆرن و لایدن.

١٩٩٩ پێشانگای هاوبەشی لەگەل هونەرمەند سووعاد ستار لەزانکۆی ڤاخینیگن لەگەلەری جیهان لەشاری





ڤاخینیگن کردووە.

١٩٩٩ پێشانگای تایبەتی لەهۆلی بەلەدیەی ئاودنبووش بەناوی رەنگەکان لەکوردستانەوە.

١٩٩٩ پێشانگای تایبەتی بەکاری هونەری لەگەلەری واتەر تۆرن ی شاری روزندال.

١٩٩٩ هاوبەشی پێشانگای رۆژی پەناهندەکان لەشاری ئەپل دۆرن .

٢٠٠٠ پێشانگای تایبەتی لەسەنتەری کەلتووری کوردی شاری دەنهاغ.

٢٠٠٠ هاوبەشی پێشانگای ریکخراوی بابل لەگەل ٢٨ هونەرمەندی عێراقی لەبەلەدیەی دەنهاغ . هۆلەندا.

٢٠٠٠ هاوبەشی پێشانگای هونەری لەگەل دوو هونەرمەند هولەندی کۆری فەنهەلوف وەهونەرمەندی فەرەنسی نایلی لەهۆلی نەخۆشخانەی شاری رۆزندال . هۆلەندا

٢٠٠٠ هاوبەشی پێشانگای رۆژی پەناهەندەی لەشاری ئەپل دۆرن کردووە.

٢٠٠١ پێشانگای تایبەتی لەگەلەری سولو کتێبخانەی گشتی شاری برێدا. هۆلەندا

٢٠٠١ پێشانگای هاوبەشی بەریکخستنی ریکخراوی K.I.A رۆژێک بۆ کەلتوور لەشاری برێدا .هۆلەندا.

٢٠٠١ هاوبەشی پێشانگای K.I.A جێگای خالی کەلتووری شاری برێدا.هۆلەندا.

٢٠٠١ هاوبەشی پێشانگای سەنتەری کەلتووری کوردی لەشاری ئەمستردام.هۆلەندا.

٢٠٠١ هاوبەشی پێشانگای رێکخراوی K.I.A لەکتێبخانەی گشتی شاری ڤالڤایك.

٢٠٠١ هاوبەشی پێشانگای ریکخراوی K.I.A لەهۆلی لین باکر لەشاری بیرخن ئۆپ زووم . هۆلەندا.

٢٠٠٢ هاوبەشی پێشانگای ریکخراوی پەناهەندەیی لەشاری فۆرسخوتن هۆلەندا.

٢٠٠٢ پێشانگای تایبەتی لەگەری واتر تۆرن لەشاری رۆزندال.

٢٠٠٢ پێشانگای هاوبەشی ٣٠ هونەرمەندانیعێراقی لەشاری دەنهاغ.هۆلەندا.

٢٠٠٣ پێشانگای تایبەتی لەکتێبخانەی گشتی شاری رۆزندال.

٢٠٠٣ پێشانگای هاوبەشی ریکخراوی K.I.A لەبەلەدیەی دۆنگن . هۆلەندا.

٢٠٠٤ پێشانگای رێکخراوی هونەری هونەرمەندانی رۆژئاوای هۆلەندا

لەشارۆچکەی
واو بەلەدیەیی رۆزندال. هۆلەندا.
٢٠٠٤ پێشانگای تایبەتی لەهۆلی کافتریای
بەرەمودا شاری کەلەمهاوت. بەلجیکا.
٢٠٠٤ پێشانگای رێکخراوی ئایدا نیدەرلاند
لەئازەربایجانەوەتا دەنهاغ .لەشارەکانی
ئەمستردام و دەنهاغ و ئوترێخت.
٢٠٠٤ پێشانگای رێکخراوی K.I.A بۆ ٥
هونەرمەندی جیا لەوولاتان
١.ئوغستوس ٢٠٠٤ لەبۆسنیا
٢. سیپتیمبر٢٠٠٤ لەهیرکوفینیا
٣. دیسمبر ٢٠٠٤ لەهۆلەندا.
٢٠٠٥ پرۆگرامێکی هونەری ئامادەکراو بۆ
پەیمانگای هونەرەجوانەکان لەشاری
کەرکوك بۆ خوێندکاران
خوێنرایەوەبەپیشان دانی وێنەی هونەری.
٢٠٠٥ بۆ رۆژنامەی باسەرەبابەتی هونەی
زنجیرەیی بلاوکراوەتەوەدەربارەی
خەونەکان زۆر کورتن.. رۆژنامەی
باسەرەلەکەرکوك. عێراق دەردەچێت.
٢٠٠٥ هاوبەشی پێشانگای رۆژی ٥ مایی
لەشاری دەنبووش بەئامادەبوونی سەرۆك
وەزیرانی هۆلەندا و شازادەکوری شای
هۆلەندا ولیم الکسندەر بەشداریم کردووە.
٢٠٠٥ هاوبەشی پێشانگای هونەر
لەشەقامی بەنکن شاری ئیتن لوور.هۆلەندا
٢٠٠٥ کۆمەلێك لەکاری هونەری یەك مەتر
بەهەشتا وەکاری ووردیلانەبۆ
پێشانگای هاوینەی شەقامی بەنکن
لەشاری ئیتن لوور ئامادەکرد.
٢٠٠٦ پێشانگای تایبەتی لەشاری دورن
لەهۆلی رابۆ بانك
٢٠٠٦ پێشانگای رۆژی کەلتووری لەشاری
ئێمن ی باکووری هۆلەندا.
٢٠٠٦ پێشانگای هاوبەشی لەشارۆچکەی
واو لەباشووری هۆلەندا.
٢٠٠٦ هاوبەشی پێشانگای یادی رۆژی
هەلەبجەو ئەنفال لەشاری دەنهاغ.
٢٠٠٦ پێشانگای تایبەتی لەکافتریایی
بیرگشگلادباغ لەکۆلن.ئەلمانیا.
٢٠٠٦,٢٠٠٧ بلاو کردنەوەی کۆمەلێك
رەخنەی هونەری لەسایدی چراکان وچرا ی
هونەری هەریەك لەسوێدو هۆلەندا.
٢٠٠٧ پێشانگایەك لەگەلّ دەزگای
پەنابەران لەشاری تیلبۆرگ، هۆلّەدا .
٢٠٠٨ هاوبەشی پێشانگای ٤ سالّ یادی
چرا تیڤی لەگەلّ ٦ هونەرمەندی کورد
لەشاری زووتروادە. هۆلّەندا.
٢٠٠٨ بەشداری لەرۆژی کەلتووری هونەری
لەگەلّ رێکخراوی هونەرمەندانی ئێرانی
لەشاری رۆتردام، هۆلّەندا.
٢٠٠٩ بەشداری پێشانگای ٥ سالّ یادی
چرا تریڤی لەگەل ٨ هونەرمەندی کورد
لەشاری دەنهاغ. هۆلّەندا.





٢٠٠٩ بلاو کردنەوەی کۆمەلەبابەتێکی
هونەری لەسایتەکوردی یەکان وەکو
جەماوەر نیوز و کلاورۆژنەو کوردستان
نێت و سورێن وچرا تیڤی و باسەرەو هەوالّ
.
٢٠١٠ پێشانگای هاوبەشی ١٠ هونەرمەندی
کوردی هۆلەندی لەشاری زیڤن بیرخن
هۆلەندا.
٢٠١٠ دروست کردنی ۆرك شۆپی
گەرانەوەی رووفاتی ئەنفالەکان
لەچەمچەمالّ بەتابلۆ.
٢٠١٠ پێشانگای تایبەتی لەقشلەی
کەرکوك .
٢٠١٠ پێشانگای تایبەتی لەهۆلی میدیا ..
هەولیر.

ناو: ئاشتی مەهدی مەحەمەد
ناسراو: ئاشتی گەرمیانی
جێگای لەدایك بوون: کەرکوك. کوردستان
. عێراق

ناونیشان: کەرکوك . کوردستان. عێراق
تەلەفوون: ٠٧٧١٠٥٧٣٧٩٧
ئیمایـــــل:
shegani_٦٦@hotmail.com
ئەندامێتی
ئەندامی هونەرمەندانی کوردستانە

# کار و چالاکییەکانی

# لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد

ئا/ سابان ستار

لە درێژەی کارو چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە بواری چاپکردنی کتێب بۆ نووسەران بەبێ بەرامبەر، لەماوەی ٢مانگی رابدوودا ١٣کتێبی هەمەجۆری تری چاپ وبڵاو کردەوە، بەپێی ئەم زنجیرانەی خوارەوە:

* لە ژێر زنجیرەی (١٢٦) کتێبی (عام الصفر) کۆمەڵێ هۆنراوەی شاعیر (سەباح رەنجدەرە)ە، ئەندازیار(محەمەد حوسێن رەسول) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی کەوتە بەر دیدی خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٢٧) کتێبی (راکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە) کۆمەڵێ دەقی شانۆییە لە نووسینی عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ) کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٢٨) کتێبی ( لقاءات تحت أشعه الحروف المشرقه) کۆمەڵێ گفتوگۆی ئەدەبییە نووسەر (سەردار زەنگەنە) لە گەڵ کۆمەڵێ نووسەری عەرەبی بەناو بانگ کردوویەتی کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٢٩) کتێبی (دزەکان) کۆمەڵێ کورتە چیرۆکی جیهانییە نوسەر و وەرگێڕ (ئازاد نەجم) وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٣٠) کتێبی (رووبەرێکی رەخنەیی) کۆمەڵە وتارێکی رەخنەییە، لە نووسینی دکتۆر (فواد رەشید)ە. کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٣١) کتێبی (کتێب لەم کتێبەدا نووسەر (جەلیل کاکەوەیس) خوێندنەوەی بۆ بیست تێکستی هەمەجۆر کردووە، کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٣٢) کتێبی (لەسۆراخی عیشقدا) کۆمەڵێ کورتە چیرۆکە، لە نووسینی چیرۆکنووس (سەلمان شێخ بزێنی)یە، کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٣٣) کتێبی (عومەر سەیفەدین) لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر پێشەنگی چیرۆکی تورکی، شاعیرو نووسەر (ئەحمەد تاقانە) لە تورکییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.. کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٣٤) کتێبی (مەحوی ناسی) لێکۆڵینەوەیە لە سەر شاعیر (مەحوی) لە نووسینی نووسەری لاو (هیمداد شاهین)ە، کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٣٥) کتێبی (بەیداخ) ئەم نۆڤلێتە لە نووسینی (حەمە کەریم عارف)ە. کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٣٦) کتێبی (زایەڵەی ئا وەسپی) کۆمەڵێ بەرهەمی نووسەرانی شارۆکەی خورماتووە، (بەکر دەروێش) ئامادەی کردووە. کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٣٧) رۆمانی (بازاڕی ناوخۆیی) لەنووسینە (محەمەد شوکری)یەو لە وەرگێڕانی شاعیرو نووسەر (بورهان ئەحمەد)، کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٣٨) کتێبی (ڤلادیمێر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی) ئەو شاعیرەی یەکێتی سۆڤیەتی نیگەران کردو ملیۆنێک رووسی بەکفنی رەشەوە بەخاکیان سپارد.ئەم لێکۆڵینەوەیە لە وەرگێڕانی شاعیر خاتوو (گولاڵە نوری)یەو لە دارشتنەوەو دەرچوواندنی شاعیر (بورهان ئەحمەد) وپێداچوونەوەی (سەردار زەنگەنە).. کەوتە بەر دیدی خوێنەران.